# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**


## زمان و دەسەڵات

ڕۆژی زمانی دایک، کە دەکەوێتە ڕۆژی ٢/٢١ی هەموو ساڵێک و لە ساڵی ١٩٩٩-وە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە ڕاگەێنراوە و لە ساڵی ٢٠٠٨-یشەوە ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەگرتووەکان پشتیوانی خۆی بۆ چالاکییەکانی ئەم ڕۆژە ڕاگەیاندووە و کردوویەتییە ساڵی نێودەوڵەتی زمانەکان.

ئا لەم ڕۆژەدا، لێپرسراوانی کورد-یش زمانی کوردییان بیردێتەوە و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و پەیتا پەیتا ئەوەی ئێمە ڕۆژانە بە گوێیاندا دەدین، لەوڕۆژەدا ئەوان بە گوێی ئێمەیدا دەدەن و گرنگیی و بایەخی زمانی کوردییمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

لە کاتێکدا زیاتر لە چارەگە سەدەیەک دەبێت، ڕۆژ نییە خەمخۆرانی زمانی کوردیی باس لەوە نەکەن، کە زمانەکەمان لە مەترسییەکی ڕاستەقینە دایە، کەچی لای لێپسراوان، وەک ئەوە وایە نە بایان دی بێ و نە باران.

حەفتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ عەلائەدین سەجادی لە پێشەکی بەرگی یەکەمی کتێبی (ڕشتەی مەرواری)دا باس لەو مەترسیانە دەکات، کە لەوساوە ڕووبەڕووی زمانی کوردیی بوونەتەوە، بەشێوەیەک وەک ئەوە وایە ئێستەبێت، کە بەشی زۆری خوێندن بووەتە زمانی غەیری کوردیی.

سەجادی ئەوسا گوتوویەتی (من هەست بە زیانێکی گەورە ئەکەم، لەم ڕووەوە هەست بەوە ئەکەم، چونکە خوێندەوارییەکە بە زمانی کوردی نییە، ڕەنگە هەتا سەدەی بیستەم بەسەر ئەچێ، قەومی کوردیش نەمێنێ. بۆیە ئەڵێم نەمێنێ، چونکە منداڵەکە لە قوتابخانەی غەیری کوردی، لە باتی وشەیەکی کوردی، فێری وشەیەکی غەیری کوردی ئەبێ)

سەجادی مەترسییەکە زیاتر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک زمان دەبێتە سەرچاوەی پارە پەیداکردن، بۆیە کاتێک زمانی کوردیی-ش ئەو هێزەی بازاڕی نابێت، بە ناچاری نەوەی نوێ هێندە بایەخ بە زمانی دایک نادەن.

ئەگەر سەجادی حەفتا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ئەمەی نووسی بێت، دەبێت ئێستە چی گۆڕابێت؟ بە پێچەوانەوە دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە، ئینتیمای نەتەوەیی لەوپەڕی پاشاگەردانی دایە، خواست بۆ ژیانێکی بەختەوەر و ئاسوودە لای ئەم نەوەیە لە پێشینەی هەموو شتێکەوەیە، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی کوردیی بە جدی لە گرنگیی و بایەخی زمان نەڕوانی و بە کردەوە هەوڵی پاراستنی زمانی کوردیی نەدات، کە تا ئێستە نەیکردووە، پێویست ناکات لە ڕۆژی زمانی دایک-دا خۆییمان لێبکاتە خەمخۆری زمان، چونکە دەبێت دەسەڵات لەوە تێبگات، کە ئەوە ئەوانن، زمان دەپارێزن و ئەوانیشن وێرانی دەکەن و لەنێوی دەبەن.

سەرنووسەر

ژمارە (٣١) شوباتی ٢٠٢٣ زایینی - ڕەشەمێی ٢٧٢٢ کوردی


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام



تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)


هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (فوئاد ئەحمەد)**

١. کامەران فوئاد ئەحمەد: ئەوکاتەی باوکم سروودی ... / دیداری: ستار محەمەدئەمین ........ ٤
٢. هونەرمەند فوئاد ئەحمەد (١٩٣٢-٢٠٠٤/٨/١٧) جەمالی دەلاک ........ ٨
٣. هونەرمەند فوئاد ئەحمەد: گرنگی بەگۆرانیبێژە گەنجەکانمان بدەن/ دیمانە: دڵپاک تاهیر ........ ١٤
٤. فوئاد ئەحمەد لە دیدی هونەرمەندانەوە/ دیدار و ئامادەکردن : ستار حەمەدئەمین ........ ١٧
٥. کێ یەکەم سروودی بۆ پێشمەرگە داناوە؟/ پ.ی.د عەبدولواحید ئیدریس شەریف ........ ٢٤
٦. گۆرانی ئەمیرەکەم/ نازم دڵبەند ........ ٢٧

*** مێژوو:**

١. بارودۆخی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی پەتا لەقەزای کفری لە١٨٧٥-١٩١٥/ موحەممەد گەلاڵەیی ........ ٣٠

*** ئەدەب:**

١. دیوانی زەینەب خان و وەڵامێک بۆ ڕەخنەکان / سوداد ڕەسووڵ ........ ٣٨
٢. ئاماژەکانی ململانێی چینایەتی .. عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ) ........ ٥٢
٣. شەڤیار، بانۆیا تەنگەزار / موحسین عەبدولڕەحمان ........ ٥٦
٤. دیوانی (گۆرانییەک لە دڵمایە) .. بەشی دووەم و کۆتایی / پ.د.ئیدریس عەبدوڵلا ........ ٦٤
٥. دەقی شانۆیی .. کارگەی بەستووی عەقڵ / نوسینی/ لوقمانی عەتر ........ ٧٠
٦. کورتیلە چیرۆک / بورهان حاجی سلێمان ........ ٧٧
٧. ئینجانەیەک لە تووە / شەرمین وەلی ........ ٧٨

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**

١. دروستکردنی مێژوویەک بۆ ژنی کورد / د. کامەران محەمەد ........ ٨٠
٢. لە سەردەمی جیهانگیریدا .. / عومەر عادل عەبدوڵلا ........ ٨٤
٣. ڕۆڵی پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ / موحسین ئۆسمان ........ ٨٩

*** دیدار:**

١. دیداری شێرکۆ کرمانج / دیمانە: محەمەد گۆران ........ ٩٤

*** هونەر:**

١. هونەرمەند بورهان سابیر .. جەستەگەلێک وەکو درەخت و ..... / عەلی هادی ئیبراهیم ........ ١٠٤

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. ڕۆمانی پاشا / حەسەن هەندرێنی ........ ١١٠
٢. بەختەوەری و ئەرێنیبوون .. لەڕوانگەی محەمەد ڕاشد ئاڵ مەکتووم / مەسعوودی مەلا هەمزە ........ ١١٢
٣. هاوڕێی پێنوس کتێبێکی گرنگ بۆ منداڵان / قەهار شێخانی ........ ١١٧

*** لەبری بیرەوەری:**


١. شەو لەکێوان (بەشی١٥) د. ئەرسەلان بایز ........ ١٢٠
٢. هەرای فەلاحان لە هەولێر (حاجی سمایل ڕابەری ڕاپەڕینی جووتیاران) / عوسمان هۆرمزیار ........ ١٢٥

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (سالار قادر) ........ ١٣٠
٢. گۆشەی دیوان (ئەو بوێرییەت لە کوێ هێنا حەمەی مەلا کەریم؟!) مەریوان مەسعوود ........ ١٣٢
٣. دیوانی هەولێر (مستاف قەساب) نازم دڵبەند ........ ١٣٤
٤. یەکەم بابەت (هاشم سەراج) ........ ١٣٧
٥. پەیوەندی زمان و نەتەوە / دڵشاد میراودەلی ........ ١٣٨
٦. حەیرانبێژ حاجی علی شەناغەیی / هاشم حاجی عەلی ........ ١٣٩
٧. لە دەفتەری نەمریدا (سەرفراز نەقشبەندی) ........ ١٤٢
٨. سالۆنی لاپەڕە (٩) ........ ١٤٣

*** لاپەڕە ١٤٤:**

١. گەڵاکان لە یەکدی ناچن / محمد باوەکر ........ ١٤٤




# دۆسیە

# فوئاد ئەحمەد

## ١٩٣٢ - ٢٠٠٤/٨/١٧

ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم
بەهارت لێ شەرمەزارە
گوڵی گیانە یەخسیرەکەم
تیرت لە دڵ سەد هەزارە
مەڕەنجێنە مەفەوتێنە
کاتی خەندە و پێکەنینە
پەڕ و باڵم مەسوتێنە
گڕی دڵداری بەتینە
چاوی مەستت گەلاوێژن
کوڵمەکانت قەندی شیرین
مژە و ئەبرۆت تیر هاوێژن
لەبت خونچەی گوڵی ڕەنگین
تۆ لە دووری من لە دوورم
بەمجۆرە خۆشە دڵداری
ناچار لە ئەشکم ئەبوورم
بێ گرین بۆشە دڵداری

مەجید ئاسنگەر



## کامەران فوئاد ئەحمەد:

# ئەوکاتەی باوکم سروودی (ئێمە کوردین نابەزین)ی لەهۆڵی خولد گوتووە (سەدام)یش دانیشتبوو

دیداری: ستار محەمەد ئەمین

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد سلێمان نانەکەلی (فوئاد ئەحمەد) لە (عەشیرەتی نانەکەلی)یە، لەگوندی عەوێنەی سەر بەشارەدێی گوێڕ، لەشاری هەولێر لەدایکبووە، سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگانەی بۆی دروستکراوە، بەڵام کۆڵینەداوە و لەتەمەنی لاوێتی دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە و ناوبانگی بەهەموو کوردستاندا بڵاوبوویتەوە.

باوکی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد یەکێک بووە لە کەسایەتییەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری، کە ناسراوبوو بە (ئەحمەد تەبیب) حەکیمێکی بەناووبانگ بوو، کە ناوبانگی بەهەموو کوردستاندا بڵاوببۆوە.

ئەو حەکیمییەی لەخاڵییەوە بۆ مابۆوە، هەموو ئیشوکارێکی وەک چارەسەرکردنی برین، تراخۆمەی، چاو، شکان، دەمار و گوێچکەکانی دەکرد، نەخۆشەکانی بۆ چارەسەری لەدەشتی هەولێرەوە بگرە تاکو باڵەکایەتی و کۆیە و موسڵ دەهاتنە لای، هەرچەندە خاوەنی هیچ بڕوانامەیەکی پزیشکی نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوکاتە دکتۆر لەهەولێر کەم هەبووینە، تاک تاکە دکتۆری عەرەب هەبووینە، بۆیە ئەوکاتی بەو کەسانەی لەشێوەی باپیرم دەگوترا حەکیم یا تەبیب.

****

باپیرم جگە لەباوکم چوار کوڕی دیکەی هەبووە، هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) کوڕی دووەمی بووە، بەحوکمی ئەوەی ئێمە عەشایر بووین و لە (هۆزی نانەکەلی)ین، باپیریشم یەکێک بووە لەپیاوماقووڵانی ئەم عەشیرەتە، بۆیە شتێکی نامۆبوو لەو سەردەمە کە باوکم گۆرانی دەگوت، هەر هەموویان پێیانناخۆش بوو، چونکە لەو سەردەمە ئەوەی گۆرانی بگوتبایە پێیاندەگوت چاووش، بۆیە خانەوادەکەی زۆریان پێناخۆش بووە، بەتایبەتی ئەحمەد تەبیبی باپیرەم، بۆیە لەو سەردەمە خانەوادەکەمان بووە قوربانی ئەو کلتورە، بەڵام چونکە باوکم مامۆستاش بووە، لەو سەردەمیشدا وەزیفەداری حکومەت کەمبووینە، بۆیە لەنێو خەڵکەکە ڕێزی تایبەتیان هەبووە، باوکم لەنێو خەڵکیدا بەچاوی ڕێزەوە تەماشای مامۆستاییەکەی کراوە.

****



کامەران فوئاد و ستار محەمەدئەمین

باوکم دوای تەواوکردنی قوتابخانە، بۆ خوێندن دەچێتە دهۆک، لەساڵی ١٩٤٨ خانەی مامۆستایانی ئەوێ پاش پێنج ساڵ خوێندن تەواو دەکات، هەرلەوێش وەکو سەرەتایەک دەستی بەگۆرانی گوتن کردووە، لەبۆنەکانی قوتابییان، بەزمانی کوردیی و عەرەبی گۆرانی گۆتییە، لەدوای ئەوە هەر لەدهۆک ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕافیدە خان) پێکهێناوە، کە دەکاتە دایکم، وەک دایکم دەیگێڕیتەوە: لەدهۆک کە چاوی بەدایکم دەکەوێت دڵی دەکەوێتە سەری و دواى هاوسەرگیریی لێدەکات.

لەدوای ئەوە باوکم دەگەڕێتەوە هەولێر و بە باپیرمی گوتووە دەبێ ژنم بۆ بینی، کەسیشم ناوێ لەڕافیدە زیاتر، ئەوەبوو ئەحمەد تەبیبی باپیرم لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عەشیرەتی دزەیی دەچنە دهۆک و داوای دایکم دەکەن، بەوجۆرە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، دوای ئەوەی دەبێتە مامۆستا، ئەوکاتیش دەبوایە سەرەتا لەگوندەکان دابمەزرێن.


دوای شەش ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی لەگوندەکانی (عالا، گردعازەبان، گردمەلا) کە من خۆم لەگوندی گردعازەبان لەدایکبوویمە، لەساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێنەوە هەولێرێ و باوکم لەقوتابخانەی سۆران بووەتە مامۆستای هونەر، هەر لەو کاتەشدا دەچێتە ئێزگەی کوردی لەبەغدا و یەکەم گۆرانی لەئێزگە تۆمار دەکات، کە گۆرانی «گیانی شیرین» بووە، شیعری گۆرانی (گیانی شیرین) هی شاعیر (مەدحەت بێخەو)ە، بەڵام گۆرانی (ئەمیرەکەم) کە یەکێکە لەگۆرانییە هەرە خۆشەکانی باوکم، ئەو هۆنراوەی شاعیر (مەجید ئاسەنگەر)ە، ئەویشی بە ئاوازێکی زۆرخۆش لەئێزگەی بەغدا تۆمارکردووە و لەگەڵ هونەرمەند (گوڵبەهار) پێکەوە گوتیانە، کە دەتوانم بڵێم یەکەم (دوێتی) گۆرانی کوردییە لەئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا.

****


باوکم بەوچەند گۆرانییە سۆزدارییە دەستی پێکرد و لەهونەری گۆرانی گوتن بەردەوام بوو، تاوەکو گەیشتنە قۆناغێکی نوێ ئەویش شۆڕشی ئەیلوول بوو، کە بۆ باوکم قۆناغێکی تازە بوو، چونکە لەسەروەختی شۆڕشدا سروودی (ئێمە کوردین نابەزین) کە لە هۆنراوەی مامۆستا (مەدحەت بێخەو)ە، کردە سروود، کە ئاوازەکەشی هی باوکمە. چیرۆکی سروودەکە وەک باوکم گوتی، دوای دوومانگ لەدەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە ١١/٢٠ مامۆستای شاعیر (مەدحەت بێخەو) هۆنراوەکەی نووسییە و داویەتی بەباوکم و لەدوای تەنیا مانگێک، باوکم کردوویەتییە سروود و تۆماری کردووە و ڕاستەوخۆ ڕەوانەی شاخی کردووە، ئەوەبوو، کە دواتر لە دەنگی کوردستان وەکو مارشی شۆڕش لێدەدرا. باوکم دوای ئەو سرووده زیاتر لە ٢٥ سروودی دیکەی تۆمارکردووە، لەهۆنراوەکانی مەدحەت بێخەو، مامۆستا مەجید ئاسەنگەر و مامۆستا جەوهەر غەمگین، کە هەمووی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بوونە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشیش لە ساڵی ١٩٧٤ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد ئەمجارە خۆی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و هونەرەکەی و خانەوادەکەی دەباتە سەنگەری پێشمەرگایەتی.

****


ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازار جێبەجێ نەکرا لەلایە حکومەتی عێراقەوە، خەڵک



“ باوکم و هونەرمەندانی سەردەمی خۆی، بناغەی قوتابخانەیەکی هونەرییان بۆ گۆرانی گوتن لە هەولێر دامەزراند ”




دەفتەر نفووسی فوئاد ئەحمەد



بەگشتی پەیوەندی بەشاخەوە کرد، باوکیشم ماڵەوەی بەجێهێشت و من و خوشکەکانمی لەگەڵ خۆی برد و پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد لەگەڵاڵە.

لەژوورێک دەژیاین لەقەسرێ، ماوەیەک لەوێ ماینەوە دواتر چووینە ئەشکەوتان، لەبەرئەوەی بەردەوام فڕۆکەکانی ڕژێم ئەو ناوچەیان بۆردمان دەکرد، ئەوکاتە فەرمانگەی ڕۆشنبیری لەناوپردان بوو، بەشەوان دەوام هەبوو، باوکم شەوانە دەچووە دەوام، ئەوکاتە دارا تۆفیق بەرپرسی ڕۆشنبیریی بوو لەنێو شۆڕش، باوکم لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ئینجا خۆی دەرخست، کە ئەو سروودە نیشتمانیانە هی ئەون، چونکە پێشتر تەنیا دەنگ بوو و کەسیش نەیدەزانی، بەڵام لەدوای پەیوەندیکردنی بەهێزی پێشمەرگە، باوکم خۆی ئاشکرا کرد.

****

لەسەر زاری مامۆستا (جەمال هیدایەت) لەهۆڵی خولد لەبەغدا، ئەوکاتەی، کە باوکم سروودی (ئێمە کوردین نابەزین)ی گوتووە، تەنانەت (سەدام حوسێن)یش دانیشتووە، باوکم تا ساڵی ١٩٧٠ سروود و گۆرانی زۆری بۆ پێشمەرگە و قوتابییان گوتووە، بەڵام بەنهێنی بووە، ئەوەی بەئاشکراش لەئێزگەی گوتراوە لەگەڵ مامۆستا (مستەفا ڕەئوف) و مامۆستا (واحید مەرجان) و (یەحیا مەرجان) و مامۆستا (جەودەت شاکر) و مامۆستا (شێرزاد سەرسپی) هەرهەموو ئەوانە لەگەڵ باوکم پەیوەندییان هەبووە.


**“ باوکم زۆرجار، کە گوێی لە گۆرانییەکانی خۆی دەگرتەوە، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارێ ”**

ساڵی ١٩٧٤ باوکم لەئێزگەی دەنگی کوردستان، سروودی زۆر تۆمارکرد هەتا بەزمانی عەرەبیش هونراوەیەکی (مەحەمەد بەدری) «نحن کورد ون سامدون» کە یەکێک بووە لەسروودە هەرەبەناوبانگەکانی، لەو سەردەم تۆماری کردووە. هۆنراوەیەکی مامۆستای خواڵێخۆشبوو (مەحموود زامدار)ی کردە سروود، لەکاتی مردنی باوکم ئەو ڕۆژە زۆربەی نوسەران و هونەرمەندان ئامادەبوون، مەحموود زامدار بە بەرچاوی هەموویانەوە گوتی: من بەو شیعرە ناسرام، کە مامۆستا فوئاد کردیە سروود کە لەسەر کوردستان و پێشمەرگە بوو.

****

لەدوای ساڵی ١٩٧٥، کە شۆڕش تێکدەچێت و خەڵک نائومێد دەبێت، مامۆستا فوئاد ئەحمەد تا ماوەیەک ناگەڕێتەوە هەولێر و هەر لەوێ دەبێت. لەبەرئەوەی ئێمە خێزانێکی گەورە بووین، چونکە باوکم دوو خێزانی هەبوو، ئەوکاتە لەشنۆیێ دادەنیشتین و تەنیا یەک ژوورمان هەبوو، ئەوکاتەش شۆڕش هەرئەوەندە ئیمکانیاتەی هەبوو، لەوێوە دابەش بووین، من و دایکم و خوشک و برایەکانم گەڕاینەوە هەولێر، دیاربوو باوکم ئەو متمانەیەشی بەڕژێم نەبوو، کە بگەڕێتەوە، بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوەشی دەکرد شۆڕش جارێکی دیکە دەست پێبکاتەوە، تا ئەو دەمەی خەڵکێکی زۆر گەڕایەوە و جۆرێک لەمتمانە دروستبوو، ئەوجا باوکیشم گەڕایەوە هەولێر.

پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی، کە پێشتر مامۆستا بوو، دوای ئەوە کەمتر لەلایەنی هونەرییەوە بەدەردەکەوت، زیاتر ئیشی بۆ ئەوەبوو گەنجەکان بەدەرکەون و زۆر پشتگیری گەنجەکانی دەکرد، کەم کەمەش لەتەلەڤزیۆنی کەرکوک و ڕادیۆی بەغدا بەدەردەکەوت، لەو سەردەمیش زیاتر گۆرانییەکانی سۆزداری



باوکی فوئاد ئەحمەد


بوون، باوکم زۆرجار، کە گوێی لەگۆرانییەکانی خۆی دەگرتەوە فرمێسک بەچاوەکانی دادەهاتنە خوارێ، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٣، کە شەڕی ناوخۆ دروستبوو دیاربوو باوکم بەیەکجاری نائومێدبوو، بۆیە لەگەڵ هونەرمەند (تەحسین تەها) بڕیاری دوورکەوتنەوە لە نیشتمانیان دا، ئەوەبوو فرسەتێکیان بۆ ڕێککەوت و چوونە ئەوروپا و هەرلەوێش کۆچی دوایی کرد.

****

دەمەوێ باس لەهونەرمەند (تەحسین تەها) بکەم، کە ئێمە پێمان دەگوت (مامە تەحسین) زۆربەی کاتەکان لەگەڵ بابم پێکەوە بوون و یەکجار تیکەڵبوون، هەروەها هونەرمەند (ڕەسوول گەردی)یش زۆر تیکەڵاو بوو، مامۆستا سابیر عەبدولڕەحمان و خوالێخۆشبوو هونەرمەند شەماڵ سائیب ئەوکاتەی، کە لەهەولێر بوو، بەحوکمی ئەوەی مامۆستا (تاهیر تۆفیق) یش لەسەیداوە دراوسێمان بوو، باوکم لەگەڵ هەموو ئەو هونەرمەندانە لێک نزیک بوون. باوکم و هونەرمەندانی سەردەمی خۆی، بناغەی قوتابخانەیەکی هونەرییان بۆ گۆرانی گوتن لەهەولێر دامەزراند.

دوای کۆچی دوایی باوکم لەهەندەران، بەڕێککەوت سەردانی هۆڵەندام کرد و چاوێکم بەکەلوپەلەکانی باوکم خشاند، کە وەکو یادەوەرییەک بۆ ئەوەی نەفەوتێت لەوێدا هەڵیگرتبوون، بەو نیازەی ئەگەر فرسەتێک ڕێکبکەوێت نوێیان بکاتەوە، یەکێک لەوانە نەوارێکی دەنگی باوکمە، کە لەکاتی خۆی تۆماری کردووە و بڵاویش نەکراوەتەوە، کە هۆنراوەیەکی مامۆستا (مەدحەت بێخەو)ە، ساڵی ١٩٦٢ بۆ مەرگی مامم تاهیری نووسیوە، مامم تاهیر هەم برادەری مامۆستا مەدحەت بێخەو و هەم برادەری مەجید ئاسەنگەر بووە لەکۆیە، هەربۆیەش مامۆستا مەدحەت بێخەو ئەو شیعرەی بۆ نووسیوە بەناوی کاکی بەهەشتی، باوکیشم کردیتە مەقام، بەڵام بڵاوی نەکردووەتەوە، ئاوازێکی زۆر خۆشە و پێدەچێت هەر ئاوازی خۆی بێت، لەبەر ئەوەی باوکم شارەزاییەکی باشی لەئاواز و مەقامات هەبوو، زۆربەی ئاوازەکانیشی بۆ خۆی دایناون.

****



باوکم جگە لەهونەری گۆرانی گوتن، کتێبی چاپکراویشی هەیە (سرووەی بەیان) کە بەناوی یەکێک لەگۆرانییەکانی کردووە، کە لەشەستەکان تۆمارکراوە، کتێبەکە کۆمەڵێک هەڵبەستی تێدایە، زۆربەیان هەڵبەستی مەدحەت بێخەو و جەوهەر غەمگین و مەجید ئاسنگەر-ن، ساڵی ١٩٧٠ لەشاری کەرکوک بەناوی سرووەی بەیان چاپکراوە، لەجاری دووەمدا هەندێک ئاواز و هەڵبەستی نوێی، شیعری شاعیران، عەبدوڵلا پەشێو و کەریم شارەزا و مەحموود زامدار و بەدرخان سندی و حافز مائیی و سەمیر زاخۆیی و نازم دڵبەندی تێدایە و لەوەزارەتی ڕۆشنبیریی مامۆستا کەریم و مامۆستا عوسمان ئامادەیان کردووە.


فوئاد ئەحمەد خۆی خەڵکی دەشتی هەولێرە بەڵام بەدیالێکتی بادینیش گۆرانی گوتووە و ٤ بۆ ٥ گۆرانی بەو لەهجەیە هەیە. هەروەها جگە لە گۆرانی وەکو ئەکتەریش ڕۆڵی بینیوە، ساڵی ١٩٨٠ وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەغدا لەسەر گەشتوگوزار، کە باوکم ڕۆڵی ئەکتەرێکی بولغاری بینیوە، فیلمێکی بەرهەم هێناوە، کە لەم فیلمەدا باوکم دەوری سەرەکی بینیوە، ئەمە جگە لەوەی لەشەستەکانیش وەکو ئەکتەری بواری شانۆش ڕۆڵی بینیوە.

***ئەو دیمانەیەی ئەندازیار کامەران، لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێر کراوە و لەئەرشیف و ئامادەکردنی (ستار محەمەد ئەمین)ە.**

**"ساڵی ١٩٨٠ وەزارەتی ڕۆشنبیری بەغدا لەسەر گەشتوگوزار فیلمێکی بەرهەم هێناوە، کە باوکم ڕۆڵی ئەکتەرێکی بولغاری بینیوە"**



فوئاد ئەحمەد لە کاتی نمایشی شانۆگەرییەکدا لەگەڵ ئەکتەرێکی هەنگاریی



# هونەرمەند فوئاد ئەحمەد (١٩٣٢_١٧/٨/٢٠٠٤)

جەماڵی دەڵاک

یەکێک لەو هونەرمەندانەی هەرکاتێک ناوی بێتە سەرزار، دووبەرهەمی ناوازەی لایەنی (ئەویندارێی، هونەریی و بەرگریی) بەرجەستە دەبن، ئەویش هونەرمەندە شیکپۆش و دەنگخۆشەکەی شاری قەڵاو منارە، سروودبێژ و گۆرانیبێژ (فوئاد ئەحمەد)ە.

سەرەتا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی برا گەورەی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد (تایەر ئەحمەد تەبیب) بدەین، کە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ناساندنی فوئادی برای بە ڕۆشنبیران، هونەرمەندان و شاعیران، ئەم کەسایەتییە پەیوەندییەکی فراوانی هەبووە بەهۆی خۆش مەشرەبی و بەخشینی خەندە و خۆشیی بە هاوڕێ و ئازیزانی، لەڕێی کاک تایەری برایەوە، فوئاد بەدیداری شاعیر (مەجید ئاسنگەر١٩٣٢_٢٠١٢/٤/٩) و مامۆستا و هونەرمەند (باکووریی ١٩٢٨/١١/٥_ ٢٠٢٢/١١/٢) و زۆر لە هونەرمەند و کەسایەتی گەیشتووە، وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا، کە ناوی فوئاد ئەحمەد دەبردرێت، گۆرانی (ئەمیرەکەم) دەبێتە گوڵی مەجلیس، لەبەرئەوەی ئەو گۆرانییە ئەوەندە بەهەست و چێژێکی هونەرییەوە خوێندراوە، کە کاریگەری لەسەر گوێگر داناوە و وەک یادەوەرییەکی شیرینی ئەویندارێی، وەک شنەی شەماڵێکی فێنک بەهەست و گوێچکەماندا ئاشنادەبێت، تەنانەت ئەو گۆرانییە ئەوەندە بەرزە لەڕووی تێکست و میلۆدی و دەنگەکەیەوە، لەلایەن هونەرمەندی شارە ئازیزەکەی مەهاباد (محەمەد خەلیل قادر، ناسراو بە محەمەد دانش١٩٤٥_٢٠١٥/٩/١٢) دووپات کراوەتەوە، ئەو هۆنراوەیەی (ئەمیرەکەم) هۆنراوەی (مەجید ئاسنگەر)ی مامۆستا و شاعیرە، ئەم گۆرانییە هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەساڵی



(١٩٦١) لەڕادیۆی کوردیی بەغدا خوێندوویەتی، گومانی تێدانییە، کە لەپشت هۆنراوەکەوە چیرۆکێک خۆی مەڵاس داوە و لای زۆربەمان ئەو چیرۆکە ڕۆشن نییە، کە چۆن ئەو هۆنراوەیە لەدایکبووە؟

مامۆستا و هونەرمەند و نووسەر (باکووریی) سەرگوزەشتەی ئەو چیرۆکەمان بۆ دەخاتەڕوو و پێمان دەڵێت: (لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، هێشتا لە (دار المعلمین العالیه) بووم، من و کاک مەجید ئاسنگەر قوتابی بووین ئەوکاتە کەوتبوومە داوی خۆشەویستی کیژێکی کەرکوکی، کە دراوسێمان بوو، تلکێفی بوون، ناوی (ئەمیرە) بوو، من داوام لەکاک مەجید کرد شیعرێکم بۆ هەڵبەستێ بەناوی (ئەمیرە) و

حەکایەتەکەم بۆ گێڕایەوە، چەند ڕۆژێکی برد کاتی پیاسەکردنمان لەباخچەی کۆلێژەکەمان، کاک مەجید-م بینی کاغەزێکی دەرهێنا و گوتی: شیعرەکەم بۆت داناوە، کە هەمان ئەو شیعرەبوو کە تیایدا دەڵێت:


(ئەمیرەکەم دڵگیرەکەم بەهارت لێ شەرمەزارە

گوڵی گیانە یەخسیرەکەم تیرت لە دڵ سەد هەزارە)

ئەو شیعرە جوانەی بۆ ئەمیرەکەی منی دانا، چەند جارێک بەخۆم و عودەکەمەوە ئاوازم بۆ دادەنا، کەچی بەدڵم نەبوو و وازم لێدێنا! دوای ئەوەی بووم بەمامۆستا لەشاری کۆیە و لە ئەمیرە دوورکەوتمەوە، کەوتمە ناو ژیانێکی ترەوە، تارۆژێک فوئاد ئەحمەد هاتەلام و وتی مامۆستا گۆرانییەکم هەیە و حەزدەکەم گوێی لێبگری و ڕاوبۆچوونی خۆتم پێ بڵێی، دەستی کرد بەگوتنی شیعرەکە (ئەمیرەکەم) گوتم کاک فوئاد ئەمە شیعری کاک مەجید ئاسنگەر نییە؟

کاتی خۆی من داوای شیعرێکم لێ کردبوو شتێکی ئاوام بۆ دابنێ، فوئاد گوتی: جائەوە منیش داوای شیعرێکم لێکردبوو، ئەو هەڵبەستەی دامێ، منیش گوێم لێ ڕاگرت بەڕاستی ئاوازەکەی بەدڵم بوو، پێم گوت: ئاوازێکی خۆش و گونجاوە، بەڵام کاک مەجید وادیارە ئەو حەکایەتەی من داوام لێکردبوو بۆم بکاتە ئەو شیعرە، ئەو بەجۆرێکی تر باسی دانانی دەکات، گوایە ئەمیرەکەم، ڕەمزە بۆ نیشتمانی (کوردستان) بۆزێدی خۆشەویستی و بۆ نیشتمانی ئەم شیعرەی داناوە و داویەتییە کاک فوئاد)٣

هەرسەبارەت بە گۆرانی ئەمیرەکەم لەدیدارێکمدا لەگەڵ هونەرمەند (محەمەد دانش) لەڕێکەوتی (٢٠٠٢/١/١٦) لەیانەی ئەندازیارانی شاری سلێمانی، لە هونەرمەند محەمەد دانشم پرسی چۆن بوو کە ئەو گۆرانییەتان خوێند، ئەو هەستە چۆن دروست بوو؟ ئەمیرەکەم پێشتر هونەرمەند فوئاد ئەحمەد خوێندوویەتی، لەوەڵامدا هونەرمەندی ژەنیار و دەنگبێژ محەمەد دانش پێیڕاگەیاندم (کاریگەری ڕادیۆی کوردیی بەغدا، کە من خۆم بەقەرزارباری ئەو ڕادیۆیە دەزانم و گوێگرێکی بەردەوامی ئەو ڕادیۆی بووم،




لەڕێی ئەو ڕادیۆیەوە ئاشنابووم بەدەنگی زۆر لە هونەرمەندانی گەورە لەباشووری کوردستان، بۆنموونە لەوکاتەوە گوێگری بووم، کە بەیانیان پەخشی ئەو ڕادیۆیە ئارمەکەی (قاسپە قاسپی کەو) بوو، کە دەڵێم قەرزارباری ئەو ڕادیۆیەم چونکە ئاشنای دەنگ و هونەری گەورەی ئەو مامۆستایانە بووم و کاریگەرییان لەسەر داناوم (مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، سێوە، شەماڵ سائیب، باکووریی، حوسێن عەلی، ڕەسووڵ گەردی، کەریم کابان، محەمەد ساڵح دیلان، فوئاد ئەحمەد و جەلال کۆچەر...تاد) کاتێک بۆ یەکەم جار گوێبیستی ئەو گۆرانییە بووم بەدەنگە خۆشەکەی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد،

**هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەساڵی (١٩٦٠) بەشداری لەشانۆگەری (ڕێگەی نیشتمان) کردووە**

ئەوەندە بەهەست و شەوقەوە ئەو گۆرانییەی خوێندبوو، هۆنراوەکەی، ئاوازەکەی و دەنگی ئەو هونەرمەندە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم دانا و منیش بڕیارمدا بەشێوازی خۆم جارێکی تر بیخوێنمەوە و لەیەکێک لەبەرهەمەکانمدا بڵاوی بکەمەوە، دەتوانم ئەوەش بڵێم نالێم





وەک هونەرمەند فوئاد ئەحمەد گوتوومە، بەڵام بەشێوازی دەنگ و ئەدای خۆم خراپم نەگوتووە)٤

ئەو گۆرانییە ئەمیرەکەم هونەرمەند فوئاد ئەحمەد بەشێوەی دووقۆڵی، کەئێستا پێی ئێژن (دوویت) لەگەڵ خانمە هونەرمەند (فاتمە محەمەد ئەحمەد، ناسراو بە گوڵبەهار١٩٣٣_٢٠١٠/٢/٢٣) خوێندوویەتی و لەتەلەفزیۆنی کەرکوک بەشێوەی ڕەنگاوڕەنگ تۆماری کردووە، لە کلیپەکەدا خانمە هونەرمەند گوڵبەهار تەنیا بەدەنگ بەشدارە و خاتوونێکی دیکە بەناوی (ئیمان عەزیز) نمایش و دەنگەکە بەشێوەی پلەی باگ دەخوێنێ، بەڵام لەتایتڵی گۆرانیەکە نوسراوە ئاوازی (فوئاد ئەحمەد).

بەڵام مەبەستم بۆ خوێنەران و هۆگرانی دەنگ و هونەری بەرزی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد زیاتر ڕۆشن بکەمەوە، گەڕام لەکتێبی (جەمال داوود، پێشەنگێکی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستان) ئاماژە بەخاوەنداریێتی ئەو ئاوازە دراوە، کە هی هونەرمەندی ژەنیار و فۆتۆگرافەر (جەمال داوود ١٩٢٩_ ٢٠١٣/١/١٨)

لەوکتێبەدا بەوشێوەیە زانیاری لەسەر سەرەتای دروستبوونی ئەو ئاوازە لەزاری خودی هونەرمەندی ژەنیار و فۆتۆگرافەر جەمال داوود دەکات (سەرەڕای ئەوەی چەندین ئاواز و پێشەکی بۆ هەندێ لەگۆرانیی گۆرانیبێژەکان

**"**

**ئەو شیعرە جوانەی بۆ ئەمیرەکەی منی دانا، چەند جارێک بەخۆم و عودەکەمەوە ئاوازم بۆ دادەنا، کەچی بەدڵم نەبوو و وازم لێدێنا**

**"**

دانـاوە، یەکێک لـەو پێشەکییە موزیکییانە کە دەبووایە سەرەتای هەرئاهەنگێک لێ بدرابایە، ئـەوەی کـردە هەوێنی گۆرانی (ئەمیرەکەم)ی گۆرانیبێژی ناودار (فوئاد ئەحمەد)ی کۆچکردوو کە لەساڵی (١٩٦٠) لەشـەقڵاوە لـە کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کورد چڕیویەتی، ئەو ئاوازە هی هونەرمەند جەمال داود بوو! ئەوکاتە ئەوتیپە سەر بە یەکێتیی مامۆستایان بوو، کە سەرەتای شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ بە بەشداری هونەرمەند (مونعیم مەزهەر) دایمەزراند، هەربەهۆی ئەم گۆرانییەوە بوو (فوئاد ئەحمەد) ناوی دەرکرد و کەوتە بەردڵی خەڵکی کوردستان، لەلاپەڕە (٧١)ی هەمان کتێبدا لـەزاری جەمال داود-ەوە هاتووە و دەڵێت (لە شەقڵاوە ئاهەنگێکمان هەبوو دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بوو، خۆم و تیپی مۆسیقاکەمان لەوێ پارچە مۆسیقایەکمان دەژەنی، کە ئاوازەکەی خۆم دامنابوو بە ناوی (فرحەتموز) بوو، پێشەکی ئەو پارچە مۆسیقایەی (فـوئـاد ئـەحـمـەد) کردییە ئـاوازی گـۆرانـی (ئەمیرەکەم) ئەوکات عادەت وابوو ئەگەر تیپی مۆسیقا بهاتبایە سەرشانۆ سەرەتا پارچەیەک مۆسیقایان پێشکەش دەکرد)٥

بەهەرحاڵ ئەو ئاوازە ئەگەر هونەرمەند فوئاد ئەحمەد سوودی لەو پێشەکی پارچە مۆسیقایەی هونەرمەند جەمال داود وەرگرتووە؟ سەرلەنوێ بەشێوازێکی جوانتر بەوشێوەیەی بەرگوێمان کەوتـووە ئامادە و دابەشکردنی مۆسیقاکەی بۆکراوە، هەقی خۆیەتی بڵێن هەزارجار ئافەرین بۆ هەستی بەرزی هونەریتان، سوپاس بۆ زەوق و سەلیقەی هونەریتان ئەو ئاواز و تێکستە بەرزەتان بەدەنگە خۆشەکەتان تۆمارکردوو و خستووتانەتە سەرخەرمانی مۆسیقا و گۆرانی کوردیی.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد سلێمان نانەکەلی، لەساڵی (١٩٣٢) لەگوندی عەوێنەی سەربەشاردەێی (گوێڕ)ی پارێزگای هەولێر، لەخانەوادەیەکی هونەردۆستدا لەدایکبووە، باوکی هونەرمەند بە (ئەحمەد تەبیب) ناسراوە، واتە پزیشکێکی میللی بـووە لەناوچەکە و لـەشـاری هەولێر، بنەماڵەی هونەرمەند لەسەرەتای ساڵی (١٩٤٠) دێنە شـاری هەولێر و بۆهەمیشە نیشتەجێ



فوئاد ئەحمەد لە کاتی گوتنی گۆرانی باوانەکەی باوم

دەبن، هەرلەوساڵەدا هونەرمەند دەخرێتە بەرخوێندن لەقوتابخانەی (ئەربیل ئولای_ اربیل الاولی) سەرەتایی، دوای تەواوکردنی خوێندن هونەرمەند لەساڵی (١٩٤٩) لەخانەی مامۆستایانی لادێ (دارالمعلمین الریفیە) لەشاری دهۆک وەردەگیرێت.

هونەرمەند لەنێوانی ساڵی (١٩٤٩_١٩٥٠) لەسەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا لەشاری دهۆک بەشداری ئۆپەرێتێک دەکات و گۆرانی (گوڵی خوێناوی) دەخوێنێ، دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندن بەسەرکەوتوویی لەساڵی (١٩٥٣) دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و بەمامۆستای سەرەتایی لە گوندی (عاڵلا گوجیلان) دادەمەزرێت، وانەی سروود و مۆسیقا بە قوتابییە چاوگەشەکان دەڵێتەوە.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەساڵی (١٩٥٥) بۆیەکەمجار ڕوودەکاتە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، لەوێ بەدیداری مامۆستا و هونەرمەندی گەورە (عەلی مەردان) شاد دەبێت، مامۆستا عەلی مەردان زۆر هاوکاری و کارئاسانی و ڕێنوێنی سەبارەت بە بەستە و مەقامات دەکات.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد جگە لە خوێندنی سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕیی و گۆرانیی سۆز و ئەوینداری، منداڵانیشی لەیاد نەکردووە و خاوەنی چەندین سروودە بۆ منداڵان، نەوەکانی دوارۆژی کوردستان، سەرجەمی سروودەکانی هونەرمەند (٥١) سروودن، کە نزیکەی بیست سروودی نیشتمانی و نەتەوەیین، ئەوانی دی بۆ منداڵان خوێندووە، کە زۆربەیان لەئاوازی خۆیەتی، وەک (ئێمە منداڵی جوانین، نووکی تیژی پێنووسەکەم، ئێمە قوتابین)

سروودەکانیش زیاتر لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دا خوێندوونی وەک (پێشمەرگە، ڕۆڵەی کورد ڕاپەڕە، نیشتمانی بارزانی، ڕۆڵەی کوردستانم، نەورۆز) زیاتر هۆنراوەی ئەم شاعیرانەی کردووەتە گۆرانی و سروود (مەدحەت بێخەو، عەبدوڵڵا پەشێو، جەوهەر غەمگین، مەجید ئاسنگەر، عوسمان عوزێری، حەبیب میران و عەزیز حەریری...تاد)

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەشاری هەولێر لەساڵی (١٩٦٠) یەکەمین هونەرمەند بووە، کە لەخەمی دامەزراندنی (تیپی سروودی قوتابخانە) دابووە و هەوڵ و کۆششی داوە و سەدان قوتابی فێری سروود خوێندن کردووە.


دوای تۆمارکردنی ئەو بەرهەمانە، سروود و گۆرانی، ناو و ناوبانگی هونەرمەند ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر زاری هاوڵاتیان و گوێگرانی دەنگ و هونەرەکەی دەبێت، درێژە بەوکاروانە هونەرییە دەدات و چەندینی بەرهەمی دیکە تۆمار دەکات، ئەمجارە ڕوودەکاتە تەلەفزیۆن و یەکەم گۆرانی سۆزداری بەناوی (ئەی بووکی تازە) لەهۆنراوەی (عەبدوڵڵا پەشێو) بۆتەلەفزیۆنی بەغدا تۆماردەکات.

دەبێت ئاماژە بە لایەنی هونەری نواندنیش بدەم، کە هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەساڵی (١٩٦٠) بەشداری لەشانۆگەری (ڕێگەی نیشتمان) کردووە، ئەو شانۆگەرییە لەدەرهێنانی هونەرمەند (سەفوەت جەڕاح) بووە.


لەساڵی (١٩٧٤) وەک زۆر لە هونەرمەندانی نەتەوەکەی بەخۆی و خانەوادەکەیەوە پێوەندی بەشۆڕشەوە دەکات و دەچێتە ناوپردان، ماوەیەک لەئێستگەی کوردستانی عێراق دەبێتە لێپرسراوی بەشی هونەری، دواتر دەبێتە ئەندامی تیپی مۆسیقا و شانۆی شۆڕش، درێژە بەخەبات و هەڵوێستی کوردانەی دەدات، ماوەیەک لەگەڵ تیپی ناوبراودا دەمێنێتەوە و پاشان بەماڵەوە دەچێتە شاری (شنۆ)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و درێژە بەژیانی تایبەتی و کارە هونەرییەکانی دەدات.

هونەرمەند لە سەرەتای شەستەکانەوە هاوڕێی و ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر لەهونەرمەندانی نەتەوەکەی پەیداکردووە وەک (عەلی مەردان، تایەرتۆفیق، شەماڵ سائیب، ڕەسووڵ گەردی، تەحسین تەها و حەیدەربەقاڵ...تاد) شان بەشانی هونەرمەندانی ئەوسەردەمە لە تێکۆشانی هونەریدا بووە و بەشداری کاری هونەری لەگەڵ تیپە مۆسیقییەکانی کوردستاندا کردووە لەئاهەنگ و بۆنە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکاندا.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد خاوەن دەنگێکی خۆش



**" بۆ یەکەم جار گوێبیستی ئەو گۆرانییەی فوئاد ئەحمەد بووم، ئەوەندە بەهەست و شەوقەوە ئەو گۆرانییەی خوێندبوو، هۆنراوەکەی، ئاوازەکەی و دەنگی ئەو هونەرمەندە کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم دانا و منیش بڕیارمدا بەشێوازی خۆم جارێکی تر بیخوێنمەوە "**



و زولاڵ، سەلیقەیەکی ورد و ناسک و توانایەکی بەرز لەسروودبێژی و بەستە خوێندندا، خاوەن شێوازێکی تایبەت بەخۆی، کەسایەتییەکی ڕووخۆش و نەفس بەرز، سەرەڕای ئەو خەسڵەتە جوانانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریدا، تۆمارکردنی ئەو هەموو بەرهەمە لەڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کاسێت کە نزیکەی (١٨٠) گۆرانی و نزیکەی (٥٠) سروودی هەمەچەشنی تۆمارکردووە، وەک ئەرشیف بەرهەمەکانی ماون و ڕۆژانە لەرێگای کەناڵەکانی بیستراو بینراوە پەخش دەکرێن، هونەرمەند ئەو سروود و گۆرانییانەی لەدوو نامیلکەدا بەناوەکانی (سروود و گۆرانی، سروەی بەیان) بەچاپ گەیاندووە.

خەرمان بەرەکەت لە بەخششی هونەریی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، کە زۆربەی زۆری ئەو کارە هونەرییانەی لەئاوازی خۆی بوون و هەندێکیان فۆلکلۆر و هەندێکی دیکەش لەلایەن هونەرمەندانەوە ئاوازیان بۆ داناوە، هەندێک لە سروود و گۆرانییەکانی هونەرمەند (پێشمەرگەین، ئەی وڵاتم، سڵاو بۆتۆیار، هۆنراوەی مەدحەت بێخەو) (ئەمیرەکەم، ئێمە قوتابی پاکین، خێوەتی ئێمە، من کەڕۆڵەی کوردستانم، نامەکەت گەیشت، هۆنراوەی مەجید ئاسنگەر) (بابخوێنین، حەز ئەکەم لەمۆسیقا، وەرە بابرۆین ئەی بووکی تازە، نەمن نەتۆ، من هەڵەبووم، لەهۆنراوەی عەبدوڵڵا پەشێو) (بەهاربولبول ئەخوێنێ، هۆنراوەی عوسمان عوزێری) (ئێمە منداڵی جوانین، هۆنراوەی جەوهەر غەمگین) (نەورۆز جەژنی کوردانە، هۆنراوەی حەبیب میرانی) (ئەو کچە کوردە، هۆنراوەی فوئاد ئەحمەد و ئاوازی تەحسین تەها) (شاری شیرین، هۆنراوەی عەزیز حەریری) و چەندین گۆرانی دی وەک (غەریب غەریب، گیانی شیرینم، سروەی بەیان، زێنەبێ، وەرە وەرە لانت کەم ، کراس زەردێ، بەزوڵف و ڕوخسار، باوانەکەی بابم، ئەی دڵەی خەمبار و گۆرانی یارم یارم لەگەڵ خانمە هونەرمەند گوڵبەهار)

**سروودی (پێشمەرگە)**

***(ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین***

***نیشتمان ئازاد ئەکەین لەخوێنمژین***

***ئێمە کوردین نابەزین، جەنگاوەرین نابەزین***

***ئێمە کوردین تێکۆشەرین نابەزین)***

سروودی پێشمەرگە یەکێکە لەو سروودانەی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوو خوێندراوە و لەڕادیۆی دەنگی کوردستان، وەک مارشێک بەردەوام دراوە بەگوێی بیسەراندا، ئەو سروودە، تا ئێستاش یەکێکە لە سروودە نەمرەکان، هەمووکات وەک سروودە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانی دیکە مەتەرێز و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی پتەو و بەهێزتر کردووە، سمبولی جوامێریی قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. تێکستی ئەو سروودە لەلایەن (مەدحەت بێخەو)ی شاعیرەوە نووسراوەو فوئاد ئەحمەد ئاوازی بۆ داناوە، کە بە یەکەم سروودی هونەرمەند دەژمێردرێت.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەوبارەیەوە دەڵێت (یەکەمین سروودم، سرودی پێشمەرگە بوو، ئەوکاتە شاعیری کورد (مەدحەت بێخەو) لەبارزان فەرمانبەری بنکەی تەندروستی ئەوێ بوو، ئەو هەڵبەستەی سروودی پێشمەرگەی




فوئاد ئەحمەد لەکاتی گوتنی گۆرانی (ئەمیرەکەم)

**هونەرمەند فوئاد ئەحمەد سلێمان نانەکەلی، لەساڵی (١٩٣٢) لەگوندی عەوێنەی سەربەشاردەێی (گوێر)ی پارێزگای هەولێر، لەخانەوادەیەکی هونەردۆستدا لەدایکبووە**

بۆناردم، ئاوازم بۆ هەڵبەستەکە دانا و بەدزیش بەدەنگی خۆم تۆمارم کرد و بۆ شۆڕشم نارد)١

هەروەها (مەدحەت خدر عەبدوڵلا، ناسراو بە مەدحەت بێخەو)ی شاعیر بەو شێوەیە باس لە دانانی ئەو هۆنراوەیە و چۆنیەتی گەیاندنی بەهونەرمەند فوئاد ئەحمەد دەکات (شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکردبوو ئەو هۆنراوەیەم دانا، لەکۆتایی ساڵی (١٩٦١) بوو شیعرەکەم گەیاندە دەست کاک فوئاد ئەحمەد، ئەویش هەرزوو ئاوازی بۆ دانا و بەدەنگی خۆی بەدزییەوە تۆماریکرد و لەگەڵ کردنەوەی ئێستگەی دەنگی کوردستان لەساڵی (١٩٦٣) دا سروودی پێشمەرگە بڵاوکرایەوە)[٢].

لەناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەگەڵ خانەوادەکەی وڵات بەجێ دێڵێ و ڕوودەکاتە هەندەران و لەوڵاتی (هۆڵەندا) نیشتەجێ دەبێت، ماوەی دەساڵێک لە تاراوگە ژیان بەڕێ دەکات و دوای تەمەنێک لە خزمەتکردن بە هونەری سروود و مۆسیقا و گۆرانی، هونەرمەند لە غوربەت دووچاری نەخۆشیی دەبێت و لەتەمەنی (٧٢) ساڵیدا لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٨/١٧) خۆری تەمەنی ئاوادەبێت و بۆهەمیشە چاولێکدەنێ و ماڵاوایی لە هونەر و مۆسیقا و کوردستان و هاوڕێیان و ئازیزانی دەکات.



هونەرمەند خێزاندار بووە و خاوەنی (٨) کوڕو کچ بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٠٤/٨/٢٢) دوای (٦) ڕۆژ لەکۆچی دوایی هونەرمەند، تەرمی ساردو سڕی دەگەڕێننەوە کوردستان و لەمەراسیمێکی شایستەدا لەشاری هەولێر، لەگۆڕستانی کارگەی قیر، بەخاکی پیرۆزی کوردستان و خاکە شیرینەکەی هەولێری دەسپێرن، ئەو هەولێرەی، کە سەرچاوەی ژیان و گەشەکردنی هونەرەکەیی و ڕۆژانی قاقا و خەندە و پێکەنینی بە وتە و نوکتە خۆش و شیرینەکانی میری حەیرانبێژان ڕەسووڵ گەردی ئەوانە هەوێن بوون بۆ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، کە بەدەنگە زوڵاڵەکەی گۆرانی بۆ هەولێر بچڕێت:

***هەولێرئەی شاری ڕەنگینم، شاری شەوبۆی شیرینم***
***تۆی هەوارگەی یاری من، ئەتپەرستم تا دوای ژین***
***هەولێر و قەڵا و دەوروبەر، زەمین دێنێ سەرانسەر***
***لەبەهارا سەوز ئەچێ، لەدڵ دەرئەکا کەسەر***
***هەولێر سەرچاوەی ژینی، پڕ هەڵاڵەو نەسرینی***
***شوێنی شۆخی نازەنین، هی شەماڵ و هی شیرین***
***گەر بڕوانیە تەیراوە، بەگوڵ و نێرگز ڕازاوە***
***دڵ خۆش ئەکا ئازادی، ئێستکان لەگەڵ سەیداوە***
***جا هەولێر هەر ئاوابێ، تا یاری منی تیابێ***
***چونکە زۆرم خۆش ئەوێ، شادم گەر لەشادیا بێ***

**سەرچاوە:**


(١) کتێبی گۆرانیبێژە نەمرەکان، باکووری، بەشی سێیەم لاپەڕە (١٩٨)


(٢) گۆڤاری (چل ئاواز) ژمارە (٤٠) حوزەیرانی (٢٠٠٩) بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری چل ئاواز، گۆڤارێکی مانگانەیە، تایبەتە بە بوارەکانی میوزیک، دەزگای (موزیک و کەلەپووری کورد) لە هەولێر دەریدەکات (ج، د)

(٣) کتێبی جەمال داود، پێشەنگێکی هونەری فۆتۆگرافی لەکوردستان، نووسین و ئامادەکردنی (فارس سەعدی) لاپەڕە (١٤ و ٧١).

(٤و٥) هونەری نوێ، گۆڤارێکی مانگانەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریدەکات ژمارە (١٣) ساڵی (٢٠٠٦) دیداری فەخرەدین تاهیر لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد (هاوینی ٢٠٠١ تەلەفۆنی) لاپەڕە (٤٢) و (٤٣)

## هونەرمەند فوئاد ئەحمەد:

# گرنگی بەگۆرانیبێژە گەنجەکانمان بدەن



**دیمانە: دڵپاک تاهیر**

ڕاستەوخۆ و ساڵەک دوای ڕاپەڕین، هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) لەناو ماڵەکەی خۆی لەشاری هەولێر، ئەو دیمانەی لەگەڵ کراوە، لەسەر پرسی ژیانی هونەرمەندان و بەراوردی هەردووی قۆناغی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین، هاوکات تێڕوانینی هونەرمەند بۆ نەوەی دوای خۆیان و ئاستی هونەری کوردیی، لەگەڵ باسوخواسی ڕۆژانی ڕاپەڕین و چەند پرسێکی دیکە، تاوتوێ کراوە و هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) ڕاشکاوانە لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان هەڵوەستەی کردووە،. کە ئەمە پووختەکەیەتی.

“

**من یەکەم کەس بوویمە کە وشەی پێشمەرگەم ساڵی ١٩٦٢ لە گۆرانی بەکارهێناوە**

”

**– سەرەتا دەمانەوێت لەزاری خۆتانەوە گوێبیستی ئەوەبین، کە چۆن و بەچ شێوەیەک ژیانی هونەریتان دەستپێکرد؟**

+ ژیانی هونەریم بەسروودی نیشتمانیی دەستییێکرد، یەکەم سروودی نیشتمانیش، کە زۆر گرنگیم پێدا ئەوەبوو، کە ناوی پێشمەرگەی تێدابوو «ئیمە پیشمەرگەین هەتا ماوین دەژین، نیشتمان ئازاد دەکەین لەخوێن مژین» ئەو سروودەم لەساڵی ١٩٦٢ تەنیا بەعودێک و زۆر بەترسەوە لەماڵەکەی خۆمان تۆمارکرد و ڕەوانەی نێو پێشمەرگەمان کرد. ئەوکاتە ئێزگەیەک هەبوو لاسلکی متەنەقل لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرایەوە. ئەو سروودە لەشیعری مامۆستا (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر بوو، هەروەها (سروودی کوردستان یان نەمان) شیعری مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)ە، ئاوازی هەردووکیان هی خۆمە، من کە ڕۆڵەی کوردستانم، ئەوەی لەیادم بێت لەو ماوەی ئەو چەند ساڵەی تاوەکو ساڵی ١٩٧٥ بیستویەک سروودم تۆمار کردووە، هەرهەموو ئەو سروودانەش ئاوازەکانی هی خۆمن، دەمەوێت ئەوەشم لێقبوڵ بکەن، چونکە بۆ ئەوەی نەبێتە پیاهەڵدان بەخۆم، من یەکەم کەس بوویمە کە وشەی پێشمەرگەم لەساڵی ١٩٦٢ لە گۆرانی بەکارهێناوە «ئێمە پیشمەرگەین، هەتا ماوین لەژین، نیشتمان ئازاد دەکەین لەخوێن مژین».

**– لەنێوان سروود و گۆرانی، ئایا حەز دەکەی گۆرانی بڵێی یان سروود؟ بۆچی؟**

+ ڕاستییەکەی زیاتر حەز بەسروود دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد پێویستیمان زۆر بەسروود هەیە، بەسە ئیتر ئەوەندەمان گۆرانی بەسەر دڵداری و چاو و ئەبرۆ و خۆشەویستیدا گوتووە، لەوانەیە لەو سەردەمەدا بەس بێت، ئێمە میللەتەکەمان ئەوڕۆ زیاتر پێویستی بەسروود هەیە، لەوانەیە لەبەرئەوەش بێت من یەکەمجار، بەسروودەوە دەستم پێکردبێت.

**– لەسەر ژیان و بژێوی هونەرمەندان چی دەڵێن؟ ئایا وەک پێویست ئاوڕ لەهونەرمەندان دراوەتەوە؟**

+ هونەرمەند جگە لە هونەرەکەی، هیچ کار



فوئاد ئەحمەد و دڵپاک تاهیر لەکاتی دیدارە تەلەفزیۆنییەکەدا


و پیشەکی دیکەی نییە، بەتایبەتی ئەوانەی هونەرمەندی ڕەسەنن و دەیانەوێت خزمەتی هونەر بکەن، ئەوانە هیچ ئیشوکاری دیکەیان پێناکرێ، بۆیە ئەوانە باری ژیان و ئابووریيان سەخت دەبێ، هەتا ئەگەر مووچەخۆری دەوڵەتیش بن، هەر ناتوانێ ئیدارەی خۆی بدات. هیچ کەسێک نییە دەستی یارمەتی بۆ هونەرمەندان درێژبکات، بۆ نموونە مامۆستا (ڕەسووڵ بێزار گەردی) و هونەرمەندانی شەهید، لەوانە (جەوهەر باپیر) و (کاک نەوزاد) و ئەوانە، پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە، دەتوانم بڵێم، کە لەشەستەکان هونەرمەند وەزعی باشتربوو، لەدوای ئەوە وردە وردە هونەر دەکەوێتە پاش، هیچ کەس ئاگاداری هونەرمەندان نین، من مەبەستم خۆم نییە، بەڵکو هونەرمەندی دیکە هەیە لەمن زیاتر پێویستی بەیارمەتی دەستگیرۆیی هەیە.

**– لەبارەی کتێبە چاپکراوەکەی خۆتان (سروەی بەیان)ە، کە هاوکات گۆرانییەکانی خۆتان تێدا تۆمار کردووە، دەکرێ باسێکی ئەو کتێبەمان بۆ بکەی؟**

+ حەز دەکەم باسی هەندێک لەو کەڵە هونەرمەندانە بکەم کە لە (سروەی بەیان) باسم کردوون، لەوانە مامۆستا (تایەر تۆفیق) لەبەر ئەوەی لە سەرەتای دەستپێکردنی گۆرانی گوتنمدا، لاسایی مامۆستا تایەر تۆفیقم کردیتەوە، یەکەمجار لەپۆلی چوار و پێنجی سەرەتایی بووم، لەڕێگەی تایەری برامەوە منی ناساند بەهونەرمەند (تایەر تۆقیق) هەر لەو ڕۆژەوە کە گوێم لەدەنگی مامۆستا تایەر بوو، هۆگری دەنگی بووم، بەڕاستی زۆر سوودم لێ وەرگرتووە، ئێستاش مامۆستا تایەر لەدڵ و دەروون و مێشکم بوونی هەیە.

**– ژمارەی گۆرانییە سۆزدارییەکانت، ئەوانەشی، کە لەئێزگە و تەلەڤزیۆن تۆمارت کردوون، دەزانی ژمارەیان چەندە؟**

+ ئەوانەی کە لەئێزگە تۆمارم کردوون، ژمارەیان لە ١٥٠ گۆرانی زیاترە، لەبەر ئەوەی من کەم دەچوومە ئێزگە، لەساڵێ جارێک ئەگەر بچوومایە، هەروەها ئەوەی لەتەلەڤزیۆن هەمە، نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ گۆرانی دەبێت، ئەوانەن، کە تۆمارم کردوون، شتی دیکەیشم هەیە، بەڵام جارێ تۆمارم نەکردوون و لەم زووانە تۆماریان دەکەمەوە بەتایبەتی سروودەکان.



**– هەرچەندە گۆرانییەکانی ئێوە لەهەموو شێوەکانی مەقامی تێدایە، ڕەست و عیجاز و سەبا و نەهاوەند، بەڵام تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە زۆربەی مەقامەکانی ئێوە، مەقامی بەیاتن؟ هۆکارێکی تایبەت بۆ ئەمە هەیە؟**

+ ئێمە ئەو هونەرمەندانەی کۆن (بەیات)ینە، چونکە لەوانەی دیکە ساناترە، بەتایبەتی ئەوانەی شارەزاییان نەبێت لەجیهانی مۆسیقادا، بەیات سووکە لەسەردەمی هەموو کەس، ئێمەش جوگرافیای هەولێر زیاتر عەشقی نەغمەی بەیاتین.

**– ئێوە یەکێکبوونە لەوانەی لەکۆچڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداریتان کردووە، کۆچڕەو لای هونەرمەند فوئاد چییە و چ قسەیەکتان بۆ ئەم ڕۆژە هەیە؟**

+ ئەو ڕۆژە هەرگیز لەبیر ناکرێت، من ئەو ڕۆژەم هەر لەیادە و هیچ لەبیری ناکەم، کە خۆم و ماڵ و منداڵم، ماوەی حەوت ڕۆژ لەو ڕێگەیە بووین، بەڕاستی پێت بڵێم: لەو ڕۆژەدا ئەو ئازار و ئەشکەنجەی ئەو خەڵکە دیتی، پیر و پەککەوتە و خوشک و برایانم بەپێی پەتی و سەرکۆت، بێ نان و بێ ئاو بەرەو ڕێگەیەک دەڕۆیشتن، بەرەو ئامانجێک نەمان دەزانی کۆتاییەکەی چی دەبێت، بۆیە هەتا دەمرم ئەو ڕۆژە هەرگیز لەبیر ناکەم، وایکرد بەشێکی زۆر لەئازاری خانەوادەکەم بیر


“

**لەسەرەتای دەستپێکردنی گۆرانی گوتنمدا، لاسایی مامۆستا تایەر تۆفیقم کردیتەوە**

”



فوئاد ئەحمەد، محەمەد عارف، تەحسین تەها



"ئێمە ئەو هونەرمەندانەی کۆن (بەیات)ینە، چونکە لەوانەی دیکە ساناترە، بەتایبەتی ئەوانەی شارەزاییان نەبێت لەجیهانی مۆسیقادا"

بچێتەوە، هەروەها چەندین پرۆژەی هونەریم هەبوو، کە کۆم کردبوونەوە، کە لەکارێکی هونەری جوان و بەسیناریۆیەکی ڕێکوپێک تۆماری بکەم، لەبەرئەوەی بۆ ماوەی شەش مانگ لێرە دوورکەوتمەوە، پرۆژەکەی لێتێکدام، بەڵام لەمێشکم ماوەتەوە، ئەگەر خوا یاربێت بەسیناریۆیەکی زۆر ڕێکوپێک پێشکەشی دەکەم.

**– وەکو هونەرمەندێکی ڕەسەن، کە تەمەنێکی زۆرتان لەنێو هونەری کوردیی بەسەر بردووە و خاوەن ئەزموونێکی زۆرن، دەربارەی گۆرانیبێژە گەنجەکانی ئێستای گۆڕەپانی هونەری کوردی چ سەرنجێکتان هەیە؟**

+ بەڕاستی هەموو شتێک لەوانەیە فرتوفێڵی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام هونەر و گۆرانی ناتوانی ئەمکارەی لەگەڵدا بکەی، یەکەم سەنگی مەحەکیش بۆ هونەر، میللەتەکەیە، ئەوانەی گوێگرن، خەڵکەکە هەرکە چەپڵەیان بۆ لێدا ئەوە مانای وایە سەرکەوتووە، بەڵام لەوانەی بەم دواییە هاتوونەتە گۆڕەپانەکە ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشاوە، هونەرمەند (ناسری ڕەزازی)یە، هەر لەدەنگ هەر لەئاواز و تێکستەکانی، هەر هەمووی جێی سەرسامی منە.

**– ئامۆژگاریتان چییە بۆ هونەرمەندە لاوەکان؟**

+ سەرەتا ئامۆژگاریم بۆ تیپە مۆسیقییەکانە، پێویستە لەسەریان زۆر گرنگی بەگۆرانیبێژە گەنجەکانمان بدەن، ئەوانەی توانایان هەیە


**ئەو سرووده‌م لەساڵی ١٩٦٢ تەنیا بەعودێک و زۆر بەترسەوە لەماڵەکەی خۆمان تۆمارکرد و ڕەوانەی نێو پێشمەرگەمان کرد**

بۆ شتی باش، بۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی هەروەکو ئەرشیفێک بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر لەو هونەرمەندە باشانەمان لەدەستچوو بەڵام بەداخەوە تیپە مۆسیقییەکان نەیانتوانی وابکەن، کە لە ئەرشیف، دەنگ و ڕەنگیان بمێنێتەوە، بۆ هونەرمەندە تازەکانیش، پێویستە لەسەریان پەلە نەکەن و بەدوای بابەتی باشد بگەڕێن و تۆزێک لە لاسایی کردنەوە دوورکەونەوە و تێکست و هەڵبەستی باش ببینەوە، لەبەر ئەوەی توانای هونەرمەند لە بابەتی باش، لەئاواز و تێکستی نەمرەوە بەدەردەکەوێ .

*** ئەمە پووختەی ئەو دیدارە تایبەتییەیە کە (دڵپاک تاهیر) بۆ بەرنامەی (میوان)ی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر لەماڵەکەی خۆی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵی کردووە، لە ئامادەکردن و ئەرشیفی (ستار محەمەد ئەمین)ـە.**



حەسەن گەرمیانی، فوئاد ئەحمەد، ڕەسووڵ گەردی، عوسمان عەلی



# فوئاد ئەحمەد
# لە دیدی هونەرمەندانەوە

دیدار و ئامادەکردن : ستار محەمەدەمین



شێرزاد سەرسپی:


## دەتوانم بڵێم، یەکەم کەس بووە سروودی بۆ پێشمەرگە گوتووە

ساڵی ١٩٦٨ تیپێک بۆ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەمەزرا، منیش لەوێ وەکو ئەندامێکی ئەو تیپە بەشداربووم، هەر لەوێ لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد پەیداکرد، ئەوکاتە من گەنج بووم، بە ئارەزووی مۆسیقاوە چووبوومە نێو ئەم تیپە، مامۆستا فوئاد ئەحمەد بەهۆی پەرۆشی بۆ کارەکەی، هەردەم گەنجەکانی خۆشدەویست و هانی دەدان، من یەکێک بووم لەوانەی، کە زۆر مورتاح بووم، کە لە پشت مامۆستا فوئاد ئەحمەد-ەوە بۆ ماوەیەکی زۆر میوزیکم ژەنیوە، لە بیرمە لەوکاتەدا مامۆستا فوئاد ئەحمەد بۆیەکەم جار بە چەند گۆرانییەک بەشداری کۆنسێرتێک بوو، دوابەدوای ئەوە بەردەوام بووم لەکاری هونەریی لەگەڵی، لەبەرئەوەی ئەو لە هەولێر بوو منیش هەر لەهەولێر بووم، دەتوانم بڵێم بە بەردەوامی لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد بوویمە، تاوەکو چوویتە دەرەوەی وڵات.

من لێرە باسی یەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هونەرمەندە دەکەم، کە دەگمەنن، لە هونەرمەندانی دیکەدا بەدی ناکرێن.

یەکێک لەوانە کابرایەک بوو زۆر ئاگاداری قیافەی خۆی بوو، کە دەهات لە کۆنسێرتەکان بەشداری دەکرد بە کاملی ئیناقەی خۆی دەهات، جلوبەرگی وای لەبەردەکرد قات و ڕیبات و کراس و هەر هەمووی ئامادەکراو بوو، دەبووایە ئەوانەی لە دەوری بوون شایەدی بۆ بدەن، کە تەواوە، ئەوجا دەهاتە سەرشانۆ، یەکێک لە خەسڵەتەکانی لە کاتی گۆرانی گوتندا لەسەر ستێیج هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا ڕوناکی نێو هۆڵەکە بکوژێننەوە هەتا خەڵکەکە سەرنجیان لەسەر تەختەی شانۆیەکە بێت، بۆ ئەوەی جەماوەرەکەی بە جوانترین شێوە ببینن.

کە جلی کوردی لەبەر کردبایە جلی ڕەسەنی دەکردەبەر، سەردەست کڵاو جەمەدانی بەلەک پێچوپەستەک، ڕۆژەک لە ڕۆژان من نەمدیت ئەم پیاوە کراسەک و پانتۆرەکی لەبەربی، یاخود تیشێرتەکی لەبەربی، یان بێ ڕیبات بێتە دەرەوە، هەریەک لەوانە لای هونەرمەند فوئاد ئەحمەد گرنگی خۆی هەبوو، لە لایەنی هونەریەوە زۆر گرنگی پرۆڤەکردن و ڕاهێنان دەدا بە بەردەوامی کێشەی ئەو لەگەڵ ئێمەی مۆسیقی ئەوەبوو دەیگوت ڕۆژێک بۆمن تەرخان بکەن بۆ پرۆڤە ئەو ڕۆژە نەدەبووا کەسی دی بێت، لەبەر ئەوەی لە هیچ کۆنسێرت ئاهەنگێک لە سێ گۆرانی کەمتری نەدەگۆت، ئەگەر زیاتری نەگوتبایە، هەروەها زۆر حەزی دەکرد تیپی مۆسیقایەی کە لە پشتی دادەنیشی گەورە بیت بە شێوازێک دەرکەوێت هەقی هونەرەکەی خۆی بدات، لەبەرئەوەی گۆرانییەکانی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد هەر هەمووی مۆسیقا و دابەشکردنی جوانی تێدابوو هەمیشە گرنگی بە ڕیتم دەدا، هەمیشە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ ئەو



برادەرانەی لە ڕیتم ئیشیان دەکرد، بۆ نموونە ئیقاع و دەف، لەبەرئەوەی گۆرانییەکانی تەحویلی تێدا هەبوو پەیوەندی بەوانەوە هەبوو، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئیشەکەی فەشەلی دەهێنا، هەروەها لەکاتی گۆرانی گوتندا لەگەڵ جەماوەر تێکەڵاو دەبوو موخاتەبەی دەکرد بە ئاماژەی پەنجەکانی جووڵە و چاوەکانی تێکەڵ بە جەماوەرەکەی دەبوو لەو سەر بۆ ئەوسەری شانۆ، هەروەها لەکاتی ژەنینی مۆسیقادا ڕووی بۆ ئێمە وەردەگێڕا، ئارەزووی ئەوەی هەبوو زیاتر ئیشەکەی بە جوانی بۆ بکەین.

هەروەها یەکێک لە خوە هەرە جوانەکانی، دەتوانم بڵێم لە گەڵ تێکڕای هونەرمەندەکان برادەر بوو، زۆریش یەکدیان خۆشدەویست، لەوانە مشکۆی هەولێری، محەمەد ئەحمەد ئەربیلی، تایەر تۆفیق، ڕەسوڵ گەردی، یەحیا مەرجان و عەبدوڵلا دڵسۆز.

یەکێکی دی لە تایبتمەندییەکانی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، هەمیشە بەدوای ناوبانگی ئەوەبوو ناوبانگی خۆی نوێ بکاتەوە، لێنەدەگەڕا هونەرەکەی لە خاڵێک بوەستێ بەڵکو قوناغ بە قۆناغ ناوبانگی زێتر دەبوو، بۆ نموونە ساڵی شەستەکان بە گۆرانی (هەستە بابرۆین ئەی بووکی تازە) ناوبانگێکی یەکجار گەورەی وەرگرت.

لەساڵی حەفتاکان دوای بەیانی ١١ی ئازار لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی، لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی (ئێمە کوردین نابەزین) لە ئاهەنگێکی گەورە لە هۆڵی خولد دەڵێتەوە، ئەوەشیان شوهرەتەکی گەورە بوو، هەرچەندە ئەم سروودەی پێشتر تۆمارکردبوو، دەتوانم بڵێم یەکەم کەس بووە سروود بۆ پێشمەرگە بڵێت.

دوای ئەم قۆناغە جوانانەی گۆرانی (من هەڵە بووم) کە شیعری شاعیر گەورە عەبدوڵلا پەشێو بوو، هەروەها گۆرانی (ڤینۆس) بە ڕاستی مامۆستا فوئاد ئەحمەد لە نوێگەری و لە هەموو قۆناغەکاندا سەر قافڵە بووە.

زۆر لە هونەرمەندەکان لەسەر هەولێر گۆرانیان گوتووە، بەڵام هەولێر هەولێرەکەی مامۆستا فوئاد ئەحمەد تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەوەی لای ئەو زۆر گرنگ بوو، ئەوەبوو، کێ ئەوانەی تێکستی گۆرانییەکانی دەنووسن؟ ئەگەر پێویستی بکردبووایە لەبەر ئاوازی گۆرانییەکەی وشەیەکی شیعرەکە بگۆڕێت لەگەڵیان دادەنیشت، چونکە خۆشی مامۆستای ئاوازدانان بوو.

ئەو زۆر گرنگی بە هونەرەکەی خۆی دەدا، بە دڵنیاییەوە دەیڵێم فوئاد ئەحمەد لە هونەرەکەی خۆی زیاتر گرنگی بەهیچ شتێکی دی نەدەدا، بەشێوەیەک زۆربەی کاتەکانی بۆ هونەر تەرخان کردبوو.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش پیاوێکی هەتا بڵێی لە ڕووی تێکەڵی و خانەدانی زۆر تێکەڵاو بوو، هاتووچۆی خێزانی لەگەڵ زۆربەی مۆسیقی و هونەرمەندەکان هەبوو، زۆر ڕێزی بەرانبەرەکەی دەگرت، هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک مامۆستا فوئاد ئەحمەدی تێدابایە بە خۆشی پەروەردەبوو.



### ئەنوەر قەرەداغی:

## یەکەم کارم لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەدوایی بەیاننامەی ١١ی ئازار ساڵی١٩٧٠ بوو

سەرەتای ناسینی من دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان، ئەوکاتە ئێمە تازە لە هەڕەتی گەنجیدا


بووین، هاتووچۆی هەولێرم دەکرد، ئەوەبوو لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد، ئەوکاتە نیەتی باش هەبوو بۆ ئەوەی لە بواری هونەریی مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەین، یەکەم کارم لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەدوایی بەیانامەی ١١ی ئازار ساڵی١٩٧٠ بوو، کە ئەکات ئەویش یەکێک بوو لەو هونەرمەندانەی بانگێشت کرابوو، بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگە، سروودێکی زۆر جوانی بۆ گوتین، پاش ئەوەی یەک دووجار گوێمان لێگرت، زۆر خۆشبوو، هەروەها تێکستەکەشی نایاب بوو، ئەوەبوو من کاری مۆسیقام بۆ کرد، سروودەکەش ئەوە بوو (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین) کە تۆمارمان کرد دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەوەبوو هەر ئاهەنگێک هەبووایە لەدوای بەیانی ١١ی ئازار ئەم سروودەی دەگووتەوە.


هونەرمەند فوئاد ئەحمەد توانایەکی هونەریی زۆرزۆر باشی هەبوو، هەندێک جار ڕاوو بۆچوون و لێکدانەوەشمان هەبوو، لەسەر ئەو ئاواز و تێکستانەی، کە هەڵیدەبژاردن و دەیگوتن، زۆربەی زۆری تێکستەکانی، کە هەڵیبژاردوون هۆنراوەی مامۆستا مەدحەت بێخەو بوو، تێکستی زۆر جوان بوون، لەوە دەچێت وەکو نیمچە ئیتفاقێک بێت لەگەڵی.

لەسەرەتاوە بۆچوونی من لەسەر فوئاد ئەحمەد وابوو، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردەی تێکستەکانی هەموو زۆر جوان و نەمر بوون، هیچ تێکستێکی هی ئەوە نەبوو، کە گوێی لێنەگریت، هەرچەندە ئاوازەکانی کاریگەریی ئێزگەی کوردی بەغدای لەسەربوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی گۆرانی لەگەڵ تۆمارکردوون، مۆسیقاکانیان هەمووی عەرەبی بوون، واتە نابیناکانی ئێزگەی کوردیی خواخوایان بوو، زوو گۆرانییەکەی بۆ بەڕێبکەن، زۆر بایەخیان بەکارەکانی نەدەدا، سەرپێیی ئیشەکانیان بۆ بەڕێکردووە.

بەگشتیی گۆرانییەکانی زۆرزۆر جوان بوون، لەوانە: ئەمیرەکەم، هەستە بابڕۆین ئەی بووکی تازە، کە ئاوازەکانیان زۆر جوان بوون.

هونەرمەندی خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی، کە هەرگیز لەبیر ناکرێت، ئەو سەردەمانێک لە گۆڕەپانەکەدا بوو، ئەو ئاوازە جوانانەی دەدا بە گوێچکەی خەڵکا، بۆیە پێمباشە یادی ئەو هونەرمەندانە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن، کە لە سەردەمێکی سەختدا و لەم بێدەسەڵاتییەدا چ ڕۆڵێکیان هەبوو، چۆن بە ڕۆح ئیشیان کردووە، بۆ ئەوەی بزانن ڕۆح لە گۆرانیدا چ دەورێکی هەبوو.






## مەدحەت بێخەو:

## زۆر بە نائومێدی وەڵامی دامەوە و گوتی: مامۆستا بەخوا چاوەڕوانی مەرگی خۆم دەکەم

هەر لە ساڵی ١٩٥٩-وە، کە فوئاد ئەحمەد دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، یەکدیمان ناسی، ئەگەرچی پێشتریش لە ڕێگەی تاهیر ئەحمەد تەیبی برای ئاشنایەتییەکمان هەبوو، بەڵام یەکەم جار دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩٥٩ بوو،



که گۆرانی بۆ ئافرەتان گوت، بەڕاستی فوئاد ئەحمەد شەنسی هەبوو زۆرترین هۆنراوەکانی من لای ئەوبوون.

دوای سروودی ئافرەتان، برادەرایەتییەکەمان بەهێزتر بوو، ئەو زوو زوو سەردانی دەکردم، لەسەر سروودی (ئێمە کوردین نابەزین) که بەدەنگی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد تۆمارکراوە.

له سەرەتای شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ ئەم شیعرەم بۆ پێشمەرگە نووسی، ئەوەبوو بە دوای فوئاد ئەحمەد-مدا نارد، ئەویش هاتە ماڵەوەمان، که هۆنراوەکەی دیت زۆر دڵی پێخۆش بوو، لەگەڵ خۆی بردی و ئاوازێکی بەجۆشی بۆ دانا و لە شار تۆماری کرد و دواتر بردی بۆشاخ، لە ڕاگەیاندنی شۆڕش بڵاویکردەوە و دەنگووسەدایەکی زۆر باشی هەبوو، پاش دوو ڕۆژ لەسەر داوای سەرکردایەتی شۆڕش کرا بە مارشی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق، جگە لەو سرووده، من گەلێک شیعرم داوە بە فوئاد ئەحمەد و گەلێک هونەرمەندی دیکەش، لەوانە عەلی مەردان، بەڵام فوئاد ئەحمەد لە هەموویان زیاتر شیعری منی کردووە بە گۆرانی.

که گوێم له گۆرانی (سڵاو بۆیار و گیانی شیرین) بوو، بەدەنگی خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد، زۆر دڵخۆش بووم، لەبەرئەوەی شیعرەکە سۆزداریی بوو، من بۆ خێزانەکەی خۆمم نووسی بوو، کە ئەوکات ئەو لەکەرکوک بوو، منیش لە هەولێر.

لە دوای ئەوەی سەفەری ھاندەرانیشی کرد ھاتەلام ماڵاوایی لێکردم، لەبیرمە لەگەڵ ھونەرمەند تەحسین تەھا پێکەوە ھاتن، پاش ماوەیەک گەڕایەوە، دیسان سەردانی کردم، بەڵام ئەوجارەیان زۆر بە بێتاقەتی دیتم، پێدەچوو تەندروستی تەواو نەبووبێت، پرسیاری ئەوەم لێکرد، کە خەریکی چیت؟ زۆر بە نائومێدی وەڵامی دامەوە و گوتی: مامۆستا بەخوا چاوەڕوانی مەرگی خۆم دەکەم. پێدەچوو نەخۆشییەکەی گران بووبێت و پێی زانیبێت، منیش دڵیم دایەوە، بەداخەوە زۆری پێنەچوو هەواڵی مەرگیم پێگەیشت.




## سەباح عەبدولڕەحمان:

## هونەرمەند فوئاد ئەحمەد یەکێک بوو لەو کەسانەی پاڵپشتی تیپی هونەریی هەولێری کرد

ناسینی من لەگەڵ فوئاد ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی قوتابی ناوەندی بووم، لە یەکی ناوەندی لە هەولێرێ سۆزداریم و خۆشی وەرگرتنم، لاساییکردنەوەی یەک دوو گۆرانیبێژ بوو، که مامۆستا فوئاد ئەحمەد یەکێک بوو لەو چەند هونەرمەندەی، کە ڕۆڵی ڕابەرایەتیان هەبووە لە نوێکاری، لەئاواز و گۆرانی و مۆسیقای کوردیی.

شەماڵ سائیب و تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد، یادیان بەخێر، ئەوانە تاکو ئێستاش، لەناخی من زیندوون، لەبەرئەوەی، پێش ساڵەکانی حەفتا، کە گەڕامەوە هەولێرێ، یەکەم کەس لە بواری پیشەی هونەریی ناسییم فوئاد ئەحمەد بووە، هەردووکمان لە چالاکی قوتابخانەکان وەک سەرپەرشتیاری هونەریی بەیەکەوە بووین، من لە بواری شانۆ و دراما، ئەویش لە بواری مۆسیقا، دەتوانم بڵێم نیوەی ژیانی هونەریم بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ، دوور و نزیک هەر لەگەڵ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد بوو. تا ئەوکاتانەی چووە هەندەران، بەڵام کە بەسەردان دەهاتەوە، یەکدیمان دەدیت و بەردەوام بەیەکەوە دادەنیشتین و بەدەم گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.

فوئاد ئەحمەد مرۆڤێک بوو بەدەر لەوەی، کە هونەرمەند بووبێت، کەسێکی زۆر خۆش مەحشەر بوو، لە هەموو مەجلیسێک و کۆبوونەوەیەک جێی



دیاربوو، لەکاتی خۆی قسەی هەبوو، کابرایەکی زۆر بە هەیبەت بوو.

دیارە وەک بنەماڵەش، ماڵی نانەکەلی هەموویان ناسراو بوون، هەرچەندە ناتوانم بە وردی باسی هونەر و ئاواز و تێکستەکانی فوئاد ئەحمەد بکەم، چونکە بەراستی ئەو وردەکار و پسپۆرێکی بواری مۆسیقا بوو، بۆیە پێویستە بە وردی لێی بکۆڵدرێتەوە.

هەرچەندە من لە بواری شانۆ کارم دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی شانۆ و دراما بەبێ مۆسیقا جەستەیەکی مردوون هەروەکو ژیان بۆ خۆشی بەبێ مۆسیقا ناتەواوە، ئەم تێگەیشتنە هەوێنی بەیەکەوە کارکردنمان بوو.

دامەزراندنی تیپی هونەریی هەولێر لەساڵی ١٩٧٠، کە بەشی هەرە زۆرمان بەشێوەی خۆبەخش شانمان دایە بەرێ، لە بەرئەوەی ئامانجی سەرەکیمان لە دامەزراندنی تیپی هونەریی هەولێر ئەوەبوو، مۆسیقا و شانۆ پێکەوە بن، بۆ ئەوەی بتوانین بینەر بۆ هەردوو لا پەیدا بکەین و چێژێکی هونەریی بدەینە خەڵکەکە، ئەو چێژەی کە لە هونەردا هەیە و خەلکی پێی ئاشنا نین.

لەم ڕووەشەوە هونەرمەند فوئاد ئەحمەد یەکێک بوو لەو کەسانەی پاڵپشتی تیپی هونەریی هەولێری کرد، لەگەڵ میوزیکژەنەکان، بەتایبەتی لەگەڵ خوالێخۆشبووان عەبدولواحید مەرجان و مستەفا ڕەئوف و جەمال هیدایەت، کە سەرپەرشتیاری هەموومان بوون.


بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستا فوئاد ئەحمەد کارمان کرد، بۆ ئەوەی بزاوتی هونەریی لە قوتابخانەکان بەرەو پێشەوە ببەین.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد یەکێک لەو خەسڵەتانەی، کە هەیبوو ئەوەبوو، زۆر بە دەگمەن دەتبینی بیچتە مەجلیسێک، وانیشان بدات، کە ئازارێک، یان خەمێکی گەورەی هەیە، خەمەکانی زۆر زوو بەرێ دەکرد و ئاشکرای نەدەکرد، هەر لەساتەکانی یەکەمی دانیشتنی نوکتەیەکی ئامادە دەکرد، ئەوەی لەبیرمە ڕۆژێک هاتە چالاکی قوتابخانەکان، بەیانی زوو بوو، هەرگیز فوئادم وا نەدیتبوو، ئارەقەی کردبوو، ماندوو دەموچاوی گرژ، گوتم: ها خێرە کاک فوئاد؟ گوتی: وازم لێبینن نازانم چیتان لۆ باس بکەم.


دیارە یەکێک لە برادەرە هەرەنزیکەکانی هونەرمەند تەحسین تەها بوو، کە ئاگاداری هەموو شتێکی یەکدی بوون، زۆر ئیسراری کرد، فوئاد باسی ئەو بێ تاقەتیەی بکات، ئەویش گوتی: لەماڵێ نانم نەخواردبوو گوتم: با لە ئیسکان دوو سەموونی بکڕم، لەوێ یەک دوو منداڵ هەر بانگیان دەکردم فوئاد ئەحمەد فوئاد ئەحمەد، ئاوڕم نەدایەوە، هەر دووبارەیان کردەوە، هەتا بێزاربووم، کابرای فرنیچی تەماشای کردم و گوتی: مامۆستا ئەوانە بانگی تۆ دەکەن، وای لێهات جنێویان پێدام، منیش گوتم: کاک فوئاد ئەوە هەرچنیە، چونکە خەڵکی ئێمە لە بینینی هونەرمەندەکانمان هێشتا تێرنەبووە، بۆ گوێڕاگرتن لە دەنگیان ئەوەندە بە پەرۆشە، بەتایبەتی منداڵەکان شێوازی گوزارشتکرنەکەیان لەوانەیە جیابێت لەگەڵ گەورەیەک، بۆیە ئاساییە، لەوانەیە بۆ ئەوەیان بووبێت، بۆئەوەی ئاوڕیان لێبدەیەوە، یەکێک لەو بیرەوەریانەی، کە ئەویش شەوی هاوسەرگیریم بوو، بۆی گێڕامەوە و گوتی: ١٩٧١/٧/١٤ ئەو ڕۆژە بوو، کە من هاوسەرگیریم کرد، ئەو شەوە بۆ ئەکلەنجە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندان هات، بە گوتنی گۆرانی وەرە بابرۆین ئەی بووکی تازە بەشداری کرد، ئەوکاتی ئەو گۆرانییە تازە تۆمارکرابوو، کە شەماڵ سائیب و فوئاد ئەحمەد بە یەکەوە دەیانگوت، کە بە ئامێری کامیرای سینەمایی وێنەگیرا بوو، تیمێک لە بەغداوە هاتبوون، لە شەقڵاوە کاری هونەرییان بۆ کردبوو، ئەوەش یەکێکی دی بوو لە یادەوەرییەکانم.

لایەنی هونەریش، نەک وەک هەڵسەنگاندن بەڵام وەکو ئاماژەیەک، ئەوەی لای فوئاد ئەحمەد هەبوو تازەگەری بوو لە گۆرانی کوردی، بەمانای ئەوەی فوئاد ئەحمەد ئاواز و سۆز و دەنگ و ئەدا و هەموو ئەوانەی گەنجانە بوو، هەربۆیەش دەبینی لەنێو گۆرانی و ئاوازی کوردیی، وەک وەرچەرخانێک وابوو.

لەلایەکی دیش زۆربەی تێکستەکانی هی مەجید ئاسنگەر و مەدحەت بێخەو بوون، بەڵام ئەوەی مەجید ئاسنگەر ئەو تێکستانەن، کە خۆی داوای لێکردووە، چونکە مەجید-یش لەوکاتەدا دیاردەیەکی شیعری کوردی بوو.



زۆربەی ئاوازەکانیش، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد خۆی داناون، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیش، هەردەم هەوڵیداوە بۆ داخیلکردنی مۆسیقای تازە بە ئامێری تازە و ئەدایەکی تازە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو نوێگەریە بڕوات و بەردەوام بیت، هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت ئەو جلوبەرگەی ئەو لەبەری دەکرد لە ڕووی ئەناقەت و ڕێکپۆشییەوە، لەهیچ کەسێکی دی بەدی نەدەکرا، یەکێک لە سەرکەوتنەکانی ئەو هونەرمەندە ئەوەبوو، کە دەهاتە سەر تەختەی شانۆ زۆر تایبەت بوو، بەتایبەتی لە ڕووی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەرەکەی، بەڕاستی بۆباسکردنی هونەری فوئاد ئەحمەد، پێویستە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، پسپۆرانی مۆسیقا و شانۆ و دراما بتوانن قسەی لەسەر بکەن.



### فوئاد ڕواندزی:

## مامۆستا فوئاد ئەحمەد دووساڵ پاشی ئێمە هاتەوە هەولێر

هەرزوو ناوبانگی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد-م بەرگوێ کەوت، بەتایبەتی وەک مۆسیقییەک سرووده نیشتمانییەکانی وایلێکردبووم، خۆزگە بخوازم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نزیکەوە بیناسم و بتوانم میوزیک بۆ یەکێک لە گۆرانییەکانی بژەنم، لەساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کرد، ئەوکاتە ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی هەولێر بووین، مامۆستا فوئاد ئەحمەد-یش بەڕێوەبەری بەشی میوزیک بوو لەنێو شۆڕش، چوومەلای و خۆم پێناساند، زۆر بە خۆشحالییەوە پێشوازی لێکردم، ئەوە سەرەتای ناسینی من بوو، لەگەڵ ئەو هونەرمەندە.

هەرلەکاتی پڕۆڤەکردن و تۆمارکردنی سروودەکان و دوای دەوامیش زۆربەی کاتەکان پێکەوە بووین.

مامۆستا ئۆتۆمبێلێکی سووری لابوو، بەڵام لەبەر فڕۆکەکانی ڕژێم قوڕاویی کردبوو، زۆرجار دەچووینە سەرئاوەکەی حاجی ئۆمەران، میوەی سێو و قەیسیمان لەگەڵ خۆمان دەبرد بەڕاستی ئەو بیرەوەرییانەم هەرگیز لەبیر ناچنەوە.

دەربارەی ستۆدیۆکەی شۆڕش بۆ تۆمارکردنی سروود و گۆرانیش، دوای ئەوەی فڕۆکەکانی ڕژێم ڕۆژانە بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، ئەوەبوو وەزارەتی ڕۆشنبیریی پەڕش و بڵاوبوویەوە بەشێکمان کەوتینە لای وەسان، بەشێکیشمان کەوتینە لای زینوێ، بیرمان لەوە کردەوە خۆ نابێت دانیشین و چاوەڕوان بکەین، هەر هیچ نەبێت جووڵەیەکی هونەریمان هەبێت، ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند ڕێککەوتین، کە زەوی بکۆڵین و ستۆدیۆیەک لە ژێر زەوی دروست بکەین.

بەردەوام برادەرانی زاخۆ و مامۆستا فارووق و جاروباریش مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی سەری دەدایـن، جارێکیان هونەرمەند گەزیزە بابەتێکی لەم ستۆدیۆیە تۆمارکرد. ئیدی ئەو چاڵە بووە ستۆدیۆ، کە لەبن زینوێ بوو هەرکارێکی هونەریمان هەبووایە لەوێ تۆمارمان دەکرد، هەرلەوێش سرووده‌کمان بۆ مامۆستا فوئاد ئەحمەد تۆمارکرد، سروودی (ئێمە کوردین نابەزین) لەوێ دووبارە تۆمارمان کردەوە.

مامۆستا فوئاد ئەحمەد ستایلێکی تایبەتی هەبوو بۆ نموونە (بووکی تازە و ئەمیرەکەم) زۆر جیاوازترن لەگەڵ ئەو گۆرانییە ئیقاعیانەی لەو سەردەم هەبوون، جگە لەوانەش تێکستەکانی زۆر زۆر ناسک بوون، بە ئاسانی دەکەوتنە بەر گوێیان و لەبەردەکران.

لەنێو هەموو ئۆتۆمبێل و گازینۆیەک گۆرانییەکانی فوئاد ئەحمەد لێدەدران، هەربۆیەش گۆرانییەکانی

هەرگیز لەبیر ناکرێن و خۆیان نوێ دەکەنەوە.

دوابــەدوای ئــەوە لــە ئــۆردگــای ئــاوارەکــان لە شنۆ-ش هــەر پێکەوەبووین، لەوێش مامۆستا فوئاد ئەحمەد زۆر خۆشەویست بوو، زۆر ڕێزیان لێدەگرت، دیاربوو باسی ئەوەیان دەکرد، کە گوایە تەلەفزیۆنی کەرکوک لە (شنۆ) وەریدەگرت، مامۆستا فوئاد ئەحمد-یان لە تیڤی دیتبوو، بۆیە دەیانناسیەوە، زۆر ڕێزیان لێدەگرت لێی کۆدەبوونەوە و دەعوەتیان دەکرد و ڕەسمیان لەگەڵ دەگرت.

دواتریش بۆ ماوەیەک هونەرمەندان پەرتەوازە بوون و ئێمەش دابڕاین، دوای ئەوە مامۆستا فوئـاد ئـەحـمـەد دووســـاڵ پاشی ئێمە هـاتـەوە هەولێر، کە هاتەوەش ئێمە تیپی هونەری هەولێر زۆر کەیفمان هات پاش ماوەیەکی کەم پەیوەندی بە تیپ کـردەوە و سـەرلـەنـوێ بە گوڕوتینێکی زۆرەوە دەستی بەکاری هونەریی کردەوە.




## سەمیر زاخۆیی:

## گەلەک ئاوازم بۆ ئەو هونەرمەندە مەزنە دانا

مـن و هـونـەرمـەنـد فـوئـاد ئـەحـمـەد برایـەکـی خۆشەویستی یەکدی بووین، زۆر هاوڕێ بووین پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانماندا هەبوو، پەیوەندی خێزانیشمان لەنێواندا هەبوو.

ساڵی ١٩٧٢ هونەرمەند فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها هاتنە شاری دهـۆک، بۆ ئاهەنگ گێران بۆ یەکێتیی لاوان، ئـەو ئاهەنگە لە دهـۆک، زاخـۆ، ئاکرێ و ئامێدی ئەنجامدرا، من لەوکاتەوە فوئاد ئەحمەد-م ناسی، من تازە سترانەکی تازەم بەناوی شاشە گوڵا گوتبوو، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد



زۆر حەزی لەو گۆرانییە بوو گوتی دەمەوێت ئەو گۆرانییە بڵێمەوە، منیش گوتم: گرنگ نییە پیرۆزی تۆ بیت، ئەوەبوو لە ئێزگەی کوردیی لە بەغدا تۆماری کرد، دوای ئەوە ئێمە بووینە هاوەڵی یەک.

هونەرمەند فوئاد ئەحمەد تایبەتمەندییەکی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ نموونە ئەگەر هەر ئاهەنگەکی هەبووایە، تا نەهاتبایە سەر ستەیج خۆی نیشانی جەماوەر نەدەدا، لەژورێک دادەنیشت، تا ئەوکاتەی بۆ گۆرانی گوتن دەهاتە سەر شانۆ، ئەوجا خۆی نیشانی جەماوەرەکەی دەدا، مرۆڤەکی زەوقی بوو هەستەکی بڵندی هەبوو، هەرکە دەچووە سەر شانۆ سەرنجی خەڵکی بۆخۆی ڕادەکێشا لەسەر شانۆ بە بەردەوامی ئامادەیی هەبوو، خاوەنی کاریزمای هونەری بوو، ئەوە وای کردبوو جۆش و خرۆش بداتە بینەرەکانی، لەبیرمە لەو ئاهەنگەی زاخۆ بە جلی کوردیی زۆر تایبەت دەرکەوت، هەتا ئەوکاتانەی چاکەت و پانتۆڕیشی لەبەردەکرد، زۆر شاز دیاربوو، هەرچەندە بەخۆشی گەنجەکی قۆز و جوان بوو، هەتا ئەوکاتانەی تەمەنیشی بەسەرکەوت هەرگیز وەکو بەساڵاچوو خۆی نیشان نەدەدا، بەڵکو واخۆی نیشان دەدا کە گەنجە.


گۆرانییەکانی مامۆستا فوئاد ئەحمەد نەمرن، هەردەمێنن، هەتا ژیان بمێنێ، لەوانە سرووودەکەی (ئێمە کوردین نابەزین) کە لەهەموو کوردستان دەنگی دایەوە.

من گەلەک ئاوازم بۆ ئەو هونەرمەندە مەزنە دانا، کە خۆی لە زیاتر لە ١٠ بۆ ١٤ ئاواز دەدات.

هەرگیز جارەک واڕێکنەکەوت تێکستێکی لاوازم بۆ بێنێت، هەموو تێکستەکانی جوان و ڕێکوپێک و نـەمـربـوون، هـەربـۆیـەش ئـەو هـونـەرمـەنـدە لە گۆرەپانی هونەریدا و لە هەموو کوردستان، وەک هونەرمەندێکی گرنگ و نەمر مایەوە.

ئێمە میوزیک ژەنەکانی بەغدا، کە ئەوکات لە بەغدا دەژیان پێمان خۆشبوو زوو زوو سەردانی بکردبایەنە، لەبەرئەوەی سەرەڕای کاری هونەریی دانیشتن لەگەڵ ئەودا تام و چێژی تایبەتی خۆی هـەبـوو، دەروونـەکـی پـاک و هـەسـتێکی ناسک، بەردەوام ڕێزی لە بەرانبەرەکەی دەگرت هەرگیز لە نوکتە و مەجلیسەکانی بێزار نەدەبووی.

# کێ یەکەم سروودی بۆ پێشمەرگە داناوە؟



پ.ی.د عەبدولواحید ئیدریس شەریف

لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٦٣ سێ سروود بۆ پێشمەرگە دانراون، کە کاریگەری زۆریان لەسەر دڵ و دەروونی جەماوە ر و پێشمەرگە دا هەبووە، بەڵام لەم سێ سرووده، کامەیان یەکەم جار دانراوە، تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە، لەم نووسینەدا باس لەم سروودانە دەکەین و بە بەڵگە دەیسەلمێنین، کە کامیان زووتر دانراوە.

**سروودەکان:**

١- پێشمەرگەین بەهەڵمەتین، هۆنراوە و ئاوازی خالید دلێر /١٩٦١/٩

٢- سروودی پێشمەرگە، هۆنراوەی مەدحەت بێخەو١٩٦١/١١/٢٠، ئاوازی فوئاد ئەحمەد ١٩٦١/١١/٢٥.

٣- سرودی (من پێشمەرگەی کوردستانم) هۆنراوەی ئیبراهیم ئەحمەد ١٩٦٢/٧/١٠، ئاوازی عومەر دزەیی ١٩٦٣

سەرەتا باس لەسروودی (پێشمەرگەین بەهەڵمەتین) دەکەین، کە نەمر خالید دلێر هۆنراوە و ئاوازەکەی لە (زیندانی تسن) لە کەرکوک، لە دوای شەڕی دەربەندیخان و گوتارەکەی عبدالکریم قاسم لەدوای ١٩٦١/٩/١٦ دایناوە.

وەک خۆی دەڵێت: (نووسەری ئەم وتارە لە ١٩٦١/٩/١٦ لەگەڕەکی ڕەحیماوەی کەرکوک گیرا، لە (گرتوخانەی تسن) ڕادیۆکەیان بەدەنگی بەرز کردبۆوە، کە عبدالکریم قاسم لەدەربەندیخان وتاری دەدا، دەیگوت، کە گوایە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، کە ئەو بە (یاخی بوون و سەر بەئیمپریالیزم)ی ناو دەبرد، هیچی لێ نەماوە، تەفروتونا بووە، ئەوەی کوژرا، کوژرا، ئەوەی مایتەوە ڕوویان کردە باوەشی پەیمانی (سەنتۆ)وە! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو وڕێنەیەی قاسم دەروونم بەجۆش هات، لەسەر (نەزمگر-ئیقاع)ی هات و چۆکردنم لە ناو ژوورەکەدا، لە ناو ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سەختییەدا بۆ جاری یەکەم (سروودی پێشمەرگەی کوردستان) وەکو گوتم بەبێ قەڵەم و کاغەز، سەری هەڵدا و هاتە کایەوە.

هەرکاتێ خەڵکی دەوروبەری کەرکوک بۆ ئەو مەڵبەندەی پۆلیس دەهاتن، هەڵدەستام، بەدەنگە خۆش و بەرزەکەم لەژوورەکەی خۆمەوە سروودەکەم دەگوت، بەو هیوایەی لەناویاندا کەسی وەها زیرەک هەبێ سروودەکە فێربن و بیگەیەنن بەجەماوەر، لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٦٢ لەگرتووخانەی (تسن)وە گوێزرامەوە بۆ گرتوخانەی گشتی کەرکوک و لەئایاری ئەو ساڵەشدا لەگەڵ دوازدە برادەری دی گوێزراینەوە بۆ بەندیخانەی (نقره سلمان) لەبیابانی خوارووی عێراق.

**لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ئەم سروودەم نووسی و هونەرمەند فوئاد ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵێک میوزیککار بەنهێنی لەماڵی خۆیان بەئاوازێکی بەجۆش و خرۆش تۆماریان کرد**

بەم دوو گوێزرانەوەیە سروودەکە لەوە دەرچوو، کە هەر خۆم بیزانم کەسانی دیکەش پەیدابوون، کە هەریەکەیان بەڕێژەیەک شتێکی لێوە فێربوون.

وتووێژ لەنێوان مەلا مستەفای بارزانی و کودەتاچییەکاندا، لەدێی (سەرکەپکان)ەوە بۆ یەکەمجار دەستی پێکرد، ئەوانەی لەسەر مەسەلەی کورد گیرابوون لە (نوگرە سلمان) لە ١٩٦٣/٢/٢٠ بەردراین، من هەریەکسەر چوومە ناو پیشمەرگە لەناوچەی شوان، لەسلێمانی لەڕۆژی ٢٣ی شوبات، برایان کاک (جەلال عەزیز و نەجاتی عەبدە) ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بە بۆنەی دەرچوونم لەبەندیخانەدا چاویان پێم کەوت و ئاگاداریان کردم، کە ئەوان سروودێکی ئاوهایی منیان بەدەست گەیشتووە، بەڵام نەشیعرەکەی تەواوە و نەئاوازەکەی، ئەوان دەماودەم لەخەڵکی ناشارەزا وەریانگرتبوو، داوایان لێکردم هەر لەو ماڵەی لێی دانیشتبووین ڕیکۆردەرێکی (گرۆندیک)یکی بچووکیان پەیداکرد، لەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا، هەندێکیان پیاوی قەیرە و بەتەمەن بوون (جافەر)ی برام وەکو کۆرس لەهەندێ جێگادا یارمەتی دەدام، پێشەکی سروودەکە و هەموو سروودەکەمان تۆمار کرد بەبێ ئەوەی تەنانەت (نەزمگر-ئیقع) ێکیشمان لەگەڵدابێ، پیاوە پیرەکان هەموو چاویان تەڕبوو، لەوانەی لەبیرم ماون (مەلا عەلی سەحاف) و (مەلا مەحمود) باوکی کاک نوری و د. فوئاد و د. فازل .... )*

**دەقی سروودەکە:**

**سروودی پێشمەرگەی کوردستان:**

***پێشمەرگەین بەهەڵمەتین***
***پاڵەوانی میللەتین***
***شێری ڕۆژی زیللەتین***
***لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان***
***بەخت دەکەین: ژیانمان، ماڵ و گیان***
***لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان***

* * *

***دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر***
***دار و بەرد و خۆڵی لێ دەکەین بەئاگر***
***هەر بەزوویی دەیبەزێنین***
***تا سنووریمان دەیرەتێنین***
***(کوردستانی گەورەی لێ وەیەک دەهێنین)***

* * *

***زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەمێنێ***
***خاکی کوردستان بەبۆمبا و چەک بکێڵێ***
***هەڵدێراون لەم کێوانە***
***بوونەت: پەندی زەمانە***
***(ئەم وڵاتە کوردستانی دوژمنانە)****

٢- سروودی (پێشمەرگە) لەهۆنراوەی شاعیر مەدحەت بێخەو و ئاوازی هونەرمەندی نەمر فوئاد ئەحمەد.


سەبارەت بەم شیعرەی مەدحەت بێخەو دەڵێت: (لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١/١١/٢٠ ئەم سروودەم نووسی و هونەرمەندی ڕەحمەتی (فوئاد ئەحمەد) لە ١٩٦١/١١/٢٥ لەگەڵ کۆمەڵێک موزیککار بەنهێنی لەماڵی خۆیان بەئاوازێکی بەجۆش و خرۆش تۆماریان کرد، کە هەمان هەفتە گەیاندیە ڕاگەیاندنی شۆڕش و لەوێش بەئامێری بێتەل (لاسلکی) پەیتا پەیتا پەخش دەکرا و لە ١٩٦٣/٩/٢٨ یش، کە (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) دامەزرا، کرا بە (مارشی دەنگی کوردستان)*

**دەقی سروودەکە:**


**سروودی پێشمەرگە**

***ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین***
***نیشتمان ئازاد ئەکەین لەخوێنمژین***
***ئێمە کوردین نابەزین***
***جەنگاوەرین نابەزین***
***ئێمە کوردین تێکۆشەرین نابەزین***
***گیان فیداکارین لە ڕێگەی میللەتا***
***قارەمانی ڕێی ژیان و شۆڕشین***
***دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ***
***ئەیبەزێنین ئەیرمێنین نابەزین***
***نیشتمان خوێنی شەهیدانی ئەوێ***
***شەرتە تاکو سەربەخۆی نەسرەوین***
***دەوری دیلی ژێردەستی باوی نەما***
***ئەمڕۆ کاتی مافی ژینە و ڕاپەڕین***
***هێزی ئێمە کێوی پۆڵا و ئاگرە***
***خێڵی ناپاک قڕدەکەین ئازاد ئەبین****

٣- سروودی پێشمەرگە: هۆنراوەی ئەم سروودەش لەلایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٩٦٢/٧/١٠ لەماوەت دانراوە، لەدوای دامەزراندنی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق



**“ بەهۆی ناکۆکی سیاسی و جیاوازی بیروباوەڕ لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ داوا لە هونەرمەند و ئاوازدانەرانی کورد کراوە سروودێک دابنێن لەسروودی (پێشمەرگەی بەهەڵمەتین) بەهێزتر بێ و جێگای ئەو بگرێتەوە ”**



هونەرمەند عومەر دزەیی، کە ئەوکات بێژەر بووە لە ئێستگەکە ئاوازی بۆ داناوە و تۆمار کراوە.

**دەقی سروودەکە:**

***سروودی پێشمەرگە***
***من پێشمەرگەی کوردستانم***
***ئامادەی جەرگەی مەیدانم***
***بەسەر و ماڵ و ژیانم***
***ئەیپارێزم نیشتمانم***
***دەست لەخەبات هەڵناگرم***
***تاسەر ئەکەوم یا ئەمرم***
***قەڵای دوژمن ڕوخێنەرم***
***لەناو بەری داگیرکەرم***
***نەوەی کاوەی ئاسنگەرم***
***بۆ مافی گەل پارێزەرم***
***دەست لەخەبات هەڵناگرم***
***تاسەر ئەکەوم یا ئەمرم***
***بەو کوردستانە ڕەنگینە***
***کە بەهەشتی سەر زەمینە****

دوای ئەوەی ڕێکەوتی دانانی هەرسێ سروودەکەمان زانی و دەقی سروودەکانیشمان خستەڕوو، بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ، دەزانین هەریەکەیان چەندە کاریگەربوون بۆ جۆشدانی کورەی خەبات و شۆڕش و هاندانی جەماوەر و پێشمەرگە لەو سەردەمانەدا، لێرەدا یەکلاکردنەوەی کامەیان یەکەمجار دانراوە، لەنرخی هیچ کامێکیان کەم ناکاتەوە، پشتبەستن بەبەڵگە و ڕێکەوتی دانانی سروودەکان، بۆمان بەدیار دەکەوێت (سروودی پێشمەرگەین بەهەڵمەتین) یەکەم سروودە، کە بۆ پێشمەرگە دانراوە، نەمر د. ئازاد عوبێد لەنامەی ماستەرەکەی بەناوی (کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردی) دەڵێت: (سەرەتا ئێستگە بەرنامەکانی بەمۆسیقای (چەمی ڕێزان) و سروودی (پێشمەرگەین بەهەڵمەتین) دەست پێکردووە و بەسروودی (ئەی ڕەقیب)یش کۆتایی هێناوە و دەنگ و باس و وتاری سیاسی بڵاو کردۆتەوە)*

بەهۆی ناکۆکی سیاسی و جیاوازی بیروباوەڕ لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ داوا لە هونەرمەند و ئاوازدانەرانی کورد کراوە سروودێک دابنێن لەسروودی (پێشمەرگەی

**"لە ناو ئەو ئازار و ئەشکەنجە و سەختییەدا بۆ جاری یەکەم (سروودی پێشمەرگەی کوردستان) وەکو گوتم بەبێ قەڵەم و کاغەز، سەری هەڵدا و هاتە کایەوە"**

**بەڵام لەم سێ سروودە، کامەیان یەکەم جار دانراوە، تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە**

بەهەڵمەتین) بەهێزتر بێ و جێگای ئەو بگرێتەوە، وەک خالید دلێر دەڵێت: (دوای بەیانی ١١ی ئازار کەنوێنەری مەلا مستەفا چوونە بەغدا لەگەڵ میریدا ڕێک کەوتبوون، شایی و لۆغانیان لەگەرمەی خۆشیدا بوو، لێپرسراوە گەورەکانیان هەندێ لەوەزیرەکانیشیان لەگەڵ دابوو هەرچی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی ئێستگە کوردیەکەی بەغدا و هی شاری بەغدا بوون لە هۆڵی (خولد)دا هەر هەموویان کۆکردنەوە و زۆر بەڵێنی چەور و شیرینیان پێدابوون، داوای دانانی سروودێکیان بۆ پێشمەرگە لێکربوون، جێگەی ئەو سروودەی من بگرێتەوە، بەڵام سەرنەکەوتبوون)*

بێگومان سروودێک لەنێو زیندان و ئەوپەڕی بەهێزی باوەڕ بەمەسەلەیەک دانرابێت، هەرگیز ئەو جۆرە سروودە لەیادەوەری شۆڕشگێڕان ناسڕێتەوە، ئەم سروودانە، کە لەسەرەتای شەستەکانەوە دانراون، تا ئێستاش زیندوون و لەگەڵمان دەژین، بەڵام لەهەمان کاتدا سروودەکانی بۆ قادسیەی صەدام گوتراون لە هەشتاکانی سەدەی بیست، هەر زوو لەیادان چوونەوە و سروودبێژەکانیش پێی شەرمەزارن، نەک وەک خالید دلێر و مەدحەت بێخەو و ئیبراهیم ئەحمەد سەرفرازبن.


**سەرچاوەکان:**

١- خالید دلێر، چەند وشەیەک بۆ مێژوو، کۆمەڵە وتار، سلێمانی، ٢٠٠٣

٢- مەدحەت بێخەو، دیوانی بێخەو، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣

٣- عومەر مارف بەرزنجی، برایم ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، ٢٠٠٧

٤- ئازاد عوبێد صالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧



# گۆرانی ئەمیرەکەم

ئازم دڵبەند

گەنج بووم، کە لە شاشەی تیڤییەوە، بە ژن و باڵا جوانەکەی (فوئاد ئەحمەد)م بینی و گوێم لە گۆرانی (بووکی تازە) بوو، دوای ئەوە تامەزرۆی ئەوەبووم لە نزیکەوە بیبینم، بەخت یاوەرم بوو لەمیانی ئەو ئاهەنگانەی، لە دوای (١١)ی ئازارەوە لەسەر تەختەی شانۆی هۆڵی (گەل) بەو ئاواتە گەیشتم و لەنزیکەوە بەدیداری شادبووم.

زەمەن گۆڕا ئەوکەوتە غوربەت و سروودی (ئێمە پێشمەرگەین) دەچڕی ترس ڕاپێچی (ئێران)ی کرد و لە چاوانمان ون بوو، بەڵام لە هەستی گۆرانییەکانی ئەوی دانەبڕاندین، دیسانەوە زەمەن لە ساڵی (١٩٧٦) لە ماڵەکەی خۆی بە یەکدی شاد کردینەوە، بەڵام ئەو هەروەکو جاران دەم بە پێکەنینەوە منی لە باوەشێ گرتوو و گوتی: من هەر گەنجە جوانەکەی جارانم و هەر بۆ هەستی ئێوە گۆرانی دەڵێمەوە و چەند گۆرانییەکی تازەم هێناوەتەوە (لە سیلەی قەبران) و (زێنەبێ هەی زێنەبێ) دەڵێمەوە

منیش گوتم: دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم؟

گوتی: فەرموو

گوتم: (ئەمیرەکەم) کە یەکێ بوو لەو گۆرانیانەی تۆ دەرگای ڕادیۆی کوردی بەغدای لێکردیەوە، دەکرێ لێت بپرسم، ئەوە شیعر و ئاوازی کێبوو؟

گوتی: ئەوە یەکەمجارە پرسیاری وام لێدەکرێت، ئەم گۆرانییە، کە من ناوبانگم پێوەرگرتووە، شیعری (مەجید ئاسنگەر) و ئاوازی مامۆستا (جەمال داود) بوو.

بێگومان ئەمە لای من جێگەی سەرسوڕمان بوو، نەک لە لایەنی شیعرەوە، بەڵکو لە لایەنی ئاوازەوە من بەدواداچوونم بۆ ئەم ئاوازە کرد، لەدواییدا لە کتێبێکی هاوڕێم ئەندازیار (فارس سەعدی) کە لەم دواییانەدا لەسەر مامۆستا و فۆتۆگرافەر (جەمال داود) چاپی کرد، ئاماژە بە هەمان قسەکانی هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) دەکات، کە فیعلەن ئاوازی گۆرانی (ئەمیرەکەم) هی مامۆستا (جەمال داود)ە


دیسانەوە زەمەن هات و زەمەن چوو، ئێمەش بووینە ئەندامی (تیپی هونەری هەولێر) کە هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) یەکێ بوو لە ئەندامە کاریگەرەکانی ئەم تیپە، هەموو ئێوارەیەک بەو پێیەی ئەو پیاوێکی قسەخۆش و خۆش



فوئاد ئەحمەد و گوڵبەهار لەکاتی گوتنی گۆرانی (ئەمیرەکەم)

مەشرەب بوو، لە دەوری کۆدەبووینەوە زیاتر ئاشنای بووین و خۆشمان ویست.

دیارە من وەکو شاعیر حەزی گەورەم ئەوەبوو



ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم هونەرمەندە یەکێ لە شیعرەکانم بکاتە گۆرانی، ئەوەبوو ئێوارەکیان لە (تیپی هونەری هەولێر) بووم، بانگی کردم داوای ئەو شیعرەی لێکردم بەناوی (ڕۆژگارێک) کە لە دیوانی (عەشق) بڵاومکردبۆوە.

ئەوەبوو تۆماری کرد و دوای دوو مانگ ڕۆژێکیان (١٥) دیناری بۆ هێنام و گوتی: (ئەوە پاداشتی شیعرەکەتە لە ڕادیۆی کوردی بۆت نوسراوە)

ئەم شیعرە دیاربوو سەدایەکی هەستی شیعری جوانی پێوەبوو لەدواییدا هونەرمەند (زیاد ئەسعەد)یش گوتیەوە، دواتریش دوای ڕۆژانێک هونەرمەند (جەلال سەعید)یش گوتیەوە

بێگومان هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) لای من هەرئەوەندە نەبوو، لە دواییدا بەپێی ژیانی وەزیفیم و ئەو وەکو مامۆستایەکی هونەری لە چالاکی قوتابخانەکاندا، بوو بە برا گەورەو دۆستی هەموومان، لە هەموو فێستیڤاڵەکانی چالاکی قوتابخانەکانی عێراق ئەو یەکێ بوو لە پێشەنگەکانی ئەو شاندەی، کە ئێمەی وەکو قوتابی و نوسەرو هونەرمەند دەبردە پێشبڕکێیەکانی ئەو چالاکیانە، ئێمە (ئەو)مان هەمیشە بە کەسێکی نزیکی خۆمان دەزانی.

**ئەم گۆرانییە، کە من ناوبانگم پێوەرگرتووە، شیعری مەجید ئاسنگەر و ئاوازی مامۆستا جەمال داود بوو**

نابێت ڕۆڵی هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) لە نوێکردنەوەی گۆرانی کوردیی لە پاڵ هونەرمەندان (شەماڵ سائیب و باکوریی و قادر مەردان) لەبیر بکرێ، چونکە ئەوان توانییان لەگەڵ ڕێڕەوی گۆڕانکاری گۆرانی عەرەبی لە سەردەمی هونەرمەند (فەرید ئەترەش) بەڕێوە بڕۆن، هەرچەندە ئەوان جۆرێک لە کاریگەری ئەم گۆرانیبێژەیان لەسەر بوو، بەتایبەت هونەرمەند (شەماڵ سائیب) دیارە ئەمە لای گوێگری کوردیش تام و چێژی خۆی هەبوو، بەڵام هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) بەردەوامبوو لەم نوێکارییە و دانەبڕا، هەمیشە گۆرانییەکانی لای گوێگری کورد هەر تازە بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی، کە هونەرمەند (ڕزگار خۆشناو) کۆکتێلێکی بەناو هەموو گۆرانیەکانیدا بۆ کرد (سڵاو بۆ تۆ گیانی شیرین هەستە، با بڕۆین ئەی بوکی تازە... هتد)

هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) بەوەش نەوەستا لە دواجاردا گۆرانی (من هەڵە بووم) لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)و لە ئاوازی خۆی تۆمار کرد، کە تا ئێستاکەش یەکێکە لەو گۆرانیانەی لەبیر ناکرێ.

لە ئاخرو ئۆخری سەفەرکردنی بۆ (هۆڵەندا) داوای شیعرێکی لەمن کرد، کە بەم دواییە لای مامۆستا (کامەران)ی کوڕییەوە درابووە کاکە (سەتار ئەمین) کە بەنیاز بوو ئاوازی بۆ بکات و بیڵێ، دیارە مەرگ مەودای نەداوە، بەڵام (کاکە کامەران) شیعرەکەی داوەتەوە کاک (سەتار) ئەمەش بۆ من سەروەرییەکی گەورەیە.



گوڵبەهار لەکاتی گوتنی گۆرانی (ئەمیرەکەم)

# مێژوو

- **بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی .. بارودۆخی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی پەتا لە قەزای کفری لە ١٨٧٥-١٩١٥**

موحەممەد گەلاڵەیی

به‌پێی به‌ڵگه‌نامه‌كانی عوسمانیی

# بارودۆخی ته‌ندروستیی و بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا له‌ قه‌زای كفری ١٨٧٥-١٩١٥



موحه‌ممه‌د گه‌لاڵه‌یی

**پێشه‌كی:**

بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا، به‌درێژایی ماوه‌ی ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانی له‌ كوردستان به‌رده‌وامی هه‌بووه‌، هۆكاره‌كه‌شی دواكه‌وتوویی كه‌رتی ته‌ندروستی بووه‌، به‌تایبه‌تی نه‌بوونی پزیشك و نائاماده‌یی خزمه‌تگوزارییه ته‌ندروستییه‌كان، ئه‌مه بێجگه له‌وه‌ی، له‌ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی په‌تا درمی و كوشنده‌كاندا كه‌مته‌رخه‌مییه‌كی گه‌وره‌ له‌ كۆنترۆڵنه‌كردنی سنووره نێوده‌وڵه‌تییه‌كان هه‌بووه‌، به‌تایبه‌تی له‌كاتی بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا كوشنده‌كان له‌ وڵاتانی دراوسێی ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانیدا، كه‌ ئه‌مه‌ش زیانێكی گه‌وره‌ی له‌ ژێرخانی ئابووری كوردستان داوه‌، بێجگه له‌وه‌ش نه‌هامه‌تییه‌كی گه‌وره‌ بوو بۆ توانا و سه‌رچاوه‌ مرۆییه‌كانی ئه‌وكات، كه‌ به‌شێكی زۆری دانیشتووانی ناوچه‌ جیاوازه‌كانی كوردستانی له‌ناوبردووه‌، به‌شێوه‌یه‌ك زۆرجار به‌هۆی هاتنی خه‌ڵكێكی نوێ بۆ ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ی ناوچه‌ وێرانبووه‌كان، سروشتی دانیشتووانی ناوچه‌كانی گۆڕیوه‌، هه‌روه‌ها به‌هۆكاری بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا كوشنده‌كانی وه‌ك: كۆلێرا، ڕشانه‌وه‌ و تای زه‌رد و گرانه‌تا، خه‌ڵكێكی زۆر له‌ ئاوایی و گونده‌كاندا مردوون.

به‌شێوه‌یه‌كی سروشتی له‌ كوردستانی سه‌رده‌می ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانیدا، بۆ ماوه‌ی یه‌ك سه‌ده‌ چه‌ند جارێك ئه‌م گۆڕانكارییانه‌ له‌ سروشتی دانیشتوانی ناوچه‌یه‌ك بۆ ناوچه‌كی دی دووباره‌ بوونه‌ته‌وه‌.

بۆ زانیاریش له‌دوای هێنانه‌كایه‌وه‌ی جارێكی دی ویلایه‌تی موسڵ له‌ ساڵی ١٨٧٩ كفری قه‌زایه‌ك بووه‌ له‌ چوارچێوه‌ی سه‌نجه‌قی كه‌ركوك (شاره‌زوور) تا داگیركاری ئینگلیزه‌كان بۆ سه‌ر باشووری كوردستان له‌ كۆتاییه‌كانی شه‌ڕی یه‌كه‌می جیهانی له‌ ساڵی ١٩١٨ دا، كه‌ شاری كفریش داگیركرا.

**یه‌كه‌م: بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا له‌ چاره‌كی كۆتایی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا:**

بارودۆخی ته‌ندروستیی قه‌زای كفری له‌ چاره‌كی كۆتایی سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌مدا، به‌تایبه‌تی له‌ بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تا كوشنده‌كانی وه‌ك كۆلێرا، ڕشانه‌وه‌، تای زه‌رد، گرانه‌تا و چاوه‌قوڵكێ(تاعون) كه‌ كاریگه‌رییه‌كی نه‌رێنی له‌سه‌ر ڕه‌وشی خه‌ڵك و گه‌شه‌كردنی دانیشتوان و به‌هێزبوونی ئابووری قه‌زای كفری له‌ چوارچێوه‌ی ئه‌یاله‌تی به‌غداد و دواتریش ویلایه‌تی موسڵدا هه‌بووه‌، بۆیه‌ له‌ ساته‌كانی بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تاكاندا هه‌موو دامووده‌زگاكانی ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانی كاریان له‌سه‌ر به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌یان كردووه‌، هه‌تا سه‌رۆك وه‌زیران (سه‌دری ئه‌عزه‌م)ی عوسمانی له‌ ڕۆژی ٧ی حوزه‌یرانی ١٨٧٥زدا له‌ ڕێگه‌ی ته‌له‌گرافی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئیمپراتۆرییه‌ته‌كه‌ی ئاگاداری داوه‌ته‌ ویلایه‌تی به‌غداد، كه‌ ده‌ست به‌ لێكۆڵینه‌وه‌ی فه‌رمی و دادگاییكردنی پزیشكێكی كه‌ره‌نتینه‌ی شاری كفری (سه‌لاحیه‌) بكه‌ن، ئه‌مه‌ش دوای ناردنی دوو ته‌له‌گراف له‌لایه‌ن ویلایه‌تی به‌غداد له‌ ڕۆژی

٢٨ی ئایاری ١٨٧٦زدا[1]

بەڵام دوای مانگێک لەم فەرمانەی، لە ڕۆژی ٦ی تەمموزی ١٨٧٦زدا، سەرۆک وەزیرانی عوسمانی موحەممەد ڕوشدی پاشا (١٨١١-١٨٨٢) کە لەماوەی ١٢ی ئایار-١٩ی کانوونی یەکەمی ١٨٧٦ لەو پۆستە دابووە، نامەیەکی لەلایەن والی بەغداد بۆ دەنێردرێت، کە تێیدا باس لە کەرەنتینەکەی قەزای کفری و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی درمی مەترسیدار، کە لە بەغداد بڵاوبووەتەوە دەکات بۆیە مەبەستە سەرەکییەکەی ناوبراو هەڵگرتنی ئەو خێمە و چادرانە بووە، کە ئەو کەسانەی دەگەنە کفری کەرەنتینە بکرێن، ئەمەش بەهۆی هاتنی وەرزی هاوین و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بە ڕادەیەکی زۆر بەهێز لە کفری، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە ماوەی کەرەنتینە لە ژێر خێمە و چادر دەبێتە هۆکاری زیاتر بڵاوبونەوەی نەخۆشی و پەتا بەهۆی گەرمای وەرزی هاوین، بۆیە داوای لە سەرۆک وەزیرانی عوسمانی کردووە، کە خانوویەک بەکرێ بگیرێت بۆ کەرەنتینەی قەزای کفری، والی بەغداد لەوکاتەدا نووسراو و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی کاروباری تەندروستی ویلایەتەکەیشی هاوپێچی نووسراوەکەی کردووە، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەدری ئەعزەمی عوسمانی (سەرۆک وەزیران[2]

بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە کۆتایی دەیەی سەدەی نۆزدەهەمدا، پەتای کۆلێرا لە جیۆگرافیایەکی پانوپۆڕی عوسمانی ئەوکاتدا بڵاوبووەتەوە، وەک لە نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی تەندروستی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ڕۆژی ٣٠ی جەممادی یەکەمی ١٣٠٦-١ی شوباتی ١٨٨٩ ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لە ویلایەتی بەغداد دەکات، لەهەمانکاتیشدا داوای وەرگرتنی ڕێکاری تەندروستی و خۆپاراستن لە ویلایەتەکانی وەک: موسڵ، دیاربەکر، حەلەب و سوریا دەکات، بەتایبەتی لە دابینکردنی شوێنێک بۆ کەرەنتینەکردنی تووشبووان، هەروەها ئاماژەکراوە کە بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لە باکووری ویلایەتی بەغداد، لە شاری کفری (سەڵاحیە) کەرەنتینە دانراوە[3]

دوای

**"لەدوای هێنانەکایەوەی جارێکی دی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٨٧٩ کفری قەزایەک بووە لە چوارچێوەی سەنجەقی کەرکوک"**



> **"له ساتی بڵاوبوونەوەی پەتای رشانەوە لە شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٤-١٩٠٥، هاوکات لە قەزای کفریش بڵاوبووەتەوە، کە تەنیا لەماوەی ڕۆژانی ١٣ تا ١٤ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا، لە کۆی یانزە تووشبوو، نزیکەی نۆ کەس گیانیان لەدەست داوە"**

بڵاوبونەوەی کۆلێرا لەشاری بەغداد بەرەو شاری مەندەلی تەشەنەی کردووە، بۆیە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی سەرۆکی نووسەرانی دەرباری سوڵتانی عوسمانی لە ٤ی موحەڕەمی ١٣٠٧ک-٣١ی ئابی ١٨٨٩ لە تەشەنەی خێرای پەتاکە ئاگادارکردووەتەوە، بۆیە وەزارەتی ناوبراو پێشنیازی کردووە، کە کەرەنتینە لە کفری بکرێتەوە، بۆ ئەوەش نووسراوی بۆ دامەزراوەکانی تەلەگراف و وەزارەتی تەندروستی عوسمانی ناردووە[٤] وادیارە پەتای کۆلێرا و پەتای تای کوشندە بۆ چەند ساڵێک لە قەزای کفری، کە سەربە سەنجەقی کەرکوک لە ویلایەتی موسڵ بووە، بەردەوامی هەبووە، وەک لە نووسراوێکی خەزێنەی تایبەتی شاهانە بۆ وەزیر و وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی لە ٢٥ی جەممادی یەکەمی ١٣١٠ک-١٥ی کانوونی ١٨٩٢زدا نێردراوە و نووسیوویەتی: نەخۆشی تای کوشندە لە سەلاحییەی(کفری) سەر بە ویلایەتی موسڵ بڵاوبووەتەوە، بەفراوانبوونیشی زیانی زیاد بووە[٥]

ئەمە لە وەڵامی نامەیەکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ خەزێنەی شاهانەی عوسمانی دابووە، لە ڕۆژی ١٢ی جەممادی یەکەمی ١٣١٠ک-٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٢زدا، کە وەزارەتی ناوبراو بڵاوبونەوەی تای کوشندەی لە کفری ڕاگەیاندووە، بەڵام هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردووەتەوە، کە هیچ کەسێک بە تای کوشندە مردبێت، یان بڵاوبوونەوەی جیۆگرافیایەکی فراوانی گرتبێتەوە، چونکە دوای ناردنی ئاگاداری بۆ کاربەدەستانی کفری، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە بگرن، هیچ حاڵەتێکی مردن تۆمارنەکراوە و بڵاوبوونەوەی پەتاکە وەستێنراوە[٦] ئەمە سەرەتایەکی مەترسیداری تەندروستی بوو، کە ڕووی لەناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کرد، لەوانە: قەزای کفری، کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕووبەڕووی کێشەی تەندروستی گشتیی و نەبوونی پزیشک و بڵاوبوونەوەی پەتا کوشندەکان بووەتەوە.

**دووەم: بڵاوبوونەوەی پەتا لە سەرەتای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا:**

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە بواری خۆپاراستنی تەندروستی و پەرەسەندنی کاری پزیشکی هەنگاوی چالاکی نا، بەتایبەتی لەماوەی سەد ساڵ زیاتر، کە چاکسازییەکانی لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری سەربازی دەستپێکردبوو، کە لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩-١٨٠٨) لە نوێکردنەوە، چاکسازیکردن و هێنانەکایەی قوتابخانەی پزیشکی و ئەندازیاری سەربازیدا، کە گۆڕانکارییەکی جۆری بوو بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، هەربۆیە سوڵتانی ناوبراو لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە باوکی ڕۆحی ڕیفۆرم دادەنرێت، کە لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانکارییەکانی بواری تەندروستی لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا بەدەرکەوتن، بەڵام جێگەی دڵخۆشیی تەواوی دانیشتوانەکەی نەبوو، لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لەهەموو پنتێکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بەردەست نەبوون، بەڵام لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتا کوشندەکان وەک: کۆلێرا، تای زەرد، گرانەتا و تاعون، فەرمانگەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕێکارەکانی خۆپاراستنی تەندروستیان دەگرتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی کەمی شارەزا و نەبوونی پزیشک و ناهۆشیاری خەڵک بۆ ئاڵنگارییە تەندروستییەکان و نەبوونی ژێرخانی شارەوانی وەک: ئاوی پاک و ئاوەڕۆی گەرەک و ماڵان لە شار و شوێنە قەرەباڵغەکاندا، کە زۆرجار ئەمانە هۆکار بوون، نەیاندەتوانی بنەبڕی ئەو پەتا کوشندانە بکەن. کە پەتاکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا و فراوان لە شارێک بۆ شارێکی دی دەگوازرانەوە، بەڵام تاکە ڕێگەی چارەسەریی و خۆپارێزی و ڕێگەگرتن لە بڵاونەبوونەوەی پەتاکاندا، کە لەبەردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابوون، دامەزراندنی (کەرەنتینەکان) بوون.

بۆیە لە ساتی بڵاوبوونەوەی پەتای ڕشانەوە لە شاری سلێمانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٤-١٩٠٥زدا، هاوکات لە قەزای کفریش بڵاوبووەتەوە، کە تەنیا لەماوەی ڕۆژانی ١٣ تا ١٤ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا، لە کۆی یانزە تووشبووی شارەکەدا، نزیکەی نۆ کەس گیانیان لەدەست داوە، کەچی لە شارۆچکەکانی دەوروبەر

و نزیکیشدا وەک: خانەقین، قزلرەبات و شارەبان تووشبوون بە پەتای ڕشانەوە و کۆلێرا تۆمار نەکراوە، وەک سوپاسالاری سوپای شەشەمی عوسمانی لە بەغداد لە نامەیەکی لەو بارەیەوە ئاماژەی پێکردووە، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ئیستانبۆڵ لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٠٤زدا ناردووە[٧]

هەرچەندە پەتاکە لە سلێمانی ساڵێکی زیاتری خایاندووە، هەروەکو مامۆستا مەلا موحەممەدی چروستانی (١٨٩٤-١٩٦٣) لە یادداشتەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، کە نزیکەی حەوت هەزار و حەوت سەد کەسێکی کوشتووە.

بەمشێوەیەش باس لە بارودۆخی بڵاوبوونەوەی پەتاکە لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری دەکات: (سەرەتا ڕشانەوە پەیدابوو، کە لە ساڵی ١٣٢٢ کۆچی[١٩٠٤-١٩٠٥زائینی] بوو. وابزانم ئاخری بیست و یەک پەیدابوو و بیست و دووی بردە سەر. حەوت هەزار و حەوت سەد و کوسووری پێ مردووە. واقیعە و کوشتاری ڕشانەوە کتێبی سەربەخۆ و تەحقیقاتی تاممەی ئەوێت. نازانم ئەحمەد بەگی ڕیشێنی چۆن لەگەڵ باوکما موخابەرەیان کەوتە بەینەوە، وڵاغی نارد بەدوای باوکما، نەقڵی کرد بۆ ڕیشێن، کە حوجرە و مەدرەسەی بۆ دروست کات و فەقێی بۆ ڕاگرێت. ڕشانەوە زۆربەی سەند و بڵاوبووەوە بە دنیادا. وابزانم حەبیبە خانی ژنی ئەحمەد بەگ-خوا عەفوویان کات- بەڕشانەوە ڕۆیشت. شارەزووری پێیان


ئەوت (چاوەقووڵە) کەس نەیئەوێرا بچێ یاسینی نەخۆش بخوێنێت لە ترسا. من بێ سەلیقە بووم پێم خۆش بوو بانگم کەن، کە یاسینی ئەوانە بخوێنم کە دەڕشانەوە. دەسم ئەدایە قورئان، لە یاسین خوێندنا ئەبووم لەسەر نەخۆشی ڕشاوە، هیی وا بوو کە بەسەر نەخۆشەکەوە ئەگریا، قڵپ ها ئەڕشایەوە، پرشکی ڕشانەوەکەی لەدەم و چاوم ئەکەوت، قێزم لێ نەدەکرد، عەقڵم پێ نەدەشکا، کابرای شیوەنکەر وەک تەڕاح لەوێ ئەکەوت. ئیتر دونیا زۆر عەجایب بوو، کەس بەهیوا نەبوو شەو بگاتە سبەی یا ڕۆژ بگاتە ئێوارە. باوەژنە فاتمم ڕشایەوە، ساردبووەوە، بە مردوویان زانی، ئاویان بۆ گەرم کرد، کەچی ڕۆحی تێدا مابوو نەمرد، خەلەست، چەن ساڵ ما)[٨]

بەهۆی جیۆگرافیای فراوانەوە، بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییە درمییە گوازراوەکان لە ویلایەتەکانی عوسمانی بەبەردەوامی ئەگەرێکی کراوە بووە، کە سنوورە نێوخۆییەکانیشی بەسەر دونیای دەرەوەدا هەمیشە کراوە بوونە، بۆیە پەتای کوشندە ڕووی لەو شارانە کردووە، کە لەسەر کەناری دەریاکان بوونە، وەک شاری بەسرا، کە لە ٦ی تەممووزی ١٩٠٧دا بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی

“

**دوای بڵاوبونەوەی کۆلێرا لەشاری بەغداد بەرەو شاری مەندەلی تەشەنەی کردووە**

”



> "سەرەرای خراپی بارودۆخی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی پەتا کوشندەکان لە قەزای کفری، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، گوندەکانی قەزای کفری ڕووبەرووی هێرشی کللۆ دەبنەوە"

تەندروستی عوسمانی ئاماژەی بەوە کردووە، کە کەسێک بەهۆی نەخۆشی گوازراوە لە شاری بەسرا مردووە، بەڵام ناوی ئەو نەخۆشییە گوازراوەیە ناهێنێت، بەڵام پێشنیازکراوە، کە خانەی خۆپارێزی واتە (کەرەنتینە) لە شارۆچکەی سەڵاحییە(کفری) بکرێتەوە، هەرچەندە ئەوەی نووسیووە، کە شارۆچکەی ناوبراو ناکەوێتە سەر کەناری ڕووبار و هاتووچۆی کەشتی و گواستنەوەی ئاوی بەسەرەوە نییە[9] بەڵام وادیارە ویستراوە، لەسەرانسەری ویلایەتەکانی عێراق و کوردستانی سەردەمی عوسمانی دا، ئەوپەڕی خۆپارێزی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی درمی بگیرێتەبەر.

دواتر پەتا گوازراوەکەی بەسرا لە ساڵی ١٩٠٧ بەتەواوی گەیشتووەتە شاری کفری و بڵاوبووەتەوە، چونکە لە نامەی کاربەدەستێکی عوسمانی بە ناوی (فەتحی) کە سەرپەرشتیاری تەندروستی ویلایەتی موسڵ بووە، لە ڕۆژی ٢٨ی جەمادی یەکەمی ١٣٢٦ک-٢٨ی حوزەیرانی ١٩٠٨زدا، باس لە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە پەتاکە دەکات، بەتایبەتی ئەو ئامادەکارییانەی کردوویانە، کە (عەبدوڵڵا ئەفەندی) یاریدەدەری پزیشکی شارەوانی هەولێریان بۆ شاری کفری ناردووە، هەروەها دانانی (کەرەنتینە) بۆ ئەو کەسانەی لە بەغدادەوە سەردانی کفری-یان کردوە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، بەڵام ئەو کەسانەی، کە کاری پۆستەیان کردووە (تەتەرەکان) بەخشراون لە کەرەنتینکردنیان لەبەرئەوەی دەگۆڕدرێن و چوون و هاتنیان بە ئاسایی تەماشاکراوە[10] چونکە ئەوانەی کاری پۆستەیان دەکرد بۆ ماوەیەکی زۆر لە دامەزراوەکانی پۆستە نەدەمانەوە، بەڵکو وچانێکی کورتیان وەردەگرت و ئەسپ و باگیرەکانیان دەگۆڕین، بۆیە مەترسی نەبوون بۆ گواستنەوەی نەخۆشیە درمی و پەتا کوشندەکان، هەروەها ئەوەندە مەترسیان لەسەر خودی ئەو کەسانە دروست نەدەبوو، لەبەرئەوەی تێکەڵاو بەقەرەباڵغی و شوێنی داخراو نەدەبوون.

بارودۆخی تەندروستی گشتی لەقەزاکانی سەر بەسەنجەقی کەرکوک لە ویلایەتی موسڵدا هەمیشە پێویستی بە دابینکردنی پزیشک بووە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتووانی قەزاکانی وەک: کفری، ڕواندز، کۆیە و ڕانیە، کە داواکارییەک لەلایەن ویلایەتی موسڵ بۆ وەزارەتی دادی عوسمانی نێردراوە بە ژمارە(٤٦٥) لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٣٢٦ڕۆمی-٩ی شوباتی ١٩١١زدا، وەزارەتی ناوبراویش وەڵامی نووسراوەکەی داوەتەوە، کە لە توانای ئەنجوومەنی پزیشکی مولکیە و تەندروستی گشتیی عوسمانی دا نییە، پزیشک بۆ ئەم قەزایانە دابین بکات[11] ئەمەش دوای ئەوە هاتووە، کە وەزارەتی کاروباری پزیشکی مولکیە و تەندروستی گشتیی عوسمانی بە ژمارە(٩٥٩) وەڵامی وەزارەتی ناوخۆی داوەتەوە لە ٢٠ی سەفەری ١٣٢٩ک-٢٠ی شوباتی ١٩١١زدا، کە هۆکاری دابیننەکردنی پزیشک بۆ ئەم چوار قەزایەی ئاماژەیان پێکراوە و لەوانە: کفری ئەوەیە:

یەکەم: پزیشکیان دەستنەکەوتووە بۆ ئەوەی خزمەت بکەن.

دووەمیان: دامەزراندن و ناردنی پزیشک بۆ ئەم ناوچانە ئەستەمە.

ڕوونکردنەوەی ئەم هۆکارانەیش دیسان لەوەڵامی نووسراوێکی دیکەی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی بووە، بە ژمارە (٤٦٥) لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٣٢٦ی ڕۆمی-٥ی کانوونی دووەمی ١٩١١زدا[12]

هەروەها دابیننەکردنی پزیشک بۆ قەزا دوورەدەستەکانی سەنجەقی کەرکوک لە ویلایەتی موسڵ، مێژوویەکی هەبووە، وەک لە بەڵگەنامەیەکی فەرمانگەی دارایی سەرۆکایەتی حکومەتی عوسمانی (بابولعالی)دا لە ڕۆژی ١٧ی ڕەمەزانی ١٣٢٣ک-١٥ی تەشرینی دووەمی ١٩٠٥زدا هاتووە، کە خورشید ئەفەندی قائیمقامی قەزای کفری داوای مۆڵەتێکی سێ مانگی بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە شاری بەغداد کردووە. داواکاری ناوبراو لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٣٢١ڕۆمی-٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩٠٥ بۆ قەڵەمی فەرمانبەران لە فەرمانگەی دارایی لە سەرۆکایەتی حکومەتی عوسمانی

بەرزکراوەتەوە، کە ڕاپۆرتێکیشی لەگەڵ نووسراوەکەدا هاوپێچکردووە[١٣]

دابینەکردنی پزیشک بۆ قەزای کفری قائیمقامەکەی ناچارکردووە، کە داوای مۆڵەتێکی سێ مانگی لە حکومەتەکەی بکات، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ویلایەتەکەی، کە موسڵ بووە چارەسەری پزیشکی وەربگرێت، بەڵام پرسیارێکیش دێتە پێشەوە، کە ئایا هاووڵاتیانی ئەوکاتی کفری چیان کردووە و هانایان بۆ کێ بردووە؟ کاتێک نەخۆشیەکانیان لە کفری چارەسەری نەبووە، یان توانای ئەوەیان هەبووە کە چارەسەری نەخۆشیەکانیان لە ناوەندی شارەکانی وەک: کەرکوک، موسڵ، بەغداد وەربگرن، لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا وەڵامێکی ئەوتۆ بۆ ئەم پرسیارانە نییە، لەبەرئەوەی کاربەدەستەکانی ئەوکاتی بەتەواوی فەرامۆشی ئەو لایەنەیان کردووە، بەهۆی نەبوونی پزیشک و فەرمانبەر لە نەخۆشخانەی قەزایەکی وەک کفری و هاوشێوەکانیدا، ئەم بارودۆخەی تەندروستی قەزای کفری سەرنجی کەسانی بیانی ڕاکێشاوە، کە لە شوێنی دوورەوە بۆ کفری هاتوون و تێیدا کاریان کردووە، لەوانە کەسێک بەناوی (گۆڵدایەر) کە هاووڵاتییەکی ئیتاڵیایی بووە، وەک نووسەری کەرەنتینەی شاری کفری کاری کردووە، بەڵام کێشەیەکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە کاتێک لەلایەن کاربەدەستانی ویلایەتی بەسرادا بەدیل دەگیرێت، دواتر گۆڵدایەر بۆ سکاڵاکەی ڕووی لە ئیستانبۆڵ کردووە، لەبەرئەوەی نەگەیشتووەتە شوێنی کارەکەی بەهۆی درەنگ بەڕێکەوتنی فەرمانبەرانی کەرەنتینەی بەسرا، ئەمەش بەپێی نووسراوێکی ئاسایشی گشتیی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی لە ڕۆژی ٢٦ی جەمادی دووەمی ١٣٣٣ک-١١ی ئایاری ١٩١٥زدا، کە بۆ ویلایەتی بەسرای ناردووە[١٤] بەڵام هۆکاری دیش بۆ سکاڵاکەی گۆڵدایەر هەبووە، کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەشەڕی یەکەمی جیهانی دا دژ بە ئیتاڵیا، لە هاوپەیمانییەتی ئەڵمانیا و نەمسا-مەجەر دابوو، بۆیە گۆڵدایەر بەدیل گیراوە، هەر لەوانەشە هەر بەدیلی بۆ ئیستانبۆڵ-یان بردبێت، بۆئەوەی ڕێگەنەدرێت کەسانی سەر بە وڵاتانی شەڕکەر، کە دژ بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیین لەژێر ناوونیشانی جیاجیادا بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتەکانیان خۆیان حەشاربدەن و زانیارییان لەسەر کۆبکەنەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە ئیتاڵییەکان شارازەییەکی باشیان لە کاری کەرەنتینەکردندا هەبووە، بەهۆی ئەو ئەزموونە کەڵەکەبووەی چەندین سەدەیەیان، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتا گوزاراوەکاندا هەیانبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شارەکانی باشووری ئیتاڵیا دەکەونە سەر دەریای سپی ناوەڕاست.

“

**بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە کۆتایی دەیەی سەدەی نۆزدەهەمدا، پەتای کۆلێرا لە جیۆگرافیاییەکی پانوپۆری عوسمانی ئەوکاتدا بڵاوبووەتەوە**

”

سەرەڕای خراپی بارودۆخی تەندروستیی و بڵاوبوونەوەی پەتا کوشندەکان لە قەزای کفری، بەتایبەتی لە سەرەتاکانی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، گوندەکانی قەزای کفری ڕووبەڕووی هێرشی کللۆ(کولله) دەبنەوە و هەموو بەرهەمەکانیان لەنێودەچن، بۆیە والی موسڵ سلێمان نەزیف لە ٢٧ی شەووالی ١٣٣٢ک-١٨ی ئەیلوولی ١٩١٤زدا، وەزیری دارایی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ئاگادار کردووەتەوە، کە داهاتی زستانەی گوندەکانی قەزای کفری بەهۆی هێرشی کللۆوە فەوتاوە و لەدەفتەری ژمێریاری ویلایەتەکەشیدا تۆماری کردووە[١٥] ئەمەش تەنیا دوو مانگ پێش ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەفەرمی بەشداری لەشەڕی یەکەمی جیهانی دا بکات، کە سەرەتایەکی خراپ بۆ ناوچەی کفری و دەوروبەری و کوردستان بەگشتی هاتووەتەکایەوە، هەروەها بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار لەشێوەی بڵاوبوونەوەی برسییەتی، نەخۆشی و پەتای بەدوای خۆیدا هێناوە، کە سەرئەنجام لە مێژووی کورد لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دا بە گرانیە گەورەکە ناسێنراوە.

“

**پەتا گوازراوەکەی بەسرا لە ساڵی ١٩٠٧ بەتەواوی گەیشتووەتە شاری کفری و بڵاوبووەتەوە**

”

**دەرئەنجام:**

بارودۆخی تەندروستی گشتیی و بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندە لە قەزای کفری لە چوارچێوەی سەنجەقی کەرکوک لە ویلایەتی موسڵی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا، لە دەرئەنجامی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بووە:

**یەکەم:** بارودۆخی تەندروستیی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەشێوەیەکی گشتیی کۆمەڵێک ئاستەنگی هاتووەتە پێش، لەوانە: نەبوونی

سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستی و پزیشکی، نەبوونی پزیشک لەهەموو ناحیە و قەزاکاندا، نەبوونی هۆشیاری جڤاکی بۆ ڕەوشی تەندروستی گشتیی و تاکەکەسی بۆ خۆپارێزی لە پەتا کوشندەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەمتەرخەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەهەمبەر چاکسازینەکردن و بەرەو پێشنەبردنی کەرتی تەندروستیی گشتیی هاووڵاتییەکانی، کە هەرچەندە لەماوەی سەد ساڵی کۆتایی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، هەوڵەکانی دەستپێکردبوو، بەڵام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری ناوخۆیی و دەرەکی بوویەوە، بۆیە نەیتوانی سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستیی بۆ سەردەمی خۆی بونیاد بنێت.

**دووەم:** دامەزراندنی کەرەنتینە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێوست بووە، لەبەرئەوەی بەڕێژەیەکی زۆر بەربڵاو نەخۆشی گوازراوە و پەتای کوشندە بڵاودەبوویەوە، بۆیە پێویستییەکی گشتیی بوو بۆ خۆپارێزی و پارێزگاریکردن لە تەندروستی گشتیی ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەواییەکەیدا، ئەمەش دوای گرتنەبەری ڕێکارەکانی خۆپارێزی و ڕاگەیاندنی بڵاوبونەوەی نەخۆشی گوازراوە و پەتا کوشندەکان لەلایەن یەکە کارگێڕی و ناوەندی ویلایەتەکانی سەر بە حکومەتی عوسمانی لە ئیستانبوڵ.

**سێیەم:** بڵاوبوونەوەی پەتای کوشندە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، بەشێوەیەکی بەردەوام مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی کفری دروستکرد بوو، بەتایبەتی لە شەپۆلی پەتا کوشندەکان، کە لە شوێنەکانی دی وەک بەغداد و بەسرا بەرەو ناوچەکانی کفری بڵاودەبوویەوە، بۆیە بەبەردەوامی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کفری، هەوڵی دابینکردنی کەرەنتینەی داوە.

**چوارەم:** دابینکردنی پزیشک بۆ قەزای کفری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستیی بۆ هاووڵاتیانی کفری هەتا کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش دابین نەکرابوو، بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی توانستی دارایی و دوورەدەستی قەزایەکی وەک کفری لەناوەندی شارە گەورەکانی وەک: کەرکوک، موسڵ و بەغداد.

## لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکان:


د.نەوزاد یەحیا باجگر (ئامادەکردن و پێشکەشکردن) کفری (سەلاحیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا ١١٨١–١٣٢٥کۆچی–١٧٦٧–١٩١٧زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی چواردە، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان–خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٥٢، ٥٣، ٧١، ٧٥، ٩٧، ١٠١، ٢٣١، ٢٦١، ٢٧٣، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣١٢، ٣٢٠.

(1) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): HR.MKT.9251-20/.

(2) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): A.MKT.UM.14861-14/.

(3) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.16511-18/

(4) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.16521-142/

(5) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.20311-93/

(6) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.20371-97/

(7) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.26051-35/

(٨) محمدی مەلا کەریم (ساغ کردنەوە و پێشکەشکردن) یادداشتەکانی منالّی و بەشێکی سەردەمی فەقێ یەتیی مامۆستا مەلا محمدی چروستانی، چاپخانەی (الحوادث) بەغداد، ١٩٨٤، ل ٣١-٣٢.

(9) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.11741-27/

(10) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.12881-13/

(11) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.ID.183-51/1-

(12) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.ID. 186-51/1-

(13) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT10284-71/

(14) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.ŞFR.521-316/

(15) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): ML.EEM.11067-22/



*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**

# ئەدەب

- ***دیوانی زەینەب خان و وەڵامێک بۆ ڕەخنەکان***

سوداد ڕەسووڵ

- ***ئاماژەکانی ململانێی چینایەتی .. لە چیرۆکی (چەترە شینەکە)ی دیدار مەسیفی-دا***

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

- ***شەڤیار، بانۆیا تەنگەزار***

محسن عەبدولڕەحمان

- ***دیوانی (گۆرانییەک لە دڵمایە) .. بەشی دووەم و کۆتایی***

پ.د.ئیدریس عەبدوڵڵا

- ***دەقی شانۆیی .. کارگەی بەستووی عەقڵ***

نوسینی/ لوقمانی عەتر

- ***کورتیلە چیرۆک***

بورهان حاجی سلێمان

- ***ئینجانەیەک لە تۆوە***

شەرمین وەلی

# دیوانی زەینەب خان و
# وەڵامێک بۆ ڕەخنەکان



سوداد ڕەسووڵ

**پێشەکی**


دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار ساڵ بە سەر بڵاوبوونەوەی دیوانی زەینەب خان[1] لەوساوە تا ئێستا ئەو گومانانەی لەسەر ئەم دیوانە هەن یەکلانەبوونەتەوە، کۆمەڵێک پرسیاریش بێ وەڵام ماونەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەتا دێ بەرهەمی زیاتر بە ناوی ئەو خانمە بڵاودەکرێنەوە و لە کەسێکی گومناوەوە و دەیکەن بە کەسایەتییەکی زۆر گەورە و بلیمەت، کە کۆمەڵێک بەهرە و توانای سەرسوڕهێنی تێدا بووە. هەربەوە نەوەستان دوو ساڵ دواتر، دیوانێکی شیعرییان بە ناوی باوکی زەینەب خان، مەلا ڕەئوف خادم سەجادەش بڵاوکردەوە، ئەویش نە پێشتر شاعیر بووە و نە شیعرێکی بڵاوکراوەی هەبووە[2] بە دەرکەوتنی ئەم دوو دیوانە بێ هیچ پێشینەیەکی ئەدەبی، گومان و مشتومڕەکان زیاتر بوون، ئەگەر ئەم دوو دیوانە لە ڕابردوودا هەبوون بۆ تا ئێستا کەسێک نەبووە ساغیان بکاتەوە؟

لە ساڵی ٢٠١٩ ڕەخنەیەکم لە سەر دیوانەکەی زەینەب خان بە دوو بەش لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکردەوە[3] لەم وتارە ڕەخنەییەدا، بە بەڵگەی زمانەوانی ڕوونم کردەوە، ئەم دیوانە تازە هەڵبەستراوە و ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە ئەو خانمە تێیدا ژیاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕابردوودا ئەو خانمە هەرگیز بە شاعیر نەناسراوە و هیچ شیعرێکی بڵاوکراوەشی نەبووە. دوو ساڵ دواتر لە لایەن پێشڕەو سەید برایم[4] و عەبدولڕەحمان مەعروف[5] بە جودا وەڵامی ڕەخنەکانی منیان داوەتەوە. من هەرگیز بە ڕەخنەکانی ئەم دوو بەڕێزە دڵگران نەبووم و پێشوازیم لە هەموو گفتوگۆ و سەرنجێکی نوێ دەکرد، کە ڕایەکی نوێ و بۆچوونێکی دیکەیان لەسەر ئەم دیوانە هەبێت، چونکە هەمیشە باوەڕم وابووە، کە بە ڕەخنە و گفتوگۆی زانستی دەکرێ ئەم باسانە پێش بکەون و ڕاستییەکانیش لە خوێنەران ئاشکرا بن، بۆیە زۆر گرنگە ڕەخنەی دژ هەبێ و ڕەخنەش قبوڵ بکرێ، بەتایبەت لە ساغکردنەوەی دیوانێک، کە مشتومڕی لەسەرە و بووە بە بابەتێکی پرسهەڵگر.

لە ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری دیوان دۆسیەیەکی تایبەت لەبارەی زەینەب خان بڵاوکرایەوە، بۆ ئەم دۆسیە، جارێکی دی گەڕامەوە سەر دیوانەکەی زەینەب خان و چەند بۆچوونێکی دیکەم هەبوو باسی بکەم، ئاماژەم بە دیاردەی ئینتیحالی دەقی ئەدەبی کرد، کە دیاردەیەکی کۆنی ئەدەبییە و لەنێو مێژووی ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەبووە، دیارترین نموونەی ئەم ئینتیحالە، شیعرەکانی ئەدەبی جاهیلییە لە ئەدەبی عەرەبیدا، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مشتومڕێکی گەرمی لەسەر پەیدا بوو، کە ئەم شیعرانە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی نووسراون، ئەدەبێکی ئیسلامییە و بە زمان و ناوەڕۆک و بابەتەکانی نێو شیعرەکانیان ناگەڕێنەوە بۆ سەردەمی جاهیلی. لە مێژووی ئەدەبی کوردیشدا دیاردەی ئینتیحالی دەقی ئەدەبی هەبووە، بەشێکی زۆری ئەو ئەدەبەی بە ئەدەبیاتی یارسان ناسراوە، کە تازە هەڵبەستراوە و هیچ پەیوەندییەکی بەم مێژووەوە نییە کە بۆیان داناوە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتانە لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و زۆر کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە، تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە لە سەر دەقی ساختە و ئینتیحال نەکراوە، یان ڕاستتر بڵێین تا ئێستا بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە دەقی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی کوردیمان نەڕوانیوە؛ هەر دیوانێکی شیعر دەکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە بێ ڕەخنە و سەرنجدان وەک دەقێکی ئەدەبیی ڕاستەقینە قبوڵ دەکرێ و ستایشی دەکەن، هەر بە هەمان هۆکاریش بوو، کاتێک ئەم دیوانە

شیعرە، کە بەناوی زەینەب خان بڵاوبووەوە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی کوردیدا بە گەرمی پێشوازی لێکرا و بەبێ توێژینەوە لە ئەسڵی دەقەکان، کەوتنە پێدا هەڵگوتن بە زەینەب خان و شیعرەکانی، کە ژنە شاعیرێکی پێشەنگە و لە زۆر بواری ئەدەبی ڕچەشکێنە بووە! بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، کە ئیدی لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیی بڕوانین و واز لە پێداهەڵگوتن و ستایشکردن بێنین، پێمان وانەبێت هەر دەقێکی ئەدەبی بڵاودەکرێتەوە ئەدەبێکی ڕاستەقینەیە، پێویستە بە پێوەرێکی زانستی دەقەکان لە یەک هەڵاوێر بکرێن و دەقی ڕاستەقینە لە دەقی ساختە جودا بکرێنەوە.

لە ژمارەی ڕابردووی گۆڤاری دیوان لە دۆسیەکە، بەشێکی توێژینەوەکەم لەبەر درێژی، بواری ئەوەی نەبوو هەمووی بڵاوبکرێتەوە، بۆیە ئەم بەشەی ئێستا مایەوە لەم ژمارەیە بڵاوبکرێتەوە.




لەم بەشە بە سەرنج و ڕەخنەکانی کاک عەبدولڕەحمان مەعرووف و کاک پێشڕەو سەید برایم-دا دەچمەوە، هەوڵدەدەم چەند ڕوونکردنەوە و شرۆڤەیەک وەک وەڵام بۆ ڕەخنەکانیان بنووسم و بە نەفەسێکی ئەکادیمییش تاوتوێیان بکەم. ڕەخنەکان زیاتر لەسەر دیوانەکەی زەینەب خانە، جاروبارێش ئاماژە بە دیوانەکەی باوکی زەینەب، مەلا ڕەئوف خادم سەجادە دەکەین.

### وەڵامێک بۆ ڕەخنەکان

لە ڕەخنەکانم بۆ دیوانی زەینەب خان، پێوەرێکی زمانەوانیم بەکارهێناوە، کە ئەویش گۆڕانی زمانە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی. وشە لە زماندا بە تێپەڕبوونی زەمەن مانای دەگۆڕێ، هەندێک وشە هەن لە سەردەمێک مانایەکیان هەبووە، دواتر ماناکەیان فراوان بووە و مانای دیکەیان لێ پەیدا بووە، یان هەندێک وشە هەن ماناکەیان تەسک بووەتەوە، لە کۆندا چەند مانایەکی هەبووە، ئێستا تەنیا یەک مانای ماوەتەوە؛ هەندێک وشەش هەن لە فەرهەنگی زمانەکە کۆن دەبن و چیدی بەکار نایەن. بۆ ئەم مەبەستە، لە دیوانەکەیدا کۆمەڵە وشەیەکم دەستنیشان کردوون، کە لەو ساڵانەی ئەو شیعرانەی تێدا نووسراون، ئەم وشانە بەو مانایانە نەبوون، یان هەندێک وشە هەن لەو سەردەمە هێشتا دروست نەکرابوون، دواتر لە سەردەمێکی تازەتر دروست کراون.

“ لە ڕەخنەکانم بۆ دیوانی زەینەب خان، پێوەرێکی زمانەوانیم بەکارهێناوە، کە ئەویش گۆڕانی زمانە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دی ”

ئەم پێوەرە زمانەوانییە، پێوەرێکی زانستییە بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی هەموو دەقێکی ئەدەبی، شیعر و پەخشان، کە لە چ سەردەمێکدا نووسراوە و تەمەنی دەقەکەش چەندە. ئەگەر کەسێک بەم لایەنەی زمان ئاشنا نەبێت، لە دەستنیشانکردنی تەمەنی دەق دەکەوێتە هەڵەوە. ئەو نووسەرانەی هەر زوو لەسەر ئەم دیوانەیان نووسی و کەوتنە ستایش و پێهەڵدانی شیعرەکانی، بایەخیان بەم لایەنەی زمان نەدابوو، یان بەم لایەنەی زمان ئاشنا نەبوون.

کاک پێشڕەو و کاک عەبدولڕەحمان لە وەڵامەکانیان بۆ ڕەخنەکانی من، ئەو وشانەی، کە من دەستنیشانم کردوون، هەندێک لەم وشانە نموونەی شیعریان بۆ هێناونەتەوە و دەیانەوێت بیسەلمێنن، کە ئەم وشانە لەو سەردەمە هەبوونە، ئەوانەش کە نەیاندۆزیوونەتەوە فەرامۆشیان کردوون. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردووکیان زیاتر جەختیان لەسەر چەند وشەیەک کردووەتەوە، کە من بە لاوەکی ئاماژەم پێ داون وەک: نیشتمان، کرێکار، سەربەخۆیی، ماف،.. ئەم چەند وشەیە لە دەقی ئەدەبی ئەو سەردەمە، یان باو نەبوون،

یانیش زۆر دەگمەن بوون. بەڵام وشەکانی دی، کە نوێن بەدرێژی لە سەریان دواوم و لە فەرهەنگەکان گەڕاوم و ساغم کردوونەتەوە، کە لەو سەردەمە نەبوون، وەک: خۆبەخش، چرکەسات، ئاشتەوایی، کەسایەتی، ئاسۆ (بە مانای ئاسۆی ژیان) وەرز (بە مانای فەسڵەکان) سروشت(بە مانای تەبیعەت) داهاتوو (بەمانای پاشەڕۆژ) نەخشە (بە مانای بەرنامە و پلان،..) بۆ ئەم وشانە، چونکە نەیاندۆزیونەتەوە، خۆیان لێ نەداون، یانیش زۆر بە سەرپێی بەسەریدا تێپەڕیون، ئەم وشانە ئەوەندە نوێن هەرگیز نابێ لە دیوانێکی شیعری ساڵی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمدا هاتبێتن، یانیش بەو مانایە بن، کە ئەمڕۆ بۆیان بەکار دێت.

کاک عەبدولڕەحمان مەعروف، لە گۆڤاری دیوان ژمارە (١٤)ی تەمموزی ٢٠٢٢ ڕەخنەکانی بڵاوکردووەتەوە، بە متمانەیەکی زۆرەوە دەیەوێ پێمان بڵێ ئەم دیوانەی زەینەب خان «ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە»[٦] هەوڵێکی زۆری داوە بیسەلمێنێ، کە ئەم شیعرانە لەو سەردەمە نووسراون کە زەینەب خان تێیدا ژیاوە، بۆ ئەم مەبەستە بە دیوانی شاعیرەکاندا گەڕاوە، هەندێک لەم وشانەی دۆزیوەتەوە، کە من دەستنیشانم کردوون، لە هەندێکیشیاندا ورد نەبووە و بە لاڕێدا چووە، بۆیە بە پێویستی دەزانم لەو شوێنانەی بە هەڵەدا چووە ڕوونکردنەوە بدەم.

وشەی سروشت و وەرز (ل٤٦ – ٤٧) کە لە شیعرێکی ساڵی ١٩٣٠ی دیوانی زەینەب خاندا هاتووە، ئەم دوو وشەیە ئەوسا هەتا ساڵانی دوای چل، سروشت لە ئەدەبیات بە مانای «تەبیعەت» نەبووە، بۆ «خوو و فیترەت» بەکارهاتووە، کە ئەمەش لە «سرشت»ی فارسییەوە وەرگیراوە؛ وەرز-یش بە مانای فەسڵ (زستان، پاییز، بەهار..) نەبووە، بۆ ساڵ و دەمی چاندن بەکارهاتووە، وەک دەڵێ: دوو وەرزە ڕەنجبەرم، واتە دوو ساڵە ڕەنجبەرم. من پێم وایە لەو ساڵانەی، کە گوایە زەینەب خان ئەو شیعرانەی نووسیوە، ئەم دوو وشەیە بەو مانایانە نەبوون. کاک عەبدولڕەحمان چەند شیعرێکی پیرەمێردی هێناوەتەوە، کە وشەی سروشتی تێدایە، شیعرێکی ئەسیریشی هێناوەتەوە، کە وشەی وەرزی تێدا هاتووە.

**“ من دژی ئەوەم مێژوویەکی پڕ لە چەواشە و ساختە بۆ شیعری نوێی کوردی بنووسرێتەوە و نەوەکانی داهاتوو لارێ و سەرگەردان بن ”**

**ئەم پێوەرە زمانەوانییە، پێوەرێکی زانستییە بۆ ناسینەوە و دەستنیشان کردنی هەموو دەقێکی ئەدەبی، شیعر و پەخشان، کە لە چ سەردەمێکدا نووسراوە و تەمەنی دەقەکەش چەندە. ئەگەر کەسێک بەم لایەنەی زمان ئاشنا نەبێت، لە دەستنیشانکردنی تەمەنی دەق دەکەوێتە هەڵەوە**

ئەمەی خوارەوە شیعرەکەی پیرەمێردە:

***سەرمەستی نەشئەی بادەی یەک مل بووین***

***زادەی سروشتی یەک ئاو و گڵ بووین***

ئەگەر لە مانای ئەم بەیتە وردبینەوە، کە وشەی سروشتی تێدا هاتووە، دەبینین بە مانای تەبیعەت نەهاتووە، بەڵکوو بە مانای فیترەت هاتووە، واتە لە بوون و فیترەتدا لە یەک ئاو و گڵ بووین. پیرەمێرد لە شیعری دیکەش سروشتی بۆ مانای فیترەت بەکارهێناوە، وەک لەم بەیتەی خوارەوە لە پەندەکانیدا، پیرەمێردردا بەکاری هێناوە:

***خوا فریشتەی وا سروشت پێداوە***

***نیوەی لە ئاگر نیوەی لە ئاوە***

ئەگەر دواتریش ئەم وشەیە بۆ تەبیعەت بەکارهاتبێت، وەک لە ڕەخنەکەم باسم کردووە، ئەمە لە دوای چلەکان بووە، کە وشەکە ئەرکی فراوان دەبێت.

لە پەنجاکان لە شیعری گۆران، سروشت بۆ مانای تەبیعەت بە فراوانی بەکارهاتووە. من مەبەستم ئەوە بووە، کە لە شیعرێکی ساڵی سی ئەم سروشتە بۆ تەبیعەت هێشتا نەبووە، چۆن دەبێ لەم شیعرەی زەینەب خان بەکارهاتبێت؟!

بۆ وشەی وەرز-یش بە هەمان شێوە لەم شیعرەی پیرەمێرد و ئەسیری، وەرز بە مانای فەسڵەکان نەبووە، مەبەستی ساڵ و کات و سەردەم بووە.

وا لە خوارەوە هەردوو بەیتە شیعر دادەنێمەوە، کە کاک عەبدولڕەحمان پێیوابووە بە مانای فەسڵەکانی ساڵ بووە، بۆ ئەوەی جارێکی دی بەوردی سەرنجی بدات و بڕیاری خۆی بدات:

پیرەمێرد دەڵێ:

***وەختی بە وەرزی تەرزی خۆش تەرزی***

***سەری بەرز ئەکرد بە بەرگی سەوزی***

ئەسیری دەڵێ:

***تێپەڕی زوو ئەلەمانە وەرزی***

***وا لە خۆرئاوا ئەمیستا نوورە***

لە خوێندنەوەی واتاسازی بۆ ئەم شیعرانە ڕوون دەبێتەوە نە ئەوەی پیرەمێرد و نە ئەوەی ئەسیرییش مانای وەرزی «فەسڵ» نادات. ئەم دوو وشەیە دواتر لە دوای پەنجاکان و شەستەکان ئەرکی فراوانتر بوو بۆ مانای ئێستای بەکارهاتووە. ئەگەر هەتا ساڵی پەنجاش کە ساڵی وەفاتی پیرەمێردە وشەی وەرز بە مانای فەسڵ بوایە، ئەوا لە فەرهەنگەکانی خاڵ و گیوی موکریانی و فەرهەنگی کشتوکاڵ ئەو مانایەیان بۆ دەنووسی، بەڵام هەتا ساڵی حەفتا لە هیچ یەک لە فەرهەنگەکان وەرز بە مانای فەسڵەکانی ساڵ نەهاتووە. کەچی لە شیعرێکی ساڵی ١٩٣٠ی دیوانی زەینەب خان وشەی وەرز بۆ فەسڵ بە کارهاتووە: «جۆشا دڵم لە وەرزی پایزیدا» ئایا ئەمە جێگەی گومان نییە، کە ئەم شیعرە لەو ساڵە نەنووسراوە؟

لەبارەی وشەی نەخشە(ل٥١ و ل٥٤) کاک عەبدولڕەحمان هەرگیز باش بۆی نەچووە، نەخشە بۆ ئەو مانایەی، کە من مەبەستم بووە خۆی لێنەداوە، کە ئەم وشەیە لە دوای حەفتاکان مانای فراوان دەبێت و بۆ پلان و بەرنامە بەکاردێت وەک نەخشەی ئابووری، نەخشەی ژیان، ئەو نموونە شیعرییانەی هێناویەتەوە بەگشتی ئاماژە بە وشەی نەخشە دەدات، کە ئەمانە لەمێژە لە زمانی کوردیدا هەن، وەک دەڵێ: نەخشەی لەتۆ بێت، نەخشەلێدان واتە: نوقڵانە لێدان، یان پێشبینی کردن، یان لە ئەدەبی کلاسیکیدا بە مانای «نەخشی ڕووت» زۆر بەکارهاتووە، یان نەخشە بۆ خەریتە، ئەمەش هەبووە. بۆ وشەی نەخشە، کاک عەبدولڕەحمان پێیوابووە هەموو نەخشەکان یەک مانایان هەیە، لای وابووە ئەوەی سمێڵی سۆر بێت هەمزاغایە! بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ نەخشە لە شیعری شاعیراندا هاتووە، شیعرێکی شیخ نووری شێخ ساڵح و دوو شیعری ئەسیری و دوو شیعری پیرەمێرد و دوو شیعری گۆرانی هێناوەتەوە، واتە حەوت بەیتە شیعری بە نموونە هێناوەتەوە، کە هیچیان پەیوەندییان بەو مانایەوە نییە، کە من ئاماژەم پێداوە. ئەمەی خوارەوە شیعرەکەی ئەسیرییە، کە ئاماژە بە نەخشەی خەریتە دەکات:

***نەخشەجێیێکی زەوی بێنە دە بنواڕە لەوی***

***تێ بگە گەل چلۆن گردن لە چەن بستی زەوی***

شیعرەکەی پیرەمێرد لەبارەی نەخشە، کە ئاماژەی بە نەخشی ڕووخسار داوە:

***ڕووی تۆ نەخشێکە و (جەلال)ی ناوە***

***سەیری سونعی ئەو بێ نوقتە ماوە***

شیعرەکەی گۆران لەبارەی نەخش بۆ نەخشی وەک وێنە بەکارهاتووە:

***حەقم بوو پەردەیی شەرم و حەیام دڕی، لام برد***

***بڕیمە نەخشی جەمالت، ببەی حەزەر لە قسەت***

وەک دیارە لەم شیعرانەدا هیچیان مەبەستیان لە نەخشە بۆ پلان و بەرنامە نییە. لە دیوانەکەی زەینەب خان نەخشە و نەخشەسازی بە مانای پلان و بەرنامە هاتووە، دەڵێ: «دەبێ بە هۆش و گۆشەوە خەریکی نەخشەی ژیان بم» نەخشەی ژیان، واتە بەرنامەی ژیان، ئەم ئیدیۆمە لە سییەکان و چلەکان لە شیعر و پەخشاندا نەبووە، دواتر دەرکەوت، لەگەڵ پێشکەوتنی زمانەکە ئەم وشانە مانایان فراوان بوو، کە ئەمەش لە دوای شەست و حەفتاکان لە وشەی نەخشە چەندین وشەی وەک: نەخشەدانان، نەخشەڕێگا، نەخشەسازی، نەخشەی ژیان، هاتە نێو زمانەکەوە. کاتێک لە شیعرێکی ساڵی سی، لە دیوانی زەینەب خان، ئەم وشەیە بەم مانا نوێیانە بەکاردێت، بێگومان شیعرەکە دەباتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ وشەی داهاتوو(ل٥٣) کە من ئاماژەم

**"**

***کاک عەبدولڕەحمان مەعرووف، لە گۆڤاری دیوان ژمارە (١٤) ڕەخنەکانی بڵاوکردووەتەوە، بە متمانەیەکی زۆرەوە دەیەوێ پێمان بڵێ ئەم دیوانەی زەینەب خان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە***

**"**

پێ داوە لەو سەردەمە بۆ مانای پاشەڕۆژ نەبووە؛ بۆ ئەم وشەیە کاک عەبدولڕەحمان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە، تەنیا دەڵێ لە فەرهەنگی خاڵدا هاتووە، بەڵێ هاتووە ئەوە منیش باسم کردووە، بەڵام بە مانای پاشەڕۆژ نەبووە، واتە هێشتا ئەم وشەیە مانای فراوان نەبووە بۆ ئەم مانایە. لە فەرهەنگەکانی ئەو سەردەمە بەم مانایانە هاتووە: تازە پەیدا بوو، درەختی هەڵپاچراو، چەماوەوە، خوار بووەوە، موو و پرچ و کاکۆڵی شانە کراو، شتێکە تازە باوی سەند بێ... تاد، لە هەموو فەرهەنگەکان هەتا ساڵی ١٩٦٤یش وشەی «داهاتوو» بە مانای پاشەڕۆژ نەهاتووە. بۆیە منیش گومانم کردووە، کە وشەی داهاتوو لە شیعرێکی دیوانی زەینەب خان لە ساڵی ١٩٣٠ چۆن دەبێ بە مانای پاشەڕۆژ هاتبێ؟ کە دەڵێ: «زەینەب سەرێکی بدە لە بەهاری داهاتوو».

لەبارەی وشەی وڵاتپارێز (ل٥٣) کە هەردووکیان (کاک عەبدولڕەحمان و کاک پێشڕەو) ئاماژەیان پێداوە لە گۆڤاری هاوار بەکارهاتووە، بەڵێ منیش لەوە ئاگادارم و خۆشم ئاماژەم پێداوە ئەم وشەیە لە ئەدەبیاتی کوردیی باکووردا لەمێژە هەیە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوە بووە، کەی هاتووەتە نێو ئەدەبیاتی کوردیی ناوەندی؟ ئەوانەی بە گەشەکردنی زمانی کوردیی ناوەندی ئاگادارن ئەوە دیارە، کە ئەم وشەیە لە دوای نەوەدەکان هات، هەربۆیە من وای بۆ چووم، کە ئەم شیعرە لە ساڵی سی نەنووسراوە، بەڵکوو دوای نەوەدەکان نووسراوە. بە نیسبەت وشەی هزریش(ل٥٤) هەمان شتە، ئەم وشەیە ڕاستە لە فەرهەنگی گیو موکریانیدا هاتووە، بەڵام هاتنی بۆ نێو کوردیی ناوەندی و بەکارهێنانی لە ئەدەبیاتدا دەکەوێتە دوای نەوەدەکان، کە ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە جێگەی وشەی «فیکری»ی عەرەبی بەکاردێت، دەگوترێ بابەتی هزری، بێجگە لەمانە لە دوای نەوەدەکان کۆمەڵێک وشەی دی لە کوردیی باکوورەوە هاتنە نێو کوردیی ناوەندی وەک: ڕەوش، پرس، دۆز، پاشڤەرۆ، کەتوار، مژار، شرۆڤە، تژی، تەناهی، زێرەڤان، .. بێگومان ئەم وشانە لەمێژە لە کوردیی باکووردا هەن، بەڵام تەمەنی هاتنیان بۆ کوردیی ناوەندی زۆر کۆن نییە؛ ناشکرێ بڵێین زەینەب خان هاتووە بەتایبەت ئەم وشە کوردییانەی لە هەموو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە پشکنیوە و ئەم زمانە کوردییە پەتییەی داهێناوە و شیعری پێ نووسیوە، کە ئەمە کارێکی مەنتیقی نییە.

بۆ وشەی دەستنووس(ل٥٢) کاک عەبدولڕەحمان، ئاماژەی بە گۆڤاری هاوار داوە، کە لە ساڵی ١٩٣٢ ئەم وشەیە لەوێ بەکارهاتووە، بەڵام شیعرەکەی دیوانی زەینەب خان بە ناوی «سەربردەی زەمەن» کە وشەی دەستنووسی تێدا هاتووە لە ساڵی١٩٣٠ نووسراوە. خۆ ناکرێ بڵێین زەینەب خان خۆی ئەم وشەیەی دانابێ و بڵاویکردبێتەوە، ئەوجا دواتر گەیشتووە بە گۆڤاری هاوار؟

لەبارەی وشەی مێژوو (ل٥٢) کاک عەبدولڕەحمان ئاماژەی بە وتارێکی عەبدولخالیق ئەسیری داوە بە ناوی «کۆی گەلان» لە گۆڤاری هاوار ساڵی ١٩٣٣ بڵاویکردووەتەوە، وشەی مێژووی تێدا هاتووە. ئەوەی ئاشکرایە، ئەم وشەیە حوسێن حوزنی دایناوە و لە ساڵی ١٩٣٠ بەکاری هێناوە، من خۆشم ئاماژەم پێداوە؛ پرسیارەکەی من ئەوەبووە ئەم وشەیە چۆن لای زەینەب خان وا بەخێرایی لە ١٩٣١ لە دەقێکی شیعری خۆی بەکاری هێنا؟ وەک بڵێی ئەم خانمە لە تەمەنی سی ساڵی ئاگاداری هەموو وشەیەکی نوێ بووە، جاروباریش لە لەهجەکانی دیکەی کوردییش وشەی وەرگرتووە وەک: وڵاتپارێز و هزر، ئەوەی نەشبووە خۆی دایناوە! کە ئەمە ڕێی تێ ناچێت ڕاست بێت.

بۆ وشەی ئاسۆ (ل٥٣) ڕاستە ئەم وشەیە لە ئەدەبیات بەکارهاتووە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەبوو، کەی بووە بە باو؟ لە ڕەخنەکەم باسم کردووە، تەوفیق وەهبی لە گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٢ لیستێک زاراوەی نوێی کوردیی بڵاوکردەوە، بۆ یەکەم جار لە لایەن ناوبراو ئەم زاراوەیە بەرانبەر بە «أفق»ی عەرەبی دانراوە[٧] بەڵام لە دیوانەکەی زەینەب خان-دا لە شیعرێکی ساڵی ١٩٣١ ئاسۆ بۆ مانا سروشتییەکەی بەکارینەهێناوە بۆ «ئاسۆی ژیان» کە لێرە ئاسۆ بووە بە فرێزی ئیدیۆمی و مانایەکی فراوان دەبەخشێ واتە ڕوانین لە پاشەڕۆژ و ژیانی داهاتوو، کە ئەوسا لە سییەکان ئەم ئیدیۆمە لە وشەی ئاسۆ هێشتا دروست نەکرابوو، ئەمە دواتر پەیدا بووە. بۆیە جێگەی پرسیارە چۆن دەبێ لە شیعرێکی ساڵی

> ❝ بە میزاجی خۆم باسی زمانی کوردیی پەتیم نەکردووە، من پشتم بە تێزێکی دکتۆرا بەستووە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن جەمال جەلال عەبدوڵڵا لە زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا نووسراوە ❞

١٩٣١ ئاسۆی ژیان هاتبێت؟ ئەگەر لە ئەدەبیاتی ساڵی سی، دەستەواژەی «ئاسۆی ژیان» هەبووە بۆمی بهێنەوە، ئەوسا منیش دێمە قەناعەت، کە ئەم دەستەواژەیە هەبووە، ئەگەر نەبووە ئەمە دیارە شیعرەکە لەو سەردەمە نەنووسراوە.

بۆ وشەی کات، ئەمە دیارە ئەم وشەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆردا هەبووە، کاک عەبدولڕەحمان نموونەی هێناوەتەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی شیعر بە درەنگەوە هاتووە، دوای پەتیکردنی زمانەکە لە چلەکان بەرە بەرە بڵاو بووەوە بەتایبەت دوای ئەوەی کە تەوفیق وەهبی لە لیستەکەی بۆ زاراوەی نوێ لە گۆڤاری گەلاوێژ ساڵی ١٩٤٢ لەوێ لە بۆ وشەی «آن»ی عەرەبی وشەی «کات»ی داناوە[٨]

لە ئەدەبیاتی کلاسیک و هەتا پێش پەتیکردنی زمان وشەی کات بەرچاو ناکەوێ، وشەکانی ئان و سات و زەمان و مودەت وەخت و وەقت.. بەکارهاتوون جاروباریش دەم بە کارهاتووە، کەچی لە دیوانی زەینەب خان لە ساڵی ١٩٢٧ لە پێش پەتیکردنی زمانەکە وشەی کاتی بەکارهێناوە، ئایا ئەمە جێگەی پرسیار نییە، کە ئەم شیعرە لەو ساڵە نەنووسراوە؟

بۆ وشەی ماف، کاک عەبدولڕەحمان شیعرێکی عەبدوڕەحمان بەگی بابان و یەکێکی ڕەمزی هێناوەتەوە، کە وشەی مافی تێدا هاتووە، هەروەها دەڵێ شیعرەکەی ڕەمزی لە ساڵی ١٩٤٤ نووسراوە. هەردوو شاعیر لە قۆناغی دوای پەتیکردنی زمان ژیاون، کە بزاڤی پەتیکردنی زمان لە دوای چلەکان دەستی پێکرد، بۆیە ئاساییە ئەم وشەیە لە دوای چلەکان و پەنجاکان باوبووبێت، بەڵام لەم شیعرەی دیوانی زەینەب خان لە ساڵی ١٩٢٨ بەکاریهێناوە، کە هێشتا پەتیکردنی زمان لە ئارادا نەبووە. من ناڵێم هەرگیز وشەی ماف نەبووە، بەڵام لە ئەدەبیات بە تایبەت شیعر لە ساڵی بیست و سییەکان زۆر دەگمەنە، یان دەست ناکەوێت، چونکە لە جێگەی ئەوە هەر وشەی «هەق» بەکارهاتووە.

سەبارەت بە وشەکانی کرێکار، نیشتمان، سەربەخۆیی... ئەم وشانە هەردووکیان بەدرێژی لەسەری دواون و نموونەی شیعرییان بۆ هێناوەتەوە. بەتایبەت بۆ وشەی نیشتمان هەردووکیان خۆیان زۆر ماندوو کردووە، زیاد لە پێویست نموونەی شیعرییان هێناوەتەوە، کە وشەی نیشتمانی تێدا هاتووە، وەک بڵێی پورە هەنگیان لە داری دۆزیوەتەوە؛ یەک نموونە بەس بوو. من نەمگوتووە ئەمانە ببڕای ببڕای لە نێو ئەدەب و زماندا نین، خۆشم ئاگاداری ئەو وشانە بووم، کە لێرە و لەوێ جاروبار بەکارهاتوون، بەڵام من مەبەستم ئەوە بووە، کە ئەمانە لە دەقی ئەدەبی باو نەبوون، واتە هێشتا بەو فراوانییە بەکارنەهاتوون تا لە سییەکان یەکێکی وەک زەینەب خان ئەم شیعرانەی بەم هەموو وشە پەتی و نوێیانەی پێ بنووسێت.

ئەگەر لە ڕێگەی ڤەژین بوکس، کە وێبسایتێکی دیوانی شاعیرانە لە ئینتەرنێت[٩] بۆ وشەی وەتەن بگەڕێی، لە نێو هەموو دیوانەکان ئەم وشەیەت بۆ دەدۆزێتەوە، کە لە ئەدەبیاتی کلاسیک و نوێ هەتا ساڵی چلەکان، لای وەفایی، حاجی قادر، بێخود، زێوەر، ئەحمەد موختار بەگی جاف، حەمدی، بێکەس، سافی، قانع، گۆران، محەمەد ساڵح دیلان، هەژار، هێمن...تاد زیاتر وشەی «وەتەن» باوبووە، نیشتمان زۆر کەم بەکارهاتووە، لە دوای شەستەکان کە زمانەکە تەواو پەتی کرا، جا نیشتمان بە بەیەکجاری جێگەی وەتەنی گرتەوە.

وەک دیارە کاک عەبدولڕەحمان لە مانای ئەو وشانەی لە دیوانەکە دەستنیشانم کردوون بە باشی ورد نەبووەتەوە، لە هێنانەوەی نموونەی شیعرەکانیش بۆ ئەم وشانە ورد نەبووە، چونکە بە مێژووی پەتیکردن و گەشەکردنی زمان لە بیستەکان و سییەکان ئاگادار نەبووە، بەتایبەت ئەو قۆناغەی پێش چلەکان، کە هێشتا زمانەکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو پەتی نەکرابوو؛ بۆیە کەوتووەتە ئەم هەموو هەڵەوە، کەچی هێشتا ئەو بۆ من دەنووسێ: «بە میزاجی خۆی باسی زمانی کوردیی پەتی کردووە» (ل٥٥)

یان دەڵێ: «لە ڕوانگەیەکی تەسکەوە لە وجودی دیوانەکە و کەسایەتیی زەینەب خان دواوە» (ل٤٤) یانیش دەڵێ: «کەوتۆتە هەڵەی زەق و گەورەوە، نەدەبوو مامۆستایێکی زانکۆ، کاری تەنیا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە، تەقە بە تاریکییەوە بنێ و ئاگای لە ڕەوشی ئەدەبیات و فەرهەنگ و وشەدانی کوردییەوە نەبێ» (ل٤٤)

لە شوێنێکی دی پێیوایە بۆ نووسینی ئەم ڕەخنەیە

**“ من تەنیا پرسیارێکم وروژاندووە ئاخۆ دەبێ ئافرەتێکی تەمەن ٢٤ ساڵ لە هەولێری ساڵی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا باسی یەکی ئایار بکات؟ ”**

مەبەست و نیەتم باش نییە و دەڵێ: « لەبەر ئەوەی ڕوانگە و نیەتی باشی نییە، کەوتۆتە هەڵەی لۆژیکی گەورەوە» (ل٤٦)

من بە میزاجی خۆم باسی زمانی کوردیی پەتیم نەکردووە، من پشتم بە تێزیکی دکتۆرا بەستووە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن جەمال جەلال عەبدوڵلا لە زانکۆی یۆرک لە بەریتانیا نووسراوە. لەم نامە دکتۆرایە بە داتای وشە دەیسەلمێنێ، کە لەپێش ساڵانی چل، وشە خوازراوەکان «عەرەبی، فارسی، تورکی» لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەی ٤٦.٤٨٪ بووە، دواتر پەتیکردن بە چڕی دەست پێدەکات، ئەم وشانە پاکسازی دەکرێن تا لە ساڵی ١٩٧٣ ڕێژەکە بە ڕادەیەک کەم دەبێتەوە تەنیا ٤،٤٦٪ وشەی خوازراو لە زمانەکە دەمێنێتەوە[١٠]

بەپێی ئەم داتا زمانییە، دیوانە شیعرییەکەی زەینەب خان لە دوای قۆناغی پەتیکردن نووسراوە بەتایبەت دوای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، واتە لە سەردەمێک کە زەینەب خان پێشوەخت وەفاتی کردووە. کاک عەبدولڕەحمان خۆی وەڵامەکەی پڕیەتی لە حەشوە و نموونەی شیعری ناپێویست، کەچی هێشتا ئەو بە تەوسەوە بە ڕەخنەکەی من دەڵێ: «لە ڕاستیدا بابەتەکەی مامۆستا درێژدادڕی و حەشوەییەکی زۆری تێدایە» (ل٤٧).

من هەر لە سەرەتاوە کە ڕەخنەکەم لەسەر دیوانی زەینەب خان نووسی، لە کۆڕەکەش کە لە ئەکادیمیای کوردیی لەسەر ئەم دیوانە پێشکەشم کرد، تەئکیدم کردەوە، کە ئەم بابەتە بۆ من تەنیا بابەتێکی ئەکادیمییە، کە پێموایە ئەم دیوانە بەم هەموو شیعرە نوێیە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و ساغ بکرێتەوە، نابێ هەروا بە ستایشکردن و پێداهەڵگوتن بەم خانمە شێرە ژن و ژنە قارەمان و میری شاعیرانی ژن.. بەڕێ بکرێ و کەس پرسیار و ڕەخنەی نەبێت، دیوانێکی ساختە بە ناهەق بە سەر مێژووی ئەدەبی کوردیدا ساغ بکرێتەوە، بۆیە دەمەوێ بە کاک عەبدولڕەحمان بڵێم نیەتی من تەواو ئەکادیمی بووە و هیچ ڕوانگە و نیەتێکی خراپ و مەبەستێکی دیکەی شارچێتی و ململانێی شەخسی و سیاسیم نەبووە، کە ئەمڕۆ هەموو دنیای ڕۆشنبیریی کوردیی پێی ئالودە بووە. ڕەخنەی من بەرگرییە لە زانست و ئەدەب، دژایەتی کەسێکی وەک زەینەب خان

> “ کاک پێشڕەو لەجیاتی ئەوەی بەوردی لەسەر خاڵە گرنگەکانی ڕەخنەکانی من بوەستێ و یەک بە یەک لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و وەڵامێکی مەنتیقی بداتەوە، کەچی باسەکە لاڕێ دەکا و بە ئاقارێکی دیکەیدا دەبات ”

و هیچ کەسێکی دی لەم بنەماڵەیە نییە. من دژی ئەوەم مێژوویەکی پڕ لە چەواشە و ساختە بۆ شیعری نوێی کوردیی بنووسرێتەوە و نەوەکانی داهاتوومان لاڕێ و سەرگەردان بن.

لە کۆتایی ڕەخنەکانی کاک عەبدولڕەحمان چەند ئیحتیمالێکی داناوە، کە ئەم ئیحتیمالانە بۆ منیش جێگەی سەرنجە. لە کۆتاییەکەی خۆی ئیقرار دەکات وشەکانی وەک: چرکەسات، خۆبەخش، ئاشتەوایی، کەسایەتی، کە لە شیعرەکاندا هاتوون لە هیچ دەقێکی ئەدەبی ئەو سەردەمەدا نەبوون و نەیانیدۆزیوەتەوە. چەند ئیحتیمالێکی بۆ ئەمە داناوە و دەڵێ:

یەکەم: ئەم لاپەڕانەی کە لە دیوانەکە بڵاوبوونەوە دەستخەتی زەینەب خان نەبن.

دووەم: کەسێک جارێکی دی شیعرەکانی نووسیوەتەوە دەستکاریی هەندێک وشەی کردووە، لەوانەیە مامۆستا حیکمەت خۆی دەستکاریی کردبێت.

سێیەم: دەکرێ زەینەب خان پێش وەفاتی لە ساڵی ١٩٦٣، خۆی سەرتاپای شیعرەکانی دووبارە نووسی بێتەوە.

چوارەم: پرسیار لە من دەکات و دەڵێت: ئەگەر لە حاڵەتێکدا هەندێ دەستنووسی زەینەب خان و خەتی خۆی دۆزرایەوە ئایا وەڵامت چی دەبێت؟(ل٥٥).

پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی ئیحتیمالەکان، دەمەوێ بڵێم: بوونی ئەو چەند وشەیە و ئەو وشانەش، کە لە سەرەوە ڕاستم کردنەوە، کە لە گەڕانت بە نێو دیوانی شاعیراندا نەتدۆزیونەتەوە، ئەمانە بێگومان بەڵگەی ئەوەن، کە ئەم شیعرانە لەو سەردەمە نەنووسراون و هی ئەو خانمەش نین.

سەبارەت بە ئیحتیمالی یەکەم، ئەگەر ئەم دەستنووسانە هی زەینەب خان نەبن، ئەوە منیش لەگەڵت هاوڕام، کە ئەمانە هی ئەو نین، چونکە ڕێنووسی کوردیی لەو سەردەمە بەم شێوەیە نەبووە. لە توێژینەوەکەم، بابەتی ڕێنووسم بەدرێژی ڕوونکردووەتەوە، کە ڕێنووسی ئەو چەند لاپەڕەیە گوایە دەستنووسی زەینەب خانە،

نابێ هی ئەو بێت، بەڵام تۆ و کاک پێشڕەو خۆتان لە قەرەی ئەم باسە نەداوە، بۆیە ئەگەر زەینەب خان دەستنووسی خۆی هەیە ئەدی بۆچی شاردویانەتەوە و بڵاویناکەنەوە؟ دیوانی شیعر دەبێ دەستنووسی هەبێ، ئەگەر نییە کەواتە ئەم دیوانە نییە و دروست کراوە، یانیش دەستنووسی هەیە، بەڵام دەستنووسی ڕاستەقینە نییە و ڕووی مەجلیسی نییە نیشانی خەڵکی بدەن! ئەگەر بڵێن فەوتاوە و بزر بووە، ئەمە هەرگیز بەهانە نییە، ئەمە بەهانە هێنانەوەیە بۆ تێپەڕاندنی بەرهەمێکی ئینتیحال، چونکە بەرهەمی ئینتیحال، کاتێک دەستنووسە ئەسڵییەکەی نییە، یەکسەر بەهانەی بۆ دێننەوە و دەڵێن بزر بووە و فەوتاوە.

بۆ ئیحتیمالی دووەمت دەڵێم: ئەگەر یەکێکی دی شیعرەکانی نووسیبێتیەوە، هەڵبەت دەبێ لەسەر دەستنووسە ئەسڵییەکە نووسیبێتیەوە، ئەگەر دەستنووسی ئەسڵی نییە، کەواتە چۆن دەیسەلمێنی، کە ئەم شیعرانە دەستکاری کراون؟ بۆ نموونە کاتێک شیعرێکی نالی ساغ دەکرێتەوە، کە دەستکاری کراوە و وشەی تێدا گۆڕاوە، لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێک دەستنووسی دی ساغ دەکرێتەوە، چەندین دەستنووسی کۆن پێکەوە بەراورد دەکرێن، ئەوجا ڕاستەکە بە دەردەکەوێت، بەڵام دیوانێکی زلی وەک ئەمەی زەینەب خان بەم هەموو شیعرەوە یەک دەستنووسی نەبێ، چۆن دەکرێ بزانین ئەمە دەستکاری کراوە؟ ئەگەر دیوان دەستنووسی نەبوو، کەواتە ئەم دیوانە هیچ بوونێکی فیزیکی نییە و هەمووی ئینتیحالە.

بۆ ئیحتیمالی سێیەم، دەڵێم: ئەگەر زەینەب خان پێش وەفاتی، شیعرەکانی هەموو لە دەفتەرێکدا نووسی بێتەوە، ئەمە کارێکی چاکی کردووە، دەبێ ئەم دەفتەرە کۆنە هەبێت، ئەگەر ئەم دەفتەرە کۆنە نەبێت، ئەوا دەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئەم دیوانە هەر لە ئەساسدا نەبووە و دواتر دروست کراوە.

بۆ ئیحتیمالی چوارەمت، ئەگەر دەستنووسی ئەم شیعرانەیان خستەڕوو و بڵاویانکردەوە؛ هیوادارم ئەم دەستنووسانە دەرکەون، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێ دەستنووسەکان پشکنینی بۆ بکرێت و ببرێت بۆ تاقیگە، تەمەنی دیاری بکرێت، کە کاغەزەکەی چەندە کۆنە، ئەوجا خەتەکەی و مەرەکەبەکەی پێی نووسیوە و ڕێنووسەکەی، ئایا ڕێنووسی سەردەمی زەینەب خانە؟ لەم حاڵەتەدا ئەگەر دەستنووسەکە لە ڕووی کۆنییەوەش ڕاست دەرچوو، بەڵام هێشتا کێشەی شیعرەکانی یەکلانابێتەوە، جارێکی دی کێشەی زمانی شیعرەکانی دێتە گۆڕێ، کە ئەم زمانە هی ئەو سەردەمە نییە، نابێ ئەو خانمە، کە لەو ماوە زەمەنییە ژیاوە، ئەم شیعرانەی نووسیبێت!. بۆیە هەرگیز ئاسان نییە حەقیقەتی ئەم دیوانە و ئەم خانمە ئاشکرا بێت، کە شاعیر بووە و شیعری خۆی هەبووە بە خەت و دەستنووسی خۆی.

کاک پێشڕەو بە سێ بەش وەڵامی ڕەخنەکانی منی داوەتەوە لە وێبساتی «وتاری کورد» بڵاویکردوونەتەوە، لە هەر سێ بەش زۆر کەم خۆی لە ئەسڵی ڕەخنەکانی من داوە تەنیا خۆی بە چەند وشەیەکی لاوەکی خەریک کردووە، کە من وەک لە سەرەوە باسم کرد، بە سەرپێی ئاماژەم پێداوە، کە ئەوسا ئەم وشانە لە دەقی شیعری باو نەبوون وەک نیشتمان، کرێکار، سەربەخۆیی.. هەوڵدەدات بە شێواز و شرۆڤەی دوور لە مەنتیق بیسەلمێنێ ئەم دیوانە حەقیقەتی هەیە و پێیوایە من ستەمم لە زەینەب




**وێنەیەک گوایە دڵدار لە ساڵی ١٩٣٩ گرتوویەتی و بە دەستخەتی خۆیشی لە پشتی نووسیوە. ڕێنووسی دەستخەتەکە نابێ هی دڵدار بێت و لەو ساڵەش نووسرابێت، چونکە بۆ وشەکانی: وێنە، هەولێر، دڵدار.. حەوت لەسەر پیتەکان دانراوە، کە ئەوسا ئەم حەوتانە هێشتا بۆ ڕێنووسی کوردی دانەنرابوون.**

خان کردووە، کە ئەم دیوانەم بە وەهم داناوە. لێرەدا نامەوێ بەسەر هەموو ئەو وشانەدا بچمەوە کە ئەو شیکردنەوەی بۆ کردوون، چونکە وەڵامەکەی هەردووکیان هاوشێوەیە، بەڵام بەکورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک دەدەم.

لە پرسیارێکی من کە دەڵێم: ئەم هەموو ساڵە بەسەر وەفاتی زەینەب خان تێپەڕیوە، شاعیر نەبووە، بۆچی ئەمڕۆ کتوپڕ دیوانێکی گەورەی شیعری بۆ پەیدا بوو؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا دەڵێ: «گەر تەماویەکیش لە سەر شاعیریەتی ئەو هەبێ، دابونەریتی کۆنەپارێزی هەولێر بووە»[١١]

واتە لەبەر ئەوەی زەینەب خان ژن بووە، دابونەریتی کۆنەپارێزی کۆمەڵگەی هەولێر ڕێگەی نەداوە خۆی وەک شاعیر نیشان بدات. باشە ئەگەر زەینەب لەبەر ئەوەی کە ژن بووە، دابونەریتی کۆمەڵگەی ڕێگەی پێنەداوە شیعرەکانی بڵاوبکاتەوە، ئەدی باوکی زەینەب بۆ شیعرەکانی بڵاونەکردووەتەوە، خۆ ئەو پیاو بووە و کەسایەتییەکی ناسراوی کۆیە بووە؟!

بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەرهەمی دیکە بە ناوی زەینەب خانەوە، گوایە مەولوودنامەی بە تورکیی عوسمانی نووسیوە، دەقی فۆلکلۆری دەشتی کۆیەی کۆکردووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هیچ یەک لەوبەرهەمانە لە کاتی خۆی بە ناوی ئەوەوە نەناسراون و بڵاویش نەبوونەوە، ئەمانە کۆمەڵێک گومانی دیکەیان لای خوێنەران دروست کرد. ئەم پرسیارە دێتە پێش: باشە ئەگەر زەینەب ژنێک بووە نەیتوانیوە بەهرە ئەدەبییەکەی ئاشکرا بکات، ئەدی چۆن مەولوودنامەی نووسیوە؟ وادیارە ئەم مەلوودنامەیەی تەنیا بۆ خۆی نووسیوە، یان بۆ کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی مەولوودی پێغەمبەر بخوێندرێتەوە؟ چەند کەس لە هاوسەردەمی زەینەب کە لە ژیاندا ماون شاهێدی دەدەن ئەم مەلوودنامەیە هی ئەوە و لە هەولێر خوێندراوەتەوە؟ باوکی زەینەبیش، مەلا ڕەئووف خادم سەجادە، کرا بە شاعیر و دیوانێکی گەورەیان بۆ بڵاوکردەوە، ئەویش بەبێ دەستنووس! دوای ئەم هەموو ساڵە تازە پێمان دەڵێن باوکی دڵدار شاعیر بووە، ئەگەر شاعیر بووە، بۆچی دڵدار لەم گەنجییە شیعری بڵاوکردووەتەوە، کەچی باوکی، کە مەلا بووە و بەو پایە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە هەیبووە، یەک دانە شیعری بڵاونەکردووەتەوە؟!

سەبارەت بە جەژنی یەکی ئایار، کە گوایە زەینەب خان شیعرێکی بۆ جەژنی کرێکاران لە ساڵی ١٩٢٤ نووسیوە. من تەنیا پرسیارێکم وروژاندووە ئاخۆ دەبێ ئافرەتێکی تەمەن ٢٤ ساڵ لە هەولێری ساڵی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا باسی یەکی ئایار بکات؟ هەردووکیان (کاک پێشڕەو و کاک عەبدولڕەحمان) بۆ وەڵامی من خۆیان ماندوو کردووە هاتوون بەدرێژی باسی مێژووی دەرکەوتنی جەژنی کرێکارم لە جیهان بۆ دەکەن، وەک بڵێی من ئاگادار نیم، کە ئەم بۆنەیە پێشینەی مێژووی هەیە؛ بەڵێ منیش لە ئینتەرنێت گەڕام و دەزانم ئەمە لەمێژە هەیە، بەڵام پرسیاری من ئەمەیە، ئەم جەژنە کەی هاتووە بۆ عێراق، کەی لە عێراق بووە بە بۆنەیەکی ڕەسمی؟ هەتا یەکێکی وەک زەینەب خان بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕێ و شیعری بۆ بنووسێ؟ ئەمە دیارە لە عێراق بە درەنگەوە یەکی ئایار بووە بە جەژن و پشوویەکی ڕەسمی. ساڵی بیست و سییەکان ئەوە دیارە هەولێر چۆن بووە، ئەو ساڵانە وەک ئەمڕۆ ئینتەرنێت نەبووە بە کلیکێک بتوانی هەموو زانیارییەک و هەموو هەواڵێکت لە جیهان دەست کەوێت. زەینەب خان چۆن زانیویەتی لە ئوستراليا و میسر و وڵاتانی دی لە جیهان ئەم ڕۆژە پەیدا بووە و هەتا ئەویش ئەم شیعرەی بۆ بنووسێ؟

کاک پێشڕەو لەجیاتی ئەوەی بەوردی لەسەر خاڵە گرنگەکانی ڕەخنەکانی من بوەستێ و یەک بە یەک لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، و وەڵامێکی مەنتیقی بداتەوە، کەچی باسەکە لاڕێ دەکا و بە ئاقارێکی دیکەیدا دەبات، هاتووە باسی ژیاننامەی زەینەب خان دەکات، کە پێیوایە نەک هەر شاعیر بووە، بەڵکوو ژنێکی بلیمەت و ڕووناکبیری هەڵکەتووی سەردەمی خۆی بووە و دەڵێت: کتێبخانەکەی شایەتی بۆ دەدات، کە چۆن خوێنەرێک بووە؛ بۆ نمونە بە ئینگلیزی ڕۆمانی (کرانفۆرد)ی ژنە ڕۆمانووسی ئینگلیزی ئەلیزابێت گاسکل(١٨١٠– ١٨٦٥) خوێندووەتەوە. هەروەها دەڵێت: لە کتێبخانەکەی کتێبی (ELEMENTARY KURMANJI GRAMMAR) میجەرسۆن هەیە، کە

> **"ئەم دوو دیوانە هەتا حەقیقەتی شیعرەکانیان و دیوانەکانیان لەبەر تیشکی بەڵگەی زانستی یەکلا نەکرێنەوە، هەر بە دوو دیوانی شیعری ئینتیحال دادەنرێن"**

باسی زمان و ڕێزمانی کوردی دەکات، ئەم کتێبە ساڵی ١٩١٩ چاپ کراوە و مۆری زەینەب خانی پێوەیە، بە دەستی خۆی بە ئینگلیزی لەسەری نووسیوە: (Zainab Rauf,1919, Baghdad).[١٢] یان بە شیعرەکانی دیوانی باوکی زەینەب، مەلا ڕەئوفی خادم سەجادە، کە ئەویش تازە هەڵبەستراوە، باسی ژیانی زەینەبمان بۆ دەگێڕێتەوە؛ واتە بە بەڵگەکانی خۆیان، نەک بەڵگەی زانستی، دەیانەوێ ستایشی بکەن و ژیننامەی بۆ ساز بکەن. لە هەمووی سەیرتر ڕووداوی سیاسی بۆ دروست دەکەن، کە گوایە زەینەب لەگەڵ باوکی و ئاسەف و سەعدی برای چووە بۆ لوبنان و بەشداریی کۆنگرەی یەکەمی ڕێکخراوی «خۆیبوون»ی کردووە کە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ بەستراوە[١٣]

بەڕاستی سەیرە ئەم مێژووەی بنەماڵەی خادم سەجادە لەگەڵ جەمعیەی خۆیبوون تازە ئاشکرا بێت و کەس باسی نەکردووە!. مێژووی ئەم ڕێکخراوە هەمووی نووسراوەتەوە بە دۆکۆمێنت کراوە، کە دامەزرێنەرانی کێ بوون و لە کۆنگرەکان چەند کەس بەشدار بوون؛ دەکرێ بپرسین، ئەمە لە کام بەڵگەنامەدا هاتووە ئەمانە لە کۆنگرەی دامەزراندنی ڕێکخراوی خۆیبوون بەشدار بوون؟



**دەستنووسی ئەسڵی شیعرەکانی دلدار کە لە ساڵی ١٩٨٥ بلاو کراوەتەوە، نیشان دەدات کە دەستنووسەکە هی خۆیەتی، لە ڕێنووسەکەی بۆ پیتەکانی « ڵ، ڕ، ێ، ڕ» حەوت(٧) ی بۆ دانەنراوە، چونکە لەو کاتە هێشتا ئەم حەوتانە بۆ ئەم پیتانە دانەنرابوون.**

**“ بەڕاستی ناڕەوایە کاک پێشڕەو بەبێ هیچ بەڵگەیەک بە زاری تەها حوسێنەوە قسە دەکات، ئەو هەتا مردیش هەر لە سەر ڕایەکەی خۆی بوو ”**

باسی ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی دەکەن، کە گوایە لە زەینەب و مەلا ڕەئوفە فەندی باوکی بەجێماوە، کۆمەڵە کتێبێک ناوی زەینەبی لەسەر نووسراوە، یان مۆری لێدراوە بە ناوی ئەو.. ئەمانە هیچیان بەڵگە نین، کە ئەم ژنە ڕۆشنبیر بووە و ئەو بلیمەتە بووە، کە ئەوان وەسفی دەکەن، چونکە هەموو کەسێک دەتوانێ کۆمەڵە کتێبێک بێنێ و ناوی یەکێکی لەسەر بنووسێ و مۆرێکیش بە ناوی ئەوەوە دروست بکات و هەمووی مۆر لێبدات. ئەگەر ژنێک ئەوەندە بلیمەت و دانا و ڕۆشنبیر بووە، کوا بەرهەم و نووسینەکانی؟ لە کام سەرچاوە باسکراوە زەینەب ئینگلیزی و فەرەنسی و فارسی و تورکی و عیبری زانیوە؟ کوا چەند کتێبی لەم زەمانانە تەرجەمەی کوردی کردووە؟ من ناڵێم چەند وتاری بەم زەمانانە نووسیوە، بەڵام یەک وتاری ئەم ژنە بێنن بە کوردی، یان عەرەبی کە نووسیبێتی و سوودی لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگرتبێت. لە سەرەتا دەیانگوت زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی و عیبری زانیوە، دوو ساڵ دواتر ئینگلیزی و فەرەنسیشیان بۆ زیاد کرد!. کتێبێکی کۆنی مەیجەرسۆن دێنن ناوی زەینەبی لێ دەنووسن و مۆرێکی بەناوی زەینەب لێدەدەن و دەیخەنە نێو کتێبخانەوە، ئیدی بانگەشەی ئەوە

دەکەن، کە زەینەب لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە ئینگلیزی زانیوە و ئەم کتێبەی لە بەغدا کڕیوە و ناوی خۆی بە ئینگلیزی لەسەر نووسیوە و مۆری تایبەتی خۆیشی لێداوە! ئەمانە هیچیان بەڵگەی زانستی نین، ئێوە ئەگەر نەتوانن دەستنووسێکی ڕاست و دروستی هەردوو دیوان بخەنە بەردەستی خوێنەران، نیشاندانی کتێبخانە و ئەرشیف هیچ سوودێکی نییە. ئەمانە بە بەڵگە دانانرێن، کە بە کەرەستە و نووسراو و چاپکراوی خۆتان مێژوو بۆ ئەم ژنە و باوکی دروست بکەن و بەزۆر بیانکەن بە شاعیر. ئەوەی مایەی سەرنجدانە لەم پرۆسەی مێژووسازی و بنەماڵەسازییە، هەر بە زەینەب و باوکی ناوەستن، هەوڵدەدەن بەڵگەنامەی ساختە بۆ دڵداریش دروست بکەن.

لە ژمارە(١٦) ی ئەیلولی ٢٠٢٢ ی گۆڤاری دیوان، لە دۆسیەی تایبەت بە دڵدار، چەند بەڵگەنامەیەک بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە هی دڵدارە (بەڵگەنامەکان هاوپێچ کراون) سەرنجم دا مۆرێک لە کتێبێک دراوە کە گوایە دڵدار خۆی ئەم مۆرەی هەبووە و لە کتێبەکەی داوە، مۆرەکە بەم ناوەیە: «یونس رەئوف دڵدار». هەروەها وێنەیەک بڵاو کراوەتەوە، کە گوایە دڵدار خۆی ئەم وێنەیەی گرتووە و لە پشت وێنەکەش بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی: «ام وێنەیەم گرت لە هەولێر، دڵدار ١٩٣٩». ئەگەر سەرنجی ڕێنووسی ئەم مۆرە و دەستخەتە بدەین کە مێژووی ١٩٣٩ ی لەسەرە، ئەمە دیارە هەردووکیان تازە بە ناوی دڵدارەوە دروست کراون، چونکە هەتا وەفاتی دڵداریش ڕێنووسی کوردی بەم شێوەیە نەبووە. لامی قەڵەو(ڵ) حەوت(٧)ی لەسەر نەبووە، یای کراوەش (ێ) حەوتی لەسەر نەبووە. ئەگەر سەرنجی دەستنووسە ئەسڵییەکانی دڵدار بدەین (وێنەیەک لە دەستنووسەکەی هاوپێچ کراوە، خوێنەر دەتوانێ ئەم دەستخەتەی دڵدار لەگەڵ دەستخەت و ڕێنووسی بەڵگەنامەکانی دی بەراورد بکات) کە لە ساڵی ١٩٨٥ (عبدالخالق علاءالدین) لەگەڵ دیوانەکەی بڵاویکردووەتەوە، لەم دەستنووسە ئەسڵییانە، حەوت لەسەر لامی قەڵەو و یای کراوە نییە، ڕێی قەڵەو (ڕ) بە دوو ڕێ(رر) نووسراوە، واوی کراوە(ۆ) بە دیار ناکەوێت، کە ئەمانە دیارە دەستنووسی ئەسڵین و هی دڵدار خۆیەتی. دەی ئەگەر ئەم مۆرە و دەستخەتی پشت ئەم وێنەیە هی دڵدارە و خۆی حەوتی بۆ هەردوو پیتی ێ و ڵ داناوە (وەک بۆ وشەی وێنە، هەولێر، دڵدار، ... دایناوە) ئەدی بۆچی لە دەستنووسەکانی خۆی هیچ کام لەم دوو پیتە حەوتی لەسەر نییە؟!. بێگومان ئەمە بەڕوونی دیارە کە ئەمانە بەڵگەی ساختەن و تازە دروستکراون.

"دڵدار خۆی مێژوویەکی جوان و پرشنگداری هەیە، پێویستی بەم هەموو موزایەدە نییە، بە بەڵگەی ساختە، مێژووەکەی ئەویش ناشیرین دەکەن"

**ئێمە لەپێناو جووڵە خستنە نێو ئەدەبەوە ئەم ڕەخنانەمان نەنووسیوە، ئێمە لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمییەوە لەم باسە دەڕوانین**


لە مێژووی هەموارکردنی ڕێنووسی کوردیدا ئەم حەوتانە بۆ (ۆ، ێ، ڵ، ڕ) بە درەنگەوە بۆ نووسینی کوردی دانراوە. مستەفا نەریمان لە نامیلکەکەی لەبارەی مێژووی ڕێنووسی کوردییەوە ئاماژەی بەم خاڵە داوە، کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٢ ناردوویانە لە دەرەوەی وڵات ئەو چوکڵانە بۆ پیتەکان دروست بکرێ، ئەوجا دواتر لە چاپخانەی مەعاریف لە چاپکردنی پەیام و کتێبە کوردییەکاندا بەکارهاتووە[١٤]

واتە ئەوکاتەی ئەم حەوتانە لە نووسینی کوردی و لە چاپەمەنی جێگیر بوو، دڵدار لە ژیان نەمابوو. سەرنجێکی دی لەم ڕێنووسە ئەوەیە، کە لە پرۆسەی هەموارکردنی ڕێنووسی کوردیدا هەتا ساڵی شەستەکان ناوە عەرەبییەکان وەک محمد، علی، عمر، عثمان، خضر، جبار، رؤف... بە ڕێنووسی کوردی نەدەنووسران، هەر بە عەرەبی بوون، ئەگەر سەرنج بدرێ لە مۆرەکە ناوی «ڕەئوف» بە ڕێنووسی کوردی نووسراوە، کە ئەمەش لەو سەردەمە باونەبووە، تەنانەت دڵداریش ناوی خۆی هەر بە ڕێنووسی عەرەبی نووسیوە. عەبدوڵڵا زەنگەنە لە ژمارە (١٨)ی گۆڤاری «دیوان» دوو بەڵگەنامەی دەستخەتی دڵداری بڵاوکردووەتەوە، لە هەردوو بەڵگەنامەکەدا ئەگەر سەرنج بدرێ دیارە ڕێنووسی کوردی لەو سەردەمە چۆن بووە، دڵداریش ناوی خۆی بەم

شێوەیە بە ڕێنووسی عەرەبی نووسیوە: یونس رؤف[١٥]. کەواتە ئەم مۆرە کە ناوی ڕەئوفی بە ڕێنووسی کوردی نووسیوە، و ناوی دڵداریش بە لامی قەڵەو، مۆرێکی ئەسڵی نییە و دیارە تازە بەناوی دڵدارەوە دروست کراوە.

دڵدار خۆی مێژوویەکی جوان و پرشنگداری هەیە، پێویستی بەم هەموو موزایەدە نییە، بە بەڵگەی ساختە، مێژووەکەی ئەویش ناشیرین دەکەن.

دڵنیام هەمان مۆر و هەمان بەڵگەکاریی ساختە بۆ زەینەب و باوکی و شیعرەکانیان کراون، بۆ ئەوەی مێژوویەکی ساختەیان بۆ ساز بکەن. ئەم بەڵگەکارییانە ئەوەندە لاواز و بێ بنەمان وەک عەرەب دەڵێن: «زوبعة في الفنجان» وەک گەردەلوولی ناو فینجانە و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی مێژووی ئەدەب نابێت، زەینەب و باوکیشی بەم بەڵگە ساختانە نابن بەو کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسییە. ئەگەر لە ماوەی هەموو ژیانی زەینەب و باوکی هەتا دوای مردنیان تا ساڵی ٢٠١٧، بەڵگەیەکی نووسراو لە کتێبێک، یان لە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەیەک هەیە ئاماژە بە شاعیربوونیان بدات، یانیش وەک چالاکوانێکی سیاسی ناویان هاتبێت، نیشانی خوێنەرانی بدەن، ئەمە دەکرێ بە بەڵگەی زانستی دابنرێ؛ بەڵام بە قەولی فلان و فیسار و بە گێڕانەوەی دوور


دار النشر تقدم
الفردوس المسموم
روایة بولیسیه غرامیه عنیفه تصف حیاة المقامرین فی مونت کارلو وتدهور المرأة والرجل فی سبیل الحصول علی المال مع وصف دقیق لحوادث الانتحارات الغامضه التی تحیر رجال البولیس محتم علی کل فرد مطالعتها
تعریب الکاتب الکبیر
عباس حافظ
یونس رەئوف دڵدار

وێنەی مۆرێک گوایە هی دڵدار خۆیەتی، بەڵام ڕێنووسەکەی هی سەردەمی دڵدار نییە، چونکە ناوی «دڵدار» لامە قەڵەوەکە (ڵ) حەوتی هەیە، هەروەها ناوی «ڕەئوف» بە ڕێنووسی کوردی نووسراوە، کە ئەوسا ئەو جۆرە ڕێنووسە بۆ نووسینی ناوی عەرەبی لە نووسراوی کوردیدا باو نەبووە.

لە ڕاستی و دروستکردنی مۆر و بەڵگەنامەی ساختە، نە حەقیقەتی ئەم دوو دیوانە دەسەلمێ و نە ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیرییان.

کاک پێشڕەو ڕەخنەکەی منی بەوردی نەیخوێندووەتەوە، هەندێک هەڵەی بە زاری منەوە کردووە، کە گوایە من گوتوومە لە بیستەکان وشەی قوتابخانە نەبووە، لە بەشی سێیەمی وتارەکەی، کە لە وێبسایتی وتاری کورد بڵاویکردووتەوە، ئاماژەی پێداوە، هەروەها لەو وتارەش، کە لە گۆڤاری «دیوان» ژمارە (٢٠) بڵاوبووەتەوە و دەڵێت: «سوداد ڕەسووڵ دەڵێت: وشەی قوتابخانە لەوکاتدا بەکارنەهاتووە، تەنیا (مەکتەب و مەدرەسە و سوڵتەخانە) هەبووە و قوتابخانە بەهیچ شێوەیەک نەبووە، بەڵام پیرەمێردی شاعیر لە ساڵی ١٩٢٤ شیعرێکی داناوە، باسی قوتابخانە دەکات»[١٦]

**“ کەسێکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەق و مێژووی دەق دەکات، بۆی گرنگ نییە ئەو خاوەن دەقە خەڵکی کام شار و سەر بە کام بنەماڵەیە ”**

کاتێک ئەمەم خوێندەوە پێم سەیر بوو قسەیەکی وام کردبێت، کە گەڕامەوە سەر باسەکەم و دەبینم ناوبراو باش لە مەبەستی من حاڵی نەبووە، من نەمگوتووە وشەی قوتابخانە نەبووە، ئەمە دەقی قسەکەی منە: «بۆ نموونە لە بیستەکان و سییەکان بۆ قوتابخانە ئەم وشانە هەبوو: مەدرەسە، دەرسخانە، خوێندنخانە، قوتابخانە، بەڵام دواتر ئەم وشانە زۆربەیان لە زمان نامێننەوە تەنیا قوتابخانە نەبێت درێژە بە

مانەوەی خۆی دەدات» لێرەدا ڕوونە، کە من باسی ئەوەم نەکردووە کە لە سییەکان وشەی قوتابخانە نەبووە، ئەوە منیش دەڵێم هەبووە، بەڵام چەندین وشەی دیکەی هاومانا لەپاڵ قوتابخانە هەبوون، لەم هەموو وشانە تەنیا قوتابخانە مایەوە، و ئەوانی دی کۆن بوون و چیدی بەکار نایەن. باسی ئەوەشم نەکردووە کە زەینەب خان لە شیعرەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، تەنیا ڕوونکردنەوەیە لەبارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی وشە لە زمان و بە تێپەڕبوونی کاتیش چۆن هەندێک وشە دەمێننەوە و هەندێکی دیکەش چیدی بەکارنایەن.

لە شوێنێکی دی کاک پێشڕەو بەبێ هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەک قسەیەک بە زاری تەها حوسێنەوە دەکات گوایە لە ڕەتکردنەوەی بۆ ئەدەبی جاهیلی، مەبەستێکی زانستی نەبووە و دواتر پەشیمان بووەتەوە و تەنیا ویستویەتی جووڵەیەک بە ئەدەب بدات و دەڵێت: «من پێم خۆش بوو ئەو دوو برادەردە (مەبەستی من و د. سەروەرە) وەک تەها حوسێنیان بکردبایە ئەو کاتەی کتێبێکی نووسی بە ناوی «في الشعر الجاهلي» لەو کتێبەدا دەڵێت: ئەو شیعرە جاهیلییانە، کە ئێوە باسی دەکەن ئەسڵ و ئەساسی نییە، هەمووی درۆ و دەلەسە و هەڵخەڵەتان دەرچوو، دوای ئەوە بە دەیان کتێب و بە سەدان کتێب نووسراو و وەڵامیان دایەوە، کە لێیان پرسی و گوتیان ئەوە باشە، ئەویش گوتی: منیش مەبەستم ئەوەبوو، واتە جووڵەیەک کەوتە نێو ئەدەبی عەرەبییەوە، هیوادارم ئەو برادەرانەش هەمان شتیان کردبێت، کارێکی وایان کردبێت مەبەستیان ئەوە بووبێت ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە ببەن و جووڵەیەک دروست بکەن» [١٧]

بەڕاستی نارەوایە کاک پێشڕەو بەبێ هیچ بەڵگەیەک بە زاری تەها حوسێنەوە قسە دەکات، ئەو هەتا مردیش هەر لە سەر ڕایەکەی خۆی بوو، چونکە ڕایەکانی پشت ئەستوور بوون بە بەڵگەی زانستی و مەنتیقی. ئەو کتێبەی لەبارەی شیعری جاهیلی ئەوەندە کاریگەر بوو، شۆڕشێکی لە ئەدەبی عەرەبیدا بەرپاکرد، کە هەتا ئێستاش دانەمرکاوەتەوە؛ میتۆدێکی نوێی بۆ مێژووی ئەدەبی عەرەبی داهێنا، کە عەرەب چیدی شانازی بە ئەدەبی جاهیلییەوە نەکەن و پێیان وانەبێ لە پێش ئیسلام خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەند بوونە، پێیگوتن: ئەمە ئەدەبی جاهیلی نییە و ئەدەبێکی ئیسلامییە و لە دوای هاتنی ئیسلامەوە لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی نووسراوەتەوە، و ئەدەبێکی ئینتیحالە بە ناوی کەسانێک، کە گوایە لە سەردەمی جاهیلی ژیاون و شاعیر بوون.

من لە وتاری ڕابردووم لە گۆڤاری دیوان، ئاماژەم بەم کتێبە داوە و هۆکارەکانی ئینتیحالی دەقی ئەدەبیم ڕوون کردووەتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم، کە ئەم دیوانەی بە ناوی زەینەب خان بڵاوبووەتەوە دەچێتە هەمان خانەی ئینتیحالی شیعرەوە. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەبووە و هەیە، ئەمڕۆش هەمان دیاردەی ئینتیحالی شیعر بە ناوی کەسانی دیکەوە هاتووەتە نێو ئەدەبی کوردییش.

دەمەوێ ئەوەش بە کاک پێشڕەو بڵێم، کە ئێمە لەپێناو جووڵە خستنە نێو ئەدەبەوە ئەم ڕەخنانەمان نەنووسیوە، ئێمە لە ڕوانگەیەکی ئەکادیمییەوە لەم باسە دەڕوانین، ئەگەر ئێوە لە ڕوانگەی هەست و سۆزی خۆشەویستیتان بۆ بنەماڵەی خادم سەجادە و شاری کۆیە بەرگری لەم دیوانە بکەن، بەڵام ئێمە بەرگری لە زانست و لە ئەدەب دەکەین، کەسێکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکی دەق و مێژووی دەق دەکات، بۆی گرنگ نییە ئەو خاوەن دەقە خەڵکی کام شار و سەر بە کام بنەماڵەیە، گرنگ ئەوەیە دەقێکی ڕەسەن بێت، وەک دەقە ڕەسەنەکانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و نالی و حاجی قادر و دڵدار... کەسی ئەکادیمی دژی چەواشەکاری و دەقی ساختەیە، دژی دروستکردنی کەسایەتیی وەهمییە بۆ ئەدەب و مێژوو، کە ئێوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ دەتانەوێ کەسایەتییەکی وەهمی لە زەینەبێک دروست بکەن، کە لە سەردەمی خۆی هیچ ناو و شۆرەتێکی نەبووە، نە شاعیر بووە و نە ڕۆشنبیر، ڕەنگە خوێندەوارێکی ئاسایی بووبێت، بەڵام خاوەن ئەم هەموو بەرهەم و داهێنانانە نەبووە، کە ئێوە ئەمڕۆ بۆی دروست دەکەن. هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: بۆ یەخەی زەینەب دەگرن و چیان لێی دەوێ؟[١٨]

بەڕاستی سەیرە ئەم قسەیە دەکات، وەک بڵێی ئەوە ئێمەین یەخەی زەینەبمان گرتووە، ئەوە ئێوەن بە زۆر یەخەی زەینەب دەگرن و دەتانەوێ بێ هیچ بنەمایەکی زانستی و بێ هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بیکەن بە شاعیر و بلیمەت و داهێنەرێکی سەدەی بیستەم.

ئێمە کە باسی توێژینەوەی زانستی دەکەین، مەبەست ئەوەیە، کە دەبێ ئەم باسە بە عەقڵ و مەنتیق لێی تێبگەین نەک بە هەست و سۆز، ئەو بەڵگانەی دەیهێننەوە دەبێ بەڵگەی شەفاف بن و سەرچاوەکانی ڕوون و ئاشکرا

بن، شیکردنەوەکان مەنتیقی بن، پرسیارەکان دەبێ بە بەڵگەوە وەڵام بدرێنەوە، ئەوسا مرۆڤ دڵی ئاوی لێدەخواتەوە و باوەڕ دێنێ، کە ئەم شیعرانە هی ئەو خانمەیە.

## ئەنجام و قسەی دوایی

لە کۆتاییدا دەمــەوێ بە کاک عەبدولڕەحمان و کاک پێشڕەو بڵێم، کێشەی ئەم دیوانەی زەینەب خان، هەر بە تەنیا ئەو کۆمەڵە وشە نوێیانە نین، کە لە شیعرەکانیدا هاتوون و لەو سەردەمە باو نەبوونە، ئەگەر هەموو وشەکانیش بدۆزنەوە کە لەو سەردەمە بەکارهاتوون، ئەم دیوانە هەر جێگەی گومانە، چونکە ئەم شیعرانە لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێش سەردەمی خۆیان کەوتوون: لە ڕووی ئەو بابەتانەی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ داوە، ئەو ڕێبازە نوێیە ئەدەبییە شیعری پێ نووسیوە، ئەو زمانە نوێیە، کە شیعری پێ نووسیوە، ئەو ئیدیۆمانەی بەکاری هێناون، ڕێنووسی دەستنووسەکەی، هەروەها بڵاونەکردنەوەی هیچ شیعرێکی لەکاتی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هیچ نووسەرێک لە هیچ کتێبێک باسی نەکردووە، کە زەینەب شاعیرە. دیوانەکەی مەلا ڕەئوف خادم سەجادەش هەمان دیـاردەی شیعری ئینتیحالە، ئەویش شاعیر نەبووە و ئەمرۆ شیعری بە ناو دەنووسرێ و دەکرێ بە شاعیر. دڵدار خۆی باشترین شاهێدە لە بیرەوەرییەکانی، هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە بڵێ باوکم و خوشکم زەینەب شاعیرن و سوودم لێیان بینیوە؛ هەروەها ئەو کتێبەی کەریم شارەزا بە ناوی «کۆیە و شاعیرانی»[19] بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦١ دەرچووە، کە هێشتا زەینەب خان لە ژیاندا بووە، بەرگی دووەمیشی لە ٢٠١٣ دەرچووە، لە هەردوو بەرگی ئەم کتێبەدا، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەم باوک و کچە، کە خەڵکی کۆیەن و شاعیرن. ئەم هەموو ماوە درێژە ئەم دوو کەسـە چۆن دەبێ شاعیر بووبن، کەچی نە ژیان و نە شیعریان بە دۆکۆمێنت نەکرابن؟ لە بەرانبەر ئەمەدا دڵداریش هەر لەو خێزانە بووە و هەموو ژیان و شیعری بە دۆکۆمێنت کراوە، بە شێوەیەک کەس ناتوانێ نکووڵی لە شیعر و شاعیرێتی ئەو بکات. ئەمانە هەموو بەڵگەی مەنتیقین، کە ئەم دوو دیوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە سەردەمی خۆیانەوە نییە و لەم ماوە مێژووییەش نەنووسراون کە ئەوان تێیدا ژیاون، بۆیە ئەم دوو دیوانە هەتا حەقیقەتی شیعرەکانیان و دیوانەکانیان لەبەر تیشکی بەڵگەی زانستی یەکلا نەکرێنەوە، هەر بە دوو دیوانی شیعری ئینتیحال دادەنرێن.

## سەرچاوە و پەراوێز

١- دیوانی زەینەب خان، کچە کورد ١٩٠٠ – ١٩٦٣، ئامادەکردنی: حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفە فەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستن: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.
٢- مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، دیوانی ڕەئووف، پێشەکی و توێژینەوە و ساغکردنەوەی: د. کەمال غەمبار، هەولێر، ٢٠٢١.
٣- سوداد ڕەسووڵ، «دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) ڕاستییە یان وەهم؟» گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٦٦ – ٢٦٧، چاپخانەی خانی، هەولێر، ساڵی ٢٠١٩.
٤- پێشڕەو سەید برایم: ستەم لە (زەینەب خان) ئەستەمە، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم. لە ماڵپەڕی «وتاری کورد» بڵاو کراوەتەوە. سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە:
١٤/١٢/٢٠٢١/https://www.wtarikurd.info
٥- عەبدولڕەحمان مەعروف، «وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، دیوانی زەینەب خان (کچە کورد)، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە»، گۆڤاری دیوان، ژمارە(١٤) چاپخانەی هێڤی، هەولێر، تەممووزی ٢٠٢٢.
٦- عەبدولڕەحمان مەعروف، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسووڵ، ل٤٤ – ٥٦.
٧- توفیق وهبی، فەرهەنگی گەلاوێژ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٩ و ١٠، ساڵی ٣، چاپخانەی النجاح، بەغدا، ١٩٤٢. ل.٩٤. ٩٤.
لە چاوپێکەوتنێکی ئەمیری حەسەنپوور لەگەڵ تەوفیق وەهبی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٧٦ لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. لەوێش تەوفیق وەهبی باسی وشـەی «ئاسۆ»ی کـردووە کە خۆی ئەم وشەیەی بەرانبەر «أفق» عەرەبی داناوە. هەروەها دەڵێ: بە هەڵە پێیان گوتم ئەمە مانای أفق دەدات، دەڵێ: «لە شێخ خالید نەقشبەندیی شاعیرم پرسی، دەیگوت: ئاسکەکان بەیانی لە ئاسۆوە دیارن، لە شاخەکانی هەورامان، گوتم ئاسۆ چییە؟ نەیئەتوانی تەعریفی بکا وتی «أفق». لە تاریک و ڕوونییەکەوە دیارن، خێرا نووسیم «أفق» لە حەقیقەتا «ئاسۆ» یانی ڕووناکییە، ڕووناکیی بەیانییە». بڕوانە:
ئەمیری حەسەن پوور، سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٥. ل١٨٧.
٨- توفیق وهبی، «فەرهەنگی گەلاوێژ»، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٧-٨) ساڵی ٣، چاپخانەی (النجاح) بەغدا، ١٩٤٢.ل.٩٤.
٩- بۆ ماڵپەڕی ڤەژین بوکس، بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە کە کۆمەڵێک دیوانی شاعیرانی کورد دیجیتاڵ کراوە، لەم وێبسایتە دانـراوە، بۆ گەڕانی هەر وشەیەک بە ناو هەموو دیوانەکاندا بە ئاسانی دەگەڕێ و دەمودەست بۆت دەدۆزێتەوە:
/https://books.vejin.net/ck

10- Jamal Jalal Abdulla, Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers. PhD dissertation, «unpublished», University of York, England, 1980. P.181.

١١- پێشڕەو سەید برایم، ستەم لە زەینەب خان ئەستەمە، بەشی یەکەم.
١٢- پێشڕەو سەید برایم: ستەم لە ( زەینەب خان) ئەستەمە، بەشی دووەم.
١٣- پێشڕەو سەید برایم: ستەم لە ( زەینەب خان) ئەستەمە، بەشی یەکەم.
١٤- مصطفى نەریمان، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٨١. ل٢٨.
١٥- عەبدوڵڵا زەنگەنە، دۆسیە تایبەتەکەی گۆڤاری (دیوان) و (دڵدار)ی شاعیر، گۆڤاری دیوان، ژمارە (١٨) تشرینی دووەمی ٢٠٢٢. ل ٥٧ و٦١.
١٦- پێشڕەو سەید برایم، کام سەرنجی دەقناسی، لەبارەی زەینەب خانەوە، گۆڤاری دیوان ژمارە (٢٠) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ل٤٥.
١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٧.
١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٨.
١٩- کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٦١.

ئاماژەکانی ململانێی چینایەتی

# لە چیرۆکی (چەترە شینەکە)ی دیدار مەسیفی دا



عەبدوڵلا سلێمان
(مەشخەڵ)

"دەقی چەترە شینەکەی دیدار مەسیفی؛ دەقێکی واقیعییە و ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان و خۆرهەڵاتە"

**واقیعگەرایی و شوناس:**

چەترە شینەکە؛ یەکێکە لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی (قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم)ی[١] چیرۆکنووس دیدار مەسیفی؛ کە ڕیالیزم زۆرترین ڕووبەری چیرۆکەکەی داگیرکردووە و لەپەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ کۆمەڵگە و ئینسانەکان. هەر ئەم هۆیەشە بووە مۆتیڤی ئەم نووسینە.

تا ئەو جێگەیەی ئاگاداری بەرهەمەکانی دیدار مەسیفی بم، لەنێو واقیعێکی ئاڵۆز و ناڕوونەوە بەخۆی و کارەکتەرەکانییەوە، بەزمان و شوێنکاتییەوە، بەخەیاڵ و فلاشباکییەوە، بەگرێچنە و پەیامی دەقییەوە تێدەکۆشێت پێ بنێتە نێو چاوەڕوانییەکانی خوێنەر و بچێتە نێو سنوورەکانی واقیعەوە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە، کە چیرۆکنووس لەدەرەوەی سنوورەکانی واقیعەوە دەماندوێنێت، بەڵکو مەبەست لە چوونەدەرەوەی جوغزی فانتازیای نووسەرە بەرەو پانتاییەکانی ئەو ژیانەی. کە ڕۆژانە دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەین.

هەروەها لەلایەک بەو پێودانگەی کە (ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمە ئەدەبییەکانیش دیاردە و ڕووداوگەلێکن، کە زادەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن. کە ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ناکرێت ئەدەب لەژیانی کۆمەڵایەتی دابڕێت)[٢]

ئەم واقیعیبوونە پێویستییەکی بنەڕەتی دەقی ئەدەبییە تا بتوانێت شوناس بەدەست بهێنێت. لەلایەکی دیکەیشەوە لەنێو ئەو واقیعەی، کە چیرۆکەکە و پاڵەوانەکان ئینتمایان بۆی هەیە، ململانێیەک لەئارادایە، شوناسی ئەو ململانێیە گەرچی بەڕواڵەت شوناسی نێوان دوو عاشق و دوو باری کۆمەڵایەتی جیاوازە، بەڵام لە گەوهەری خۆیدا شوناسی ململانێکی چینایەتییە و تەواوی جووڵەی کارەکتەرەکان و میزاج و ئەتمۆسفیری دەقەکە سەپۆرتی ئەو ململانێیە دەکەن.

(گەنجەکە ناوی شەهەند بوو و سەرتاپای گیانی بە باران تەڕ بووبوو و لە گشت لاوە ئاوی لێ دەچۆڕایەوە. ئەو نزیکەی دوو ساڵێک بوو، دوور بە دوور شەهلەی دەناسی، لێ هەرگیز وەک ئەو ڕۆژە مەراق نەچوو بووە دڵییەوە کە لە نزیکەوە کیژی ئەو بازرگانە دەوڵەمەندە بدوێنێت و ئەوەی لە دڵی دایە بیخاتە سەر زوبان)[٣]

گرێی ئەوینی شەهلە و شەهەند، گرێکە لە تەندووری دوو دڵەوە هەڵدەستێت کە یەکێکیان هەژارە و ئەویدیکەیان دەوڵەمەند (باوکی شەهلە بازرگانێکی دەوڵەمەندی قوماش بوو و پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ لێپرسراو و گەورەپیاوانی شار)[٤]

ئەم جیاوازییە چینایەتییەی نێوان عاشق و مەعشوق گەرچی یەکەمجار نییە لە دووتوێی دەقی چیرۆکێکدا نمایش دەکرێت، بەڵام لەم چیرۆکەدا ڕێخۆشکەرە بۆ چنینی ڕووداوەکان و زەمینەخۆشکردنە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆمەڵایەتی دەق. لەلایەکی دیکەشەوە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە ئاو لەو ململانێیە دەخۆنەوە، کە کاکی بازرگان و شاعیرە بەناوبانگەکە وەک دووجەمسەری هەژار و دەوڵەمەند، هەق و ناهەق،

جەماوەر و دەسەڵات تیایدا دەردەکەون. ئەم واقیعە نیمچە مەجازییەی، کە سیاسەت سێبەری خستووەتە سەری و وێنایەکی دروستی واقیعە تاڵەکەی ژیانە، ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت و ڕەخنەی ئەدەبی ئاوڕی لێنەداتەوە. ئاوڕدانەوەی دەقی ئەدەبی لە واقیعی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی شوناس لەجەرگەی ئەم واقیعە مەئلوفە دەتوانێت ببێتە پەساپۆرتی پەڕینەوەی دەق لەسەر کاغەزەوە بۆ نێو دڵی خوێنەر و جەماوەر.

**تایبەتمەندییەکانی ململانێی کۆمەڵایەتی:**

بیرۆکەی ململانێی کۆمەڵایەتی لای کارڵ مارکس، کە کۆمەڵێ دەوڵەمەند خەڵکی هەژار بەکار دێنن بۆ زیادکردنی سەروەت و سامانیان و هەژارکردنی هەرچی زیاتری هەژاران. ئەم بیرۆکەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتی[٥]

ململانێی کۆمەڵایەتی لە دەقی چەترە شینەکە؛ هەر لەسەر هەمان ڕێچکە و میتۆدە مۆری خۆی لە هەموو دیاردە و ڕووداوەکان دەدات. بەو پێیەی، کە تەواوی پێکهاتەکانی چیرۆکەکە ملکەچی ئەو یاسا ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێت تایبەتمەندییەکانی ئەو ململانێیە بەوجۆرەی، کە هەیە لە دەقی چەترەشینەکەدا وێنابکرێت.:

یەک: ململانێکە؛ ململانێیەکی کۆمەڵایەتی - چینایەتییە و دانەبەزێنراوەتە ئاستی کێشەی کەسیی.

دوو: سێبەری هێزە کۆمەڵایەتییەکان و مانۆڕی سیاسی ئەو هێزانە بە ئاسانی دەبینرێن و کاریگەرییان بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە.

سێ: دەستبردن بۆ ئاستە جیاوازەکانی سەرکوت و پەلامار، کە هەر هەمان میتۆد و ئامرازی دەسەڵاتە چەوسێنەر و ستەمکارەکانە دەرهەق بە جەماوەری ستەمدیدە.

چوار: کاریگەری ئەدەب و ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی ئەدەب لە ململانێکان، بەڵام کاریگەرییەکە ناڕاستەوخۆیە.


پێنج: نیشاندانی یەکگرتن و هێز پەیداکردن لە یەکڕیزی ستەمدیدەکان.

ئەم ململانێ چینایەتییەی نێوان جەماوەر و دەسەڵات، ململانێیە لەسەر گرەوێکی مێژوویی، بەڵام بە کۆمەکی عەشقێکەوە، کە هەر لەسەرەتاوە بەگیر و پڕ لە کێشەیە: (لەنێو هەموویان بێداد سەرگەرم و شپرەزترینیان بوو هەتا ئەو ئاستەی کە نامەیەکی پڕ لە هەڕەشە و جوێن بۆ شاعیرەکە پڕ دەکاتەوە. نامەکەی برد بۆ سەر مێزێکی چایەخانەیەک، کە چواردە ساڵ بوو شوێنی جێگیری شاعیرەکە بوو)[٦]

تادەگاتە ئەوەی: (کاکی بازرگان ئۆتۆمبیلە ڕەشە بریقەدارەکەی خێرا خێرا بەرەو کۆلێژی زمان دەهاژووا، لەملایشەوە دوو پیکاپی پڕ لە پیاوی کەتە و چەکدار دەبیندران. لە پێشەوەی یەک لە پیکابەکان باوکی بێداد دانیشتبوو و بە دوو پەنجەی گەمەی لەگەڵ نەرمایی گوێچکەیەکی دەکرد. هەتا ئەوکاتەی شەهلە و شەهەند بەدی دەکات، کە لە دەرگای کۆلێژ نزیک دەبنەوە، ئینجا ئیشارەت بە چەکدارەکان دەدات کە بچن شەهەند



دیدار مەسیفی




پەلبەست بکەن و بیخەنە پشتی پیکاپەکەوە. چەکدارەکان بێ ئەوەی یەک زەرە سۆز و ڕێز بنوێنن، زۆر کوێرانە بەردەبنە گیانی شەهەند و لە نێو قوڕ و چڵپاودا تا تێر دەبن بەر شەقی دەدەن)[7]

لەملاشەوە شاعیرەکە باوکی شەهەند (وتارێکی لە ڕۆژنامەیەکی بە ناوودەنگدا بڵاوکردبووەوە و سەرتاپا شاری هەژاند بوو. ئەو بە هۆی ناوبانگییەوە وەک لێپرسراوی گەورەی شار نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا پەلاماری شاعیرەکە بدات، چونکە ناوبانگی سنووری وڵاتی بڕیبوو و شیعر و نووسینەکانی بۆ سەر بیست و دوو زمانی زیندوو وەرگێردرابوون)[8]

ئەم کێشمەکێشە سیاسییەی نێوان بەرەی جەماوەر و دەسەڵات، کە لەڕاستیدا کێشمەکێشی چینایەتییە و لەسەر دوو بەرژەوەندی سیاسی

**دیدار مەسیفی سەربارى چەند ڕەگەزێکی هونەری وەکو شوێنکات و میزاج، گێڕانەوەکانی خۆی لەدەوری کارەکتەر و زمان و ڕووداو و ئەتمۆسفیر چڕدەکاتەوە و ئەم چوار ڕەگەزەی دوایی دەکاتە بناغەی ساختمانە هونەرییەکەی**

- چینایەتی بەڕێوەدەچێت. چونکە زۆرینەی جەماوەری ستەمدیدە زەحمەتکێش و کرێکارن و دەسەڵاتیش، دەسەڵاتی بازرگانان و سەرمایەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەم ململانێیە بووەتە هێڵی درامی ڕووداوەکان و پێکدادانە کۆمەڵایەتییەکانی نێو دەقەکە. بۆیە زیندوویێتی ئەم دەقە لە بوون و زیندوویێتی ئەم ململانێیەوەیە و سەرەنجامیش وەکو حەتمییەتێکی مێژوویی بەرەی جەماوەری ستەمدیدە سەرکەوتن؛ بەڵام سەرکەوتنێکی کاتیی بەدەست دەهێنن.

## یەکانگیربوونی کارەکتەر و ڕووداو بەهۆی زمان و فەزای شۆڕشگێرانەی دەق:

بەوجۆرەی، کە واقیعگەرایی لە دەقی ئەدەبی هەڵگری تایبەتمەندی زیندوویێتی و گەشبینییە[9] لەهەمان کاتیشدا بەهۆی کۆمەڵی ڕەگەزی هونەرییەوە ئیش لەسەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دەق دەکات.

دیدار مەسیفی سەرباری چەند ڕەگەزێکی هونەری وەکو شوێنکات و میزاج، گێڕانەوەکانی خۆی لەدەوری کارەکتەر و زمان و ڕووداو و ئەتمۆسفیر چڕدەکاتەوە و ئەم چوار ڕەگەزەی دوایی دەکاتە بناغەی ساختمانە هونەرییەکەی. بۆیە دەبینین هەردوو ڕەگەزی ڕووداو و کارەکتەر لە چیرۆکی چەترە شینەکە لە لێکهەڵپێکرانێکی درامیدان. یەک ئەویدی تەواودەکات. نووسەر کارەکتەری بەپێی ڕووداوەکان خوڵقاندووە. لەو ژمارە کارەکتەرەی نێو چیرۆکەکە (شەهەند، شەهلا، باوکی شەهلا، شاعیرەکە و هاوڕێکەی و قوتابییەکان و کەسی یەکەمی شار و تاد) دەبینین پۆلێک کارەکتەری سەرەکی و نا سەرەکی و کارەکتەری ناسراو و نەناسراو و کارەکتەری سست و خاو و چالاک هەن، کە هەریەک بەڕۆڵی خۆی؛ گۆشەیەک لە ڕووداوەکان بەرجەستە دەکاتەوە. گەرچی تەواوی ڕووداوەکان بەهۆی عەشقی شەهلا و شەهەندەوە تەوەرە دەبەستن، بەڵام کارەکتەری شەهلا زۆر بێکاریگەرە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان. یان وردتر بڵێم شەهلا هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر چارەنووسی عەشقەکەی و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکە؛ لەکاتێکدا دەیتوانی ڕۆڵی یەکلایکەرەوە بگێڕێت لەم کێشمەکێشەدا. بۆیە لەبری عاشقەکان کەخاوەنی مەسەلە

ئینسانییەکەن، کێشمەکێشەکە لەئاستێکی دیدا و بە ڕابەرایەتی کارەکتەرگەلێکی دی (شاعیرەکە و بەرپرسی یەکەمی شار) بەڕێوە دەچێت. وەک چۆن ئەنگێزەی کارەکتەرەکان ئاراستەی ڕووداوەکان دیاری دەکەن، ئاواش ڕووداوەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر کارەکتەرەکان. زمانیش لە دەقی چەترە شینەکە زمانێکی سادەیە، بەڵام تەریبە لەگەڵ ئەتمۆسفیری دەقەکە. فەزای چیرۆکەکە کەڕووداوەکان ڕۆڵی مەزنیان هەیە لە خولقاندنی، فەزایەکە پڕە لە بەرز و نزمبوونەوە. فەزایەکە لەلایەکەوە ستەم و ملهوڕییەکانی دەسەڵاتداران و بۆرژوازی دەبینین و لەلایەکی دیکەیشەوە هێزێکی بەرینی جەماوەری جۆش سەندوو بە خەبات لە پێناو مافەکانی خۆی لە مەیداندایە. ئەم دوو دیمەنە لێکهەڵدەپێکرێن و فەزایەک دروست دەکەن، کە خاوەن زمانی تایبەت بەخۆیەتی. چونکە زمانی ئاڵۆز و تەمومژاوی ناتوانێت زمانی فەزا و دۆخە شۆڕشگێڕەکان بێت. زمانی ئەمجۆرە فەزایە زمانێکی سادە و ڕوون و بێ گرێوگۆڵە. دیدار مەسیفیش هەر ئەو زمانە سادەیەی بە باڵای ئەم ئەتمۆسفیرە پڕ لە کێشمەکێشەدا بڕیوە. لەلایەکی دیکەیشەوە دەبینین، کە ئیشکردنی نووسەر لەسەر ڕەگەزە هونەرییەکان بەجۆرێک بووە، کە باڵانسی نێوان شێوە و ناوەڕۆکی لەبەرچاو گرتووە. ڕاگرتنی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان شێوە و ناوەڕۆک تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ئەدەبی ڕیالیستی سۆشیالیستی[١٠].

دیدار مەسیفی گەرچی پێیەکی بە توندی لەسەر ئەرزی واقیعدایە، بەڵام تا ئێستا لەهیچ بەرهەمێکیدا نەچووەتە نێو سنوورەکانی ڕێبازی سۆشیالیستییەوە.

**ئەنجام:**

دەقی چەترە شینەکەی دیدار مەسیفی؛ دەقێکی واقیعییە و ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان و خۆرهەڵاتە. نووسەر لەڕێی عەشقێکی بێگەرد و جوانەوە، ململانێی کۆمەڵایەتی چینایەتی نێوان دوو جەمسەری جەماوەری ستەمدیدە و دەسەڵاتی ستەمکارمان پیشان دەدات. ڕەنگدانەوەیەی ئەم کێشمەکێشەش هەر تەنیا وێنایەکی کتومتی واقیعەکە نییە، بەڵکو وەک هەر نووسەرێکی واقیعگەرا، کە ئینتمای بۆ فەزا و کاری شۆڕشگێڕانە هەیە، هاتووە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان شێوە و ناوەڕۆک خولقاندووە، کە کار لە چێژ و ئیستاتیکای دەق و خوێنەر دەکات. بەمەش تەجاوزی ئەو تێگەیشتنە ڕۆح مردووەی کردووە، کە پێیوایە ململانێی چینایەتی لە دەقەکانی ئەدەبی داهێنەرانەی کوردیدا بوونی نییە. ئەم دەقە هەڵگری تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی ململانێیەکە، کە شوناسی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییە؛ چینایەتییە و نووسەر لەڕێگەی زمان و کارەکتەر و خولقاندنی ئاکسیۆنێکی شۆڕشگێڕانەوە ڕووداوەکان دەگەیێنێتە چڵەپۆپە و سەرەنجام مۆری سەرکەوتنێکی کاتیی لە ململانێکە دەدات، بەمەش ئەو پەیامە دەگەیێنێت، کە جەماوەر و ئەوانەی لەسەر هەقن، سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە.

**ژێدەر و سەرچاوەکان :**

١- قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم، کۆچیرۆک، دیدار مەسیفی، چاپخانەی ئازادی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٥، ل٢٠٥ – ٢٣٣.

٢- الفن و التصور المادي للتاريخ، تآليف جورج بليخانوف، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الاولى ١٩٧٧، ص٧.

٣- قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم، ل٢٠٨.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٠٩.

٥- نظرية الصراع الطبقي لكارل ماركس، بقلم د.يحيى سعد، موقع الدراسات للاشتشارات و الدراسات و الترجمة ٥-٢-٢٠٢٢

https://drasah.com

٦، ٧، ٨- قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم، لاپەڕەکانی ٢١٨،٢٢٠،٢١٩.

٩- المذهب الواقعي في الآدب بقلم اسراء، ابو رنة، موقع السطور https://sotor.com

١٠- الواقعية الآشتراكية في الآدب و الفن، بقلم برهان القاسمي، من منشورات مركز الدراسات و الابحاث العلمانية في العالم العربي، ١٠-٤-٢٠١٨ https://www.ssrcaw.org



# شەڤیار، بانۆیا تەنگەزار



موحسین عەبدولرەحمان

**دەرازینک:**

رۆمان ژ گرنگترین وان سەربۆرانە یێن ب ویرەکی هەولدەت دەست ل گیخا (جڤاکی، سیاسی، دینی) بدەت، و وێ ب شێوەیەکێ جوانناسی کو ل سەر لایەنێن دی یا ڤەکری بیت گشتگیربکەت.

لایەنێ دی یێ هەرە گرنگیپێدەر ژ لایێ پتریا هەرەپتر ژ نڤیسەرێن کورد، ئەوژی هێمایە، زێدەبکارئینانا چەڤەنگان د وێژەی دا جاران بۆ مەبەستەکا ئاماژە و کورتکرن یان خوازە و جوانناسیێ یە، لێ ل رۆژهەلاتێ هەر ژ ئەگەر و ئەنجامێ سەرکوتکرنا (جڤاکی، سیاسی، دینی) یە. ئەڤە نیشانە کو ئەوا ئەم رۆژهەلاتی ب شانازیڤە دبێژینێ دیموکراسییا رێڤەبرن و دەستهەلاتێ و پێکڤەژیانا پێکهاتێن جوداییێن جڤاکی درەوەکە هەرە مەزنە ل خۆ دکەین!

وێژە هەستکرنا کویرا نڤیسەرییە ب دەوروبەران و بابەتێ بنەرەتی د وێژەی دا، ئەو هزرە یا وێژەڤانی دڤێت بگەهینیت، ئانکو هزرا وێژەی دڤێت بگەهینیت، تێکەلی دارشتنا هۆنەری دکەت، ئانکو دارشتنا رەوانبێژ و گرنگیدان ب جوانناسیێ تەوەرەکێ سەرەکیێ هزرکرنا مرۆڤییە، د فەلسەفەیا جوانیێ دا، ل سەر بنەمایێ کو داهێنانا هۆنەری د وێژەی دا دیاردەکا جڤاکییە، گرنگیێ ب پێکهاتێ ناڤخۆیێ مرۆڤی ددەت. زانستێ جوانییا وێژەیی ب چار رەگەزێن خۆڤە ئەوێن رەخنەگر ل سەر درێککەفتی (دلینی، رامان، شێواز و ئاشۆپ) پێکهاتییە. ئانکو بۆ منێ خواندەڤان دەقێ وێژەیی هزرە لێ ب رەوابیا دارشتنێ و جوانناسییا هۆنەری.

**١. پێشەکی:**

نۆڤلێت ئەو دەقێ وێژەییە یێ د ناڤبەرا چیرۆک و رۆمانێ دا، ئەو رۆمانەکا کورتە ب سەلیقەیەک لەز دهێتە ڤەگێران، رۆمان و نۆڤلێت ل ئەوروپا ڤەرێژەکا سرۆشتی بوویە بۆ وەرچەرخانەکا هزری، ژ ئەنجامێ داهێنانێن زانستی و ڤەدیتنێن جوگرافی و گەشەیا ئابووری... ئەوێن ژین و ژیار و هشمەندییا مرۆڤێ ئەوروپی سەرۆبنکری، کارتێکرن د بوارێن پەیوەندیێن جڤاکی دا کری، لێ رۆمانا کوردی ڤەرێژا چییە، ژبلی زیندان و ئەنفال، ئاوارەیی و تەنگەزاری، کوچبەری و پەنابەری..، ئوڤە ژبلی پاشڤەمانا جڤاکی و ئەرێ مە بیردانکا خۆ ژ رابووری ڤالاکرییە، ئەگەر برایێن گۆرگ و حەفتیار بیردانک بۆ مە هێلابیت، دا هزر د پاشەرۆژ و داهێنانێ دا بکەین.

بو من نەخۆشترین گاڤ د تۆڤک (چەرەزات) کەلوژینێ دا، ئەوە دەمێ تۆڤکا داویێ یا گەنی بیت! لەورا دێ کەلوشتنا توڤکا دروست بۆ دووماهیێ هێلم! ئانکو پەیڤا ئەرینی دێ بۆ دووماهیێ هێلم. و دێ ب رەخنەیا زمان و رێنڤیسێ دەستپێکەم، کارکرن بگۆتنا کەسەکێ رۆژئاڤایێ گۆتییە ئێکێ رۆژهەلاتی: هوین د

سەیرن، ب سێ سەعەتا خوارنێ دلێن و د سێ چرکەیان دا دەڤێ خۆ دسۆژن!

هەمان پرس لێ بۆ ویژەی: ما لەزاتی د چاپکرنێ دا نە هزر و پەیام سۆتنە!؟

**ناڤ:**

رەڤین ناڤێ نۆڤلێتی یە و ناڤ بۆ هەر دەقەک ویژەیی، هونەری دەربڕینە ژ ناڤەرۆکێ، هەروسا ناڤ بۆ مرۆڤێ وەکو سهێ یە، ئەو لگەل مرۆڤی هەڤبەندە و دوندەە ژی هەلگرا وی ناڤییە، رەڤین قارەمانێ دەقییە و پەیڤا رەڤین، زاراڤەکێ خوازەیە بۆ رەڤینێ ژ ژیواری یان بەرپرسیاریێ و دبیت رەڤینەک دەروونی بیتن، دووماهیک رەنگێ رەڤینێ ژدەستدانا بیردانکێ یە. (دگەل ڤیژییا وی یا ئێکێ دایکا وی دووماهیک هەناسە هەلکێشا، هندەکا گۆت دێ ناڤێ وی کەینە خەمگین، دووماهیێ ل سەر ناڤێ رەڤین رێککەفتن) زارۆیەک د پاشییا شکەفتەکێڤە یان لبەر کەڤرەکی د شەڤەک ئەنفالی دا دبیت، ژ بێ خودانی و چارەسەری دایکا وی دمریت، دا بوویێ وێ نەتنێ هەمی ژیێ خۆ ناڤەکێ رەشبین بهەلگریت، بەلکو بۆ دوندەها خۆ ژی بکەتە نازناڤ! ئەڤە ئاژەک نەراستەوخۆیە کو تا نها کوردان رەوشەنبیرییا ناڤکرنا زارۆکی نینە، و ناڤ ئێکەم ناسنامەیە ب بێ بژاردن و بۆچوون وەرگرتن ب مرۆڤی دهێتە بەخشین.

سەرباری رەڤینێ کورێ ئەنفالێ و رەڤینا شەڤیاری و رەڤینا یارێ وێ و... پەیڤا رەڤین هند هاتییە دوبارەکرن تاکو د هزرا مە دا گەهیبوویە، هچکو ب زانابوون بۆ رەڤینا هەردەمی هشێ مە دهێتە بەرهەڤکرن، گونجایتربوو، چنکو ئەو ناڤێ شەڤیار نەتنێ ئەو کەساتییا سەرەکییە، بەلکو بزڤینەرا رویدانانە، لەورا من ناڤێ شەڤیار گونجایتر دبینم.

**زمان:**

ب گوللەکێ مرۆڤەکی دکوژی، لێ ب پەیڤەکێ مللەتەکی قڕدکەی. (تشی گیڤارا)

چ زمان سەدێ سەد د پەتی و زەلال نینن، ئاساییە مللەت پەیڤان ژێکدوو وەربگرن، لێ ئەو بۆ پەیڤا نەیێ رەوایە، چنکو بکارئینانا هەر پەیڤەکا بیانێ ژ هەر زمانەکی ل جهێ پەیڤەکا زمانێ دایکێ، ئەو دبیتە پشکداریکرن د کوشتنا وێ پەیڤێ دا، د بەرامبەر دا زێندیکرن و ڤەژاندنا و چێکرنا پەیڤەکا نوی بهێزکرنە و دانا زاخێ یە بۆ زمانێ دایک، وەسا دیارە نەبەسسە ئەو تێکدانا گوتاربێژ و نڤیسەرێن بناڤێ موسلمانەتیێ و براینییا نیشتمانی دکەن، ڤێجا نڤیسەرێن نەتەوەخواز ژی ئەگەر خەمساری کر، ئەرێ رەوشا زمانی دێ چ لێهێت؟ ئەرێ بەرهۆشە مللەتەک د ناڤخۆدا ب زمانێ داگیرکەری دئێکدوو بگەهیت!؟

ل باکوری ب ترکی و ل رۆژهەلاتێ ب فارسی و ل باشور و رۆژئاڤا ب ئەرەبی ( راهاتینە کو خۆشیێ ب تشتێ مە هەی نەبەین، تاکو مە پیتێن زمانێ خۆ و مافدارییا بکارئینان وان نینە، و ئەڤە ئەم د نەچارین ب زمانێ فارسی یان ئەرەبی بۆ ئێکدوو بنڤیسین، هەچکو ژبلی وان چ زمان مە ناگەهینن ئێک، و تو دشێی ب وێ چەندێ بکەنی یان داخباربی). (روایە قسمت، حوراو النداوی، منشورات الجمل، بیروت، ٢٠١٨، ص١٧٩ )

دبیت کەسەک بپرسیت ما بکارئینانا چەند پەیڤەکێن بیانی د پەرتووکەکێ دا چ زیانە؟ بەلکو جاران رەوش و تامە بۆ دەقی و بەرفرەهییا رەوشەنبیرییا نڤیسەری دیاردکەت.

لەو نابێژم بەری ئەرەب بگەهنە باشیکێ ئێزدیێن ویدەرێ ئەرەبی دزانی، و نها کوردی دزانن؟ کوردێن ئێزدیێن نڤێژ و لاڤەیێن وان ب کوردی و حەجا وان ل کوردستانێ و کوردیێ نەزانن!؟ دا قەبارەیێ کارەساتێ ببینین، دا بەرفرەهتر بپرسم ئەرێ رۆژا لەشکرێ ئەرەبا مسر داگیرکری، خەلکێ مسرێ ب ئەرەبی دئاخفت، ئەگەر نەخێر، پا چاوا نها مسری تاکو قبتێن دینێ خۆ یێ فەلەیینێ پاراستی زمان و تاکو ناڤێن کەسی ئەرەبینە؟ ئەرێ ما

“

**ژ گرنگییا پاراستنا زمانی هزرمەندەک دبێژیت: (هەر مللەتەکێ ژێر هندی زمانێ خۆ بپارێزیت، ئەو کلیلێن زیندانان وی ددەستدانە و هەر دەمێ ڤیا دشێت ئازادببیت)!**

”

مسرییان د شەڤ و ڕۆژەکێ دا زمانێ خۆ ژ دەستدایە، نەخێر سال و چەرخان ڤەکێشا و پەیڤێن ئەرەبی پەیڤ لپەی پەیڤێ، دکەفتنە زمانی و ل هەمبەر بەلاڤبوونا هەر پەیڤەکا ئەرەبی پەیڤەکا قبتی دمر، و ئەڤە ل سەر هەر ڕەوشەکا وەسا دا دهێتە بجهئینان، نها و ئەڤە سەد سالە ل سەرانسەری کوردستانێ هەمان ڕەوش سەرکەفتییانە دهێتە پەیرەوکرن.

> **"دبیت کەسەک بپرسیت ما بکارئینانا چەند پەیڤەکێن بیانی د پەرتووکەکێ دا چ زیانە؟ بەلکو جاران ڕەوش و تامە بۆ دەقی و بەرفرەهیا ڕەوشەنبیریا نڤیسەری دیاردکەت"**

ژ گرنگییا پاراستنا زمانی هزرمەندەک دبێژیت: (هەر مللەتەکێ ژێر هندی زمانێ خۆ بپارێزیت، ئەو کلیلێن زیندانان وی ددەستدانە و هەر دەمێ ڤیا دشێت ئازادببیت)!

مللەتێن دێرین شانازیێ ب شارستانییا خۆ دکەن و زمان ب پشکا هەرە گرنگ ژ پێکهاتەیێ وان یێ شارستانی دهێنە نیاسین، ئەو تاک و کوما زمانێ خۆ ژدەستدا، ئەو هینگێ ناسنامە ژ دەستدا.

دەربارەی ڕێنڤیسێ ل سەر بەرگی ڕەڤین ب (ڕ) هاتییە نڤێسین، د کوردیێ دا هەمی (ر) ل دەستپێکا پەیڤێ دگرانن (ڕەنگ، ڕەنج، ڕابوون، ڕاکێشان، ڕستن، ڕەش، ڕاوێژ، ڕاهاتن، ڕاهێنان..). پەیڤێن لێکدای و دارشتی سەرەدەریا ئێک پەیڤ دگەلدا دهێتەکرن، لێ د ناڤەرۆکێ دا جاران ژێکڤەکرینە، (بەر- سینگی بپ١٦، گۆە – لێبوویە بپ١٨، کاندید – کرن بپ١٩، برێڤە – بەن بپ٨٢)، دیسان (د.... دا) ئەگەر (د) ل دەستپێکا پەیڤێ جودابوو، ل دوومایێ (دا) دێ جودابیت، (د چارچۆڤێ دەولەتا عیراقێدا/ د ناڤ گاڕانێدا). بپ٨

دگەلدا نەخشەسازی ژبلی فۆنتێ مەزن چارچۆڤێ لاپەری ڤالاهییەک بەرچاڤە، هەچکو نەخشەسازی ڤیای بخۆرتی قەبارێ پەرتووکێ مەزنبکەت، و د دەقێ ئەدەبی دا ناڤەرۆک نە قەبارە یێ گرنگە و ئەو ب خۆ ناڤێ وێ نۆڤلێتە، ئانکو ل شوینا ٨٤ لاپەران ئەگەر ٧٤ بانە ئەنجام هەر ئەوە.

دا ل ئێکەم هەڤۆکا نۆڤلێتێ بخوینین (دەمژمێر نەه و نیڤی سپێدێ بوو دەمێ ب پەیاسە دچوو فرنا سامونێن حەجەری) نابێژم نانپێژی یان فرن، لێ دێ بێژم ژبلی ڕێنڤیسا کوردی د ڤێ ڕستێ دا (فرن، سامون، حەجەری) کانێ پەیڤا کوردی !؟ تنێ دێ وەک نموونە هندەک پەیڤێن ئەرەبی ڕێزکەم، کو هەمبەر وان پەیڤێن کوردی هەنە و لتەنیشت ژمارەیا لاپەری دانم و هوین بڕیارێ بدەن: توهمەتا بپ٦، ئێتیم بپ٧، موشکیلە بپ١٥، ڕیبات بپ١٨، هوتێل، بپ٢١، عمید بپ٦١، (تاوانبارکرن، سێوی، ئاریشە، بویمباخ، میهڤانخانە، ڕاگر). ئەڤە هەمبەر وان پەیڤێن ئەرەبی.

**٢. دەوڵەتداری:**

(هێش دەه ڕۆژ ل سەر پێکئینانا کابینا نوو یا حوکمەتێ ڤە نەچووین و گوهۆرینا جەنابێ وەزیری. سەیدایێ عومەر ئەو لێکزڤراند. بپ٢١). ئەڤێ هاتییە لێکزڤڕاندن بەری دوازدە ڕۆژان دەمێ دچوو پایتەختێ وەزیری نەدهێلا بچیتێ میهڤانخانەیێ و دگۆتێ ئێدی بێژە من خال؟

دبینین ب پێکئینانا کابینا نوی وەزیر هاتە گوهۆرین، و دگەلدا تا بچویکترین فەرمانگەها ب سەر وێ وەزارەتێ ڤە شینوارێن کوهارتنا وەزیری لێ دیاربوون، بەلکو فەرمانبەری ل هۆزا هاتینە لێکڤەکرن و هەر ڕێڤەبەرەکێ گشتی دەمێ ڕێڤەبەرییەکێ وەردگریت، هەولددەت مرۆڤێن خۆ ل وێ فەرمانگەهێ کومبکەت!

- (ئێدی دڤێت تو دەست ب دەوامێ بکەی، چونکی نوکە بەحسێ چاکسازی و بندیوار و سەر دیوارانە بپ١٠)

- (گەلەک ژ ڕێڤەبەر و کاربدەستێن ڤی وەلاتی یێت بووینە نەهنگ و ماسیێن بچویک ب ساناهی دداقورچینن، بێی کو برکەک ژێ بهێتێ) بپ٢٩.

- (ڕێڤەبەری گۆتێ تو دشێی د حەفتیێ دا ب تنێ دوو ڕۆژان بهێی دەوامێ ) بپ٣١.

- (بەری نها هندەک هەڤال ل سەر بابەتی بێدەگنەبوون، و گەهاندنە جهێن شۆلەژێ،

لدووماهیێ دوو ڕکاعەتا شەرمزاربوون...ئەم ل سەر دزیێن وی بێدەنگین و ئەو ژی ل سەر نەپێگیرییا مە بێدەنگە بپ٣٤.)


– (ئەڤرۆ دادگەها فرەنسی سزایێ پێنج سالان ل سەر سەرۆک وەزیران و سێ سال ل سەر ژنا وی ب زیندانێ و ئێک ملیون یورو سەپاندن، چنکو ژنا خۆ ل پەرلەمانی کربوو بندیوار. د دلێ خۆ دا گۆت.. ئەلەلەلە ئەڤە بۆ ئێک بندیوار پا بۆ دوسەد هزارێن ڤی وەلاتی...بپ٣٦)

دەولەتداری سیستەمێ دەستهەلاتێیە، ئەرێ ئەڤا ل سەری نیشانا دیموکراسی یان دکتاتورییەتێ یە، ب بۆچوونا من د ناڤبەرا هەردویان دایە، چنکو هەر سیستەمەکی ئەرێنی و نەرێنی یێن خۆ هەنە، لێ ئەڤە بەرەللایی یە، کو پیسترین ڕێڤەبرنە، ئەوژی وندابوونا دادپەروەریێ یە، و دادپەروەری شەنکستێ دەستهەلاتێ یە و گەندەلی کرمێ دارێ یە!

**٣- ستەم:**

ئەگەر پێچەکێ لێڤا پەردەیێ ڤەدەین، تێ دەرگەهی ڤەکەین، دەنگێن ستەملێکری، دەنگێن خەندقاندی، دەنگێن بێدەنگان دێ گۆهێن مە سمن، وێنەیان دێ بینین، دبیت مە دیتبن و ژبیرکربن یان هەر نەدیتبن و نەبهیستبن و باوەرنەکەین کو هەنە.. گۆتن و بهیستنا وان هەستبینی و نڤێساندنا وان حنێرا وێژەیە، هزرکرن و پێشبینی د تشتێ نەپەن و پەچنی یان هەر نەبووی دا هەچکو هەیی، وێنەکرنا تشتێ نەبینرای، و بزمان ئێخستنا قەرمی و بێزمانان، دبیتە دەنگێ هشێنا ڕیبارەکێ ژ پەیڤ و وێنەیێن دەربڕینکەر ژ هیڤی و هیخوازی، خەم و زڤێری، جاران کویفکە و ژێ دبژینیت بیهنا گۆلاڤا پیرۆزیێ.

لێ چاوا هەر نڤێژ و لاڤەیەکێ ئاییردەیین خۆ هەنە، د باوەر و ڕەوشەنبیریێن جودا دا، پەرستنا د نڤێژگەها هزرێ دا، لاڤەکرن ب قەلەمی نڤێژەکە ئاییردەیێن خۆ یێن تایبەت هەنە، ئەو نڤێژا مرۆڤبوونا هشیار و وژدانا زیندییە، ئەو (گەردونییا پەیڤێ) یە! ژ گرنگترین بنەمایێن وێژەڤانییا وژدانییا کوردی، وێنەکرن و تومارکرنا مەرگەسات و شکەستنێن مرۆڤێ کوردە ب هێما و ئاماژەیان!




> **“ ژ گرنگترین بنەمایێن وێژەڤانییا وژدانییا کوردی، وێنەکرن و تومارکرنا مەرگەسات و شکەستنێن مرۆڤێ کوردە ب هێما و ئاماژەیان! ”**

ئەگەر ڕۆناهی ژ هەتاڤێ و تریڤە ژ هەیڤێ بن، لێ هەر تریفەیێن هەیڤێ ڕەنگڤەدانا ڕۆناهییا هەتاڤێ یە، لڤێرە ژێ ڕەنگڤەدانا هزرا نڤێسەری د هێمایی یا دوو ژنان دا (شەڤیار + فاتو ) ڕۆناهییە ل سەر قۆلاچەکا تاری و نەپەن و قەدەغەکری ژ لایێ جڤاکی ڕەنگڤەدایە، د ناڤ ڕێزان دا ئەو پەیوەندییا بهێزا د ناڤبەرا هێزا دەستهەلاتداری و حەزا خودانیێ بۆ هەر تشتەکی ئاشکرا و بەلی دبیت، ڕێژەیەکا

بێدادییا جڤاکی د هەر کومەلگەهەکێ دا هەیە، لێ د جڤاکێن ڕۆژهەلاتی دا گەهشتییە پلەیا گەنیاتیێ، دەمی هەمی ڕێک بۆ بدەستڤەئینانا دراڤی و دەستهەلاتێ و تێرکرنا حەزان، ژ لایێ جڤاکی د ڤەوژارتی و ژلایێ دینی د فەتواکری بن، هینگێ ئەم دشێین هزر د ڕاددەیا گەلەکەبوونا گلێشی (ل چەپا ئەدیب عەبدللای) دا و د زیانێن گەنیبوونێ دا ل کلینیکا نەوال سەعداوی دا بکەین، (ل ڤێرە ڕێڤەبەر چ بکەت کەسێ هایژێ نینە!!

– ما وە ژی هایژێ نینە؟

– ئەم ل دویڤ یاسا نە من دیتییە و نە من گوە لێبوویە دچین بپ٣٣) دەمێ دبینین شۆرەش و سەرهلدان ب سەرکەفتنێ ب ڤیانا وەلاتی و پیرۆزکرنا هێمایێن وێ دهێتە تانجکرن، وەلاتی بۆ خۆ دکەنە ئاسێگەه و خۆ ژی بۆ وەلاتی دکەنە مەتال، لڤێرە سەر زارێ قارەمانێ ب نەچاری ژ وەلاتی خۆ دهاڤێژیتە د کۆشا دوژمنەکێ کینداری تنگژی دا: (داییابێن من خورتی ل من کرن و دامە کەسەکی کو من نەدنیاسی، من گەلەک هیڤی لێ کرن...، من گوتێ کەسەکێ دی دژینا من دایە، دا هەکو مرۆڤینی د سەری دا نەلڤیت، بەلکی ئیرەییا زەلاما براوەستینیت، شەڤا بویکانیێ یێ بلەزبوو ببیتە زاڤا..من کلجیڤێ وی ژێڤەکر و هاڤێتە سەر بالیفکا پشت سەرێ وی...، وێ شەڤێ بەرەڤ میسل ڕەڤین، نەشیاین ل ژوورەکێ بنڤین چنکو د ناسنامەیێ دا نە ژن و مێرین/ لێ نە ئەو زەلامبوو یێ من هەمی هیڤیێن خۆ ل سەر ئاڤاکرین، زەلامەکێ ترسنۆک و بێ بڕیارێ ئەز بۆ قەدەرێ هێلام و زڤری ڤە مال ) بپ٥٤-٥٦.

**٤. جوانناسی:**

پێکهاتێ ڕۆمانەکا باش (١٠٪) بەهرەیە و (٩٠٪) خواندنەکا باش و دویڤچوونەکا هویر و پێداچوونەکا هشیارانە و دەهبارەیە، (ئەمبرتو ئیکو ١٩٣٢-٢٠١٦).

لپەی خواندنا من ئەگەر ئەڤی پیڤەری ل

**"دەربارەی ڕێڤیسێ ل سەر بەرگی ڕەڤین ب (ڕ) هاتییە نڤێسین، د کوردیێ دا هەمی (ر) ل دەستپێکا پەیڤێ دگرانن"**

سەر ب هەلسەنگینین، دیاردبیت کو بەهرە و حەزکرن یا هەی، لەورا ئەڤ نۆڤلێتە چاپبوویە، لێ دەستکێ دی یێ ترازیێ پێدڤی ڕاوەستیانێ یە، نەبوونا زمانەکێ ڕەوان و ڕستەیێن لێکدای و ڕێنڤیسەکا نیمچە ساندارد، هەژارییا سالۆخدانا کەس و جهان، هەچکو دبێژیتە خواندەڤانی لدویڤ ئاشۆپەیا خۆ لێ بنێرە، کاراکتەران لدویڤ هزر و حەزا خۆ وێنەبکە، ئانکو دەقێ ئەدەبی دا بهێتە بەگەمکرن پێدڤی جوانناسیێ یە، و دەق ب جوانناسییێ یێ هەژارە.

**کەساتی و وێنەیێ نەرێ:**

– (وێ ڕۆژێ گۆتبوو من، ئەم شۆفێری نابەین، شۆفێر موشکیلەنە هەمی شۆلێن مروڤی دزانن و دبێ باوەرن) بپ١٥

ئەڤە ژبلی بەرپرسێن پترییا وان وەک ئاغا سەرەدەریێ دگەل دەردورا خۆ دکەن، ئەوێن چاڤبرسی، بێهنبرسی، هەستبرسی، حەزبرسی...، ئەوێن ب سەرەدەریا خۆ نموونەیێن هەرەخراب، پیسە کویڤکی چێدکەن و ئەو مرۆڤێن هەلوەشیایی و بێباوەر پەیدادکەن! نموونەژی د لاپەرە ١٥ دا (دگەل ڕێکخراوەکا بیانی کاردکر و ب مۆجەکێ باش، زێدەباری چوونا چەندین جارا بۆ دەرڤەی وەلاتی کو وەلێ کری دونیا بینینا وی بەرفرەهتر لێ بهێت و چاڤێن وی پتر ل ژیانێ ڤەببن. زێدەباری بۆ خودان ترۆمبێلەک و شوقەک باش و کومەکا یارکا ژی). ئەڤە نموونەیا مرۆڤێ سەرکەفتی ب پیڤەرێ مە (دونیا بینینا وی بەرفرەهتر لێ هاتی و چاڤێن وی پتر ل ژیانێ ڤەبووین)! مرۆڤەک کەنج، پاشمایێ ئەنفالێ هەمی هیڤییا و هیخوازییا وی (ترۆمبێلەک و شوقەک و کومەکا یارکا)!

شەڤیار یا ڕەتکری ب هەڤژینی خۆ ڕادەستی مێرەکێ بێ مرۆڤینی و ئیرەیی بکەت، د هەمبێژا کوڕێ ئەنفالێ دا دلیس چووی، دانپێدانێ دکەت کو چەرخدانا درێژ نەچارکر ژ دەستەکی بۆ دەستەکی و ژ کوشەکێ بۆ کوشەکێ وەکو کیسکێ تویتنێ جگارکێشی ل

شەڤبێریێ یان کۆزکێ مەی بهێتە ل دیوانێ – گێڕان!

ئەڤ نموونە مە هانددەن خۆ کویر بەردەینە ناڤ دەقی و لپشت ڕێزان هویر لێگەڕیانێ بکەین، چنکو ڕووەکێن تەر و همبز لژێر سها دارێن بلند شیندبن، دابگەهینە کاکلا ڕاستیێ و ڤەدیتنا کلیلا مامکێ یان پەیڤا بەرزە، پێدڤییە هەڤتەریب و ڕاستەوازە دگەل هزر و دەروونێ نڤیسەری کو زمانحالێ جڤاکیە نقومی کویراتییا دەقی ببین.

ژ کەنگی وەرە و چاوا ئەڤ مللەتە هەمی ژیان لدەڤ وی بهۆستەک (ژ ناڤکێ تا پێسیری)؟ ئەگەر ئەڤە مێربن، دا ل وێنەیێ ژنان بنێرین د پشکا ٨ دا ژ لاپەرە ٦٦-٧٤ ئەوا من خواندی پتر ژ دەربرینەکا مرۆڤانەیە، ئەو وێنەکرنا گۆهنێلی وەکو خوەرسکەک ئازرێنەربوو، پەیوەندییا ڕەڤینی و شەڤیاری کومدکەت، ڕەڤین دگەل شەڤیارێ د شەڤێن هارونی دا! دا د دەمێ د گەرماڤێ ڤە بێژتێ: (تا بۆ من بەحسێ ئێکەم داستانا خۆ یا سیکسی نەکەی...) لپ٦٨. دا بۆ شەڤیارێ سەرهاتییا خۆ دگەل فاتویێ، ئەو ژنا شویکری ل گۆندی ڤەگێڕیت. شەڤیار بەحسێ پەیوەندیێن خۆ د گەل زەلامان ژ شویکرنێ تا شوقەیا خۆ کرییە قەحبەخانە دکەت، و ئەو ژ فاتویا گۆندی یا داهێنانێ د گۆهنێلیێ دا دگەل زارۆیەکێ هەشت سالی دا دکەت.

گۆهنێلی پشکەکە ژ سرۆشتێ زیندەوەران و پێدڤییەکە جەستەیی – دەروونییە، کو جاران فەرتر و بەری نانی دهێت، دبیت ئەڤێ ڕویدابیت لێ هەر شەنکستەکێ ناوازەیێن خۆ هەنە، دهەمان دەمدا هوشیارکرنەک بۆ خواندەڤانی کو ئەگەرێ ڤاریبونا ژنێ مێرە، چ ب دەست یان بێدەست.

دشێین ڕاڤەبگەین کو ئەڤ هەردوو ژنە چەند هێمایەک جڤاکی سیاسییە، لێ بۆ من وێنەیەکێ شێلی و کرێتێ جڤاکێ کوردی یە، زەلامەک کچا خۆ بۆ خۆ دکەتە پیگوهۆرک، زەلامەک دی ڕژدە ژنەک ب یار مارەبکەت، یارەک دلبەرا خۆ ل باژێرەک بیانی دهێلیت...، دەستهەلاتدارێن خۆپەرست و گەندەل و خەلکەک هەلپەرست و دووروی. لڤێرە پرسەک د هزرێ دا د سەتمیت و خەون و هیڤییەک شکەستی د پاخلێ دا خۆ دهەلاڤێژت: ئەرێ مرۆڤینی، دۆز، دین، ڕەوشت، وژدان، شەرم...!؟ هەمبەر چ هاتن فرۆشتن؟

**ترازییا پەسن ڕەخنەیێ:**

چنکو خواندنا دەقەکێ وێژەیی بچاڤێ خواندەڤانێ زیرەک و هزر ڕەخنەگر پێدڤی ب هشیاری و ئاگەهدابوونەک کویر و بەرفرەه هەیە. لەورا ڕاددەیا ڕاگرتنا هەڤسەنگییا دەقی هەڤتەریب ئەرکێ نڤیسەری گرانتردکەت.

پتریا ڕەخنەگران ل سەر پێگیریێ ب بابەتی دکوکن، لێ ئەوان بینینەکا دەستنیشانکری نەسەپاندییە، بەلکو ئاماژەکرییە کو چاوا پێدڤییە داهێنەر هەمبەری ئامرازێن هۆنەری وەسا هەمبەر کێشەیێن ژیواری ژی پێگیربیت، ئانکو ئەو دەمێ نڤیسەر ژ ئازراندن و پشکداریکرنێ د چارەسەریێ دا بەرەڤ باشتر، پشکدارکر ئەو دبیتە زێدەگاڤی لسەر ئازادی و هۆنەری یا دەقی، بەلکو فەرە هەردوو جەمسەران ل خالا پێگیرییا وێژەیی بدیتنەکا ژیواری دگەل پاراستنا بۆهایێن هۆنەری و جوانناسی ڕاگریت. چنکو ب زالکرنا ئەرکێ وێژەی لسەر موهرکا هۆنەری و جوانناسیێ هەڤسەنگییا پێدڤی بۆ ڕاگرتنا ترازییا هۆنەرییا وێژەیی تێکددەت، ئەڤێ پێگیریێ بەروبیاڤێ ئازادییا نڤیسەری بەرتەنگکرییە، و ئەڤە یا کاک ئەمجەدی کری ، گەهاندنا هزرێ ل سەر حسابا لایەنێ هۆنەری و جوانناسیێ!

ڕەخنەیا من ژ هندێیە کو (ب هەلبژاردنا کەسەکێ کو ببیتە نڤیسەر، هیتدنگێ ئەو دبیتەمرۆڤەک کەسێن دی وەک نڤیسەر لێ دنێرن، لەورا بۆ هندەک داخوازییان پێدڤییە یێ ئەرێنی بیت، چنکو دبیت کەسێن دی چاڤلێبکەن، لڤێرە ئەو ب حەزا خۆ ژ ئازادیێ بۆ بەرپرسیاریێ هاتە ڤەگوهاستن، دەستێن خۆ بەندکرن و سنور بۆ ئازادییا خۆ دانان

> **“ پتریا ڕەخنەگران ل سەر پێگیریێ ب بابەتی دکوکن، لێ ئەوان بینینەکا دەستنیشانکری نەسەپاندییە، بەلکو ئاماژەکرییە کو چاوا پێدڤییە داهێنەر هەمبەری ئامرازێن هۆنەری وەسا هەمبەر کێشەیێن ژیواری ژی پێگیربیت ”**

(سارتەر).

ژ لایی دیڤە (گرنگییا پاراستنا ویژەیی ب موهرکەکا هونەری و جوانناسی، بەس نینە کو نڤیسەر ڕەوشێن سیاسی و جڤاکی بڕۆهنی ببینیت، دیتنا ڕۆهن بۆ کێشەیێن ویژەیی پێدڤییا وان ژ وێ کێمتر نینە) (چورچ لوکاتش)

(تولستوی خودیکا شۆرەشا ڕوسییە) هوسا لینیی گۆت. چنکو تولستوی وێنەیەکی ڕاستەقینە ل سەر کینا پەنکیاییلدەڤ خەلکی پێشکێشکر و لدور وی هیخوازیا چاڤەڕێ ل پاشەرۆژێ و حەزکرن بۆ ئازادبوونێ ژ گیرها ڕابووری بهەمی سەتمینێن خۆڤە بوو (نڤریە الروایەوتگورها ص٦٤-٦٥). ویژە وەک سەربۆرەکلا مرۆڤینی پشکدارییەکا کاریگەر بد بەرچاڤکرن و دەستنیشانکرنا ئاریشەیێن مە دا هەیە (عبدالمحسن گە بدر). ژ ڤان نموونەیان دیاردبیت کو پێگیری فەرە، لێ ڕامانا گرێدانێ ب ئاراستەکێ، خواندنگەهەکێ، هزرۆبوونەکێ نینە.

**٥-ئەنجام:**

ئەم یێن ل پێش دەقەکی ب پەیڤ و ڕاستگۆیی و ئاشکرایێ جوان، ب دیمەن و هەڤۆکێن ڕاستەوخۆ بارکری تێدا ڕستە و گۆتنێن ڕاستەوخۆ خوازە بۆ مەبەستێن کویرتر ئارمانجێن دویرتر، کو تێکدا هەسدارترن ژ پەیڤینێ لدور باوەسیرا سولتانێ د ناڤ (حرملک)ێ دا. ئەم یێ وێنەیەکێ نیکەتیڤێ جڤاکی دبینین، دەقەکێ ئاشۆپی ژ ژیواری دخوینین، ڕاستە کێمبوونا ڕەوانبێژی و جوانناسیێ د دەقی دا زیق دهێتەدیتن، لێ ئەو ب ڕاستەوخۆیی و ڕاستگۆیێ و وێرەکییا ڤەگێڕانێ هاتییە پەچنین!

هزرا نڤیسەری بۆ دەقی ب پزدانا ئاڤز دبینم، ئەوا پزۆی بزەحمەت هەلدگریت و ب زەحمەتر ددانیت و د ناڤبەرا ئاڤزبوون و بوونێ ژانێن دژوارن، سەربارێ ئازارێن ژانان ئەو ب زانێ؛ بوویێ خۆ ب خوشی و شانازی ددەتە

> **“ پێکهاتێ ڕۆمانەکا باش (١٠٪) بەهرەیە و (٩٠٪) خواندنەکا باش و دویڤچوونەکا هویر و پێداچوونەکا هشیارانە و دەهبارەیە ”**

بەرسینگێ خۆ و زاکێ ژیانێ پێ دبەخشیت، وەسا ب دلگەرمی نوڤلێتا ڕەڤین ژ هزر و چاپخانەیێ دەرکەفتییە.

چنکو وێژە ب گشتی خۆدیکا جڤاکییە و ڕاستەقینەتر تومارنامەیا ڕۆژانێن ژین و ژیارا خەلکییە، لەورا ئەگەر پەردەیا مژەوییا وێژەیی (هێمایی) ل سەر سالێن پشتی سەرهلدانێ و تا نها ڤەدەین، گرێکێن نڤشتوک و بەربەندان ڤەکەین، دێ کرێتییا دێمێ ئیبلیسێن ب کەڤلوژانکێنێن فریشتەیان ئاشکرابن.

لێ دیسا ئەم ل پێش دەقەکێ خۆڕی (هێمایی - جڤاکییە)، جڤاکییە کو گرنگترین ئاریشەیێن ڕهوریشال جڤاکی د کەساتییا شەڤیار و فاتێ دا وەکو جلکێن ب ڕستێ ڤە هەلاویستینە، و لایەنێ سیاسی ب برینا شەڤیارێ بۆ کلجیفێ زاڤایی کو دەستهەلاتدارە، و فاتی ژنا گوندی – پێگوهۆرکا بابێ خۆ- ٢٧ سالان ژ مێری بچویکتر ژ برسا حەزان دنالیت!

**٦-دووماهی:**

ئەڤ کێماسیێن دیارکری ڤەدگەڕینم بۆ لەزاتیێ د نڤیسینێ دا، بێی دەهبارە پێداچوون، وەکو ل دەستپێکێ من ب نموونەیا خوارنێ ئاماژەپێکری، دیارە نوڤلێتا ڕەڤین بلەز هاتییە نڤیسین و لەزتر هاتییە نەخشەسازکرن و بلەزترین بەرەڤ چاپخانەیێ چوویە! ئەرێ بۆچی ئەم جڤاکەک بلەزین، ما ژبلی خوارنێ و نڤستنێ مە تشتەک لبەرە!؟

لێ ب ڕاستی جوانییا کلیلدانێ شاشی و کێماسییان نیمچە پەچنی دکەت، د دووماهیک لاپەر دا، لدویڤ ڕاپۆرتا نۆژداری شەڤیار ب ئەگرێ جەلتەیا مەژی مرییە، لێ دەمێ ڕەڤینی گەهشتیێ دوو نامە ددەستدابوون، د یا ئێکێ دا نڤیسابوو (...ئەو هەردوو کەسێن ئەز ژ بەر تەنگەزاری دونیایێ بوویم، یێ ئێکێ دەرکەفت ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا تو ژێ هاتی، عەمویێ بێ ئیرەیی و کلجیف، و یێ دوویێ ئەو قوونفرەهێ ئەز بتنێ ل هۆتێلی هێلام و ڕەڤی.. کو نها ڕێڤەبەرێ مەیە ...)، ( ئەڤە من

بۆ تە گۆت دا بزانی چ تۆخمن مە بریڤەدبەن!) بپ٨٢

نڤیسەری هوسا د هێماییەک ڕەوان و جوان، د هەرە شاکارە کلیلدان دەق ب دووماهی ئینا، لەورا ئەز ژی دێ لڤێرە ڤێ سەرکەفتنێ بۆ هێلم و بەسکەم.

نڤیسەرێ نۆڤلێتی دکتورا دبوارێ چاندنێ دا هەیە، لەورا دبێژمێ نڤیسین هاتنا ناڤە ب کالک و گورەڤە بێی دەستویری یە، خۆڤەدەرکرن نینە د خانییەکێ شووشەیڤە بۆ گەشەکرنا ڕووەکی، ئەو هلریکاریا نڤیسەری و بتایبەت د بوارێ ویژەیی دا وەکو خۆپاراستن بێمفایە.

بەلکو ئەو نڤیسەرێن سەرەدەریی دگەل پەیڤ و هەڤۆکان، ب مەبەستا پێشئێخستنا ئالاڤێن خۆیێن هۆنەری و دەربڕینێ سەرکەفتیبوونە، لێ ئەوێن دکەنە پەردەیێن و خۆ لپشت مژەوییوونا وان ڤەدشێرن، بەرهەمی وان وەکو سماقا شویشتی یە! ب هزرا من ب پشتگۆهئێخستنا نڤیسەری بۆ لایەنێ زامانناسی و جواننا سیێ ل سەر گرنگیپێدانا ناڤەرۆکێ، نەتنی شاشییە بەلکو کوشتنا نڤیسەرییە بۆ بەرهەمی خۆ.

دبیت هەردوو ڕێڤەبەر، هێمایێ هەردوو پارتێن دەستهەلاتداربن، دبیت دۆزا کوردی بیت د ڤان دووچەرخان دا، و دبیت، مللەت و دەستهەلاتداربن، و دبیت بیردۆزا نەتوەیی و دینیی دبیت.. گەلەک دبیت یێن هەین، و دەقێ سەرکەفتی ئەو دەقە یێ دەلیڤەیا پتر ژ خواندن و ڕاڤەکرنەکێ بۆ هەبیت!

- لەزێ د نڤیسینێ نە بەلاڤکرنێ دا بکە:

فەرە نڤیسەر لەزاتیێ د تومارکرنا هزرێ دا بکەت، چنکو جاران هزرا ویژەیی ژ خەونێ بلەزتر ژبیردچیت، لێ ئەو هزر و بیرۆکە هند یا نڤیسەرییە، هندی بەلاڤنەکری، ئەگەر بەلاڤبوو ئێدی خودانییا وێ نەیا وییە، بەلکو یا خواندەڤانییە، ژ ڤێ دەرپەڕین و بۆچوونێ د بابەتێ نڤیسینێ و بتایبەت دەقێ ویژەیی دا:

(من دیت کو کەسەک د ڕۆژا خۆ دا نڤیسینەک نەنڤیسییە، هەکە ڕۆژا ددویڤدا نەکۆتبیت: هەکە ئەڤە هاتبا گوهۆریت دا باشتربیت، و هەکە ئەڤە هاتبا هێلان دا چاکتربیت. و ئەگەر ئەڤە هاتبا پێش دا جوانتربیت ە ئەگەر ئەڤە هاتبا زێدەکرن دا ب ڕەوشتربیت. ئەڤە مەزنترین بەلگەنە کو کێماسی لدەڤ مرۆڤان بگشتی هەنە). (عیمادێ ئەسپەهانی)

ئەڤە مە ڤەدگەڕینیت خالا دەستپێکێ (لەزاتی د چاپکرنێ دا هزر و پەیام سۆتنە)

**ژێدەر:**


١- نماذج من الرواية الاسرائيلية المعاصرة، معن بسيسو، دار الفارابي، ٢٠١٤.

٢- الالتزام في نقد الروايي الواقعيي، اعداد ايمان امام عبدالعظيم حسانين، رسالة دكتوراه فى النقد الادبي الحديث، كلية الآداب – جامعة القاهرة.

٣- نظرية الرواية و تطورها، جورج لوكاتش.

٤- المذاهب الادبية والنقدية في مصر، مجلة عالم المعرفة، الكويت، عدد١٧٧، ١٩٩٠.

٥- جان بول سارتر، ما الادب، ترجمه: محمد غنيمي هلال، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مكتبة الاسرة،٢٠٠٠.

٦- جورج لوكاتش، دراسات في الواقعية الاوربية، ترجمة: امير اسكندر، القاهرة، الهيئة المصريةالعامه للكتاب، ١٩٧٢.

٧- س. بيتروف، الواقعية النقدية في الادب، ترجمة: شوكت يوسف، دمشق، وزاره الثقافة، الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠١٢.

٨- عبدالمحسن طه بدر، تطور الرواية العربية الحديثة في مصر، القاهرة، دار المعارف، مكتبة الدراسات الادبية، ٣٢، ط٤.

٩- (الابعاد الفكرية والجمالية في رواية زهرة الخشخاش ل: خيره شبلي)، اعداد الطالبيتين: ليندو بوذن، ثريا بزيو، مذكرة ماستر، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد خيضر بسكرة، رقم: ح٣/ ٢٠١٩/٧/٣.

# دیوانی گۆرانییەک لە دڵمایە

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە


پ.د.ئیدریس عەبدوڵلا

بەشی دووەم و کۆتایی

**وێنەی ئیدیۆمی**

ئەو وێنانەیە، کە بە ڕستەیەک هاتوونەو مەبەستیان واتایەکی غەیری واتای دروست ی وشەکانە، ئەوانەش هەیانە سوواون و هی نەتەوەن و هەشیانە شاعیر دایان دەهێنێت، جوانیان لەوەدایە، کورتن و واتای قووڵتر دەگەینن، بۆ کەسی وەئاگانە و خوێنەری کەم ئاگا تێیان ناگەن.. بۆ نموونە:

***دەسا بەسیەتی تاقیکردنەوەم***

***خولی ژیان تەواو، بانگم کە با بێم...*** ل٧٩

خولی ژیان تەواو. وێنەی ئیدیۆمییە، واتا تەمەنم گەییە کۆتا، دیسانەوە وێنەیەکی لە (خولی ژیان) دا خوازەی بە پەیوەندی گشتییشە، چونکە دەڵێت: ژیان تەواو، بەڵام مەبەستی ژیانی خۆیەتی، نەوەک ژیانی ئەم کەوکەبە بەگشتی. واتە باسی گشتی کردووە و مەبەستی کەرتە.

**وەرگرتن لە وێنە قورئانیەکان**

بەسەرهاتی یوسفی پێغەمبەر و ستەمی براکانی لەو پێغەمبەرە پاکە (سەلامی خوای لەسەر) لە ڕووداوە زۆر کاریگەرەکانی نێو قورئانی پیرۆز و سورەتی (یوسف)ە لە شیعری کلاسیکدا زۆر هاتووەتەوە، لە شیعری هاوچەرخیشدا لە لای ئازا قەرەداغی دیسانەوە هاتووەتەوە، خستوویەتیە بەشێکی هۆنراوەکەی و بیری خۆی لە ڕێگەی وێنەی یوسف و براکانی و گورگە بێتاوانەکەدا گەیاندووەتە خوێنەر:

***یوسفمە ئەو***

***لە ناو بیری زوڵم و غیرەی براکاندا***

***لە ناو مەکری زوڵەیخادا***

***بە کراسی دڕاوەوە***

***لە ناو چاوی زەردی گورگی بێتاواندا***

***هەم گومان و ترسی باوکمە***

***هەم ڕۆشنە، وەک ئازاری ناخی بە سۆم...*** ل١٨٧

ئازا هەرچەندە مۆدێرن و شاعیری هاوچەرخە، بەڵام گەڕاوەتەوە بۆ قورئان و وێنە لە بەسەرهاتی پێغەمبەر (یوسف)دا وەردەگرێت و ئەوەندە بە ڕووداوەکە کارتێکراو دەبێت، ئەویش دەبێتە شاهید بۆ ئەوەی گورگ یوسفی نەخواردووە و ئەوەی یوسفی گوم کردووە، ئەوە برا ستەمکارەکانی ئەون، نەک گورگی بەستەزمان، کە لەو تۆمەتەی برایانی یوسف دایانە پاڵی گورگ، گورگ بێتاوان بوو و ئەو دەمی بۆ یوسف نەبردبوو و یوسفی نەخواردبوو.

**وەرگرتن و جوینەوەی پێشوو**

ئەمانە چەندین شێوازی دەقئاوێزانن لە شیعرەکانی ئازا زۆر جار بەرچاو دەکەون. واتە ئەوەی دەیانهێنێت جوینەوەی دەربڕینی کەسانی پێشووترن و بێ ئاماژە لێیان وەردەگرێت:

***بوومەتە گەردی توواوە***

***بۆیە هەرچەند بانگت دەکەم***

***دەڵێم: ئەی من***

***ئەی من.. ئەی من...*** ل٨٨

لە شێوازی باوکی سەلمانی فارسی وەرگیراوە، ئەو کە یەک لە پیاوەکانی کیسرابوو بەسەر ناوچەکەی خۆیان، سەلمانی زۆر خۆشدەویست، پێی دەگوت:

***ئەی من!***

***ناوت لە ناوم دایە***

***تیشکت لە چاوم دایە***

***تینت لە ساوم دایە***

***کەچی هێشتا نازانم***

***ئەی گیانی گیان، تۆ لە کوێی؟...*** ل٩٣

قسەی کۆنی فەیلەسوفان و ئەوانەیە، بە دوای ناسینی (ڕۆح)ەوە بوون و نەیانزانی (ڕۆح) چییەو لە کوێی ئینسان نیشتەجێیە؟! چونکە نە ڕەنگ و نە بۆن و نە شێوەو نە هیچ شوێنێکی دیاریکراو و نە هیچ سەنگێکی هەیە، کەچی بوونی وی، واتە: ئینسان و مەخلوقاتەکان زیندوون، نەمان و

دەرچوونی وی لە لاشەکان، واتە ئینسان و مەخلوقەکان مردوون. ئەم جۆرە پرسیارە کۆنانە، هیچ زیاد ناکەن؟ چونکە هەموو کەس ئەمڕۆ ئەم هەقیقەتە دەزانێت، کە ڕۆح بەم شێوەیە و هەرچیش بکرێت، هەر بێسوودە و هیچ کەس نازانێت ڕۆح چییە؟

***کە بەسەردا هات، وەرزی نەهاتی***
***دڵم ڕۆیی بۆ خەڵوەتی ماتی***
***خەم و پەژارە، کەسەر و شکان***
***بە پۆل دەهاتن، هەر تۆ نەهاتی***... ل١٣٢

هەر تۆ نەهاتی. لە مەحوی وەرگیراوە، کە گوتوویەتی:

***دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی***
***نەهاتی هەر نەهاتی هەر نەهاتی***

هەروەها لە (حاجی قادری کۆیی)یش وەرگیراوە، کە ئەویش زۆر جوان گوتوویەتی:

***هەموو عومرم لە ڕێی هات و نەهاتی***
***بەسەرچوو ئەی ئەجەل تۆ هەر نەهاتی***

نیوەدێڕی دووەم لە بەر ڕۆشنایی شیعرەکەی عەبدوڵلا پەشێو وێناکراوە:

***قرمان دەکەن؟***
***قورتان بەسەر دوای مردنیش هەر دێینەوە!!***
***بەڵام بێگومان ئەوەی پەشێو قووڵترە:***
***شایی بکەن***
***دەیکەین بە شین***
***پرسە دانێن***
***کاستان دەکەین بە پێکەنین***
***لێناگەڕێین: کوردستانمان بکەن بە ماڵ؟!***
***لێناگەڕێین: گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ؟!***

دیارە هەوێنی ئەوەی پەشێو و ئەوەی ئازاش هەر لە قسەی سەرزاریدا وەرگیراوە، کە دەڵێت: (گرنگ نییە نەکەوی، گرنگ ئەوەیە هەستیەوە)

بەڵام بێگومان ئازا پەشێوی خوێندووەتەوە و کارتێکراوبووە بەو هێڵە بەرگرییەی پەشێو لە شیعرەکانیدا ڕەچەی شکاندووە، بۆیە ئەویش بە هەناسەی قسە سەرزارییەکەی نەنووسیوە، بە هەناسەی پەشێوی نووسیوە. بەس هەر دێڕی دوای ئەوە، ئازاش زۆر جوانی نووسیوە، وەکو لە تەوەری وێنە نایابەکانی ئازا خستوومەتە بەرچاو، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەمەوە.

خاڵیبوونەوەی شیعر لە شیعرییەت

هاتنەوە سەر قسەی ئاسایی و وەرگرتنی ئەوەی لەسەر زارانە، شیعر لە شیعرییەت خاڵی دەکاتەوە و هێزی کاریگەری و ورووژاندنی دەمرێنێت، هەموو شاعیرێک، لەو پەیڤ و دەربڕینە سەرزارییە سادانە بەکاردێنێت، بەڵام هەتا سنوورداربێت، چاکترە، شاعیریش، کە داهێنەر بێت، هەوڵدەدات ئاخاوتنە ئاساییە سواوەکە، پەیڤانێکی دی تازە و وێنەی نوێی هونەریی داڕێژێتەوە، نەک دەربڕینەکان وەکو خۆیان بخاتەوە نێو شیعرەکانی، چونکە بەمە شیعر لە شیعرییەت و لە جوانی و لە هێزی کاریگەرییەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

لە لای ئازا حەسیب قەرەداغی، زۆرجار ئەو دەربڕینە سواوە سەرزارییانە دەهێنرێن وکۆپلەکانی خۆیان پێ پڕدەکاتەوە:

***گەر تۆم لەگەڵ بێ***
***بۆ هەموو شوێنێ***
***ئامادەم بڕۆم***
***لەهەر شوێنێ بێ***
***لەبەر خاتری تۆ***
***من دەمێنمەوە***... ل٦٥

هەردووکۆپلە، دەربڕینی سواوی سەر زارینە، هێزی ڕاکێشان و کاریگەرییان نەماوە، هیچ ورووژانێک لە خوێنەر دروست ناکەن و ختوکەی دڵی بیسەر نادەن.

سەربەخۆیی دەرمانە، بۆ چارەی ئەم برینە
زۆرترین قوربانیش دەین، هێشتا هەر کەمترینە... ل٦٩

قسەی سواوی سەر زارییە و وێنەیەکی نوێی لە داهێنانی شاعیر نییە، بۆ سیاسییەک، دەشێت باش بێت، بەڵام بۆ شیعر سادەیە و خاڵییە لە داهێنانی هونەری.

***خەمی منت نەبێ و***
***داواشم لێمەکە***...
ل١٠٤




قسەی سەر زارییە و سواوەو چ وێنەیەکی هونەری بەرهەم ناهێنێت، بۆیە بەو شێوەیە دەرکەوتنی لە

نێو شیعردا، دەبێتە هۆی سادەبوونەوەی زمانی شیعریی.

***هیچم بۆ خۆم ناوێ***

***هەمووی وەک چەپکێ***

***پێشکەشی تۆی دەکەم***... ل١٠٦

یان دەڵێت:

***دەزانم هەر دەڕۆی***

***سەفەرت خێر بێ***... ل١٢٩

ئەمە و چەندین نموونەی دیکە، کە لە دیوانەکەدا هەیە

خۆزگە شەوانە

تەلەفۆنت بۆ دەکردم و دەتووت:

***باوکە تۆ دڵت لە لای من نەبێ***

***دەرەنگ دێمەوە***... ل٥٥

خاڵیبوونەوەی تێکستە لە شیعرییەت، قسەی ئاسایی سەرزارانە، شاعیر وەریگرتووەو بێ هیچ داهێنانێک، بە شیعرەکەی خۆی دەقئاوێزان کردووە.

**زیادی لە دەربڕین:**

کێشەیەکی دیکەی ناخۆشە، هەر کاتێک تووشی شیعر بێت، لە جوانییەکەی دەخوات و قورس و زەحمەتی دەکات، هەربۆیە لە هەموو شیعری کلاسیک و شیعری میللی و فۆلکلۆریش، ئەگەر وشەیەک لە نیوەدێڕێ زیادکرابێت و دووبارەیەکی ناخۆش بووبێت، مەحاڵە قەبوڵیان کردبێت، بەڵام لە لای هەندێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد ئەم دیاردەیە ئاساییە، ئەوەش بێگومان پەیوەندی بە ڕوانین و فەلسەفەی مۆدێرنی ئەو شیعرەوە هەیە، کە ئەو وەهایان لێدەکات، شیعر بەو زیادییە ناخۆشانە بنووسن، بەڵام لای شاعیرانی هاوچەرخیش ئەم حاڵەتە پەسند بێت، لای خوێنەر و ڕەخنەگران، ئەگەر جوانیەکی بەرهەم نەهێنابێت، پەسند نییە، بۆ نموونە:

***ئەگەر ڕۆیشتم***

***تۆم لەگەڵ نەبێ***

***بۆ کوێ بڕۆم من؟***... ل٦٤

دێڕی سێیەم، ئەگەر بەو شێوەیە بووایە (بۆ کوێ بڕۆم؟) زۆر جوانتر بوو لەوەی (من)ێکی بۆ زیادکراوە؟ کە ئەو منە لە ڕێگەی ڕاناوی لکاوەوە لە دێڕەکە هەر هەبوو، ئیدی بە چ پاساوێک هاتووە؟ جوانیەکەی چییە؟ لە ڕاستیدا کەس نازانێت، جوانیش نییە و زیادەیەکی ناخۆشە.

***لە نێوانی ئەقڵ و دڵما***

***مشتومڕ و ناکۆکییە***

***دڵم مەستە، چونکە تۆی هەیە***

***ئەقڵم بێ تۆ، هیچی نییە***.. ل١٠١

(چونکە) برگەیەکی زیادە و ئەگەر (چون) بایە، ئەوکۆپلەیە زۆر جوانتر و خۆشتر دەخوێنرایەوە، مۆسیقایەکەی جوانتر دەبوو، بەڵام کە بە تەواوی هاتووە، زیادەیەکی ناخۆشی هێناوە و خوێندنەوەی قورسکردووە.

***یەکجار دەژیم، بۆ تۆ دەژیم***

***یەکجار دەمرم، بۆ تۆ دەمرم***

***شانازییە شوێنکەوتووت بم***

***پێ لە دوای پێ، شوێنپێتەوە***... ل١٣٧

(پێ) لە دوای (پێ)تەوە، دروستە، پێ لەسەر شوێن پێتەوە، هەر دروستە، بەڵام (پێ لە دوای پێ، شوێن پێتەوە) چییە؟ ئەمە زیادەیەکی ناخۆشە و لە بەلاغەدا پەسند نییە، چونکە درێژبڕی و زیادەیەکی بێ مانایە!

***گڵەیی لە کانی مەکە***

***لە بن پێتا هەڵنەقوڵاوە***

***هەرکاتێ خاک خوێنی جما***

***لەژێر زیخ و چەوی وردی بەهەشتەوە***

***ئەو دەرژێتە ناو لەشتەوە***... ل١٣٩

دێڕی یەکەم دوو تەفعیلەی چوار برگەییە:

دێڕی دووەم کراوەتە دوو تەفعیلەی چوار و پێنج برگەیی.

(لە بن پێتا) چوار برگەیە (هەڵنەقوڵاوە) پێنج برگەیە، بۆیە خوێندنەوە جوانیەکەی لەبارچووەو خۆشنەماوە، ئەصڵ وەها بوو بڵێ:

***گڵەیی لە کانی مەکە***

***لە بن پێت هەڵنەقوڵاوە***

واتە: (پێتا)کەی بکردبایە (پێت) ئەوسا برگە زیادەکەی بۆ دروست نەدەبوو و تووشی ئەو سەرئێشەیە نەدەبوو.

**گێڕانەوەی ناخۆش:**

گێڕانەوە هونەرێکی جوانکارییە، ئەگەر بە جوانی بەکارهێنرا، چێژدەبەخشێت و مۆسیقای هۆنراوەکە جوان دەکات، بۆ نموونە:

***چ هۆشیار بن، چ سەرخۆش***

***چ بێدار و چ نەخۆش***... ل١٥٤

لەم بەیتەدا، پیتی (چ) کە وەکو ئاوەڵناوی پرس چوار جار گێڕدراوەتەوە، جوانیەکی باشی بە بەیتەکە بەخشیوە، مۆسیقاکەی بەهێز و بەپێز و بەجۆش و خۆش کردووە، بەڵام لەو پارچەیەی خوارەوەدا، کە فراوانتریشە لەم بەیتەی سەروو، چەندین جار وشەی

(ئاشقتە) گێڕدراوەتەوە و چ قیمەتێکی جەمالیشی بەرهەم نەهێناوە، بە پێچەوانەوە زیانی پێگەیاندووە:

**خاک ئاشقتە**
**ئاو ئاشقتە**
**هەم ئاگر و**
**هەم گەردی هەوا ئاشقتە**
**ڕەنگ و دەنگ و**
**هاتنەوەی سەدا ئاشقتە**
**گەردوون دەسووڕێ و ئاشقتە**
**باڵندە دەفڕێ و ئاشقتە**
**پێش سووتانی**
**قەقنەس دوا گۆرانی دەچڕێ و ئاشقتە**
**لە سروودی ئازادیدا**
**هەژانی بەیداخ ئاشقتە**
**لە دووڕیانی بوون و نەبوون**
**پرسیار و سۆراخ ئاشقتە**... ل٩٧

لەم پارچەیەش، کە لاپەڕەی یەکەمی هۆنراوەیەکە، سێ پەڕەو نیوە، چەندین جاری دیکە (ئاشقتە) گێڕدراوەتەوە، بەڵام جوان نییە، چونکە ئەو ماهییەتەی گێڕانەوە هەیەتی، کە دروستکردنی مۆسیقای خۆشە، لەم هۆنراوەیە، ئەوی بەرهەم نەهێناوە، بە پێچەوانەوە شیعرەکەی لە قسەی ئاسایی نزیک کردووەتەوە و خوێندنەوەی شیعرەکە، چێژێک نابەخشێتە خوێنەر و تەماحیەکی ناداتێ، بۆ ئەوەی تا کۆتایی بیخوێنێتەوە.

**وێنەی لێکچوواندن:**

لێکچوواندن وێنەی زۆر جوان دروست دەکات، ئەویش وێنەی سواوی هەیە، بەڵام هەمیشە بوار بۆ وێنەی داهێنانیش ماوە، ئازا لە هەندێک شوێندا وێنەی زۆر داهێنانی بە لێکچوواندنەوە بەرهەم هێناوە، کە ئەمە دیوانەکان پڕ شەوق دەکات و چێژ دەبەخشێتە خوێنەر:

**دڵم بۆتە مشتێ هەور**
**تاسەباری لێ دەبارێ**
**مێشکم بۆتە جەنجاڵخانە**
**ئاڵۆسکاوە هەر بە جارێ**.. ل١٠١

دڵم بۆتە مشتێ هەور.. وێنەی لێکچوواندنە.. زۆر جوانە.

مێشکم بۆتە جەنجاڵخانە.. وێنەی لێکچوواندنە.. زۆر جوانە.

**پایز خەمی سەر ڕوخسارمە**
**گەڵای ڕەنگی هەڵدەوەرێ**... ل١٠١

پایز خەمی سەر ڕوخسارمە.. وێنەی لێکچوواندنە.. زۆر جوانە.

**وا خەریکە هەوری دڵم**
**دوایین نمەی لێ دەبارێ**
**عومرم دەڕژێ و هەر نەمبینی**
**گوڵی گەشی نەوبەهارێ**... ل١٠٢

هەوری دڵم.. وێنەی لێکچوواندنە.. دڵم هەورە و زۆری باراندووەو دوا نمەی ماوە خەریکە دەیبارێنێ!

**وێنەی خواستنی درکاو:**

خواستنی درکاو وەکو جۆن کۆهین دەڵێت: ڕۆحی ئەدەب و بنچینەی شیعرییەتە.. بەمە ئەدەبیەت بەرهەمدێت و بەمە شیعر کاریگەری جوان دروست دەکات.. لە شیعرەکانی (ئازا)دا هەندێک وێنەی زۆر جوانی خواستنی درکاو هەیە.. لەوانە:

**دڵم بۆتە مشتێ هەور**
**تاسەباری لێ دەبارێ**.. ل١٠١

مشت بۆ پڕکردنی ئاو و خورما و دان و شتی دیکەیە، درابێتە هەور.. ئەمە وێنەیەکی زۆر جوانی خواستنی درکاوە. دڵگیرە.

**پایز خەمی سەر ڕوخسارمە**
**گەڵای ڕەنگی هەڵدەوەرێ**
**قیبلەنومام لێشێواوە**
**نامباتەوە سەر ڕاستەڕێ**... ل١٠١

گەڵا هی دارە و دراوەتە ڕەنگ... وێنەیەکی نایابی خواستنی درکاوە.

شێواوی هی ئینسانە و دراوەتە قیبلەنوما... وێنەیەکی نایابی خواستنی درکاوە.

**- عومرم دەڕژێ و هەر نەمبینی**
**گوڵی گەشی نەوبەهارێ**... ل١٠٢

ڕژانی عومر وێنەی خواستنی درکاوە، چونکە ئەوەی دەڕژێت، ئاوە، شیرە، شەربەتە، کە شتانی مادین، عومر شتی مەعنەوییە و بڕژێت؟! ئەمە ئەدەبیەتە و ئەمە وێنە جوانەکەی خواستنی درکاوە.

**ناسنامە دان بە بەرانبەر:**

بۆ ئەوەی یەکێ پەسند بکەی، لۆ خۆت ناسنامەی پەسندی پێدەدەی و پاساوت ئەوەیە، کە بەلای خۆتەوە گرنگە، ئەگەریش ویستت شتێک ڕەتبکەیەوە بە هەمان شێوە، بە ئارەزووی خۆت سیفاتی خراپی بۆ دادەتاشی، بۆ ئەوەی

ڕەتیبکەیەوە و پاساوت هەبێت بۆ ڕەتکردنەوەکەت.. ئەمە لەنێو ئینساندا بوونی هەیە، لەنێو ئەدەبیش هەر هەیە، بەڵام لەنێو ئەدەبدا تایبەتتر دەکەوێتە بەرچاو لە تێکستە شیعری (زۆر جوانی)دا، ئازا دڵگیرانە پەسندیەتی داوەتە یارەکەی، تێکستێکی جوانی بەرهەمهێناوە، ئەوەتا دەڵێت:

***زۆر جوانی***
***هەر دەڵێی پێدەشتی بەهارانی***
***بە تامی***
***هەروەکو نان و دۆی ئێوارانی***
***ڕەنگینی***
***تۆ باخی شۆراوەی دوای بارانی***
***دڵگیری***
***وەک سەمای پاساری ناو دارانی***
***فێنکی***
***بۆ دڵم شەماڵی کوێسارانی***
***بە سۆزی***
***خۆشترین گۆرانی دڵدارانی***
***خۆت مەستی***
***لێ بادەی سەر لێوی خومارانی***
***هەیت و نیت***
***لە بوونما دیارترین نادیارانی***
***زۆر جوانی***
***زۆر جوانی***... ل١٣٥

**گرنگیدان بە سۆز:**

سۆز لە هەر کەسێکدا بێ جوانی دەکات، لە هەر دەقێک دابێت، کاریگەری بۆ دروست دەکات، ئازا قەرەداغی لە هەندێک شوێندا تەواو بە زمانی سۆز دەنووسێت، لەم کۆپلەیەی خوارەوە، باس لە ئاهەنگی ئازادی دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆڵە و نەو نەماوە لەو ڕۆژەدا باوەش بە باوکی بکات، وەکو باوکێک بۆی دەسووتێت و دەیەوێت بڵێت: ئازادیش چەندە شیرین بێت، لەگەڵ بوونی ڕۆڵە ئازیزەکەم خۆشەویستتر دەبێت، ڕۆژی ئازادی چەندە دڵخۆشکەر بێت، بە ئامادەیی جگەرگۆشەکەم دڵخۆشکەرتر دەبێت:

***ڕۆڵەی شیرینم ئەم زەماوەندە***
***پڕ پڕی کردووم لە خۆشی و شادی***
***باڵی پێگرتووم بەرەو ئازادی***
***وەلێ ئەگەر تۆ هاوڕێم بوویتایە***
***ئەوسا دەمزانی هەتا هەتایە***
***ئیشق و ئازادی کۆتایی نایە***... ل٥٨

یانی کە تۆ ونی، ئازادی و عیشق و هەموو مەعنا جوانەکانی دیش، ئەو تام و نرخەیان نامێنێت، وەکو بە ئامادەیی تۆ، دەیانبوو.

**جەختکردنەوە:**

مەبەستێکی جوانکارییە و بە شێوازەکانی سوێند خواردن و پاتکردنەوە بەرهەمدێت، شیعری نوێ گرنگی پێداوەو شیعری کۆن بە عەیبەی زانیوە، شاعیر لەم تێکستەی خوارەوە بە جوانی سوود لەم هونەر دەبینێت:

***خۆم دەزانم***
***تۆش دەزانی***
***بێ ئیشقی تۆ***
***سەحرایەکی زۆر چۆڵم.. چۆڵ***
***تێم مەڕوانە***
***خۆم دەبینم***
***کە من تەنیا***
***جەستەیەکم لە خۆڵم.. خۆڵ***... ل٦٢

لە کۆتایی ئەم دوو کۆپلەیەدا زۆر بە جوانی لە ڕێگەی پاتکردنەوەدا، جەختی لەسەر مەبەستی خۆی کردووەتەوە، بەڵام هەتا کۆتایی شیعرەکە وەها نەڕۆیشتووەو نەیتوانیوە بە هەمان ئاهەنگ شیعرەکە بگەیێنێتە کۆتایی، ئەوەتا کۆپلەکانی دوای ئەمانەی سەرووی خاوبوونەتەوە و ئەو جوانیەی کۆپلەکانی سەروویان نەماوە:

***من دەزانم***
***تۆش دەزانی***
***لە سەرەتا***
***یان کۆتایی بوون و ژیان***
***بە بێ منیش***
***ئەتۆ گیانی، ئەی گیانی گیان***
***وەلێ تاکەی***
***تەنبورت بۆ بژەنم تا بێیتە ناوم***
***هەناسەم بکەی بە بەرداو***
***ترپە ببەخشی بە دڵم***
***ڕووناکی بخەیە چاوم***.... ل٦٢و٦٣

دەبینین لەم کۆپلانە ئاراستەی داهێنان، وەکو لە سەرەتاوە دەستی پێوەگیراوە نەماوە و بە شێوەیەکی

دیکە بیر داڕێژراوە.

**درێژکردنەوەی بەشی یەکەمی ئاخاوتن:**

درێژکردنەوەی بەشی یەکەمی ئاخاوتن (فرمانی مەرج) و بە کورتیهێنانی بەشی دووەمی ئاخاوتن (وەڵامی مەرج) یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی هەندێک لە تێکستەکانی ئازا قەرەداغی، ئەوەش جوانییەکی بە هۆنراوەکانی بەخشیوە:

***کاتێ کانییەکی***
***چاو کاڵی زوڵاڵ***
***لە قەدپاڵێکا***
***وەکو داستانی ئیشقێکی کۆنت***
***هەر لە حەسرەتی چاوەڕوانیدا***
***وشک دەکات و کوێردەبێتەوە***
***من پەرۆش دەبم***... ل١١٦

***کاتێ گەڵایەک***
***بەرانبەر بای وەشت***
***بەرگە ناگرێ و***
***وەک دوا هەناسەی***
***ئاواتێکی قەت بەدینەهاتووت***
***هەڵدەوەرێت و سەردەنێتەوە***
***من خامۆش دەبم***... ل١١٦

لە کۆپلەی یەکەمدا (من پەرۆش دەبم) و لە کۆپلەی دووەمدا (من خامۆش دەبم) وەڵامی مەرجن بۆ هەموو ئەو قسەیەی لە بەشی یەکەمی کۆپلەکە لە چەند دێڕدا هێناونی، وەڵامی کورت و خۆشن. چێژێک دەبەخشن، بەڵام وەکو زۆربەی جارەکان، ئازا قەرەداغی، تا تەواوی هۆنراوەکەی لەسەر یەک ڕیتم ناڕوات، شێواز و ئاوازی هۆنراوەکەی، وەکو لە سەرەتاوە دەستی پێکردووە، لەکۆپلەکانی دواییدا دەیگۆڕێت، ئەوەش ئەگەر بەشی دووەمی هۆنراوەکانی بەهێزتر بکات، با بڵێین دەرچوونێکی هاوچەرخانەی جوانە، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەندێک جار بەشی یەکەمی هۆنراوەکەی بە شێواز و ئاواز و ڕیتمی بەهێزتر داڕێژراون لە بەشی دووەمی هۆنراوەکەی، ئەوەش دەبێتە عەیبەی شیعری و دەلالەت لە کەمتوانایی نەفەسی داهێنانی شاعیر دەکات، کە نەیتوانی وەکو لە سەرەتاوە سەرکەوتوو و جوان هۆنراوەکەی بونیادنا، بە هەمان سەرکەوتن و جوانی درێژەی پێبدات.

ئەوەتا لەکۆپلەی دواتردا، شاعیر بەشی یەکەمی کورتترە لە بەشی دووەمی:

***لەگەڵ ئەویتا***
***ئاوێتە دەبم و***
***وەک کڵۆی شەکرێ***
***لە ناو زەریادا، کە دەتوێتەوە***
***زەریا شەپۆل با***
***بەر تاشەبەردی سەر کەنار کەوێ***
***بۆ ئەو ئازارە***
***جەستەو گیانی خۆم، هەم هی تۆش دەبم***... ل١١٧

**ئەنجام**

بەگشتی ئەم دیوانەی ئازا قەرەداغی بە دوای بابەتی عیشق و ئاوێزانبوونی (ئەو) بە (ئەم)ی شاعیر دەخولێتەوە.

- وێنەو دەربڕین و مۆسیقای زۆر جوانی لە هەندێک تێکستیدا هەیە.

- لە هەندێک تێکستی دیکەیدا، قورسکردنی زمان و بێ پاساو فراونکردنی تەفعیلە و تێکدانی کێشی پارچەکە، یان دێڕەکەی پێشوو، تێکستەکەی عەیبدار دەکات.

- لەسەر یەک شێواز و ڕیتم هۆنراوەکانی ناباتە پێش و لەنێو یەک تێکستدا، زیاتر لە شێوازێک بەکاردێنێت.

- هەموو پارچەو دێڕ و کۆپلەکانی بە یەک ئاست نین و هەیانە بەهێز و هەشیانە لاواز.

- زۆرجار تێکست خاڵی دەکاتەوە لە ئەدەبیەت (شیعرییەت) و لە زمانی ئاسایی سەرزاری وەردەگرێت و دەقئاوێزانی تێکستەکەی خۆی دەکات.

- لە هەندێ شیعردا لایەنی خەیاڵی فراوانە و وێنەی هونەریی بەهێزی پێ دروست دەکات، لە هەندێک شیعریشدا لایەنی سۆزی بەهێزەو کاریگەری عاتیفی و شێوازی سووتێنەر پێشکەش دەکات.

- زۆرجار زێدەڕۆیی دەکات، زێدەڕۆییەکانیشی کەم وایە پەسند نەبن، دەنا زۆربەی زێدەڕۆییەکانی بە ئسلوبێکی هونەری زۆر بەرز دەچنێتەوەو زۆر بەهێز پێشکەشی خوێنەریان دەکات.

*** ساڵی ٢٠١٨ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر لە دوو توێی ٢٤٢ لاپەرە چاپکراوە.**

*** مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین**

دەقی شانۆیی

# کارگەی بەستووی عەقڵ[٧]

نووسینی/ لوقمانی عەتر

**کەسایەتییەکان:**

- ژەنەڕاڵ

- پیرە ژەنەڕاڵ

- خزمەتگوزار

کەرەستەکانی سەر شانۆ

- پۆستاڵێکی قەبارە گەورە و بەرزی یەک مەتر و نیو درێژی (١,٢٥) سم

- چەندین کەللەسەری جۆراوجۆری مرۆڤ بە هەڵواسراوی و بە پەرش و بڵاوی لە سەر شانۆ

- پێڵاوی هەمەجۆری پیاوان، ژنان، منداڵان بە هەڵواسراوی و پەرشوبڵاوی لەگەڵ بووکەڵەی منداڵان

**مۆسیقا:**

سەر شانۆ تاریکە، دەنگی کارگە (معمل) دێت (تەق، تەق) لەنێو پۆستاڵەکەوە دووکەڵ دەرەچێت و تیشکی سوور لە سەر پۆستاڵەکەیە، هەر دوو ژەنەڕاڵ خزمەتگوزارەکەیان سەرەوخوار کردۆتەوە بۆ نێو پۆستاڵەکە هەر یەکەیان لاقێکی بەدەستەوەیە فڕێی دەدەنە ناو پۆستاڵەکەوە، خزمەتگوزارەکە هاوار هاواریەتی.

پاشان هەردوو ژەنەڕاڵ کەللەسەرە هەڵواسراوەکان دەپچڕێنن و بە هەمان شێوە ئەیانهاوێنە نێو پۆستاڵەکە و هەر یەکەیان یەکی شیشێک یاخود دارێکی درێژیان بە دەستەوەیە، نێو پۆستاڵەکە دەکوتنەوە وەکو تەندور و دەنگی کارگەکەش بەردەوام دەبێت

(مۆسیقا)

سەر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە

(هەر لەنێو پۆستاڵەکەوە ژەنەڕاڵ بە دووربینیک بەردەوام چاودێری دەکات)

- دەی کەللەی سەری هەڵگرە دەی زوو ناوچەوانی بپێکە.

خزمەتگوزار:

(بەردەوام خەریکی سڕینەوە، یان بزمار ڕێژکردنی پۆستاڵەکەیە)

(بزەیەک ئەی گریت) کەللەسرێکی دیش زیادی کرد

ژەنەڕاڵ:

(دەنگی گرمە و تەقە دێت ژەنەڕاڵ بەردەوامە لە چاودێریکردن)

- پێکانێکی سەرکەوتوو بوو، دەستخۆش

(خزمەتگوزارەکە، خێراخێرا، بە تووڕەییەوە پۆستاڵەکە دەسڕێتەوە)

خزمەتگوزار:

- جووتێک پێڵاویش هاتە ڕیزەوە.

(پیرە ژەنەڕاڵ بەردەوام خەریکی خواردنەوەیە، دەفتەرێکی قەبارە گەورە و پەڕوپوشی بە دەستەوەیە خەریکی خوێندنەوە و نووسینە، هاوار دەکات و دەڵێت)

- ئەی پیرە هەڵۆ

باڵەکانت هەمیشە ڕاوەشێنە، بفڕە، بفڕە

(دەیەوێت بڕوات، دەستەکانی ڕادەوەشێنێت، بەڵام بە لادا دێت و خەریکە بەربێتەوە)

شوێنی تۆ!

ئاسمانی شین و

لووتکەی شاخی هەرە بەرزە، هەرەبەرز

ئەی پیرە هەڵۆ، تۆ هەرگیز پیر نابیت، هەرگیز پیر نابیت.

با ئەمەش لە دەفتەرەکەمدا تۆمار بکەم

خزمەتگوزار (بەردەوام بە تووڕەییەوە پۆستاڵەکە دەسڕێتەوە)

– ئای ماندوو و شەکەت بووم، هەر خزمەتم کرد و تۆش ڕۆژ بەڕۆژ بێ بەزەییتر دەبیت

(پیرە ژەنەڕاڵ بەردەوام سەیری دەفتەرەکەی دەکات، بێ ئەوەی سەیری هیچ بکات)

پیرە ژەنەڕاڵ:

– ساڵانێکی دوور و درێژمان پێکەوە بەسەر بردووە،

خزمەتگوزار:

پێم ناڵێیی تاکەی هەر دەبێت خزمەتکار و پاسەوانت بم؟!

(بێ ئاگا لەوان لەگەڵ پۆستاڵەکە دەدوێ)

پیرە ژەنەڕاڵ:

– ئەمە پێچەوانەی فەرمانی سەربازییە (بەتووڕەبوونەوە)

(خزمەتگوزارەکە سەری هەردوو قەیتانی پۆستاڵەکە توند دەگرێت و دەیەوێت بە کۆڵی ڕایکێشێت)

خزمەتگوزار:

– لێرە دوورت دەکەمەوە، ئەتخەمە شوێنێک، خەڵک نەفرەتت بکەن (پۆستاڵەکە ڕادەکێشێت) دەی وەرە نەعلەتی، بۆوا غەزریوی (بەهێزتر حەبلەکە ڕادەکێشێت) دەەەەییییی، (هاواردەکات) وەرەەەەەە (لەسەردەم دەکەوێت هیلاک و ماندوودەبێت)

(پیرەژەنەڕاڵ قاچی دەخاتە سەرپشتی خزمەتگوزارەکە، سەیری دەفتەری یادەوەرییەکانی دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت شتێک بنووسێت)

پیرە ژەنەڕاڵ:

– سەری پاک بتاشن و سێ ڕۆژ بیخەنە بەندیخانەوە، دەی زەحفکە (خزمەتگوزارەکە کەمێک دەجووڵێت) دەی بەردەوام بە قۆندەرە، دوایی هەر بە پۆستاڵ سەر و ڕیشت دەتاشم

ژەنەڕاڵ:

– هەستە هەی ناپاک، دەبووایە زووتر درکم بە پیلانەکەت بکردایە.

ژەنەڕاڵ:

– بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵگرییەکانمان، ترسناکترین مۆڵگەی یاخیبووەکان، لێرە سەری هەڵداوەتەوە

پیرە ژەنەڕاڵ:

– بەڵێ، ئێرەیە پێشبینییەکانی پیرەهەڵۆش وادرەچوو، ناوە نهێنییەکەشیان (مەرگ بۆ دێوە ڕەشەکە)

ژەنەڕاڵ:

– پیلان و داڕێژەری ئەم ئۆپەراسیۆنە، یەکێکە لە کارە سەرکەوتووەکانم

خزمەتگوزار:

– من لە دایکبووی ناو چەندین پیلانم

پیرە ژەنەڕاڵ:

– ئەم سەرکێشیانە دەبێت بە ناکامی بگات

ژەنەڕاڵ:

– ناچین بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، ڕێگای گونجاو بگرنەبەر

پیرەژەنەڕاڵ:

– باشترین ڕێگا چارەش دادگایە

ژەنەڕاڵ:

(ئاماژەی بۆ دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای پۆستاڵەکە و خزمەتی بکات، خزمەتکارەکە دەگەڕێتەوە لای پۆستاڵەکە، ژەنەڕاڵ لەنێو پۆستاڵەکەوە بە وردبینەکەی دەڕوانێت، لەنێو پۆستاڵەکەوە

دەردەچێت و دێتە ناوەڕاستی شانۆ بە هەمان شێوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، چاوی بە کەللەسەرێک دەکەوێت، کەللەسەرەکە دوو حەبل بەناویا ڕایەڵە کراوە، سەیرێکی دەکات)

ژەنەڕاڵ:

ئاماژە بۆ کەللە سەرەکە دەکات

جێگایەکی جوانت پێکا، باشترین ئامانج بوو

خزمەتگوزار:

(بەردەوام خەریکی پۆستاڵەکەیە)

- جوانی، من هیچ جوانییەک و ئامانجێک بەدی ناکەم

ژەنەڕاڵ:

- پێویستە هەموو بزانن ئەو دەستکەوتە، دەستکەوتی سەردەمی نوێیە

خزمەتگوزار:

تەنیا پۆستاڵ و کەللەسەر و پێڵاوی بەجێماو دەبینم

پیرەژەنەڕاڵ:

(بە دەنگی بەرز) نەخێر، ئەوەی سەردەمی زێڕینی دروست کرد، ئەو کەسە منی پیرە ژەنەڕاڵ بوو

ژەنەڕاڵ:

نەخێر، ئێمە توانیمان نەوەیەک دروست بکەین

(هەردوو ژەنەڕاڵ بەتووڕەبونەوە دەکەونە بەرانبەر یەک، هەردووکیان پێکەوە پەلاماری سەری حەبلەکە دەدەن، هەریەکەیان لایەکی دەگرێت و دەکەونە یاری کردن)

خزمەتگوزار:

- پێم نالێن کەی ئەم گەمە شێتانەیە کۆتایی پێ دێنن؟

پیرە ژەنەڕاڵ:

پێویستە ئەم گەمە منداڵانەیە بە گەمە هەمیشەییەکانی من بسپێریت.

ژەنەڕاڵ:

- کەواتە لە چ یارییەکەوە دەست پێبکەین؟

پیرەژەنەڕاڵ:

- ها بگرە، ئا ئەمەیە یاری گەورە پیاوان

خزمەتگوزار:

- (بە خۆشییەوە) زۆر جوانە گەورەم سەرکەوتین بۆ یاری ئۆلۆمپیا.

ژەنەڕاڵ:

- (بە تووڕەبوونەوە) هەی نەعلەتی ئەمە سەرەتای یارییە سارد و سڕەکانی نێوانمانە

پیرەژەنەڕاڵ:

- کەواتە کێبڕکێکانی بەردەوامە

ژەنەڕاڵ:

- گرنگ ئەوەیە سروشتێکی نەگۆڕ لە نێوانماندا دروست بکەین.

خزمەتگوزار:

ئەمە گەورەترین فێڵە لە بیرکردنەوەمان دەکرێت، نابێت گەورەم، ئەمە کودەتایەکی ڕەشە ئەیپۆشنە سەر هزر و بیرکردنەوەمان

پیرەژەنەڕاڵ:

دەی با گەمەکە خۆشتر بکەین

(هەردوو ژەنەڕاڵ حەبلەکە بە دەستیانەوەیە خزمەتگوزارەکە دەکەوێتە نێوانیانەوە، سەیری کەللەسەرەکە دەکات)

خزمەتگوزار:

- گەورەم (بۆ ژەنەڕاڵ) ئەم شەڕەت لەبیرە (دەست دەخاتە نێو کەللەسەرەکە)

ژەنەڕاڵ:

- ئای لەو ڕۆژەی توانیم هەموو جیهان بهەژێنم، لە ڕۆژگارە هەرە خۆشەکانی شەڕی دەستە و یەخە بوو

خزمەتگوزار:

- مەبەستم ئەم شەڕەیان بوو گەورەم (پەنجە دەخاتە نێو کەللە سەرەکە)

ژەنەڕاڵ:

– ڕۆژێکی زۆر مێژووییە، پێویستە ئەم ڕۆژە لە سەرتاسەری جیهاندا بکرێتە پشوو.

پیرەژەنەڕاڵ:

– نەخێر، ئەوە ئەو شوێنە نییە، ئا ئێرەیە (پەنجە دەچەقێنێتە ناو چاویەوە)

ئەو شەڕە ئێرەیە، هەرگیز لە یادەوەریما ناسڕدرێتەوە، لە دەفتەری یادەوەرییەکانیشم زۆر بە باشی نووسیومەتەوە، ئای لەو منداڵ و تواڵانە

خزمەتگوزار:

ئۆە، گەورەم زۆر باشە، بەس وابزانم پیرییەکەت کەمێک بیری ئاڵۆزکردووی، ئەم شوێنە خۆی نییە

پیرەژەنەڕاڵ:

–(بەتووڕەبوونەوە) نەخێر پیرە هەڵۆ چەندە تەمەنی گەورەتربێت، چاوەکانی تیژتر و یادەوەرییەکانی بەهێزتر دەبێت

– ئا ئێرە بوو، ئەو شەڕە بەسەرکردایەتی منی ژەنەڕاڵ بوو، هەروەها بست بە بستی ئەم مەملەکەتە شارەزام

خزمەتگوزار:

– براڤۆ گەورەم، بەڕاستی قارەمانی، بەس ئەو سەرکەوتنە بەناوی گەورەمەوە تۆمارکراوە (خزمەتگوزارەکە دەیەوێت نێوانیان تێکبدات)

ژەنەڕاڵ:

بەڵێ، زۆر ڕاستە، دوای قوربانیدانێکی یەکجار زۆر

پیرەژەنەڕاڵ:

– درۆیە، ئەمە شێواندنی مێژووە، من بووم لەو شەڕە مەدالیایی ئازایەتیم وەرگرت

خزمەتگوزار:

– ئای گەورەم، کەواتە ئەم وێنانەی لێرەدا هەڵواسراون وێنەی خۆت و پاشماوەی شەڕەکانتە (دەست بۆ پێڵاوەکان درێژدەکات)

پیرەژەنەڕاڵ:

– لێت قبووڵ ناکەم، باس لە ژیانی گەورە پیاوان بکەیت و نهێنییەکانیان ئاشکرا بکەیت

خزمەتگوزار:

(دەست دەبات بۆ پێڵاوێکی ژنانە) گەورەم لەو جەنگەدا زۆرترین کەللەسەر و پێڵاومان ئامارکردووە

پیرەژەنەڕاڵ:

(تووڕەدەبێت) هەی گەمژەی نەفام، ئەگەر کەرەستەی خاومان نەبێت، کارگەی بەستووی عەقڵ چۆن بەرهەم دێت

خزمەتگوزار:

(سەیری پێڵاوە ژنانییەکەی دەستی دەکات) کەواتە

– کارگەی بەستووی عەقڵ تۆی بەرهەم هێنا (وەک ئەوەی خۆی بۆ شتێک ڕاخا) دایکە ئەوە تۆی، ترسای دێوەکە قووتم بدات.

من لێرەم، ئەوەتا باوکیشم لەنێو دووکەڵی جگەرەدا پاڵیداوەتەوە، گوێت لێیە چیرۆکی خوشکی جووت برا و دێوەکە بۆ کچ و کوڕەزاکانی دەگێڕێتەوە، گوێت لێیە دایکە، ئەها گوێت لێیە.

پیرەژەنەڕاڵ:

– خوشکی حەوت برا، کاتێک چرایماڵەکەی کوژایەوە، بۆ پەیداکردنی ڕووناکی ڕۆیی، (لە دوورەوە ڕووناکییەکی کز کزی بەدی کرد).

خزمەتگوزار:

– دایکە دەزانی ئەم شوێنەش ماڵی دێوەکەیە (بەترسەوە) ماڵی دێوەکەیە

پیرەژەنەڕاڵ:

– خوشکی تاقانەی خاوەن حەوت برا، بە ناچاری خۆی کرد بە ماڵی دێوەکەدا.

خزمەتگوزار:

– کە دێوەکە هاتەوە و نەڕاندی و پێیەکانی دا بەزەویدا، زەوی وەک بوومەلەرزە دەهەژێت

پیرەژەنەڕاڵ:

بۆن دێت بۆنی بێگانان دێت لەم دەورە و مەکان دێت (دەنگی نەڕەی دێو)

خزمەتگوزار:

دایکە (دەست دەکات بە گریان) دایکە ئەو دێوە ڕەشە هەمووانی قووتدا.

ئەو دێوە بوو، هەمووانی پلیشاندەوە، ئەها سەیرکە دایکە دێوەکە هێشتە بەشوێنیانەوەیە، سەیرکە دایکە، ئەها یەکە یەکە، کەللەسەر و پێڵاوەکانیان چۆن بەجێ دەمێنێن (دەست دەکات بە گریان) ئەوە پێڵاوەکانی باوکیشم بەجێما، ئەوە پێڵاوی براکانیشم، ئەوە کەللەسەری تۆش، ئەوە پێڵاو و کەللەسەری منداڵەکەشم بە جێما (ئەگرێت) (ژەنەڕاڵ بەردەوامە لە چاودێریکردن بە دووربینەکەی، خزمەتگوزارەکە سەیری ژەنەڕاڵەکە دەکات، ژەنەڕاڵ ئاماژەی بۆ دەکات بگەڕێتەوە جێگەکەی خۆی، بە شەکەت و ماندوو بوونەوە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی)

ژەنەڕاڵ:

دەی زۆر جوانە بەردەوامبە، ڕۆڵێکی جوان بوو

خزمەتگوزار:

ناتوانم، زۆر شەکەتم

ژەنەڕاڵ:

دەبێت بەردەوام ناوچەوان و کەللەی بپێکی (پێدەکەنێت)

خزمەتگوزار:

هیچ جێگا و جەستەیەک نەماوە بۆ پێکاندنت

ژەنەڕاڵ:

شوێنی جوانت پێکا، جوانترین ئامانج بوو

خزمەتگوزار:

ئامانج، جوانی هیچ شتێک بە دی ناکەم

ژەنەڕاڵ:

(ژەنەڕاڵ بەردەوامە لە چاودێری) دەبێت بەردەوام ببینی (پێدەکەنێت)

بۆ پێکاندن شوێنەکان بە جوانی ببینی (بەردەوامە لە پێکەنین)

خزمەتگوزار:

تەنیا پۆستاڵ و کەللەسەر و پێڵاوی بە جێماو دەبینم

ژەنەڕاڵ:

بەڵێ دەبێت بە جوانی بیبینیت!؟

خزمەتگوزار:

نەخێر، نایبینم

ژەنەڕاڵ:

فەرمانی منە، دەبێت بیبینیت

خزمەتگوزار:

نەخێر، ناتوانم بیبینم

ژەنەڕاڵ:

کەواتە بێ فەرمانی من دەکەیت و یاخی دەبیت، هەر ئێستە وەکو سەگ ڕستت دەکەم خۆم دەزانم (حەبلەکان لە ملی دەئاڵێنێت و وەکو سەگ ئەیداتە دوای خۆی، وەکو سەگی پۆلیسی بۆن بە شتەکانەوە دەکات دەگاتە پێڵاوێک)

خزمەتگوزار:

گەورەم دۆزیمەوە، ئەها سەیرکە، ئەمە تاوان بارەکەیە، لێرە خۆی حەشار داوە

ژەنەڕاڵ:

دەی شێرە گەورە پەلاماری دە و بیگرە.

(خزمەتگوزارەکە پێڵاوێکی منداڵان وەکو سەگ بە دەمی هەڵدەگرێت)

پیرەژەنەڕاڵ:

- قۆڵبەستیکە و بیهێنە بزانم چەند تاوانی لەسەر تۆمارکراوە.

(هەر وەک سەگ بە خێرایی خزمەتگوزارەکە، پێڵاوەکان بۆ پیرە ژەنەڕاڵ دەبات)

(پیرە ژەنەڕاڵ یاری لەگەڵ سەگەکان دەکات)

- ئای چەند یاخی و بزێوە! بابزانم سەیری ژمارە و ماددەی تاوانەکەی بکەم (سەیری پێڵاوەکان دەکات) وای، وای، ئەمە لە ژمارە یاخییەکانە، ئەمە ئەو کەسەیە سەرکردایەتی کۆمەڵێک لەڕێ لادەریان دەکرد (بە خۆشییەوە) بەڵێ خۆیەتی، ئەمە لەو

هەرێمە بچووکە بوو، کە گەورەترین سەرکەوتن و ناوبانگم لێ بەدەست هێنا (پێدەکەنێت) هەر لەم شەڕە خوێناوییەدا مەدالیایی زێڕین و پلەی ژەنەڕاڵم پێ بەخشرا (پێدەکەنێت) ئای چەند خۆشە هەمیشە سەرکردەیەکی سەرکەوتووبیت (پێدەکەنێت)

(خزمەتگوزارەکە پێڵاوەکە بە هەر دوو دەستییەوە دەگرێت و لێی ڕادەمینێت)

– ئێستاش ئەو سەرکەوتنە لە چاوەکانما پرشنگ دەدات (پێدەکەنێت)

(خزمەتگوزارەکە بە سۆزەوە زیاتر لە پێڵاوەکە ڕادەمینێت)

خزمەتگوزار:

– گەورەم چەند جوان و ناسکە، هێشتا هەر ئەخوێنێتەوە، وابزانم زۆرینە خەوتووە و چاوەکانی لێک ناوە

پیرە ژەنەڕاڵ:

(تووڕەدەبێت) خەو! چۆن دەبێت سەرباز لە ڕۆژە دژوارەکاندا لە بەرەی جەنگ بخەوێت، ئەوە جەنگە جەنگ

خزمەتگوزار:

– ئەمە چۆلەکەی ئاشتییە، نەک سەرباز

پیرەژەنەڕاڵ:

دەبەنگیم ناوێت، سەیرکە هەی گەمژە، نایبینی چۆلەکەکانیش ڕەنگی جلی سەربازییان پۆشییوە، نەفام ئەمە نهێنی ئەو جەنگانە بوو، کە هەمیشە سەرکەوتنم تیایا بەدەست دەهێنا، هەولدە با بفڕێت، بفڕێت بۆ پێشەوەی شەڕکان.

خزمەتگوزار:

– ئەوە سالانێکە باڵەکانی تێکشکاوە و فڕینی لە دەست داوە

پیرەژەنەڕاڵ:

(بەتووڕەبوونەوە)

نا نەخێر، تێکشکان نییە، من ئێستاش ڕۆحی هەڵۆیەک لە جەستەمایە (بەبێزارییەوە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی یەکەم جاری)

نەخێر، من هەرگیز تێکناشکێم، من هەر ئەو ژەنەڕاڵەی جارانم، ڕقم لەو وشەیەیە، (پاڵدەداتەوە دەست دەکات بە خواردنەوەی ویسکی)

خزمەتگوزار:

(پێڵاوەکە وەک منداڵێکی ساوا لە باوەش دەگرێت، وەک چۆن شیر بە منداڵ دەدرێت) (بەخۆشییەوە) ئەها، گەورەم وا خەریکە دەخمێتەوە، ئەها گەورەم وا پێدەکەنێت، دەنگی دەبیستێت!؟ (پیرەژەنەڕاڵ بێ ئاگایە لەم) دیارە گوێچکەکانت داخستووە، مادام وایە هیچ نابیستی، سەیرکە (ڕۆیشتنی تاتی، تاتی، بە پێڵاوەکان دەکات)

ئەها سەیرکە، چەند ورد و جوان دەڕوات، نایبینی!؟ دیارە چاوەکانت پەردەی ڕەشیان بە سەرەوەیە

– هەی شێرە گەورە، ئافەرین، دەی بڕۆ، نەکەوی، تاتی، تاتی، تاتی، تاتی..

پیرەژەنەڕاڵ:

بەس، یەم، بەس، یەم،

خزمەتگوزار:

تاتی، تاتی، تۆ زۆر بەخێر هاتی

پیرەژەنەڕاڵ:

ڕاست چەپ، ڕاست چەپ

خزمەتگوزار:

– دەی بڕۆ، هێواش، هێواش با نەکەویت (وەک ئەوەی منداڵەکە بەرببێتەوە، ئەمیش پەلاماری دەدات، تاکو نەهێڵێت بەرببێتەوە، کە لە سەرێکی منداڵ دێتە دەستی)

– ئای خوایە (دەست دەکات بە گریان) نا کۆرپەکەم، نابێت بکەویت، هەستە، توخوا هەستەوە (کەللەسەرەکە دەخاتە سەر هەردوو دەستی ڕوو لە خۆی قسەدەکات) کێ بوو وای لێ کردی، پێڵاوەکانت بچووک بوو، یان قاچە بچووکەکانت توانای ڕۆیشتنیان نەبوو، دەی هەستەوە کورە شیرینەکەم، ئەوە دێوەکە هات، ئەها (دەست بۆ پۆستاڵەکە درێژ دەکات) ئەوە هات، سەیری

پێیەکانی چەند زەبەلاح و ڕەشە (دەگیرێت) دەی توخوا هەستە، ئێستە هەردووکمان قووت دەدات، هەستە، هەستە (بە کوڵ دەگیرێت) دێوەکە هات.

(لەم ساتەدا هەردوو ژەنەڕاڵ بە دیار سەرییەوە، وەستاون و هەردووکیان پێیان دەخەنە سەر پشت خزمەتگوزارەکە)

پیرەژەنەڕاڵ:

– وا ئەزانیت ئەگەر لێرە خۆت حەشار بدەیت ئێمە هەرگیز ناتبینین

ژەنەڕاڵ:

– گەورەم، زانیاریە هەواڵگرییەکانمان ڕاست دەرچوون

خزمەتکار:

– بە نەفرەت بن، بەسە بڕۆن وازم لێ بێنن

ژەنەڕاڵ:

– هەی ناپاک، تۆ هەرگیز جێگای متمانە نیت؟!

پیرە ژەنەڕاڵ:

(سەیری دەفتەرەکەی دەکات)

– بابزانم مێژوو چەند تاوان و ناپاکی لەسەر ئەمانە تۆمارکردووە

(بەخێرایی لاپەڕەی دەفتەرەکە هەڵدەداتەوە و سەیری دەکات)

– وای.. بابە... ئەمانە چین، خیانەت دوای خیانەت

ژەنەڕاڵ:

– بۆیە مێژوو ڕەحمی پێنەکردوون، بە سەردەمی زێڕینیشەوە، کەواتە شایەنی گشت بڕیارێکن

پیرە ژەنەڕاڵ:

– بۆیە گرنگە بڕیاری هاوبەش بدەین

ژەنەڕاڵ:

– بەڵێ، زۆر ڕاستە، دەبێت بڕیارێکی ژیرانە بدەین

خزمەتگوزار:

(بەسەر سوڕمانەوە)

– بڕیاری ژیرانە

– پێم ناڵێن دوای ئەم هەموو ماڵ وێرانییە، بە نیازی چین؟!

(هەدوو ژەنەڕاڵەکە پێکەوە ئەدەنە قاقای پێکەنین)

– هەی گەمژە،

ژەنەڕاڵ:

– هەی ڕێوی، لەدوای ئەم هەموو خیانەت و ملهوڕیانە، بەنیازی لە یاسا ڕاکەی

خزمەتگوزار:

(بەسەرسوڕمانەوە)

– خیانەت، ئێمە هەمیشە خیانەتمان لێکراوە، کەی ئێمە خاوەنی ئەم وشەیەین، خیانەت پیرە ژەنەڕاڵ

(ڕوو دەکاتە ژەنەڕاڵی گەنج)

– ژەنەڕاڵ، ئێستە کاتی خۆیەتی

ژەنەڕاڵ:

– کەواتە گەورەم، دوای لێکۆڵینەوە و دانپێنانی تاوانبار بە گشت تاوانەکانی، کاتی ئەوە هاتووە بڕیاری کۆتایی بخوێنیتەوە.

پیرە ژەنەڕاڵ:

– زۆر باشە (دەفتەرەکەی دەکاتەوەو دەست دەکات بە خوێندنەوەی بڕیارەکە)

– بەناوی خوای گەورە و میهرەبان (دوای دەستگیرکردنی تاوانبار لە ناوچە قەدەغەکراوەکان، بەهەوڵی پارێزەرانی وڵات وەک کەسێکی ئاژاوەگێڕ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دروست کردنی ناسەقامگیری لە ناوچەکە و تێکدانی ئارامی خەڵکی بڕیارماندا.

(ژەنەڕاڵە گەنجەکە و پیرە ژەنەڕاڵەکە، هەریەکەیان لاقێکی دەگرن و بە ڕاکێشکردن دەیخەنە نێو پۆستاڵەکە، دەنگی تەقە تەقی کارگە و هاواری خزمەتکارەکە تێکەڵ دەبن، لەگەڵ دەرچوونی دووکەڵ لەنێو پۆستاڵەکە، پاشان لووتی پۆستالەکە وەکو بۆنیتی ئۆتۆمبێل هەڵئەدرێتەوە، کۆمەڵێک کەللەسەر دەڕژێنە دەرەوە)

# کورتیلە چیرۆک

**بورهان حاجی سلێمان**

### خوێنی هابیل

دوای شەڕێکی خوێناوی، ئاگربەستیان ڕاگەیاندو تەرمی کوژراوەکانیان لە گۆڕەپانی سووری شێتیدا جودا دەکردەوە، بەڵام هەرچییەکیان کرد نەیانتوانی خوێنی تێکەڵی سەربازە کوژراوەکانی خۆیان لە خوێنی دوژمنانیان جودا بکەنەوە.. چونکە هەموو خوێنەکان لەیەکدەچوون... سوور وەک خوێنی هابیل.

### کتێب

سڵاوێکی سەربازیی بۆ ئەفسەرەکە کردو وتی:

– گەورەم بەوردی ماڵی داواکراوەکەمان پشکنی، لە (کتێب) زیاتر هیچی دیکەی تێدا نەبوو...

ئەفسەرە ڕەشتاڵەکە سوور هەڵگڕاو نەڕاندی بەسەریدا:

– بە نەفرەت بیت هەی گەمژە.. ئەی پێمنەوتن هەر (چەک)ێکتان دۆزییەوە بیهێنن؟!

### گورگ

کچە پێنج ساڵانەکە ، بە شاگەشەکەوە بۆ لای دایکی هات:

«ها دایکە ئەو پیاوە باشە ئەم پارە گەورەیەی پێدام!»

سەری هەڵبڕی .. بینی گورگێکی برسی لیکاو لە کەڵبەکانی دێتە خوارەوە ، بەپەلە پێنج هەزاریەکەی لە دەستی کچەکە قژ شانە بەرنەکەوتووەکەی ڕاپچکاندو فڕێیدا... پەلی گرت و لەو شوێنە دوورکەوتەوە..

جارجار ئاوڕێکی دەدایەوەو بەچاوێکی ترسەوە سەیری گورگەکەی دەکرد، بەچاوێکی پەشیمانیشەوە تەماشای پارەکەی دەکرد کە (با)یەکە بەرەو چڵپاوەکەی دەبرد.

### دووری

لەسەر پشت ڕاکشابوو.. چاوی بڕیبووە ئەستێرەیەکی پرشنگدار.. ژنەکەی ئیرەیی بەو تەنە بێگیانە درەوشاوە دەبرد... ئەستێرەکە دابەزی و چپاندی بەگوێی ژنە دڵ پیسەکەدا: « تۆش هێندەی من لێی دوور بوویتایە، لە ناو دڵیدا لانەیەکت چێ دەکرد»

### دایک

دەیڕوانیە منداڵە ساواکەی ناو بێشکەکەو بەدەم وەنەوزەوە خەیاڵی پەمەیی دەیبرد بۆ گەورەیی کۆرپەلەکەی .. فریشتەیەک دابەزی و چرپاندی بە گوێی ساواکەدا:

« خۆزگە منیش دایکێکی وەک دایکە میهرەبانەکەی تۆم دەبوو»...

بەدەم فریشتەکەوە بۆ دایکی پێکەنی .. پێکەنینێک ئەو شەوە کراسە دڕاوەکەی دایکی کرد بەجلی بووکێنی.

### بۆنی هەویر

نانەواکە دوا موشتەری بەیانیانی بەڕێکردو بە دانەکانی تاڵە سمێڵێکی قرتاند.. بە کچۆڵە حەوت ساڵییەکەی وت: وەرە ژوورەوە سەیرکە چۆن هەویرەکە ئامادە دەکەم؟!...

چل ساڵ دوای ئەو بەیانییە هێشتا بە بۆنی هەویر هێڵنجی دێتەوە..

### میراتی

منداڵە ٥ ساڵانەکەی خستبووە سەر ملی و یاری لەگەڵ دەکرد، خەیاڵ بردی بۆ سەردەمی ئەو منداڵەی پەتی هەڵگرتنی تەپەدۆرە چلورە شان و ملە نەرمەکەی نەخشاندبوو، ئەو کە باوکی کۆچی کرد سەعاتێکی خوێناوی ستیزن و وشەی پیرۆزی (شەهـــید)ی بۆ بەجێهێشت.. بڕیاری دا کە کۆچی کرد، کلیلی قاسەیەکی چەورو ژمارەیەکی (١٠ )سفری (ڕەســید)ی بە میراتی بۆ بەجێبێڵێت، بەڵام جیناتی بۆماوەیی ڕێگەی نەداو قەوانەکە دوبارە بۆوە.

### ژمارەیەکی نامۆ

زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا.. دیسان ژمارە نامۆکەیە.. بەڵێ فەرموو .. گوێی لە دەنگێکی هەناسەسوار بوو : سوپاس هەر ئەوەندەم دەویست!

### خەیاڵ


وەکو ژنێکی موتیع هەموو شەوێک دڵی مێردەکەی ڕازی دەکات ... هەر جارێک بە خەیاڵی ئەستێرەیەکی ناودارەوە لە پاڵیدا دەنووست.

شیعر

# ئینجانەیەک لە تۆوە

مۆتەکەیەک لە سەرمدا
خەوی چاوەکانم دەدزێ
مۆتەکەیەک
بە باڵامدا دێتەخوار و
لە تاریکیم دەگەوزێنێ
لە پڕ تۆ دێیت و
دەبیتە نزا
لەحزوری دڵما گیردەبی
من شەقار شەقارم
کەچی تۆ دێیت و
وەک ئینجانەیەک
دەمدەیتەوە دەستی خۆم
تا هەمیشە
بەهەشتم تیا سەوز بێ
ئیدی من لە چیم کەم بێ
تۆ فریادی دڵی منی و
گیانیشم کانگای
گوڵی سێبەر
من بۆ خۆم دەبمە ڕۆمانێک
لە هەزار لاوە
خوێندنەوەم لەسەر دەکرێ
بەڵام
کەسیان
ناچنە سەر ئەو دێڕەی
کە تۆم تیا هەڵدێ
تۆ بە هەموو (خۆت)ەوە
من بە هەموو (تۆ)وە

٢٠٢٠


شەرمین وەلی

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- **دروستکردنی مێژوویەک بۆ ژنی کورد**

**د. کامەران محەمەد**

- **لە سەردەمی جیهانگیریدا .. هەژاری فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران، لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێیدا .. (بەشی دووەم و کۆتایی)**

عومەر عادل عەبدوڵڵا

- **ڕۆڵی پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ**

موحسین ئۆسمان

# دروستکردنی مێژوویەک بۆ ژنی کورد

## مێژووی ژن لەدیدی کوردناساندا لەسەرەتای سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم





د. کامەران محەمەد
زانکۆی سلێمانی

ئەوە ناوونیشانی ئەو ماستەرنامەیە بوو، کە (بەهرۆز بەکر) پێشکەشی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی کرد و لە (٩-٣-٢٠٢٢) تاوتوێکرا!

ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەین، گەر بڵێین ئەم کارە هەوڵدانێکی جدییە بۆ وەرچەرخانێکی زانستیی لە میتۆدی مێژوونووسیی کوردییدا، چونکە هەوڵیداوە بە میتۆدێکی ئانالزیی و بڕۆدێلییانە (مێژووی گشتیی ژن) لە دیدی کوردناسەکاندا بنووسێتەوە.

**سەرچاوەیەکی نوێ:**

کوردناسیی ئەو ڕوانگەیەیە، کە ئەم توێژینەوەیە لێوەی بەرەو (جیهانی ژن) هەنگاوی ناوە، کایەیەکە، کە تا ئێستا وەکو پێویست بۆ (مێژووی ئاڵۆز و فرەڕەهەند) ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، لەکاتێکدا جیهانێکە لە زانیاری جۆراوجۆر دەربارەی بونیادی کۆمەڵی کوردەواری و ژیانی ڕۆژانە.

بۆیە کاتێک بەرهەمی کوردناسەکان دەخوێنینەوە هەست بە زیندوێتی و سروشتێتی و چالاکیی کۆمەڵگەی کوردیی دەکەین، وەک ئەوەی بە چاوی خۆمان بیبینین! واتە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە ئاساییەکە لای کوردناسەکان بەشێوەکی گشتی نەک ڕەها، بەڵکو بووەتە بابەتی نووسراوەکانیشیان، نەک ژیانی سەرکردە، یان میرێک یاخود ململانێی سیاسی و جەنگەکان! هاوکات ئەم لایەنانەشیان فەرامۆش نەکردووە.

کاتێک گرنگی کوردناسیمان بۆ دەردەکەوێت، کە پەی بە هەژاریی توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە دەبەین. بەتایبەت کاتێک گرنگی ئەو بەرهەمە کوردناسییانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کە دەبینین یەکەمین لێکۆڵینەوەن، بە میتۆدە زانستییەکان ئەنجامدرابن، لێرەدا مەبەستمان زانستیبوونی تەواوی ئەو بەرهەمانە نییە، ئەوەندەی دەمانەوێت بڵێین گەلالەکردنی ئەو بەرهەمانە دەچنە چوارچێوەی ئەو میتۆدە تازانەی، کە ئەمڕۆ لە جیهانی پێشکەوتوودا مێژووی پێدەنووسرێتەوە. واتە خستنەڕووی واقعی کۆمەڵگەی کوردیی لە گۆشەنیگایەکی جیا لەو گۆشەنیگا فەرمییەی، کە تا ئێستا مێژووی پێنووسراوەتەوە[1].

دیارە بوون و ژیانی ژن پانتاییەکی فراوانی

بەرهەمی کوردناسانی داگیرکردووە، لە وردترین و سادەترینەوە تا ئاڵۆزترین و گەورەترین بواری ژیانی فەرامۆش نەکراوە. بۆیە توێژەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵ زانیارییەکاندا کردووە و وەستایانە لە بونیادنانی کۆشکی گشتیی (مێژووی ژن)دا ڕیزی کردون. واتە بەرهەمی کوردناسەکان تاکە کەرەستە و پێداویستییە بنەڕەتیی و سەرەکییەکانی ئەو بونیادنانەیە.

**بوارێکی نوێ:**

مێژووی ژن وەکو بوار و کایەیەکی زانستیی، کە بتوانرێت بەشێوەیەکی جەوهەریی دیاری بکرێت، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت. هەرچەندە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی جیهان و لە گرنگیپێدان و خستنە نێو بەرنامەی توێژینەوە زانستیی و زانکۆییەکان جیاوازبوون، بۆیە گومان لەوەدا نییە، کە ئەمڕۆ (مێژووی ژن) مومارەسەکردنێکی جێگیرە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهاندا[٢].

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی – نەک ڕەها- لە زانکۆکانی ئێمەدا (مێژووی ژن) بابەتێکی بێهودە و بنش (تصور)کردنی ئەستەم بووە، بەتایبەت کاتێک ئەم دیدە نەرێنییە خۆی نمایش دەکات، کە لەسەر زاری پرۆفیسۆرێکی بواری مێژووەوە دێتە دەرەوە و پرسیار دەکات: مێژووی ژن واتای چییە؟

وەک ئەوەی ئەو پرسیارەمان لێبکات، کە ئایا ژن ئەوەندە کاری هەیە، تا بتوانرێت مێژوویەکی بۆ بنووسرێتەوە؟ لای پێشینەکان ژنان وەک هاووڵاتیەکی (ساردێتی) لێیانڕوانراوە، واتە ئەوان پێکهاتەگەلێکی خامۆشی جیهانێکی وەستاوبوون!

(دایکایەتی) و (ماڵ دروستکردن) ئەو کارانەبوون کە بۆیان دیاری کرابوو، لەبەرئەوە بە شایانی ئەوە نەزانراوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت! لەکاتێکدا پیاوان چالاک و خاوەن وزە و زیندوێتیی بوون! بۆیە ژنان لە پانتایی مێژوودا دوورخراونەتەوە، لەبەرانبەریشدا پیاوان دەستیان بەسەر چارەنووسیاندا گرتووە و ئەوانیان لە شوێنێکی پەراوێزی وادناوە، کە جگە لە تەماشاکەرێکی بێدەسەڵاتی مێژوو شتێکی دی نەبن!

تا ئێستا (مێژووی ژن) لە زانکۆکانی کوردستاندا نەبووەتە بابەتێکی بنەڕەتی بۆ توێژینەوە، ئەمە لەکاتێکدا ژن لە کۆمەڵی کوردەوارییدا بەردەوام بەشێوەیەکی کرداریی پشکداریی دروستکردنی ژیانی کردووە، بەڵام لە لاپەڕەکانی مێژوودا شتێکی ئەوتۆمان بەرچاوناکەوێت، کە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو بەشداریکردنەی.

(مێژووی ژن لە دیدی کوردناساندا) هات و ئەو بەستەڵەکەی شکاند، بە بوێریی و توێشویەکی زانستیی پرەوە پێیگوتین: چیدی مێژوو مۆنۆپۆڵی پیاوان نییە و ژنانیش ڕۆڵی بنەڕەتییان لە دروستکردنییدا گێڕاوە. پێیگوتین: ئەگەر مێژوویەک بۆ پیاوان هەبێت! بۆ نابێت مێژوویەک بۆ ژنان لە ئارادا بێت؟

ئایا لە زانستدا (بوار) و (بابەتی زانستیی) لەسەر بنەڕەتی (ڕەگەز) دیاری دەکرێت؟ یان ئەوە جگە لە حەزی زاڵێتی و نێرانە شتێکی دی نییە؟

ئەم توێژینەوەیە ئەو مێژووە لاسەنگەی هاوسەنگ کردەوە، کە تەنیا پیاوان تێیدا سەنگیان هەبوو! دیمەنەکانی ژیانی گێڕایەوە بۆ دۆخە سروشتییە ڕاستەقینەکان. هاوکات خاڵێکی کۆتایی لە دوا دێڕ و وشەی ئەو مێژووەدا دانا، کە ستەمکاریی (بە واتا زمانەوانییەکەی: دانانی شتێک، کە لە جێگەی خۆیدا نەبێت) ئاراستەی دەکرد! واتە بابەتەکانی مێژووی خستە نێو خانە سروشتییەکانی خۆیانەوە! تێیدا ژن و وێنەکەی لەو ستەمکاریی و پەراوێزخستنە دەربازکرد، کە بەدرێژایی مێژوو هەناسەدانی لێزەوت کرابوو، کار و چالاکیی و بەشداریکردنەکانی فەرامۆش کرابوو.

تا ئێستا بەدەست نەبوونی مێژوویەکی (گشتیی) ژنەوە دەناڵێنین، ئەی ئەگەر مێژوویەک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بۆ ژن بنووسرێتەوە، بڵێی چ بۆشاییەک پڕبکاتەوە؟

ئەم توێژینەوەیە بەبێ بوونی یەک سەرچاوەی مێژوونووسی کوردیی مێژوویەکی گشتیی بۆ ژنی کورد بونیادنا! پێی گوتین ئەو (کچ) و (بووک) و (ژن) و ( بێوەژن) و...تاد، ئازا و

> “ کاتێک بەرهەمی کوردناسەکان دەخوێنینەوە هەست بە زیندوێتی و سروشتێتی و چالاکیی کۆمەڵگەی کوردیی دەکەین ”

دڵسۆز و فیداکار و پاک و کابان و جەنگاوەر و باوەردارە. لە هونەر و بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسـەت و خێـزان و کلتـوور و ژیانی ڕۆژانەدا بکەرێکی کارا و ڕاستەقینە و خاوەن کاریگەرێتییە.

**میتۆدێکی نوێ:**

ئـەوەی لەیەکەم لاپـەڕەی ئـەم توێژینەوەیە سەرنجمان ڕادەکێشێت، تێپەڕاندنی میتۆدی بـاوی مـێژوونـووسـیی کـوردیـیـە، دیـارە مەبەستمان لە (مێژووی ماوە کورت)ە کە تێیدا تەنیا تەرکیز لەسەر (ڕووداو، سیاسەت، تاک، گێڕانەوە) دەکات.

لـێـرەدا ژن وەکـو مـرۆڤـێـکـی فـرەڕەهـەنـد لێیڕوانراوە، واتـە لایەنی فیکریی و ڕۆحیی و سایکۆلۆجیی و جەستەیی خـراوەتـەڕوو، هاوکات ژیانی ژنیش لە تاکە ڕەهەند و لایەنێکی دیاریکراو قەتیس نەکراوە. لێرەدا ژن سیاسەت و کۆمەڵ و ئابووری و...تاد ڕەنگڕێژ دەکات.

ئـەم توێژینەوەیە سـنـووری مـێـژووی مـاوە کـورت تـێدەپـەڕێـنـێت و بـەقـووڵـی دەچـێتـە نـێـو مـێـژووی مـاوەمـامـنـاوەنـد و مـێـژووی ماوەدرێژەوە کە (مێژووی ماوەدرێژ) ئاستی قووڵی واقعی مێژووییە، ئەو ناوەندەیە، کە لە چێوەی دیالێکتیکی ماوەکاندا (ماوەمامناوەند و ماوەکورت) بەدەوریدا دەخولێنەوە. یاخود ئەو واقیعە ئاڵۆزەیە، کە گۆڕانکارییەکی ستوونی لە تێڕوانینی مێژووییدا دەخوازێت.

ناتوانین بـەقـووڵـی لـە (مـێـژووی مـاوەدرێـژ) تێبگەین، ئەگەر لە چێوەی چەمکێکی دیکەی هاوتەریبدا نەبێت، کە ئەویش (بونیاد)ە چونکە (مێژووی ماوەدرێژ) مێژووی بونیادە جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زەینییە ڕیشەدار و پەرەسەندنە هێواشەکانە.

بڕۆدێل (بونیاد) جیاواز لـەو واتـایـەی کە لە سۆسیۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیادا دەیبەخشێت، بەکاردەهێنێت. لە هەڤپەیڤینە زانستییەکەیدا لەگەڵ (کلۆد لیڤی شتراوس) بڕۆدێل چەمکی (بونیاد) لە ڕەهەندە ماوەدرێژەکەیەوە دیاری دەکـات و دەڵـێت: وشـەی (بونیاد) ئـەو کلیلە سوود بەخشەیە (وشەکە گونجاوبێت، یاخود

❝

**میژووی ژن وەکو بوار و کایەیەکی زانستیی، کە بتوانرێت بەشێوەیەکی جەوهەریی دیاری بکرێت، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت**

❞

نەگونجاو) کە باڵ بەسەر پرسەکانی (مێژووی ماوەدرێژ)دا دەکێشێت، لای تێبینەرانی واقعی کۆمەڵایەتی (بونـیـاد) بریتییە لە ڕێکخستن و پێکەوە گونجان و پەیوەندیگەلێکی جێگیر لەنێوان واقع و جەماوەری کۆمەڵایەتیدا، بەڵام سەبارەت بە ئێمەی مێژوونووسان (بونیاد) پێکهاتن و ئـەنـدازەیـە. لـەوەش زیـاتـر ئـەو واقعەیە، کە کات بەشێوەیەکی خراپ بەکاری دێنێت و لـەمـاوەیـەکـی کـاتـی دووردرێـــژدا دەیگوازێتەوە. هەندێک لەو بونیادانە، بەهۆی ئـەوەی کاتێکی درێـژ بەزیندوێتی دەمێننەوە، بەدرێژایی چەندەها نـەوەی بێکۆتایی دەبنە ڕەگەزگەلێکی نەگۆڕ. کە ئەرکی مێژوو قورس دەکەن و ئاستەنگی بۆ دروست دەکات. بەوەش جڵەوی پەرەسەندنەکەی بەدەستەوە دەگرێت. ئەوانە پەردەگەلێکن، سنوورگەلێک دەکێشن، مـرۆڤ بـە ئـەزمـوونـەکـانـی خـۆی ناتوانێت تێیانبپەڕێنێت. بیر لە ئەستەمی تێکشکاندنی هەندێک چێوەی جوگرافی، یان هەندێک واقعی بایلۆجی یاخود هەندێک سنووری بەرهەمهێنان بکەنەوە. تەنانەت بەدرێژایی چەندەها سەدە لەچێوەی هاوسەنگییەکی هێواشی بونیادناندا، کە تێپەڕاندنیان ئەستەم بووە، مرۆڤ زیندانی کـەشـوهـەوا و ڕووەک و گـیـانـلـەبـەران و کشتوکاڵکردن بووە[٣].

(مێژووی ماوەدرێژ) وەک چەمکێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە، بە پلەی یەکەم گرنگی بـۆ ئـەو مـێـژوونـووسـە هـەیـە، کە بەپەرۆشەوە چاودێری ئەنجامی توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکات. هاوکات گرنگی بۆ ئەو بیرمەندانەش هەیە، کە لە چێوەی خودی ئەو زانستانەدا کاردەکەن.

لێرەدا شوێن ڕەگەزێکی بێ چرپە نییە، لەگەڵ زمـان و جـەسـتـە و کـار و چـارەنـووس و جلوبەرگ و خشڵ و.. تاد ئاوێزانە! ڕەشماڵ و خانووی گوند و شارەکان چیرۆکی ژنەکانمان بۆ دەگێڕنەوە. هاوکات بونیادی کۆمەڵایەتیش دەروازەیـەکـە بـۆ پێناسەکردنی ژنـی کـورد و چـیـن و تـوێـژە ئاینیی و کـۆمـەڵایـەتـی و سیاسییەکانیش گۆشەگەلێکی پەنهانی ترمان بۆ ئاشکرا دەکـەن. تەنانەت لێرەدا مێژووی

**ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەردەوام بەشێوەیەکی کرداریی پشکداریی دروستکردنی ژیانی کردووە، بەڵام لە لاپەڕەکانی مێژوودا شتێکی ئەوتۆمان بەرچاوناکەوێت، کە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو بەشداریکردنەی**

سیاسییش بەشێوەیەکی جیاواز خراوەتەڕوو، واتە بە تەنیا تەرکیز لەسەر (ماوەی کورت، تاک، روداو) ناکات، بەڵکو گرنگیدان بە سیاسەت وەکو شێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووریی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. نەک وەک ئەو مێژووە سیاسییەی، کە هەواڵساز و رۆژنامەنووسەکان تۆماری دەکەن.

لەنێو ئەم توێژینەوەیەدا لە جیاتی تاک یاخود باوک بەتەنیا! خێزان دەدوێت و پێکهاتەکان (کچ، بووک، دایک،.. تاد)ی ژنمان پێ دەناسێنێت و ئەرک و مافەکانیان لەوێدا ڕووندەکاتەوە. تەنانەت بەنێو دەروونی گشتیی ژنی کورددا رۆدەچێت و لەسەربەنی (ئازایەتی و دڵسۆزیی و فیداکاریی و هاریکاریی و خاوێنیی و.. تاد) لە ئاکاری ژنی کورد دەکۆڵێتەوە.

لێرەدا ئەو ڕاستییە، کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا توێژی سیاسی گوزارشت لە ژیانی رۆژانە و ڕاستەقینەی خەڵکی ناکەن. بۆیە لە میانەی ڕۆچوون لە ژیانی ڕۆژانەی ژنی کورددا هەوڵی دەرخستنی ژیانی واقیعی ژنی لە کۆمەڵدا داوە.

توێژەر لێهاتووانە چووەتە نێو (دەوار)ەکانەوە و تێیدا وێنەی شوێنی تایبەتی ژنان و شوێنی خواردن ئامادەکردن و تەنانەت کاری دەرەوەی دەوارەکەشی خستووەتەڕوو، پاشان دەچێتە نێو گوند و شارەکان و لەوێوە لە کار و ئەرکە پیشەیی و دەستیی و ئایینی و نوژداریی و نێوماڵییەکان ورد دەبێتەوە.

جلوبەرگی ژن لە ماوەی سەد و پەنجا ساڵی ماوەی توێژینەوەکەدا دەروازەیەکی نوێتر بەڕووی لاپەڕە شاراوەکانی ئەو مێژووەدا دەکەنەوە و نهێنییەکانی پێکهاتە و ڕەنگ و مۆدێلی جلوبەرگەکان و کارتێکەر و بەریەککەوتنە کلتوورییەکان ئاشکرا دەکەن.

لە گۆشەیەکی دیدا (ژن و میوانداریی و خوان) مێژوو دەنووسنەوە! لێرەدا لایەنێکی بنەڕەتیی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواری ئاشکراکراوە، کە پاڵەوانەکەی بەپلەی باڵا ژنە، سەرەڕای رۆڵی بنەڕەتیی ژن، بەڵام خوانەکان ئاستی جیاوازی بژێویی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ماوەیەمان بۆ دەخەنەڕوو.

هەروەها لەم توێژینەوەیەدا (توندوتیژیی) بووەتە بابەتی توێژینەوە مێژووییەکان! ڕەنگە لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببینەوە، کە ئایا دەکرێت مێژووی توندوتیژیی بنووسرێتەوە؟ دیارە کە توندوتیژیی بەشێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤ، مرۆڤیش ڕەگەزی بنەڕەتی دروستکردنی مێژووە، بۆیە ئەگەر مێژووی توندوتیژیی نەنووسرێتەوە، ئەوا کەلێنێک لە نووسینەوەی مێژوودا دروست دەبێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا توندوتیژیی (خێزانیی، دەروونیی، جەستەیی، سیاسی، سێکسیی، ئابووری، ناوخۆیی و دەرەکی) چەندەها نهێنی کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئاشکراکردووین.

**پەراوێزەکان:**


١) کامەران محەمەد: کوردناسی و مێژووی ژیانی ڕۆژانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ١١.

٢) بیتر بورکی: نظرات جديدة على الكتابة التاريخية، ت: قاسم عبده قاسم، المركز القومي للترجمة، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠١٠، ص ٧٣.

٣) کامەران محەمەد: فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٢٠٨.

## لە سەردەمی جیهانگیریدا

# هەژاری فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران، لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێدا



عومەر عادل عەبدوڵڵا

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**هــەژاری فــەرهــەنــگــی ئــاوەزی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا بۆ کەرەستە نوێیەکان:**

هەژاریی یەکێکە لەو باس و خواسانەی، کە لە زانستی ئابووریدا زۆر گرنگی پێدەدرێت و بە کەسێک دەگوترێت هەژار کە خاوەن داهاتێکی کەم و سەرچاوە بژێوییەکی لاواز بێت. بەهەمان شێوە دەوڵەمەندی لە زانستی ئابووریدا زۆری سەروەت و سامانە، هەرچەندە دیاری نەکراوە (چونکە ژمارە کۆتایی نایەت) بەڵام بە کەسێک دەگوترێت دەوڵەمەند، خاوەن سامانێکی زۆر بێت و بەشی هەموو پێداویستییەکانی بکات (عوسمان کەریم، ١٤٧٣، ١٣)

هەروەها لە زانستی زماندا، دەخرێتە نێو چەندین واتاوە و بۆ زۆر شت بەکار دەبرێت. لە گرنگترین ئەو بوارانەی، کە وشەی هەژار زیاتر خۆی تێدا بەرجەستە دەکات، زمانە. زۆرجار باس لە هەژاریی زمان دەکرێت، بەتایبەتی لە ئاستی فەرهەنگدا و دەگوترێت فەرهەنگی فڵانە زمان هەژارە و وایە و وایە.

لە ڕاستیدا هەژاریی فەرهەنگی نووسراو بێجگە لەوەی پەیوەندی بە سروشتی زمانەکەوە هەیە، هۆکارێکی دیشی هەیە، کە هەژاریی فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەرانە، چونکە فەرهەنگی نووسراو ، بەروبووم و کۆششی فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران و فەرهەنگ نووسانە.

ئەم دیاردەیە، تەنیا پەیوەست نییە، بە ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە، بەڵکو لەلای ئاخێوەرانی زمانانی دیش شتێکی باو و دیارە. چونکە لەم سەردەمەدا هاتنی وشەی نوێ بۆ نێو زمان، لە ڕێگەی کەرەستەی نوێوە، وەکو ڕژانی لافاو وایە بەنێو ڕووبارەکاندا و ئەستەمە بتوانرێت ڕێگەی لێبگیردرێت. ئەویش لە ڕێگەی ڕۆنانی وشەی نوێ بۆ کەرەستە و ئامێرەکان، کە بەشێوەیەکی گشتیی لەم پرۆسەیەدا چوار ڕێبازی وشەڕۆنان ڕۆڵ دەبینن، وەکو: پرۆسەکانی لێکدان و دارشتن و داتاشین و وەرگێران. دیارە ڕۆنان تەنیا ئەرکی زمانەوان و فەرهەنگ نووسان نییە، بەڵکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاخێوەرانیش ڕۆڵی خۆیان لە داتاشین و دارشتنی وشەی نوێ بۆ کەرەستە بیانییەکان دەبینن.

لە ڕابردوودا زمانی کوردیی، زمانی ئاخێوەرانی کورد، زمانی ڕەسەنی باوباپیرانی بووە، لەبەر ئەوەی لە گوند و لادێیەکاندا ژیاون. هەمیشە ئەو وشانەیان هەڵچنیوە و بەکارهێناوە، کە بەرهەمی خواکردە و خۆکردەیەی خۆیان بووە، ئەمەش وایکردووە لە وشەڕۆناندا پشت بە مۆرفیمە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی ببەستن، بەڵام لە ئێستەدا بەهۆی جیهانگیرییەوە، زمانی کوردیی ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەستداوە و بووە بەیەکێک لەو زمانانەی، کە جیهانگیریی کاریگەری نەرێنی کردووەتەسەر. هەرچەند لە ڕابردوویشدا زمانی کوردی ڕووبەڕووی گەلێک ئاستەنگ و هەوڵی تواندنەوە بووەتەوە، کەچی ئەوەندەی جیهانگیریی کاریگەری نەرێنی

نەکردووەتەسەر، چونکە لە جیهانگیرییدا چالاکییەکان بەرفراوانتر دەبن و کاریگەرییەکان دەبنە سێ ئەوەندە و چوار ئەوەندە. هەروەها ئەو کەرەستە و پێداویستی و ئامێرانەی، کە لە وڵاتانی دیکەوە دەهێنرێنە کوردستان و ناوچە کوردییەکان، دروستکراوی وڵاتانی دەرەوەن و بە زۆری لەلایەن دروستکەرانییەوە، لەگەڵ دروستکردنییدا ناوێکی بۆ دەستنیشان دەکرێت، کە لەو ڕێگەوە ئەو ئامێر و کەرەستانەی پێدەناسرێنەوە. بۆیە پێویستە، ئێمە تەنیا ئامێرەکە وەرگرین، نەک ناوی ئامێرەکە، بەڵام لێرەدا ئەگەر ناوە هاوردەکە لەگەڵیدا هات، ئەوە کێشەیە، چونکە یەکسەر ئاخێوەران ئەو وشە وەردەگرن و بەکاریدەهێنن، ڕۆنانی وشەش بۆ ئەو کەرەستە و ئامێر و پێداوێستییانە بێسوود دەبێت، ئەگەر وشەیەکیش هەڵبژێرن و لەناو ئاخێوەراندا شانبەشانی وشە بیانییەکە بڵاوبێتەوە، ئەوە لەو دۆخـەدا، ڕادەی ئاشنایەتی وشە ڕۆڵ دەبینێت، لە ئاوەزی مرۆڤدا، واتا ئەو وشەی، کە زیاتر ئاشنایەتی هەبێت لە فەرهەنگی ئاوەزی مروڤدا، ئەگەری دووبارە بەکارهێنانەوەی زیاترە. یان ئاشنایەتی ئەو وشەیە لەلای گوێگرەوە، چونکە هەمووان دەزانین زمان ئەرکی گەیاندنی واتاییە، هەندێک وشە هەن بەلای گوێگرەوە نائاشنان، بۆیە قسەکەر هەوڵدەدات ئەو وشەیە بەکاربهێنێت، کە بەلای گوێگرەوە ئاشنایە و فەرهەنگی ئاوەزی گوێگر دەوروژێنێت و کاردانەوەی بۆ هەیە، چونکە ئەگەر وشە گەیشتە چەق بەستن، زمان گەورەترین ئەرکی خۆی لە دەست دەدات، کە هۆی تێگەیشتنە لە یەکدیی، بۆ نموونە وەکو وشەی (هیتفۆن) ناوی ئامێرێکە، دەخرێتە گوێ و دەنگ دێنێ و دەنگیش دەبات، لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا، وشەی (بیستۆک)یان بۆ داتاشیوە، کە (بیست) لە چاوگی(بیستن)ەوە وەرگیراوە، لەگەڵ پاشگری (ـۆک) و پێکەوە ئەو وشەیان دروستکردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە فەرهەنگی ئاوەزی تاکدا و لەنێو کۆمەڵگەدا هەر وشە بیانییەکە بەکاردەهێنن، وشـەی دووەم لای ئاخێوەران نامۆیە و پێی ئاشنا نیین.

زیاتر ئـەو بەربەستانەی کە وایکـردوە ئاخێوەرانی کورد دەستەپاچە بن بەرانبەر دانانی وشەی نوێ بۆ کەرەستە هێنراوە بیانییەکان، کۆمەڵایەتین، پێش ئەوەی دەروونیی بن، چونکە "دەکرێت پەیوەندیی زۆر لە نێوان زمان و کۆمەڵگەدا هەبێت، یەکێک لەوانە ئەوەیە، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەتوانێت کاریگەری لەسەر پێکهاتە، یان هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی هەبێت. پێکهاتەی زمانەوانی، یان ڕەفتاری دەتوانێت کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەبێت، یان دیاری بکات (رونالد واردف،١٣٩٣، ٣٢)

هەروەها زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵ بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، لە ئانوساتی ئاخاوتندا چ وشەیەک بەکاربهێنێت. زۆربـەی ئاخێوەرانیش ئـەو وشەیە بەکادەهێنن، کە لە ڕێگەی پڕۆسەی وەرگرتنەوە بەدەستی دەهێنن. هەرچەندە تیۆری وەرگرتنی وشە و زاراوە بە ڕێگایەک لە ڕێگەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ دادەنرێت، ئەویش "بەهۆی وشەیەک یان زاراوەیـەک، کە هەندێکجار وەرگرتنەکە وەکو خۆی دەبێت، بەڵام هەندێکجار بە زیادکردنی پیتێک، یان کەمکردنەوەی پیتێک دەبێت (سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو،٤٣٥، ٢٠٠٩)

کێشەکە لـەوە دایـە، کە وشـە وەرگـیراوەکـان لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا یەک ناگرنەوە، بۆ نموونە کەرەستەیەکی وەکو (ئۆکس) کە بەو وایەرە دەگوترێت،

**هەژاریی فەرهەنگی نووسراو بێجگە لەوەی پەیوەندی بە سروشتی زمانەکەوە هەیە، هۆکارێکی دیشی هەیە، کە هەژاریی فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەرانە**

کە ئامێرێک بە ئامێرێکی دی دەگەیەنێت و دەنگ دەهێنێت و دەنگ دەبات، لە زمانی عەرەبییدا پێیدەگوتریت (ربط) واتـە: شتێک بە شتێک دەگەیەنێت، کەچی ئاخێوەرانی زمانی کوردی ئەوەندە فەرهەنگی ئاوەزییان هـەژارە، ناتوانن وشەیەکی نوێی بۆ دابنێن لەگەڵ زمانەکەدا یەک بگرێتەوە، بۆیە هەر وشە ئینگلیزییەکە، یان عەرەبییەکە بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا دەتوانین بە پێی سروشت و ئەرکی ئەو ئامێرە ناوی بنێن (دەنگهێنەر) چونکە دەنگ دەهێنێت و دەنگ دەبات.

وشە بنەڕەتییەکان، لە ئەنجامی کەرەستە بنەڕەتییەکانی ژیان و جموجوڵە سەرەتاییەکانییەوە دێن. لە سـەرەتادا، کە کەرەستەیەک بەرهەمهێنراوە، لەلایەن کۆمەڵەوە ناوێکیان بۆ هەڵبژێردراوە و ئیدی ئاخێوەران بەو ناوە ناسیویانەتەوە، بەڵام لە ئەنجامی هاتنی کەرەستەی دی و زۆربوونی کەرەستەکان، ئاخێوەران نەیانتوانیوە لە

ڕێگەی تاک مۆرفیمێکەوە وشەی نوێی بۆ دروست بکەن.

ئەمڕۆ چیتر وشەکان لە بێدەنگییەوە هەڵناقوڵێن، بەڵکو لە وشەکانی دیکەوە دێن، لە ژاوەژاوی وشەکانی دیکەوە دێن. کەچی ئەو وشەی لە بێدەنگییەوە سەرچاوەدەگرێت، لە بێدەنگییەوە دەبزوێن، بەرەو وشە و ئینجا جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ بێدەنگی، دیسان لە بێدەنگییەوە بەرەو وشەیەکی دی دەردەچن و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی، ئیدی بەو شێوەیە وشە هەمیشە لە چەقی بێدەنگییەوە دێت (ماکس پیکارد، ٢٠١٩، ٢٣٤)

ڕاستە ئەمە تاڕادەیەک لە پەخشانێکی خەیاڵییەوە نزیکترە، وەکو لە ڕاستیی، بەڵام دواجار نووسەر توانیویەتی لە چەند دێڕێکدا ئاماژە بە سووڕی لە دایکبوونی وشە بکات، تاکو مردن و لەناوچوونیی.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ ئەوەی وشەیەک لەدایک بێت، لە مۆرفیمێک، یان لە تێکەڵەیەک مۆرفیم دروست دەکرێت، بۆ نموونە وەکو وشەی (گوللەنەبڕ) ئەم وشەیە لە ڕێگەی

**زمانی کوردیی ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەستداوە و بووە بەیەکێک لەو زمانانەی، کە جیهانگیریی کاریگەری نەرێنی کردووەتەسەر**

سێ مۆرفیمەوە دروست بووە (گوللە-نە-بڕ) یەکەم وشە مۆرفیمی واتەدارە و لەنێو فەرهەنگی زمانی کوردییدا واتاکەی تایبەتی هەیە، دووەهەم مۆرفیم، مۆرفیمکی ئامرازی نەرێییە و بە تەنیا خۆی واتا نابەخشێت و بەڵکو پێویستی بە مۆرفیمی دیکەیە، سێیەم مۆرفیمیش لە ڕێگەی چاوگی (بڕین) هێنراوە و ڕەگەکەیان لێ دەرهێناوە و بە یارمەتی ئەو سێ مۆرفیمە ئەو وشەیان دروستکردووە.

دیارە باسوخواسی وشەکانی زمان و چۆنییەتی ڕۆنانیان، چەندین توێژینەوە و باس لەخۆدەگرێت، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوەیە بڵێین: ئەوە زمان نییە کە لاواز و هەژارە، بەڵکو ئەو خۆمانیین دەستمان هەیە لە لاوازکردنی و هەژار پیشاندانی زمانەکەمان.

ئەگەر زمانی کوردی هەژار بووایە و کەم دەسەڵات بووایە، هەرگیز نەدەبووە زمانی هۆنراوەیی و هۆزانڤانانی کلاسیک و دوای کلاسیکمان نەیاندەتوانی ئەو هەموو هۆنراوانە بهۆنەوە.

### هۆکارەکانی دەستەپاچەی ئاخێوەرانی کورد لەبەرانبەر وشە نوێییەکاندا:

دەستەپاچە بەو کەسە دەگوترێت، کە لە بەرانبەر کێشەکاندا دەستەوەستانە و هیچ کاردانەوەکی بەرانبەریان نییە. زۆر لەوە نەتەوانەی، کە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی خۆیان نین و ناتوانن بڕیاری گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەن، لە پرسە گرنگەکاندا دەست بە دامان دەمێنن، لە ئاست ئەو کێشەدا و بڕیاردان لەسەر ئەو پرسە دەکەوێتە دەست جەماوەر و بەشێوەکی هەڕەمەکییانە و پرتوبڵاو بڕیاری لێوە دەدرێت. لە بواری زماندا هەندێک پرس و بابەتی گرنگ هەن، لەبەر ئەوەی تا ئێستە نەتوانراوە بە بڕیارێکی ڕامیاریی لەلایەن میریەوە یەکلای بکرێنەوە. هاتنی وشە نوێیەکان بەهۆی جیهانگیرییەوە، یەکێکە لەو پرسانەی، کە کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت.

ئەگەر پێمان هەرس بکرێت یاخود نا، ئاخێوەرانی ئێستەی زمانی کوردیمان، بێ کاردانەوەن لە ئاست ئەو هەموو پێشلکارییانەی بەرانبەر بە زمانەکە دەکرێت، کەمترین کاردانەوەیان نییە، بگرە هەر هەستیش ناکەن، کە مەترسییەک لە ئارادایە. هۆکارەکانی دەستەپاچەیی ئاخێوەرانی کورد لە بەرانبەر وشە نوێیەکاندا، جگە لەوە کۆمەڵێک هۆکاری لاوەکی لە پشتەوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، لە دوو هۆکاردا چڕدەکرێنەوە:

### ١. ناشارەزایی لە بواری زماندا و لاوازی ڕۆشبیریی زمانیی:

زمان تەنیا بەو پارچە گۆشتە ناوترێت کە لە نێو دەم دایە و یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ ئاخاوتن و کارئاسانیکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵکو ژێرخانێکی زانستی گەورەیە و تاکو قوڵ نەبیتەوە بەنێو بابەتەکەدا درک بەو ڕاستییە ناکرێت. دیارە ڕۆشبیریی زمانی و شارەزایی لە زماندا، بەو مەبەستە نایەت، کە ئاخێوەر چەمکی جۆراجۆر و بیانی بەکاربهێنیت، بەڵام ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە ئاوڕ لە زمانەکەی خۆیان دەدەنەوە و ڕێگە نادەن، زمانەکەیان بەرەو پووکانەوە بڕوات و بتوانێت وشەکانی زمانەکەی وەکو خۆی دەرببڕێت، بەبێ لاقەکردنی زمانەکەی. کەم کەس هەن، لەنێو کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکاندا، زانیاری لەبارەی زمانەکەی خۆیانەوە هەبێت، مەگەر ئەو کەسانە نەبێت، کە لە بوارەکەدا خوێندوویانە، یان ئارەزوویان هەیە لە زانستی زمان بگەن و زانیاری کۆبکەنەوە.

هەرچەندە (زمان سیستەمێکە لە نیشانەکان کە ئێمە لە ڕووی کلتوورییەوە بە بەنرخی دەزانین، چونکە قسەکەران لە ڕێگەی بەکارهێنانیانەوە ناسنامەی خۆیان و ناسنامەی ئەوانی دیکە دەردەبڕن. ئەوان دەبینن، کە بەکارهێنانی زمانەکەیان هێمای ناسنامەی کۆمەڵایەتیانە، ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ڕەتکردنەوەی شوناس و کولتووری کۆمەڵایەتییانە، دەتوانین بڵێین: کە زمان هێمای واقیعێکی کولتوورییە (کلیر کرامش،٢٠١٠، ١٦)

بەڵام ئەوەی داخە لە ئێستەدا، هەستنەکردنی هاوڵاتیانە بەم پرسە گرنگە و نەبوونی ڕۆشنبیریی زمانییە لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردییدا. لە گرنگترین سیما دیارەکانی ناڕۆشبیریی زمان لـەلای ئاخێوەرانی کـوردەوە، لەوە خۆی دەبینێتەوە، کە زۆر لە ئاخێوەران ناتوانن درک بەو تێکەڵکردنە زمانیانانە بکەن. مەبەست لەو تێکەڵکردنانەش، تێکەڵکردنی زمانییە، لە ئاستی وشەکانی زماندا.

**٢.درک نەکردن بە مەترسییەکانیی:**

ڕۆژبەڕۆژ مەترسییەکانی سەر زمان و کلتوور و کۆمەڵگە لە زیادبووندان. ئەم مەترسییانەش تەنیا تایبەت نین بە زمان و کلتوور و کۆمەڵگەی کوردیی، بەڵکو دیاردەکە ئێستە جیهانییە و "دۆخی جیهانی ئێستە دۆخی سەد ساڵ لەوە پێش نییە، هەنووکە نەک هەر ئێمە، تەنانەت داگیرکەرەکانی کوردستانیش تووشی هێرشی زمانە جیهانییەکان بوونەتەوە و هەوڵدەدەن خۆیان لە بەرانبەر ئەو هێرشانەدا کە بە جیهانبوون ناسراوە بپارێزن. جا دەبێت دۆخی کورد لەو ناوەڕاستەدا چۆن بێت (ڕەحمان نەقشی، ٢٠١٩، ٦٢)

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە "زیادبوونی هێز کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زیادبوونی کاریگەری دەسەڵات هەیە و وادەکات دەسەڵات ئاسانتر بڕیارەکانی بکات بە کردەوە و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی دەستەبەر و پارێزراو بکات، هەروەها بوونی سامان و ئابووریی پتەو وائەکات دەسەڵات سەربەخۆتر و دەست کراوەتر بێت لە دەرکـردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانیدا و کەمتر بکەوێتە ژێرکاریگەری دەسەڵاتی تری خاوەن سـەرچاوەی ئـابـوری"(عـابد خالد ڕەسـول، ٢٠١٩، ٣٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێز، هۆکارێکن، بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی ئەو زمانە و دروستکردنی کاریگەری لەسەر زمانەکانی دی. ناهۆشیاری زمانی و درک نەکردن بە مەترسییەکان، لەلایەن ئاخێوەرانەوە و دوورکەوتنەوەی لە بەکارهێنانی زیاتر دەستپێشخەری دەکـات بۆ زوو لەناوچوونی زمانەکە و کاریگەرییەکان خێراتر دەکات.

کێشەی هـەرە سەرەکی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی، هەستنەکردنە بـەو مەترسییانەی، کە ڕووبـەڕووی زمانەکەیان دەبێتەوە. مەترسییەکانیش، تەنیا لە ئاستی ناوخۆ نەماون و هێمایەکی جیهانیان وەرگرتووە، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕامیاری زمانەوە هەوڵی کپکردنی دەدرێت. هەروەها نەبوونی زمانێکی ستاندارد لە هەرێمدا، مەترسییەکانی زیاتر کردووە، چونکە زمانی ستاندارد وەکو قەڵغانێک وایە، لە پێش ئەو هێرشە خوزاوانەی کە دەکرێنە سەر زمان. "ئەگەر زمانی ستانداردی کوردی ئەو دیالێکتە بێت، کە بووبێت بە زمانی ئەدەبیات و نووسین و زمانی فەرمی حکومەت و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاربێن. ئەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا، هـەردوو دیالێکتی کرمانجی نـاوەڕاسـت و کرمانجی

> ***ئەوە زمان نییە کە لاواز و هەژارە، بەڵکو ئەو خۆمانین دەستمان هەیە لە لاوازکردنی و هەژار پیشاندانی زمانەکەمان***

باکوور دەبینین، هەریەک بەجیا بوونەتە زمانی ئەدەبیات و نووسین و خوێندن و ڕۆژنامەگەریی، تەنانەت زمانی فەرمی بەڕێوبردن و یاسان لە هەرێمی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەش هەمان دیاردە دەبینرێت (ڕێبوار عەلی،٢٠١٠، ٣٦)

"لەهەر شوێنێک بووبن و گوێیان لە زمانیش بووبێت، یـان فێری بووبـن، بـەڵام ڕۆژانـە ڕووبـەڕووی زمانی دیکە دەبنەوە و تێیان دەگەن، یان نا، دەیناسن، یان نا، خۆشییان دەوێن، یان نا، حوکمیان دەکەن، بەڵام جیهان فرە زمانە، ئەو ڕاستیەی نکوڵی لێ ناکرێت، مێژووی زمانیش کە دیاردەیەکە لە مێژووی جیهان، لە بەشێکی فرەزمانییە پیشاندەدات." ( لویس جان کالفی، ٢٠١١، ٤٧)

ئـەم فرەزمانیش وایـکـردووە، زمانـەکـان لەنێو یەکدا کاریگەری خراپ و مەترسیدار لەسەر یەک دروستدەکەن و بەربەرەکانێی زمانی دروست ببێت.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

١. لە بابەتی یەکەمدا، توانیمان بەوردی باس لە فەرهەنگ بکەین و ئاوڕ لە دەستەواژەی فەرهەنگی ئاوەزیی بدەینەوە، کە لە ئێستەدا، جێگەیەکی گەورەی باس و توێژینەوەکانی نێو دونیای زمانی داگیرکردووە.

٢. لە بابەتی دووەهەمدا، ئەوەمان خستووەتەڕوو کە جیهانگیریی چ کاریگەرییەکەی هەیە لەسەر پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی وشە نوێیەکان. چونکە جیهانگیریی وایکردووە، وشەکان خێراتر لە جاران بەنێو جیهاندا بڵاوببنەوە.

٣. لە بابەتی سێیەمدا، باسمان لەوەکردووە، کە بۆچی فەرهەنگی ئاوەزیی ئێستەیی ئاخێوەرانی کورد هەژار و لاوازە لە ئاست دانانی وشەیەکی ڕەسەن، کە لەگەڵ فەرهەنگی کوردیدا یەکبگرێتەوە.

٤. لە بابەتی چوارەم و کۆتاییدا، دوو لە گرنگترین ئەو هۆکارانەمان باسکردووە، کە وایکردووە، ئاخێوەرانی کورد لە بەرانبەر وشە نوێیەکان دەستەپاچەبن.

## سەرچاوە کوردییەکان:


١. چەمکی دەسەڵات لە هزری ڕامیاریی میشێل فۆکۆ دا و دەرکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، عابد خالد ڕسول، نامەی ماستەر،٢٠١٩.

٢. زمانی ستانداردی کوردی، ڕێبوار عەلی،٢٠١٠.

٣. شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، لویس جان کالفی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال مستەفا،٢٠١١.

٤. پێکداچوونەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی. ئاڤێستا کەمال مەحمود، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە٥٠، ٢٠١٩

٥. وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم، نامەی ماستەر،١٤٧٢، کوردیی.

٦.زمانی دایکی پێناسە و ناسنامەی گەل ونەتەوەکانە، ڕەحمان نەقشی، ٢٠١٩.

٧. جینۆسایدی زمان (زمانی کوردی بە نموونە) د. دارا حەمید، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٢٠١٧.

٨. کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا، شیلان عوسمان، ٢٠٠٩

٩. جیهانگیری زمانی و کاریگەریی لەسەر داهاتوی شوناسی نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ئومێد بەرزان برزو، کەژاڵ جهابخش،٢٠١٩.

١٠. دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچێهر موحسنی، ٢٠٠٢

١١. زمانەوانی، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،٢٠٠٩.

١٢. کۆمەڵناسی کوردەواری، د. موحسێنی خەلقی، ١٩٩٢

١٣. فەرهەنگی ئاوەزی و ئەو بوارانەی شیکردنەوەی لە بارەیەوە دەکەن، سەباح ڕەشید، بروا ڕەسوڵ ئەحمەد، ٢٠٢١.

١٤. جیهانگیریی و مردنی زمانەکان، مهاباد کامیل، پێشکەوت مەجید، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،٢٠٢١.

١٥.حوسێن یەعقووبی، زمان و وەرگێران و کەلتوورەکان، ٢٠٠٧.

١٦. هیدایت عبدالله محمد، وشەی خوازاو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە٢٢ ، ٢٠٠٧

١٧. جیهانگیریی لە ڕوانگەی جیاوازەوە، حەسەن بارام ٢٠١٧.

١٨. نەخۆشییە زمانییەکان/ئاستی دەنگسازی بە نموونە. سلام ڕحیم ڕشید، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،٢٠١٩.

١٩. ئاڕاستەکانی زمانەوانی نوێ، نەریمان خۆشناو، ٢٠١٦.

٢٠. فەرهەنگی سیاسی، ئەحمەد شەبانی،٢٠١٠

٢١. فەرهەنگی خاڵ، شێخ مەحەمەدی خاڵ، چاپی دووەم ٢٠٠٥.


## سەرچاوە عەرەبییەکان:


١. اللغة و الثقافة، كلير كرامة، ترجمة د. احمد الشيمي، ٢٠١٠

٢. الالفاظ الحضارية وخصائص توليدها في معجم العربي الاساسي، رادية حجار، رسالة الماجستير ،٢٠١٤.

٣عولمة، جلال امين،١٩٩٣

٤. عولمة و اثارة على للغة العربية، د. راضية بن عربية، ٢٠١٦

٥. المعاجم المتخصصة عرض نموذجي، عبابو نجاة، رسالة ماستر،٢٠١٧.

٦. العولمة اللغوية وآثارها على اللغة العربية، د. خديجة زبار عنيازن،٢٠٢٠.

٧. Vol. ٠١ No. ٠٢, (Juli-Desember ٢٠٠٩)

دراسة معجمية نشأتها ونظرياتها ومدارسها

Studi Leksikologi Bahasa Arab; Perkembangan, Teori dan Aliran- alirannya

R. Taufgqurrochma

٨. العولمة واثرها في المستقبل التعليمي للغة العربية وهويتها أ.د/ طلال وسام أحمد البكري جامعة سامراء) العراق، ٢٠١٥.


سەرچاوە فارسییەکان:


١. اثر جهانى شدن بر رشد اقتصادي، كمال عبدى، ١٣٩٥

٢. در امدى بر جامعه شناسى زبان، رونالد واردف، ١٣٩٣.

٣. جهانى شدن فرهنگ و تاثير آن بر هويت ملي ايران، اسمعاعيل بايبوردى، عليرضا كريميان، ١٩٩٣

# ڕۆلێ پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ



موحسین ئۆسمان

**وەک چەکێن نەرمێن داگیرکرنا گەلان:**

مرۆڤ دکاریت ل دەسپێکێ بپرسیت، ئەگەر پۆپولیزم و ئەنارشیزم، ل ولاتێن ئەمریکا لاتین و ڕۆژهلاتا ناڤین، ژ بەر ڕەوشا ڤەمان و پاشڤەروویێ پەیدا ببن! پا گەلۆ چما ئەڤ هەردوو تێگەهە، ل ڕۆژئاڤا وەک ولاتێن پێشکەتی و دیمۆکراتی پەیدابوون؟

هەروەکو سەرپێهاتیێن دیرۆکێ بۆ مە بەرچاڤ دکەن، ل چاخێن ئالۆزی و گرفتێن کوورێن هەر قووناغەکا دیرۆکی، هندەک جورێن هزر و مۆدێلان سەردەست دبن. مینا گرفتێن باژارێ ئەسینا/ یوونان، خوە د ئیدیالیزما «کۆمارا پلاتۆنی/ ٣٨٠ ب.ز» ڕا دیتن و پرسگرێکێن ئیتالیا جاران ژی، خوە د پەرتووکا «میرێ/ ١٥١٣ مێکاڤیلی» دا دیتن.

دیسان هەردوو شەرێن جیهانێ ژی، کۆمەکا دیاردە و خەلەکان «دادائیزم/ ١٩١٦، سوریالیزم/ ١٩٢٠، و بێهودەیی/ ١٩٤٢» بەرهەمئینان.

پشتی هلوشیانا بلۆکێ سۆسیالیزمێ/ ڕێفۆرم - پرۆژێ گۆرباتشۆڤی، پێرێسترۆیکا ـ Perestroika «دووبارە ئاڤاکرن» و گلاسنۆست ـ Glasnost «شەفافیەت»/ ١٩٨٧ ـ ١٩٩١ هلوشیای. هزر و مۆدێلێن «ئەنارشیزم ـ Anarchism[*] و «پۆپولیزم ـ Populism»ێ، سەردەستی خەلکێ کۆمۆنیزمێ بوون. سەرباری گرفتێن دی یێن مەزنێن ڕووسیا، ڕێکا وەرگرتنا بۆریس یێلسن/ ١٩٩١ ـ ١٩٩٩ بۆ سەرۆکاتیا ڕووسیا خوەشکر. هەروها پشتی کریزەیێن کوورێن ئەمریکا/ سەرمادارییێ ژی، مینا شکەستنا ئەمریکا ل «ڤێتنام/ ١٩٧٥، لبنان/ ١٩٨٣، ئەفگانستان/ ٢٠٠١، عیراق/ ٢٠١١ و لیبیا/ ٢٠١١» زێدەباری پشتی جیهانا سەرماداری/ نیو لیبرالیزمێ، خوە ل هەمبەر پرسگرێکێن جیهانا یەک جەمسەری دیتی، ڕاستی کریزەیا ئابۆری/ ٢٠٠٨ هات و د ئەنجام دا دۆنالد ترامپ/ ٢٠١٧ ـ ٢٠٢١، فەروەریا ئەمریکا وەرگرت[*]

ڤان ئەگەران ب گەلەمپەری، خەونێن نە ڕیالیزمی سەردەستکرن و مینا خەونێن ئیمپراتۆریا نوویا ئۆسمانی/ ئەردۆگان و خەونێن ڤەگەراندنا ئیمپراتۆریا سۆڤیەتا جاران ژی/ ڤلادیمیر پوتین!

ب هەمان تێگەهشتن ل کوردستانێ ژی، پشتی ڤەکێشانا هزر و ئیدیۆلۆگیا نەتەوەیی و چەپگەری، ڕەوشا پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ سەردەستبوویە. نەمازە پشتی مرنا مام جەلال و پارچەبوونا چەند جاریا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانێ، پۆپولیزم و ئەنارشیزم سەردەستی یەکێتیێ بووینە. ب هەمان شێوە، پشتی نەوشێروان مستەفای شوورەک ل پشتا ئۆپۆزسیۆنێ دای، پۆپولیزم و ئەنارشیزم کەتە وارێ ئۆپۆزسیۆنێ ژی، وەک ئەنجام شاسوار/ نفشێ نوو کرە قەهرەمانێ سەرکێشیا ئۆپۆزسیۆنێ. ئانکو نەبەس وەرار و گوهەرینا ئالاڤێن تێکهلیا تەکنۆلۆژیایێ، ڕێکا مۆدێلێن پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ خوەشکریە، بەلکو پیلێن ئۆپۆزسیۆنا لاواز و دەنگێن ئەلترناتیڤێن قەلس بلندکرن. ئەڤ دیاردە ژی، پتر ژ بێزاری و بێئومێدیا خەلکی ژ دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنێ دهێت. ب ڤی دەستوداری، ئۆپۆزسیۆن نکاریت/ نکاریە ببیتە ئەلترناتیڤێ دەسەلاتێ ل ڕۆژهلاتا ناڤین ب گشتی، هەروەکو ل بهارا ئەرەبی ژی بەرچاڤ دبیت. ئیرۆ پارتی ژی، د ڕەوشا پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ دایە، لەورا فەروەریا حکوومەتێ، نکاریت وەک سەنترالی بریار و فەروەریا باشوور بکەت. ئها ب تێکرایی ڤان ئالۆزی و پاشخانان، پرۆسێسا هزر و سیاسەتێ، ژ دوورهێلی بدوورئێخست.

ب ڕاستی، پۆپولیزمێ گەلەک پێناسە «ئیدیۆلۆگی، سیاسی، بەرهەمێ مۆدێرنیزمێ و...» هەنە. لەورا پسپۆرێن ڤی واری، پێناسا ڤی تێگەهێ گەلەک ئالۆز دبینن، چونکو پۆپولیزم پتر وەک دیاردە، ژ پێناسە دهێتە خویاکرن. مرۆڤ دکاریت

پۆپولیزمێ، ب ئیدیۆلۆگیا مەلوولیا ل هەمبەر مێتنگەهی و ستەمکاریا سەردەستان ژی پێناسە بکەت. دیسان مرۆڤ دشێت بێژیت: «پۆپولیزم، ئامانەکە هەر تشتێ نەهێتە فامکرن دهێتە تێکرن/ ئەلڤارۆ گرسیا[1].

تایبەتمەندیا پۆپولیزمێ ـ الشعبوية، زمان و رەفتارێن نزم و بێهودەیی بەرچاڤ دبن. ئیدیۆلۆگیا پۆپولیزمێ، گۆتارا خوە ب ئاوایی «سەرڤە، دلینی و دیماگۆگی» پێشکێش دکەت. هەروها نەمانا رۆلێ سەنترالیزمێ، هەروەک چەوا پۆستمۆدێرنیزمێ ژی، مینا تەڤگەرەکێ ل دژی سەنترالیزمێ خەبات دکر. ئێدی دەما د ناڤ جڤاکی دا، جورێن ئەنارشی و کائۆسی پەیدا دبن، خەمساری و بێسەنتی ژی رێتما جڤاکێ هندا دکەت، لەورا ژینگەها هاڤی بەردەست دبیت. پۆپولیزم، پشتگریا هێز و هزرێن کەڤنار و بەرەدای دکەت، چونکو ئەڤ تەڤگەرە، ل ژێر سیبەرا «دێماگۆگیێ»[*] کار دکەت. ب گەلەمپەری، پۆپولیزم ژ نەبوونا ئیدیۆلۆگیەکا سەردەست دهێت.

راستە پۆپولیزم، د فۆرمێ خوە دا دێمۆکراتیە و پرۆپاگەندا نوونەرا «گەلێن بێدەنگ/ مت» دکەت، بەلێ د ناڤەرۆکا خوە ژی دا، سێلماندن و ستەمکاریە! ئێدی راستە «واتەیا دێمۆکراتی، ئانکو دەسەلاتا گەل و گرێدانەکا موکم ب پەیڤا Populous یا لاتینی، یاکو ب واتەیا گەل دهێت ڤەیە»[2]

لێ ئەڤ تێگەهە پتر وەک چەکێ خاپاندنێ دهێتە بکارئانین. ئێدی مەترسیترین چەکێ خاپاندا ئیرۆ «پۆپولیزما نوو ـ New populism–یە، لەورا ئیرۆ ل تەڤایا جیهانێ سەردەستبوویە. ئانکو ئەڤ پۆپولیزمە، مەترسیە ل سەر تەڤ نرخ و بهایێن ئازادی و دێمۆکراتیێ. هەروها پۆپولیزم، مەزنترین مەترسیە ل سەر نرخێن ئەقلانیەتا رۆژئاڤا و هاندانەکا باربەرە بۆ بهێزبوونا ئال و پارتێن راسیزمێ ـ Racism. ب ڤێ یەکێ، ئەنارشیزمەکا هزریا دژوار، سەردەستی هشمەندیا دەڤەرێ کریە، چونکو ستەمکاریا نەرم، ستەمکاریا کلاسیک و دائێخستی تێکهلکرینە. ئەڤ یەکە ژی، نیشانێن شکەستنا سیاسی و ئەقلانیەتا رۆژئاڤایە. دیارە ڤان پاشخانان، وەک هلوشاندنا

بها و نرخان، کەشەکێ ئەنارشیزم زالی سەر جڤاکێ کریە. ئانکو زهنیەتا ئەنارشیزمێ، سەرداری ئاراستەکرنا جڤاکی کریە. لەورا ل ڤان رەوشان نیشاندانا هزرێ، جهێ پێشکێشکرن و ئاراستەکرنا هزرێ دگریت. ب ئاوایەکێ دی، ل جهێ هزر بهێنە پێشکێشکرن، هزر دهێنە نیشاندان! ئەڤ دیالێکتیکا دیرۆکێ، وەک دیالێکتیکا د ناڤبەرا دوورهێل و هزر دا، کارتێکرنەکا نەرێنی ل سەر پەروەردە و ئاراستەکرنا جڤاکی دکەت. دیارە ئەڤە ژی تەڤ باندۆرێ ل سەر «ئاستێ هشمەندیێ» «ژێیاتیا دۆزێ» و «نەبوونا ڤەگەرێن ئیدیۆلۆگی، هزری و فەلسەفی» دکەت.

راستە پۆپولیزمێ گەلەک رەهند وەرگرتینە، لێ وەک دیاردەکا سیاسی پتر سەردەستبوویە. لەورا ئەڤ تێگەهە پتر کەتیە بیاڤێ شرۆڤەکارێن سۆسیۆلۆگی و سیاسی. دیارە پۆپولیزمێ، وەک هەر دیاردەکا سیاسی، ژ ئەگەرێن کۆمەکا فاکتەرێن بابەتی «ئابۆری، جڤاکی و سیاسی» دهێتە ژیانێ. هەر ڤێ ژینگەهێ ب سایا پۆپولیزم و ئەنارشیزم، رێکا فاشیزم و نازیزمێ ل ئورۆپا خوەشکریە. ب هەمان شێوە، رێکا گرۆپێن تێرۆرێن ئیسلاما سیاسی «قاعیدە، داعش، جیهادی و تەکفیری» دەشتکریە.

پۆپولیزم، نە مەسەب یان ئیدیۆلۆگی ب واتەیا هوورا پەیڤێ و چ نێرینێن گشتی بۆ ئابۆری، سیاسی و جڤاکی نینن، بەلکو پۆپولیزم «ئیدیۆلۆگیەکا تەنکە ـ thin ideology/ کاس مودی[3]

دیارە ئەڤێ ژی، پێدڤی ب «ئیدیۆلۆگیەکا ستوورە ـ thick ideology»، کو ب هزر و ئیدیۆلۆگیێن دی «چەپگەر، راستگەر و ئۆل»، دکاریت خەباتا خوە بکەت. ئێدی چەند ژێیاتیا «نەتەوەیی و چەپگەری» و «سازی و پارت/ دێمۆکراتی» لاواز بن، هند ژی پۆپولیزم زوو بلاڤ دبیت و باندۆرێ ل سەر خەلکی دکەت.

پۆپولیزم، ئیدیۆلۆگیەکا تۆتالیتاری و دێماگۆگە، ب ئاوایەکێ یەکسەر یان نەیەکسەر، زالی سەر هشمەندیا خەلکی دبیت. لەورا ئەڤ دیاردەیە، پتر باندۆرێ ل سەر تێلا دلینی، ژ ئەقلانی دکەت. ئانکو ئەڤ تەڤگەرەیە/ پۆپولیزم و ئەنارشیزم،

“ ل کوردستانێ ژی، پشتی ڤەکێشانا هزر و ئیدیۆلۆگیا نەتەوەیی و چەپگەری، رەوشا پۆپولێزم و ئەنارشیزمێ سەردەستبوویە ”

پتر ل سەر وارێن وەهمی، ژ دوورهێلی کار دکەت. لەورا ژی، ئەڤ پێکهاتێن جودا، ل سەر هەمەرەنگیا هزر و ئیدیۆلۆگیان کۆم دبن. تایبەتمەندیا خەلکێ پۆپولیزم، گونجاندن د ناڤبەرا هزر و ئیدیۆلۆگێن وان دا نینە، چونکو ئەڤ خەلکە، ل سەر جوداهیا توێژە و چینان پێکدهێن. ئێدی دەما فەروەریا ئەقلانی نەبیت، دێ ژینگەها پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ هێتە خوەشکرن.

ئەنارشیزم دژی تەڤ جورێن ڕێکخستنانە، لەورا هێدی هێدی ڕۆلێ سازی و پارتان سست و خاڤ دبیت، یاکو ب جڤاکێن بێ «سازی و ڕێکخستن/ پارت» دهێنە بناڤکرن. ب ڤێ یەکێ، نەبەس پۆپولیزم دانپێدانێ ب ئێلیتە و سازیێن هەی ناکەت، بەلکو خوە وەک ئەلترناتیڤ وان ژی دبینیت. پۆپولیزم پتر هاندان و پالپشتیا (سیاسەتا گەلێری، ژ سیاسەتا سیستەماتیک/ ڕێکخستی دکەت)[٤] ئێدی تایبەتمەندیا هەڤبەشا ڤێ تەڤگەرێ ڤاڤێر دکەت، «ئێلیتەیا گەندەله[٥]

ڕاستە ئێلیتە و سەرکردێن گەندەل، ژ ملەتەکێ پاک ناهێنە ژیانێ، بەلکو ژ ژینگەهـ دیاردە و پرۆسێسا گەندەلیێ بەرهەم دهێن. پارت و دەسەلاتا کوردی ژی، ل شوونا سەرەدەریێ دگەل کۆمەل و سازیێن سڤیل بکەت، سەرەدەریێ دگەل مالبات و سەرۆک ئەشیرەتان «هلبژارتن و شەرێن خوە کۆژیێ» دکەت.

راستە تا وەرارا بلەزا تەکنۆلۆژیایێ، سەرۆکێن پارت و دەولەتێن دەڤەرێ، کارین خەلکی ب دورووشمێن مەزن قایل بکەن، لێ پشتی بلاڤبوون و سەردەستیا ڤان هەموو کەنالێن گلۆبالێ، نکارین ئێدی خەلکی ب ڤان دورووشمان بخاپینن. لەورا دووبارە پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ، ل دەڤەرێ بلاڤبووینە. بێگومان بلاڤبوون و باندۆرا ڤێ نەخوەشیا پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ، پتر ل جڤاکێن خوەشباور و پاشڤەروو هەیە. سەرباری ئیرۆ سۆسیال مەدیا، بوویە فاکتەر و «هێزەکا سیاسیا» گرینگ، لەورا کاریە کەشێ گشتیێ جڤاکێن جیهانێ داگیر بکەت. ئێدی تۆرێن ئەنترنێتێ/ جڤاکی و ئاموورێ مۆبائیلان، بووینە ئەلترناتیڤێن بهێزێن مەدیا کلاسیک و ئێلیتەیا جاران. ئانکو پشتی جیهان بوویە گوندەک، ئێدی هەر نەساخی و دیادەیەک «بیۆلۆگی یان ئیدیۆلۆگی»، وەک پەژیکەکێ زوو ل جوگرافیا ڤی گوندی بلاڤ دبیت. ڕاستە ژی ئەم ل چاخەکی دژین، گلۆبالێ گەلەک دەر و پەنجەرێن دیالۆگان ل بەر مرۆڤاتیێ ڤەکرینە، لێ دیسان سەردەمەکێ پری ئاتاف و کارەساتێن مەزنن «پەژیکا کرۆنا، ئارێشێن هشکاتیێ و ڤەگەریانا پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ» لەورا ئیرۆ پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ، پرانیا کەنال و ڕێکێن هزر و ڕەفتاران، وەک کەشێ گشتیێ ژیانا مرۆڤاتیێ داگیرکرینە.

دیارە ئەگەرێن پۆپولیزمێ، سێ فاکتەرن: یەکەم گلۆبال، دووهەم کۆچبەری و سێهەم سۆسیال مەدیا. سۆسیال مەدیا بازارێن ڕێکا «ترامپ ـ Trump/ ئەمریکا، سیریزا ـ Syriza/ یوونان، شافیز ـ Châvez/ فنزەوێلا و بێرلوسکۆنی ـ Berlusconi/ ئیتالیا»، بۆ کورسیکا دەسەلاتێ خوەشکرن. هەروها یەک ژ ئەگەرێن دەرچوونا بریتانیا ژ یەکێتیا ئورۆپا، ل ژێر باندۆرا سۆسیال مەدیا بوویە. ب ڤێ یەکێ، پەنجەر و دەرێن گلۆبالێ، گەلەک پرنسیپ و تێگەهشتن «پیرۆزیا سینۆرن، کولتور و...» گوهەرین. ئانکو ڤان کەنالێن گلۆبالێ، ل هندەک مژار و دەرگەهێن هەستیار دا، مینا بیاڤێن پیرۆزیێن «ئۆلی، چەڤەنگان و تیتالان». سەرباری، بەردەوامیا شەران ل ڕۆژهلاتا ناڤین، بووینە ئەگەرێن بێهیڤیبوون، بێکاری، زالبوونا ئابۆریا چینێ ل سەر بازارێن ئورۆپی و کۆچبەریا خەلکێ ئیسلامی ب تایبەتی بۆ ڕۆژئاڤا. دیارە بێکاری و گرفتێن ئابۆری ل جیهانێ سێیێ، ڕێکا دووبارە سەرهلدانا پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ ل جیهانێ خوەشکریە.

ڤان ڕەوش و ئەگەران وەکر، کو «زێدەهیا هژمارا پۆپولیزمان ل سالا ٢٠٠٠، د ناڤ وەزارەتێن ولاتێن ئورۆپی دا، بگەهیتە ١٥٪، هەروها ئەنجامێن هلبژارتنێن سالا ١٩٩٨ ل ٣١ ولاتێن ئورۆپی، ژ ڕێژەیا ٧٪ بگەهیتە ڕێژەیا ٢٥٪»[٦]

ئێدی پشتی ڕێژەیا ئالیگر و پارتێن ڕاسیزم و پۆپولیزمێ ل ئورۆپا زێدەبووین، خەلک و ئالیگرێن وان، ب دورووشمێ: «دێ ڤێ جارێ دەنگێ خوە دەم»[٧]

> “ هەرچەندە پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ ڕۆلەکێ نێگاتیڤ، وەک دوو مۆدێل و تێگەهێن کەڤن دیرۆکەکا درێژ هەیە، لێ دیسان هند گرینگی پێ نەهاتیەدان، بەلکو پتر وەک ئارگومێنتی، ژ شرۆڤەکرنا ڤان هەردوو تێگەهان هاتیەکرن ”

**راستە پۆپولیزم، د فۆرمێ خوە دا دیمۆکراتیە و پرۆپاگەندا نوونەرا «گەلێن بێدەنگ/ مت» دکەت، بەلێ د ناڤەرۆکا خوە ژێ دا، سیێماندن و ستەمکاریە**

بـەشـداری هلبژارتنان بـوون. ل فرەنسـان ژی پۆپولیزمێ ب درووشمێن: («فرەنسا بۆ فرەنسیانە»، «ئەم گەلین» و «تەڤ دەسـەلات یێن گەلینە»)(٨)

ب هەمان شێوە، پارتێن راسیزمێن ئەلمان ب درووشمین: («یەکەم جار ئەلمانیا» و «ئەلمان بەری ئوروپیێن تەمبەلن»)(٩)

ئەردۆگان ژی، د گۆتارەکا خوەیا پرۆپاگەندێ دا، دبێژیت: «ئەم گەلین و هـوون کینە؟!» ب ڤی ئاوایی، ئالیگر و پارتێن راسیزمێ، ب هزر و درووشمێ «ئەم دژی وانین»، مەبەست ژێ کۆچبەرن/ بیانینە. لەورا ژی ڤێ رەوشێ، رێکا گونجاندنا بیانیان/ کۆچبەران، دگەل خەلکێ خوەمالیێ ڤان ولاتان خوەشنەکریە.

ب کورتی، هەرچەندە پۆپولیزم و ئەنارشیزمێ رۆلەکێ نێگاتیڤ، وەک دوو مۆدێل و تێگەهێن کەڤن دیرۆکەکا درێژ هەیە، لێ دیسان هند گرینگی پێ نەهاتیەدان، بەلکو پتر وەک ئارگومێنتێ، ژ شرۆڤەکرنا ڤان هـەردوو تێگەهان هاتیەکرن. ل داوییێ ژی دبێژم، ئەم وەک گەلێن رۆژهلاتا ناڤین، مە چ چارەسەری ژ دەرڤـەی دیالێکتیکا زانین و پرۆسێسا زانستی نینن و نابن.

---

*) «ئەنارشی ـ an – archie» الفوضوية»، ژ دوو پارچان «an» ـ نە» و «archie ـ دەسـەلات» پێکدهێت، کو ب واتەیا نەدەسـەلات دهێت. بنێرە پەرتووکا د. رجب بو دبوس: «الفوضوية، معهد الإنماء العربي، ط١، ١٩٨٩ ص٨».

*) مرۆڤ دکاریت ل ڤێرێ بپرسیت، گەلۆ ما دبیت، مرۆڤ بازرگانەک/ دەولەمەندەک باش و سیاسی/ سەرۆکەکێ باش ژی بیت؟! ئەڤە پرسیارەکە بۆ دەنگدەرێن ترامپی!

١) سعيد بكار ـ فى الاجابة عن سؤال: ما الشعبوية؟ ـ مجلة سياسات عربية، العدد٥٤، كانون الثانى، الدوحة ـ قطر، ٢٠٢٢ ص١٤٦.

*) دێماگۆگی، پەیڤەکا یوونانیا لێکدایە، ژ «agogos ـ سەرۆک» و «demos ـ گەل» پێکدهێت. بنێرە گۆتارا د. هشام علوان: «الشعبوية في سياقاتها التاريخية».

٢) سعيد بكار/ ٢٠٢٢، ژێدەرێ بەرێ، بپ١٥٠.

٣) سعيد الصديقي ـ الشعبوية: أبعادها و تأثيراتها السياسية/ حوار أجراه معه إدريس الكنبوري ـ مجلة ذوات، العدد ٤٧ خريف ٢٠١٨، ص٨٦، من منشورات مؤمنون بلا حدود. بنێرە مالپەرێ: www.mominoun.com

٤) ناديا أوربيناتي ـ أنا الشعب/ كيف حولت الشعبوية مسار الديمقراطية ـ ترجمة: عماد شيخة، دار ساقي، ط١، بيروت ـ لبنان، ٢٠٠٠ ص١١

٥) سعيد الصديقي/ ٢٠١٨، ژێدەرێ بەرێ، بپ٧٦.

٦) د. مـروة محمد ـ الإعـلام الجديد وصعود الأحزاب الشعبوية فى أوروبا/ دراسة حالة ألمانيا ـ مجلة السياسة الدولية، الـعـدد٢٢٣، المنطقة العربية، يناير، ٢٠٢١ ص٦٠.

٧) هيلة حمد المكيمي ـ صعود الأحزاب الشعبوية اليمينية المتطرفة و إنعكاساتها على الاستقرار السياسى فى أوروبا/ الحالة الهولندية نموذجا ـ مجلة النهضة، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد و العلوم السياسية، المجلد١١، العدد٣، يوليو، ٢٠١٠ ص٩.

٨) د. مروة محمد/ ٢٠٢١، ژێدەرێ بەرێ، بپ٦١.

٩) عمرو حمزاوي ـ عن الانتخابات الألمانية ٢٠١٧ ـ مركز كارنيجى للشرق الأوسـط، مؤسسة كارنيجى للسلام الدولى، ٢٩ يوليو ٢٠١٧.



# دیدار

# شێرکۆ کرمانج

## لە زووەوە نیازی جێهێشتنی کوردستانم هەبوو



# شێرکۆ کرمانج:

# یەکێ لەکێشە هەرە گەورەکانی ئێمە لە کوردستاندا تێکەڵنەبوونە

دکتۆر شێرکۆ، لەبارەی لەدایکبوونییەوە دەڵێ: «ساڵی ١٩٦٣ لەگەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایکبوومە، هۆکاری ئەوەش، کە لەهەولێر بوویمە ئەوەیە، کە ئێمە لەو ساڵەدا لەگوندی (گا بەرەکە) بووینە، بەڵام گوندەکەمان لەهەڵمەتەکەی (حەرەس قەومی)یان، بەر هەڵمەتی تەعریب و تەهجیر و سووتاندن کەوتووە، ئیدی ئێمە دەرکراوین و هاتووین لەهەولێر نیشتەجێ بووینە» . هاوکات لەبارەی بڕوانامە و پسپۆڕییەکەشی دەڵێ: «من ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی ئەندازیاری شارستانیم بەدەست هێناوە لەزانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٩١ لەکۆڕەوەکە کوردستانم جێهێشتووە، دوو ساڵ لەئێران بووم، لەوێوە وەک پەنابەر بەرەو ئوستڕالیا ڕۆیشتووم و سەرەتا خوێندنی ئەندازیاریم جارێکی دیکە تەواوکردوە، دواتر خوێندنی ماستەر و دکتۆرام لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی ساوس ئوستڕالیا تەواوکردووە. پسپۆڕی من لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، هاوکات پسپۆڕیم لەئیسلامیزم و فیکری ئیسلامی هەیە، تەرکیزی سەرەکی من پرسی نەتەوە و شوناس و ناسیونالیزمە»

سەبارەت بەنووسین و کتێبەکانیشی گوتی: «تاکو ئێستا چەند کتێبێکم بڵاوکردووەتەوە، کە دووانیان سەرەکین، یەکەمیان (شوناسی عێراق)ە کە سەرەتا لەساڵی ٢٠١٣ لەئەمەریکا بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە، دواتر لەکوردستان دەزگای ئاراس و دارساقی کتێبەکەیان وەرگێڕا بۆ زمانی عەرەبی، خۆیشم لەساڵی ٢٠١٧ وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی بەناوونیشانی (شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان) بێجگە لەو کتێبە لەساڵی ٢٠٠٥ کتێبێکی دیکەم بڵاوکردەوە بەناوونیشانی (بەسیاسی کردنی ئیسلام) لەدەزگای سەردەم بڵاوبۆوە، پاشتر لەدەزگای ئەندێشە ساڵی ٢٠١٩ جارێکی دیکە بەدەستکارییەوە چاپکرایەوە، کە ئەو چاپەیان لەوەی پێشووتر فراوانتر بوو، دواتریش کتێبەکە بەعەرەبی بڵاوکرایەوە« دەشڵێ: «تاکو ئێستا ١٤ توێژینەوەی ئەکادیمیم بەزمانی ئینگلیزی لەگۆڤارە ئەکادیمییەکان بڵاوکردووەتەوە، ئەمە جگە لەو وتارانەی لەکۆنفرانسە ئەکادیمییەکان پێشکەشم کردوون، بە بەربڵاویش لە گۆڤار و وێبسایت و لاپەڕەکانی خۆم لەسۆشیال میدیا، سەرنج و بابەت بڵاودەکەمەوە. دوا کتێبیشم (دوای سەت ساڵ لەسیڤەرەوە، کورد لەکوێ بۆ کوێ؟) کە بەدوو بەش بەشداریم تێدا کردووە و کتێبەکە بەشەش کەس نووسیومانە».

سەبارەت بەژیانی ئەکادیمیشی، گوتی: «تاکو ئێستا لەچەندین زانکۆ وانەم گوتۆتەوە، لەوڵاتی ئوستڕالیا لەزانکۆی ساوس ئوستڕالیا بۆ ماوەی دوو ساڵ وانەم گوتەوە، بۆ ماوەی چوار ساڵ لەزانکۆی ئوتارا مەلایژە لەمالیزیا وانەم گوتۆتەوە، دواتر لەوڵاتی ئیمارات لەزانکۆی شاریقە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەم مامۆستای زانکۆ بووم، هەم سەرۆکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەزانکۆکان زۆر وانەی جۆراوجۆرم گوتۆتەوە، وەکو: تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تیۆرییە سیاسییەکان، بەراوردی سیستەمە سیاسییەکان، سەرەتایەک بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەرەتایەک بۆ زانستی سیاسی، ئابووری سیاسی نێودەوڵەتی، دونیای عەرەب لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، تورکیا لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، تا دەگاتە ئیسلام و سیاسەتی جیهانی و سیستەمە ئیسلامییەکان لەجیهاندا، بەگشتی ئەو وانەی کە گوتوومەتەوە پەیوەندییان بەسیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە»

**دیمانە: محەمەد گۆران**

**– دکتۆر با دیمانەکە بەپرسیارەک لەسەر ناوی گوندەکەتان (گا بەرەکە) دەستپێبکەین؟ ئایا ئەو ناوە لە (گای بـەرەک!) هـاتووە، یاخود واتـا و مەبەستێکی دیکەی هەیە؟**

+ بەدرووستی هیچ سەرەداوێکم بەدەستەوە نییە، کە بڵێم لەچییەوە هاتووە. نازانم، بەڵام ئەگەری هـەیـە لـەگـای بـەرەکـەوە هـاتبێ. پرسیاریشم لەپیاوماقووڵ و ڕیش سپیان کـردووە، بەڵام هیچم دەستنەکەوتووە.

**– پاش ئەوەی لە (گابەرەکە) دەگوێزنەوە هەولێر، ڕاستەوخۆ و لەو ساڵەدا ئێوە لەگەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لەدایک دەبن، چی ئەوکاتەی منداڵی خۆت و هەولێرت بیرماوە؟**

+ کـاتـەک گـونـدی گـابـەرەکـە سـاڵـی ١٩٦٣ دەسووتێنرێت من لەسکی دایکم بوویمە و هاتووینەتە هەولێر، پێنج مانگ دوای هاتنمان بۆ گەڕەکی خانەقا من لەدایکبوومە، بەڵام ئەو پێنج مانگەی، کە لەهەولێر بووین، باوکم لەموسەیەب لەزیندان دابووە، ئەو ڕۆژەی من لەدایکبوومە، هەر ئەو ڕۆژەش باوکم لەزیندان ئازادکراوە.

ئـەوەی لەمنداڵی خـۆم بەبیرم بێت، سوننەت کردنی خـۆمـە، لەبیرمە ئـەو ڕۆژەی سوننەت کرام، مامێکم منی لەسەر کۆشی خۆی دانا و جۆرێک لەفیڵ و ئەو شتانەیان کرد تاکو ئاگام لەوە ببڕێ سوننەت دەکرێم. ئێستا دەزانم ئەو کەسەی کە منی سوننەت کرد دەبێ کەسێکی کرمانجی باکوور، یان بادینی بووبێ، چونکە ئێستاش لەبیرمە بەو زاراوە قسەی دەکرد و دەیگوت: «ماگری ماگری، خون دێ خون دێ» جا دواتر زانیم، کە زۆربەی ئەوانەی ئەو کاتە منداڵیان سوننەت دەکرد، کوردانی باکوور یاخود بادینان بوون.







ئەوەشم لەبیرە ئەوکاتە لەماڵەوە سندووقێکمان هـەبـوو، ئـەسـتێرک و نوێن و ئـەو شتانەی لەسەر دانرابوو و ئێستا بەکار نایەت، بەڵام ئێمە ئێستاش سندووقەکەمان ماوە و لەماڵی خوشکێکمە لەهەولێر. ئەو ڕۆژەم بیرە، کە سندووقەکەیان کڕی و هێنایانەوە، ئەوکاتی ماڵمان لەخانەقا گواسترابۆوە شێخەڵڵا، یەک دیمەنی ئەو ڕۆژەم بیرە، نەجارەکە لەگەڵ کەسێکی دیکە سندووقەکەیان لەدەرگەی حەوشە هێنایە ژوورەوە، لەسەر سندووقەکە نووسرابوو ٣ی ١١ی ١٩٦٦ واتە ئەوکاتە من تەمەنم سێ ساڵان بووە، ئەمە کۆنترین شتە لە بیرم بێت.

بەبیریشم دێ هەر لەو


لەگەڵ خوێندکارەکانی لە زانکۆی ئوتارا، مالیزیا، ساڵی ٢٠١٥



ساڵی ١٩٧٣، قوتابخانەی گوندی گابەرەکە، لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی، شێرکۆ دووەم کەس لە دەستە چەپ دانیشتووە

کاتانە یەکێ لەپوورەکانم شووی کرد، بۆیەش بەبیرم دێ چونکە ئەوکاتەی سواری سەیارەی بووکیان کرد و بردیان، من بەدوایدا گریاوم، ئیدی منیشیان لەگەڵ بووکێ داناوە و ڕۆیشتووم، هەندێک لەدیمەنەکانی ئەو ڕۆژەم لەبیرە، کە پلکم جلی بووکێنیان لەبەرکردبوو، کەوایەکی گوڵینی لەبەردا بوو، کەواکە گوڵی زەرد بوو و بەسیم دەورە درابوو.

> “ وڵاتانی زلهێز هەمیشە یاری بەبزووتنەوە جوداخواز و سەربەخۆ خوازەکان دەکەن ”

**– باستان لەوەکرد کە لەسەروەختی (حەرەس قەومی) خانەوادەکەی ئێوە هاتوونەتە هەولێر، دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، کە لەگەڵ ئەوەی عێراق هەر لەدامەزراندنییەوە بەدەست سوننەوە بووە، باشە هۆکار چییوو، کە سوننەکان بەدرێژایی مێژووی عێراق ئەو هەمووە کودەتایەیان کردووە؟ لەکاتێکدا خۆیان دەسەڵاتدار بوون؟**

+ بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، یەکێ لەهۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە، کە سوننەکان لەعێراقدا کەمینەن و دەوروبەری ٢٠٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، لەبەرئەوەش، کە کەمینەن، دەبێ هێزەک هەبێت، کە توانای گۆڕانکاری هەبێ. هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوەش، سوننەکانی عێراق بەتایبەت ئەوانەی موسڵ و بەغدا، گرووپی سەرەکی بووینە، کە پێیان دەگووترا «خزمەتگوزارە مەدەنییەکە« لەگەڵ «پیاوانی سەربازی» ئەمەش پێش دامەزراندنی عێراق، دوای ئەوەش، سوننەکان هەر کرۆکی «مەسلەکی»ییەکانیان پێکهێناوە، مەسلەکی بەو مانایەی، کە «فەرمانبەری دەوڵەت» لەگەڵ «سلکی عەسکەری» بووینە.

چونکە هەر لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، شیعەکان بۆیان نەبوو ببن بەئەفسەر لەسوپای عوسمانیدا، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش، ئەو کۆنە ئەفسەرە عوسمانیانەی، کە کاتی خۆی لەسوپای عوسمانیدا خزمەتیان کردبوو، ئەوانە کرۆکی سوپای عێراقیان پێکدەهێنا، بۆیە موسڵاوی و بەغدادی زۆرینەی ئەو ئەفسەرە کۆنە عوسمانی و تازە عێراقیانە بوون.

مەولود موخلیس، یەکێ لەو کۆنە ئەفسەرانەیە، کە لەزووەوە لەسوپای عوسمانی و پاشتر سوپای عێراق خزمەتی کردووە، ئەو پیاوە دواتر ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەهێنانەپێشەوەی تکریتییەکان بۆ نێو سوپای عێراقی. کاتی خۆی زۆرینەی پیاوە تکریتییەکان کاری «کەلەک»یان کردووە (جۆرە بەلەمێکی بچووکە لەچووپ و دار و قەمیش دروست دەکرێت) خەڵکیان لەڕووباری دیجلە لەمبەر بۆ ئەوبەر پەڕاندووەتەوە، دواتر لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان و دروستکردنی سکەی قیتار و پرد و ڕێگەوبان، ئەم ئیشە سەرەکییەی تکریتییەکان و پەڕینەوە بەکەلەک لاواز بووە. بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەتکریتییەکان کۆچیان کردووە بۆ بەغدا، جا مەولوود موخلیس بەگەنجەکانی گوتووە بۆ نایەن ببن بەئەفسەر و لەسلکی عەسکەری ئیش بکەن، بۆیە دوای ئەوە ژمارەکی زۆر لەو گەنجانە هاتنە نێو سوپای عێراق.

ئیدی هۆکاری ئەوەی کە سوونەکان لەسوپای عێراقدا دەسەڵاتدار بووینە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سوننەکان هەر لەبنچینەدا و بەر لەدروستبوونی سوپای عێراق، ئەوان لەو سلکە کاریان کردووە و دەسەڵاتدار بوونە، دواتریش زۆرینە هەر سوننەکان بوونە لەئەکادیمیای عەسکەری، کە پێدەگوترا کۆلێژی سەربازی عێراقی، ئەمە وا دەکا سوننەکان لەنێو سوپادا زاڵ بن، کاتەکیش خۆیان وەها دەبینن و لەشوێنەکیش کە دیموکراسی بەرقەرار نەبێ، بەدڵنیاییەوە هێزی سوپا ڕۆڵی گۆڕانکاری لەدەوڵەتدا دەگێڕێ.

**– ئەگەر زۆر بگەڕێینەوە دواوە، لەعێراقی کۆندا، بەسرا و دەوروبەری شوێنی شارستانییەتی سومەرییەکان بووە، بەغدا و دەوروبەری بابلی بووینە و دەشتی موسڵیش ئاشوورییەکانی لێ ژیاوە، بەبۆچوونی ئێوە، هۆکار چبوو، کە دوای هاتنی ئیسلام، ئاشووری و بابلی کۆن مەزهەبی سوننەیان هەڵبژارد و سومەرییەکانیش بوونە شیعە؟**

+ پێموایە هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە ئەو سەردەمە کۆنە، کە کاتی خۆی بۆچی ئەوان بوونەتە سوننە و ئەوانەش بوونەتە شیعە، لەڕاستیدا بوونە سوننە و شیعە لەعێراقدا، دووسێ هۆکاری هەیە، یەکێکیان بوونی مەزاری شیعەکانە لەهەندێک شاری سەرەکی عێراق، وەک شارەکانی نەجەف و کەربەلا و سامەڕا و بەغدا، هاوکات شیعەکان لەزۆربەی هەرەزۆری شارەکاندا حوسێنییە و مەڵبەندی فێربوونیان هەبووە.

جا لەعێراقدا ئەو شوێنانەی شارستانییەتی تێدابووە (کە لێرە مەبەستم لەشارستانییەت، نیشتەجێ بوونە) خەڵکەکەی زۆری بوونەتە شیعە، سوننەکان بەشی هەرەزۆریان لەبیابان ژیاون، ئێستا ئەگەر تەماشاکەی، هێڵی بەغدا تاکو موسڵ، ڕاستە دیجلە بەوێدا دێ، بەڵام لەبیابانەوە نزیکە و ناوچەکی بیابانییە، هەروەها هێڵی بەغدا بۆ ئەبوکەمال لەسەر سنووری سوریا، کە بەفەلوجە و ڕومادی و هیت و ڕاوە تێدەپەڕێت، دیسان ڕووبارە، بەڵام بەنێو بیاباندا دێتن، کەواتە لەعێراقدا ئەو شوێنانەی کە بیابان بووە سوننەکانی لێی نیشتەجێ بوونە.

ئێستاشی لەگەڵدابێ بەدەگمەن (بەدو)ی شیعە دەبینییەوە و شیعە بەدوی نییە، بەدوەکانی عێراق سوننەن. تاکو سەدەیەک پێش ئێستاش زۆرینەی دانیشتوانی عێراق خەڵکی دێهات و بیابان بووینە، دواتر لەگەڵ گەورەبوونی شارەکاندا، خەڵک لە لادێ و بیابانەکان دێن و لەشارەکان نیشتەجێ دەبن، ئینجا ئەوانەی هاتوونەتە شارەکان، بەپرۆسەی تەشەیوع تێپەڕیوون، بەواتا شیعەگەرایی لەدوای گواستنەوەی خەڵک لەدێ و بیابانەوە بۆ شار پەرەی سەند و زیادی کردووە.

دووسەت ساڵەک پێش ئێستا ڕێژەی شیعەکان لەعێراقدا یەکجار کەمبوو، زیادبوونی ژمارەی شیعەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەگەورەبوونی شارەکانی عێراقەوە هەیە.

**– با باسی حەز و کۆچی پێچەوانە بکەین، لەکاتێکدا هەموو قوتابییەک لەپۆلی شەشی زانستی بەهیوایە بگاتە کۆلێژی پزیشکی، بەڵام ئێوە ڕەتی دەکەنەوە بچنە ئەوێ، دواتر و لەسەروەختی ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەلی باشوور و کۆچڕەوەکە، دیسانەوە نەک ناگەڕێنەوە نیشتمان، بەڵکو بڕیاری کۆچێکی دوورتر بۆ ئەو پەڕی ئۆقیانووسەکان دەدەن؟ هۆکاری ئەمانە لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

+ ڕاستە لەپۆلی شەشی زانستی من کۆنمرەکانم ٨٧٪ و شتێک بوو، ئەو ساڵە کۆلێژی پزیشکی لەهەولێر منی وەردەگرت، بەڵام من حەزم لەکۆلێژی پزیشکی نەبوو، بۆیە چوومە کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی، لەوانەیە خەڵکی لەسەر ئەو قسانە لێم توورەبن، بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوێ من زۆر لەزووەوە نیازی جێهێشتنی کوردستانم هەبوو، بەر لە مانگرتنی ساڵی ١٩٨٣ی خوێندکارانی کوردستان، داوامان لێکرا ببین بە (جەیشی شەعبی) ئیدی ئێمە ڕەتمان کردەوە و ئەو ساڵە فەسڵ کراین، من لەو ساڵەوە نیازی دەرچوونم هەبوو، دواتر ڕێکنەکەوت. دوای ئەوەی کە زانکۆم تەواوکرد لەساڵی ١٩٨٦ دیسانەوە ئەو ساڵەش بڕیاری ئەوەم دابوو وڵات جێبێڵم، من لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵە نیازی سەفەرم هەبوو،

**“ ئێمە بە دروستکردنی ئەو هەموو زانکۆیە، خوێندکاری کورد لە ڕۆحی بەیەکەوە بوون و هاوسۆزیی بێبەش دەکەین ”**



شێرکۆ لەگەڵ گەنجانی گوندی گابەرەکە ساڵی ١٩٧٩
یەکەم کەس لە دەستە چەپ



لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لە گڵکەند ساڵی ١٩٨٤
شێرکۆ دووەم کەسە لەدەستە چەپ

بەڵام لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٦ برایەکم، کە لەخۆم بچووکترە و ناوی (محەمەد)ە، لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو گیرا، ئیدی من لەبڕیارەکەم پاشگەز بوومەوە، چونکە نەدەکرا برایەکی تەمەن ١٧ ساڵ، کە تازە گیراوە، دایکوباوکێکی لەحالەتەکی نەفسی و ترس و تەنگەتاوی بەجێ بێڵم، بڕیاری ڕۆیشتنم هەڵوەشاندەوە، بەڵام هەر فیراری عەسکەری بووم و خزمەتی سەربازیم نەکرد، تاوەکو شەڕی عێراق و ئێران تەواوبوو، ئەوکاتە براکەشم بەربوو، ئینجا چوومە خزمەتی سەربازی، مەبەستم لەو باگراوەندە ئەوەبوو، کە بۆچی لەو کاتانە نەڕۆیشتم و وڵاتم بەجێ نەهێشت، بەڵام کە ڕاپەڕینی بەسەردا هات، ڕاستی لەڕۆژانی ڕاپەڕیندا هیچ نیازێکی ڕۆیشتنم نەمابوو.

**– کەواتە هۆکاری کۆچەکەی ئێوە خودی ڕاپەڕین بووە؟**

+ ڕاستە. لەڕۆژانی دواتر و داگیرکردنەوەی هەولێر لەلایەن ڕژێم، ئەو ڕۆژە من و برایەکم لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، لەدەوروبەری هەولێر، لای گەڕەکی کوردستان و کرێکاران، بڕیاری بەرگریماندا، بەڵام بەداخەوە، ئەوەی ئەو ڕۆژە من بینیم، توورەییەکی یەکجار زۆری لا دروست کردم، چونکە من پێموابوو گەلی کورد ساڵانێکی زۆر خەونی بەئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانەوە دەبینی، بەڵام ئەو ڕۆژە هیچ ئامادەییەکی بەرگریکردنی لەو سەربەخۆییە

**“ ئەو ڕۆژە کە بینیم وڵات ڕزگار کراوە، بەڵام خەڵک ئامادەی بەرگریکردن لەئازادیی و سەربەخۆیی خاک و وڵاتی خۆی نییە، بڕیارمدا بە یەکجاری وڵات بەجێبێڵم ”**

نەبوو، کە بەرگری نەکردنەکەشی هیچ پاساوێکی هەڵنەدەگرت.

من ئەو ڕۆژە ٣١ی ٣ی ١٩٩١ بەچاوی خۆم دۆشکەی چوار لوولە، ئەوەی پێی دەڵێن ڕوباعی، بینیم لەکۆڵانەکانی گەڕەکی کوردستان بەجێ هێڵدرابوو، هاوەن و تۆپم بینی کەوتبوو و جێیان هێلابوو، ئێمەش خەڵکێکی سادە لەوێوە چەقی بووین بەنیازی بەرگریکردن، بەڵام هیچ جیهازێک، یان هێزێکی ڕێکخراومان نەبوو، کاتەک خەندەقەکانی گەڕەکی نەورۆز و کوردستان و کرێکارانمان جێهێشت، کە زانیمان دەبابەکانی حکوومەت گەیشتوونەتە گەڕەکی کوران و لەوێش تێپەڕی کردووە، بەهیچ شێوەیەک کەڵکی ئەوەی نەما ئێمە شەڕ بکەین.

ئەو ڕۆژە چەند جارێک لەمردن ڕزگارم بوو، ئێمە لەسەر بینایەک شەڕمان دەکرد، کە دووقات و بەیتوونەیەکی تێدا بوو، کوڕێک لەگەڵم بوو بیکەیسییەکی پێبوو، ئەو زیاتر شەڕی دەکرد چونکە هێلیکۆپتەرەکان دووربـــوون، یەکێ لەهێلیکۆپتەرەکان ڕاست لەو بینایەی دا، کە ئێمە لێبووین، ئێستاش دوای ئەوەندە ساڵە کاسە و کزەیەک لەگوێم دێ، ئەوە بۆ ٣٣ ساڵ دەچێ ئێستا کە لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم ئەو کزەیە لەگوێم دێ، چەندین دکتۆرم کردووە دەڵێن هی ئەو ڕۆژەیە، منیش دواتر زانیم، کە هی ئەو تەقینەوەیە، کە لەو ڕۆژەدا لەتەنیشتمەوە هێلیکۆپتەرەکە لێی دا.

لەو کاتەشدا، کە من و براکەم چووبووین بۆ شەڕ، ماڵی ئێمە هەتا درەنگانێک لەشار دەرنەچووبوون، کە دەردەچن لەنزیک بەحرکە، تۆپێک لێیان دەدا، من هەم هاوسەرەکەم، هەم برا و خوشک و خوشکەزایەکم بریندار بوون، خوشکێکی دیکەشم لەوکاتەوە، ساچمەیەک لەبڕبڕەی پشتی دابوو، ئەو کاتە تەمەنی ١٤ ساڵبوو، لەوکاتی تاکو ئێستاکە لەسەر عەرەبانەیە چونکە لەداوێنی بەرەو خوارەوە ئیش ناکات.

مەبەستم لەو قسانە چییە؟ ئەو ڕۆژە کە بینیم وڵات ڕزگار کراوە، بەڵام خەڵک ئامادەی بەرگریکردن لەئازادیی و سەربەخۆیی خاک و وڵاتی خۆی نییە، بەوە زۆر توورە بووم، بۆیە بڕیارمدا بەیەکجاری وڵات بەجێبێڵم.

**– بەڵام کە دەگەنە ئوسترالیا، ئەمجارە دیسانەوە واز لەپسپۆڕییەکەی خۆتان دەهێنن، تێکەڵ بەکاروباری سیاسەتی نێودەوڵەتی و فیکری ئیسلامی سیاسی دەبن؟ ئەمە چۆن ڕوویدا؟**

+ کە چوومە ئوستڕالیا، سەرەتا گومانم هەبوو لەوەی، کە ئەگەر پسپۆڕییەکەی خۆم تەواویش بکەم، کارم دەست ناکەوێ، پسپۆڕییەکەی من ئەندازیاری مەدەنی بوو، دوای ئەوەی لێرە جارێکی دیکە بڕوانامەکەی خۆم هاوتا کردەوە، هەندێک وردە ئیشیشم دەستکەوت لەیەکێ لەشارە بچووکەکانی ئوستڕاڵیا بەناوی داروین، بەڵام من لەمێژبوو تێکەڵ بەکاری سیاسی، یان چالاکوانی و ئەوەی پێی دەگوترێ ئەکتیڤیزم ببووم، ئیدی بڕیارمدا ڕێچکەی پیشەکەم بگۆڕم.

دیسانەوە گەڕامەوە زانکۆ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانم خوێند، ماستەر و دکتۆرام لەزانکۆی ساوس ئوستڕاڵیا خوێند، ساڵی ٢٠٠٣، کە تێزی ماستەرەکەم دەنووسی، لەبەر هێرشی ئەلقاعیدە بۆ نیویۆرک، پرسی فیکری ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم، هەم لەمیدیا و هەم لەنێو خەڵک زۆر گەرمبوو، ئەوەبوو تێزی ماستەرەکەم لەسەر ئەوە نووسی، دواتر بۆ نووسینی دکتۆراکەم گەڕامەوە بۆ ئەو پرسەی، کە هەمیشە خولیای من بوو، ئەویش پرسی شوناسە، ئێمە بۆچی کوردین؟ کوردبوون یانی چی؟ ئەگەر کوردین و لەعێراقدا دەژین، بۆچی هەست بەعێراقی بوون ناکەین؟ عێراق بۆچی شکستی هێناوە لەوەی شوناسێکی گشتگیر دروست بکات؟ بۆچی من هەست بەئوستوڕاڵی بوون دەکەم، بەڵام هەست بەعێراقیبوون ناکەم؟ لەکاتێکدا ئوستڕاڵیا شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون و پەروەردەی من نییە؟ بەڵام لەعێراقەک، کە تێیدا لەدایکبووینە، ئەو هەست و سۆزەمان لا دروست ناکات؟ ئیدی ئەوە پاڵنەری سەرەکی بوو، کە تێزی دکتۆراکەم لەسەر پرسی شوناس و ناسیۆنالیزم و بونیادنانی نەتەوە نووسی.

**– ئەگەر باس لەفیکری ئیسلامی و ئیسلامەتی بکەین، زۆرجار پرسیاری ئەوە دەکرێ، کە بۆچی هەموو نەتەوە موسڵمانەکان پرسی نەتەوەیی دەخەنە پێش ئیسلامبوونەکەیان و سوودیان لەئایین وەرگرتووە، تەنیا کورد نەیتوانیوە وەک ئەوانی دیکە ئیسلامبوون بکاتە ئامرازێک و بۆ سوودی خۆی بەکاری بهێنێ؟ ئەوەتا فارسێکی شیعە مەزهەب، تاکو ئێستا کۆرش بەگەورە و دامەزرێنەری نەتەوە و ئیمپراتۆرییەتی فارس دەزانێ؟ ئیخوان و سەلەفییەکانی تورکیای ئێستا، هەموویان (مستەفا کەمال) بەڕزگارکەر و دامەزرێنەری تورکیای ئێستا و بیری نەتەوەیی دەزانن؟ بەڵام ئیسلامییەکانی کورد ئەو هەستەیان بۆ ڕەمزە نەتەوەییەکان نییە؟ ئایا ئێوە، ئەمە چۆن شرۆڤە دەکەن؟**

**لە عێراقدا ئەو شوێنانەی شارستانییەتی تێدا بووە، خەڵکەکەی زۆری بوونەتە شیعە، سوننەکانیش بەشی هەرە زۆریان لە بیابان ژیاون**

+ هۆکار زۆرە، ئەمە هی توێژینەوە و وردبوونەوەی قووڵە، بەڵام من دەیگێڕمەوە بۆ ئەوەی، کە کورد دەوڵەتی نەبووە، بۆیە نەیتوانیوە ئیسلام وەک ئامراز بەکاربێنێ، چونکە ئەوکاتەی دەوڵەت هەبێ نەک هەر ئیسلام، دەتوانی شتی دیکەش وەک ئامراز بەکاربێنی، بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت، کە بۆچی تاکێکی تورک هەستە نەتەوەییەکەی لەپێشتر و بەهێزترە لەهەستە ئایینی و ئیسلامییەکەی، دیسان هۆکارەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ دەوڵەت. ئەمە دەوڵەتە ئەو هەستەی لای کەسەکان دروستکردووە.

من بۆ خۆم باوەڕم بەقوتابخانەی بونیادگەرایی هەیە، چونکە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، کە ئەمە دامودەزگاکانن، دید و بەها و ماناکانی ئێمە دروست دەکەن، دەوڵەت و خوێندن و پەروەردە و کلتوور و مێژوو، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەو هەستە و بەها و ماناکانت لا دروست دەکەن، دەوڵەتی تورکی بۆ ماوەی سەت ساڵە لەسەر ئەوە ئیش دەکەن، بۆ ئەوەی هەم ئیسلام وەک ئامرازەک بەکاربێنێ،



لەگەڵ دایک و باوک و براو خوشکەکانی
شێرکۆ یەکەم کەسە لەدەستە چەپ



لەگەڵ هەندێک لە خوێندکارەکانی لە زانکۆی شاریقە – ئیمارات، ساڵی ٢٠٢٢

هەم ئیش لەسەر ئەوە بکات، کە هەستی تورکبوون لەنێو منداڵ و مرۆڤی تورک بخولقێنێ و دروست بکات و گەشەی پێبدات و بەرز ڕایگرێ، پاڵپشتی لێبکات، هەموو ئەو شتانە بە دامودەزگا دەکرێتن، بەڵام ئێمە ئەگەر نەتەوەسازیشمان کردبێ، لەدامێنەوە کردوومانە! نەک لەسەرەوەڕا.

ئێمە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و شۆڕشگێڕی ئەگەر لاشمان دروست بووبێ، لەئێزگەیەکی شاخەوە گوێمان لێبووە، لەگۆڤارێک یاخود چەند پەڕەیەک، کە لەژێرزەمینەوە و بەدزییەوە چاپکراوە، پێمان گەیشتووە و خوێندوومانەتەوە، ئەگەر ئەم ٣٠ ساڵەی لێدەرکەی، لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەکوێ دەتتوانی مێژووی چەوساندنەوەی کورد بخوێنیتەوە؟ غەدرەکانی، کە لەکورد کراوە بخوێنیتەوە؟ ئەگەر هەشبووبێ بەناڕاستەوخۆ بووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هۆنراوەکانی بەر لەڕاپەڕین، کەسێک لە شیعردا باسی دایکی کردبێ، دەمانگوت ئەوە مەبەستی نیشتمانە! ئەمە نەتەوەسازییە لەدامێنەوە! بەڵام نەتەوەسازی لەدامێنەوە زۆر لاوازە، چونکە ناگات بەهەموو شوێن و کەسێک، لەبەر ئەوەی ئاشکرا نییە، چونکە لەڕێگەی ئامراز و دامودەزگای فەرمییەوە ناکرێ، بەڵام نەتەوەسازیی ئەوەی تورک و عەرەب لەسەت ساڵی ڕابردوو کردوویانە، ئەوەی ئێرانییەکان دەیکەن، ئەمانە لەڕێگەی دامودەزگای زۆر زۆر قووڵ و فرەڕەهەند و تۆکمەوە کراون.

لەئێران، لە دامودەزگای فەرهەنگی و پەروەردەیی شیعری حافیز دەخوێندرێ، بەڵام ئایا ڕێگە بەوە دەدەن شیعرێکی هێمن موکریانی لەپەڕەی کتێب و منداڵی کورد لەقوتابخانە بەکوردی بیخوێنێ؟ کورد تەنیا لەباردۆخێکی دیاریکراو توانیویێتی هەندێک کاربکات. کەس توانیویێتی بچێ لەوان و ئامەد و شڕناخ و مێردین، کتێبەک لەسەر فەرهەنگ و مێژووی کوردیی دەربکات؟ بەتایبەت لەدیدە کوردییەکەی، لەوانەیە هەندێک شت ڕێگەی پێبدرێت بەڵام ئەو کتێبانە بەدیدێکی کوردیی نەنووسراون، کە ڕەخنە بن لەدەوڵەت.

**– سیستەمی سەرمایەداری لەسەت ساڵی ڕابردوودا، تەواوی ولاتانی لەسەر بنچینەی دەوڵەت نەتەوە داڕشتەوە، ئەرمەنەکان لەزۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتدا هەبوون، دوای کۆمەڵکوژییان هەموویانی لەجوگرافیایەکی بچووک کۆکردەوە و ناوی لێنا ئەرمینیا، جووەکان لەبەرەبەیانی مێژوو تاکو حەفتاوپێنج ساڵ لەمەوبەر، شەش جار کۆمەڵکوژ کران و پاشتر ولاتێکی بەناوی ئیسرائیل بۆ دروستکردن، ئێستاش لەکاتێکدا کوردستان لەچوار بەش پێکهاتووە، بەڵام هەموو ڕۆشناییەکان خراوەتە سەر کوردی باشوور، ئێوە پێتانوایە، کە باشوور خۆی شایانی ئەو هەموو گرنگیدانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە، یاخود سیستەمی سەرمایەداری هەمان گەمەی جوو و ئەرمەن لەگەڵ کوردیشدا دەکات؟**

+ ئەو پرسیارە دیبەیتەکی زۆری دەوێ، بەڵام من پێموایە باشووری کوردستان، مێژوو و گەشەیەکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر پێش ساڵی ١٩١٨ تەماشا بکەین، کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆریەت دابەشکراوە، لە (شەڕی چاڵدێران)ەوە، واتە هەر لە ١٥١٤ بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی قاجار و سەفەوییەکاندا بووە و بەشەکەی دیکەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەڵام لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیدی بەشێک لەوەی بەشەک بوو لەعوسمانی دەخرێتە سەر عێراق، لکێندرانەکەش بەدەوڵەتی عێراق مەرجدار دەکرێت، بەریتانیا لەگەڵ عێراق لە ١٩٢٤ بەیاننامەیەک دەردەکەن، ئینگلیز دەڵێن کوردەکان بەوشێوەیە دەبێ بێنە نێو عێراق، ئارەزوومەندانە بێ و فۆڕمی ئەو دەوڵەتەی لەعێراقدا دەیانەوێت، دەبێ ئازادانە بێ و خۆیان بڕیار بدەن، کە چۆنیان دەوێت، کۆنفیدڕاڵییە، فیدڕاڵییە، خودموختارییە، پێکەوە ژیانە.

مەبەستم لەو قسەیە ئەوەیە، کە هەر لەسەرەتای لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراق، کورد کۆمەڵێک مافی هەبووە، مافی زمانی قسەکردن، مافی خوێندن بەکوردیی، مافی سیاسی و کلتووریی و فەرهەنگیی، نوێنەری هەبووە لەپەرلەمان، نوێنەری کوردەکانی باشوور، وەک

**زۆر زەحمەتە بەراوردی زانکۆی نەتەوەیەک بکەی، کە هێشتا نەبووە بەدەوڵەت، لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە، کە سەدان ساڵە دەوڵەتە**


نوێنەری کوردەکانی باکوور نەبوو، دەستکرد بووبن، سەردەمی بەعسی لێدەرچێت، کە نوێنەرە کوردەکان دەبن بە بەعسی و بەکرێگیراو، بەڵام لەزۆربەی هەرەزۆری کاتەکانی دیکەی عێراقدا، کەم تا زۆر، نوێنەرە کوردەکان لەپەرلەمانی عێراقدا، بەرگریان لەمافەکانی مرۆڤی کورد کردووە.

بۆیە گەشەی مێژوویی و پەرەسەندنی باشوور و لکاندنی بەعێراقدا، بەجۆرێک بووە، کە عێراقییەکان خۆیان زانیویانە کوردستان بەشێک نییە لەوان و بووە بەبەشێک لەوان، بەڵام لەئێران و تورکیا دۆخی کوردەکان بەو شێوەیە نەبووە، بۆ کوردێکی تورکیا دوای کۆماری تورکیاش هەر پێیوابووە ئەمە درێژکراوەی قۆناغی عوسمانییەکانە، ئەو بەشە هەر بەشێکە لەخاکی تورکیا، ئینسانی کورد لەوێ جۆرێک لەهەستی ئاسمیلە (تووانەوە و لەناوچوون)ی هەبووە، ملیۆنان کورد لەسەت ساڵی ڕابردوودا لەکوردستانی باکوور لەناوچوون، جا ئەمە بەبۆچوونی من هۆکارێکە، کە باشوور زیاتر بووەتە شوێنی بایەخ پێدان.

هۆکارێکی دیکەی، کە ئایا ئەمە گەمەیەکی نێودەوڵەتییە؟ من پێموایە وڵاتانی زلهێز هەمیشە یاری بەبزووتنەوە جوداخواز و سەربەخۆخوازەکان دەکەن، وڵاتان دەیانەوێ بەجۆرێک ئاراستەی شۆڕش و بزووتنەوەکان بەقازانجی خۆیان بجوولێنن و بەکاربهێنن، بەڵام قەت بزووتنەوەی کوردایەتی لەعێراق، بزووتنەوەیەکی دەستکردی بێگانە نەبووە، بزووتنەوەیەکی خۆکردەی کوردانە بووە، بەڵام ڕاستە بێگانە بەکاری هێناوە و یارییان پێکردووە، لەو یارییانەش بەشێوەیەکی گشتی کورد زەرەرمەند بووە، لە لەحزەیەک وەها بووە پشتیوانی لێبکەن و ساتەوەختەکیش هەبووە لە قازانجیان نەبووە پشتیوانی لێبکەن.

بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ئەسڵی پرسیارەکەت بۆچی لەشوێنەک دەوڵەت بۆ ئەرمەن دروست دەکەن، بەڵام لەئەرمینیای گەورە ئەوەی کە ئەرمەنەکان خەونی پێوە دەبینن، دەوڵەت دروست نابێت؟ لەڕاستیدا لە ١٩٠٥ تاکو ١٩٢٠ لەپەیماننامەی سیڤەر بڕیار لەسەر دەوڵەتی ئەرمینیای گەورە دەدرێت، بەڵام لەئەرزی واقیعدا لەزۆر لەو شوێنانە تورکەکان و عوسمانییەکان، ئەرمەنەکانیان قڕ کردبوو، بۆیە ئەو شوێنانە ئەرمەنی لێنەمابێ، دەوڵەت بۆ کێ دادەمەزرێنی؟ خاکێکی بێ نەتەوە لەوێ مابۆوە، بۆیە ئەو ئەرمینیایەی، کە دروستکرا تەنیا لەو شوێنە بوو، کە ئەرمەنی لێمابۆوە و کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی تزاری ڕووسیا و دواتریش بەلشەفیکەکانی ڕووسیا.

**- وەک مامۆستایەکی زانکۆ، بەو پێیەی لەزانکۆکانی وڵاتانی وەک ئوستڕالیا و مالیزیا و ئیمارات وانەت گوتۆتەوە و ئاگاداری زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیشی، ئاستی زانستی زانکۆکانی کوردستان بەبەراورد بەو زانکۆیانەی وانەت لێ گوتۆتەوە، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**







+ زۆر زەحمەتە بەراوردی زانکۆی نەتەوەیەک بکەی، کە هێشتا نەبووە بەدەوڵەت، لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە، کە سەدان ساڵە دەوڵەتە، حەزدەکەم لێرە شتێک باس بکەم، لەڕۆژانی یەکەمی گەیشتنم بەئوستڕالیا لەشاری ئەدلاید، وەک ویلایەت و کۆلۆنییەکی بەریتانی، چونکە ئوستڕالیا کاتی خۆی لەکۆمەڵێک کۆلۆنی بەریتانی پێکهاتبوو، دواتر بووە ویلایەتە فیدراڵییەکانی ئوستوراڵیا، ئەم ویلایەتەی ئێمە لەساڵی ١٨٣٦ دامەزراوە، زانکۆکەی لەساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، واتە دوای دەوروبەری شەست ساڵەک دەکا، زانکۆ بەفەرمی لەو وڵاتە دادەمەزرێ.

ئێمە زۆرجار باس لەوە دەکەین، کە هەولێر تەمەنی ٦٠٠٠ ساڵە، ئەی زانکۆ تێیدا کەی دامەزرا؟ ساڵی ١٩٨١ بۆیە ئەمجۆرە بەراوردانە بەبۆچوونی من واقیعی نین، لەبەر ئەوەی ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین، سەرەڕای ئەوەی ٣٠ ساڵەکە کیانەک هەیە، بەڵام ئەو کیانە سەقەتەی

هەشبووە هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا بووە.

**– کەواتە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئایا پێویست دەکا لەهەر شارۆچکەیەک زانکۆیەک هەبێ؟!**

+ نەخێر پێویست ناکات، چونکە قەزا و ناحیەکانی ئێمە، بەگشتی لەئاستی قەزا و ناحیەش نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر لەوڵاتانی دونیا، لەشارە بچووکەکانیش زانکۆ هەن، بۆیە مەرج نییە زانکۆ هەر لەشارە گەورەکاندا هەبێ، بەڵام لای ئێمە لەشاری بچووک زانکۆ بەو مەبەستە نەکراوەتەوە وەک پێویستییەکی شوێنەکە بۆ زانکۆ، بەڵکو وەک دەستکەوتێکی حزبی بۆ ئەو شوێنە زانکۆکە کراوەتەوە.

ئەو کێشەی، کە من لە فرە زانکۆیی لە هەموو شوێنەکی کوردستاندا دەیبینم، ئەگەر بچیە نێو

> **ئەندەنوسییەکان قسەیەکیان هەیە، دەڵێن: نەتەوەی ئەندەنوسیا لەسەر مەستەبەکانی زانکۆی جاکارتا لەدایکبووە**

هەر زانکۆیەک هەندێک مەستەبە دانراوە، تەلەبە چوارچوار و شەش شەش لەسەری دادەنیشن، ئەندەنوسییەکان قسەیەکیان هەیە، دەڵێن: نەتەوەی ئەندەنوسیا لەسەر مەستەبەکانی زانکۆی جاکارتا لەدایکبووە، چونکە زانکۆی جاکارتا شوێنی کۆکەرەوەی ئەو گروپە جیاجیایانەی شارەکان بوو، کە دەهاتن و لەوێ دەیانزانی ئەوان هەموویان ئەندەنوسین، لەوێ هاوخەمی و هاوئاهەنگی و هاوسۆزی و هاونیشتمانی دروست دەبوو.

بەڵام ئێمە بەدروستکردنی ئەو هەموو زانکۆیە، خوێندکاری کورد لەو ڕۆحی بەیەکەوەبوون و هاوسۆزیی بێبەش دەکەین، من لەزانکۆی کۆیە پرۆژەیەکم هەبوو، ڕۆژێک مامۆستایەک داوەتی کردم بۆ یەکێ لەوانەکانی، لەپۆلەکە نزیکەی پەنجا تەلەبەیەکی لێبوو، منیش ویستم بزانم خوێندکارەکان خەڵکی کوێن، پرسیارێکم کرد، لەو پۆلە نزیکەی ٩٠٪ زیاتر خەڵکی کۆیە و دەوروبەری بوون، پرسیم خەڵکی کەلار؟ زاخۆ؟ هەڵەبجە؟ دهۆک؟ هیچی نەبوو، دانەدانە خەڵکی هەولێر و شەقڵاوە هەبوو، ئەمە پێماندەڵێ، کە مەستەبەکانی زانکۆی کۆیە نابن بەهۆکاری دروستبوونی نەتەوەی کورد.

بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، من ناڵێم زانکۆی کۆیە دەبێ هەڵوەشێندرێتەوە، بەڵکو یەکێ لەکێشە هەرە گەورەکانی ئێمە لەکوردستاندا تێکەڵ نەبوونە، بەمانا سیاسییە کۆمەڵناسییەکەی، ئەوەی، کە پەیوەندی بەنەتەوە و نەتەوەسازییەوە هەبێ، پێی دەڵێن «ئاوێزان» ئێمە دەبێ زانکۆ بکەین بەسەنتەرێک بۆ ئاوێزانبوونی خەڵکی زاخۆ و دهۆک لەگەڵ کەلار و هەڵەبجە، ئاوێزانی خەڵکی قەڵادزە و ڕانیە لەگەڵ خەڵکی چەمچەماڵ و مەخموور و شەنگال و هەولێر و سلێمانی، ئەمەش کاتێک دەکرێت، کە سیستەمەک هەبێ لەکاتی وەرگرتنی تەلەبە بە «قبول مەرکەزی» زانکۆی کۆیە لە ٥٠٪ی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بن، بۆ ئەوەی هاوسۆزیی و هاوخەمیی و هاونیشتمانیی لەنێو خەڵکەکە دروست بێت، ئەمە نەک هەر دەبێتە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دوورمەودا، بەڵکو خێزانی هاوبەشیشی لێدروست دەبێت، وەک ئەوەی کوڕەکە کۆیی و کچە زاخۆیی، یان کوڕە زاخۆیی و کچە هەڵەبجەیی بێت. جا ئەمە نەک هەر لەزانکۆی کۆیە بکرێ، بەڵکو زانکۆی چەرمۆ و هەڵەبجە و زاخۆ و شوێنەکانی دیکەش دەگرێتەوە.

چونکە ئێمە پێویستمان بەو تێکەڵبوونەیە، بەڵام زانکۆکانی ئێستامان، کە بەو شێوەیە دروستکراون، کەسێک، کە لەهەڵەبجە لەدایک دەبێت، هەر لەهەڵەبجەش قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی تەواو دەکات، زانکۆش هەر لەهەڵەبجە تەواو دەکات، پێیوایە هەر دەبێ لەوێش کاربکات و دابمەزرێ، چونکە تێکەڵ نەبووە لەگەڵ خەڵکیدا، ئەوە لەسیاسەتدا کۆمەڵی جیاجیای پێدەگوترێت، ئیدی هەولێر وادەزانێ بەس هەولێر هەیە، سۆران وادەزانێ بەس خۆی هەیە و هەڵەبجە وادەزانێ بەس هەڵەبجە هەیە، بەڵام کۆمەڵی کوردەواری پێویستی بە لێک نزیکبوونەوە هەیە بۆ ئەوەی لێک تێگەیشتن و هاوسۆزی و هاوخەمی گشتی دروست بێت.

# هونـــەر

- **هونەرمەند بورهان سابیر .. جەستەگەلێک وەکو درەخت و دەمامکی ڕووخسار گەلێکیش بۆ سەر مرۆڤ**

عەلی هادی ئیبراهیم

## هونەرمەند بورهان سابیر



# جەستەگەلێک وەکو درەخت و دەمامکی ڕووخسار گەلێکیش بۆ سەر مرۆڤ

عەلی ئیبراهیم هادی

کارە پەیکەرتاشییەکانی هونەرمەند بورهان سابیر لە دوا پیشانگەکەیدا، بریتیبوو لە گێڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ جەستەی مرۆیی. لای بینەر کۆمەڵێ هزری سۆزدار و ئارەزووی حزوور و مەترسییەکانی نەبوون و فەزایەکی ئاماژەداری ئاوس بە پرسیارەکانی بوون پەیدا دەکات، کە لەگەڵ دەروون و نەست دەدوێت.



بابەتی کارەکان بریتیبوون لە ڕوخسار و جەستەی مرۆیی، ئاماژەگەلێکن وادەکەن مرۆڤ ڕابمینێت، بەتایبەتی کاتێک ڕوخسارەکان دەبنە بەژنێکی ئاسمانی و کۆمەڵە ئاماژەیەک، بۆ کشانی جەستەگەلێک، کە لە فەزای ئارەزوودا بڵاودەبنەوە، جەستەگەلێک وەکو درەخت بەردەگرن، جادووی کۆمەڵێ دەمامک و ڕوخساریش بوون بە تەلیسمی چاکە.

ڕێڕەوی جێبەجێکردنی ئەم کارانە لە میانی بەردەوامبوونی پرۆژەی هونەریی و هزری و کەسیی هونەرمەند بورهان سابیر، کە پێش پەنجا ساڵ دەستی پێکردووە. ڕێڕەوێک لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارستە و بۆشایی و ڕەنگەکان، لە ئازادی گواستنەوەیەکی بوێر لەنێوان پەیکەرتاشی و نیگارکێشان و ئەنستلیشندا سەودا دەکات. هونەرمەند لەم ئەزموونە درێژەیدا، زمانێکی شێوەکاریی پەیداکردووە، کە توخمەکانی لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵێ شێوە و ماددەی خاو پێکدێن. کەرەستە خاوەکان هەندێکیان ماددەی سەرەتایین، کە دەکرێت بگۆڕدرێن، هەندێکیشیان کەلوپەلی دەستکرد و ئامادەن، لەسەردەستی هونەرمەند لە ماهییەت و واتاکانیاندا دەگۆڕێن.

لای هونەرمەند کەرەستە وەکو زمانە، بریتییە لە دەست لێدان (ملمس) و ڕەنگ. ئەمە جگە لە هێزە مەعنەوییەکەی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە. شێوەش بە ئازادی دەگۆڕێت و لەگەڵ یاساکانی بوونە دیارەکەی دەگونجێت،

وەکو شتێک لە پێش چاوماندا، وەک تارماییەکیش، کە لە ئەندێشەی گشتیدا پڕن.

بەڵام تایبەتمەندیی ئەم کارانەی لەدوا پێشانگەیدا نیشاندران، وەکو ئەزموون و ڕێڕەوێکی نوێ، پێگەیشتنی ئەزموون و بێگەردی شێوەکانە لەڕێی پرۆسەی داماڵینێکی (تەجرید)ێکی چڕدا. لەسەر ئاستی شێوەدا ڕوونییەک بە کارەکان دەبەخشێت، کە بریتیە لە تێکەڵبوون و ئاوێتەکردنێکی هاوئاهەنگ لەنێوان ڕوانگەیێکی هونەریی، کە لە عەفەوییەت و سادەبوونێکی سەر بە ڕێبازی نوێگەرایی نزیکە، لەگەڵ ڕامانکردن دەربارەی سەیرورە سروشتییەکانی شێوە. وەکو ئەوەی خۆبەندی ڕۆحی و دەروونی خۆی بە سروشت ڕادەگەیەنێت و ئاشکرا دەکات، وەکو باوەشێکی وجوودی، کە هونەرمەند ئارامی ڕۆحی و دوا زمانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

بێ گومان شێوەی مرۆیی تەوەرەی ئەم کارە پەیکەرتاشییانەی دواییە، لە ڕێی هێما و ئاماژەدان بەم شێوە مرۆییە، کە لە ئایکۆنییەتی ڕوخسار و جەستە پێکدێت. سەر تەنیا دەبێتە ڕوخسار و هیچی دی نا، وێنەیەکی خودی، کە خاوەنی خولقەتێکە لە وتووێژێکی بەردەوام دایە لەگەڵ ئەویدی و جەستەش دەبێتە لایەک، یان کشانێک بۆ ئەو سەرە، یان ڕوخسارە. ئەم جەستانە لە زەوییەوە دێنە دەر و بە ستوونییەکی ڕۆحی نزیک لە قودسی بەرز دەبنەوە، قودسیبوونی سروشتێکی پاکیزە، ئارەزوویەکی نهێنی بەرەو باڵایی دەپۆشێت، بەرەو واتا و بەرەو ژیان وەک خۆی، کە هەیە. شێوەکان باریکن، بەڵام تەنک و لاوازن، هەر ساتێک دەکرێ بشکێن، ناسکن وەک ئەو ئارەزووانەی لە پشت ئێغرا دیار و شەرمنەکە شاردراونەتەوە.

هەندێک جار ئەم جەستانە لە توندی خۆشەویستی و شەوقەوە دەبن بە ڕوخسار. هەموویان لە ژینگەیەکن ڕاز و نهێنی لەگشت لایەکەوە دەورەی داون. چونکە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا (من) لە ڕوخسار کورت دەکەینەوە، وەک شوێنێکی دەرکەوتە بۆ ئەوەی هەموو دەربڕین و حاڵ و مەقامێکی تێدا بدرەوشێتەوە.

## کارە پەیکەرتاشییەکانی هونەرمەند بورهان سابیر لە دوا پێشانگەکەیدا، بریتیبوو لە گێڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ جەستەی مرۆیی

هونەرمەند بورهان سابیر لە کارە پەیکەرتاشییەکانی دواییدا، ڕێگەیەک، کە خۆی بڕیویەتی بەرەو دڵی کەرەستەی خاو دەچێت، بەرەو شتبوونی شێوەی مرۆیی لە بوونی یەکەمینیدا، کە لە شێوەگەلی ئایکۆنی لە هونەری سەرەتایی وەریگرتووە.

هونەری هاوچەرخ لە بیکاسۆوە لەسەر ڕێی هونەری ئەفریقی و هونەری دوورگە و دارستانە دوورەدەستەکان سەرکێشی دەکات و دەیەوێت خۆی لە شێوازگەلی تەعبیریی دوور





له شارستانی و بەرجەستەبوونە ئایدیالییەکانی بدۆزێتەوە.

لە کارەکانی هونەرمەند بورهان سابیر-دا جۆرێک لە شێوازە پەتیەکان زاڵن، کە دەڵێی ڕاستەوخۆ لە پێوەندی بێگەرد لەگەڵ سروشت پەیدا دەبن. نەک تەنیا وەک پێوەندییەکی بینین و ڕامانێکی ئێستێتیکایی دەرەکییانە بێت بۆ ئەو شتەی، کە پڕە لە شۆخ، یان لە ئازار، بەڵکو شکۆدارکردنی بوونەوەری مرۆییە، لە جوانییە سادەکەیی و ناوەڕۆکە گرنگەکەی، تەنانەت لە نیگەرانی بوونە تەنیایەکەیشی.

## زمانی شێوە و زمانی ڕووگەکان:

ئەم پەیکەرانە، کە ئاماژە بۆ کەسایەتییەک دەکەن لە جیهانی خودیی ناوەکییەوە هاتوون، شێوەگرتنی تێدا وەک ئاواکردن دووبارە دەبێتەوە، لەڕێی تەلارسازییەکی سەرەتایی، کە هاوسەنگی باو ڕەت دەکاتەوە، کەرەستەکەی بریتیە لە یەکەم خەیاڵی ڕەسەنی خودی بوونەوەر. ئارەزووییەکە پڕە لە زیندووبوون و دەیەوێت لە نێوان بوون و نەبووندا، موقەدەس و ئاساییدا هاوئاهەنگی پەیدا بکات، ئەمە ئارەزووێک بۆ ڕابردوو، یان ئایندە نییە، بەڵکو بڕیاری ژیانە لە ئێستا و لێرەدا. ئەم زمانە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ شێوەی مرۆیی و ڕووگەکانی، ئەندازە گیری بۆ قەوارەگەلێکی داپۆشراو بە تریفەیەک لە ڕاز دەکات، کە لە جیهانی ئەفسانەیی کەسیی هونەرمەندەوە دێن. ئەمە وەک جۆرێک لە نووسینەوەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ جیهانێکی تازە و دیار، کە لە بوونی ناوەکیمان ڕوودەدەن و دەردەکەون.

زمانی ئەم شێوە و ڕووگەیانە لە کەڵەکەبوونی جۆرەها هێڵ و بارستە و مەلمەس و ڕەنگەکان پێکدێن، یان ڕاستتر لە ڕەنگکردن، وەک ڕێڕەوێکی شێوەکاری یەکبوونێکی بیندراو بۆ ئەم توخمە جیاوازانە پەیدا دەکات. ئەمەش لە ڕێی ڕووخاندنی سەربەخۆیی کەرەستە خاوەکان، یان بارستەکان یان هێڵەکان. ئەم هەستە ڕەنگییە پێویستی بە هەستێکی گرافیکی ڕوون کە پەیکەرتاشین لە هونەری نیگارکێشان نزیک دەکاتەوە:

پۆرتریتەکانی بورهان سابیر لە (کارگەلێکی چەمکی) ڕەمزیی ئاماژەیی پێکدێن، لەگەڵ شێوەی دەروونی ناوەکی سەودا دەکات، دەنگدانەوەی هونەرێکی سەرەتایی و خۆڕسکی لە نێودایە، پێش هەموو شتێک ئەم سەرانە دەبینین، کە پووخت بوونەتەوە سەر ڕوخسار، وەک لە هونەری دەمامکە ئەفریقییەکاندا هەن، بارستەکان شەپۆلاوین، گەورە و بچووک دەبنەوە، لە شوێنی دیاریکراودا دەیەوێت بارستایی ڕوخسار لە هەموو ئاراستەیەکدا دیاری بکات. ڕوخسار بریتییە لە هەستگەلی بەرجەستەکراو، لە هەندێک توخم، کە خەریکە سەربەخۆ بن، لووت و چاو و دەم. ئەم توخمانە، کە دەربڕین لە ناوەوەی مرۆڤ دەکەن، دەرگەی پێوەندین لەنێوان جیهانی مرۆڤ و جیهانی ئاخیرەتدا. تایبەتمەندییەکی دی ئەم ڕوخسارانە لە ستونێتییە دیارەکەیانە، کە هەستگەلی

ڕۆحانی دەخاتە سەر و سەربەخۆییەکی تایبەتی پێدەدات. ستونییێتی ئەم ڕوخسارە قیت وەستاوانە، سەرباری پەردەی ئەو خەمناکییەی دایاندەپۆشێت. ئاماژە بە هێز و ئیرادەیەک دەکەن.

ڕەگەزی سێیەمی شێوەکاری لەم کارانە ڕەنگکردنە، لێرەدا ڕەنگەکان ئاشکراتر و چڕترن، بە مەلمەسەوە پێوەستن، وەک ئەوەی پەیکەرەکە لە ڕەسەندا بە شێوەیەکی بێگەرد ڕەنگین بێت، ئەوەی بۆ بینەر دیار دەبێت ئەوەیە، کە لە ڕەنگەکە ماوەتەوە، ئەوەی زەمەن لەسەر ئەم ڕووگەیە بەجێیهێشتووە، لێرەدا ڕەنگ سەربارێکە چیرۆکی ئەوەی لەزەمەندا بەسەر بوونەوەردا ڕوویداوە دەگێڕێتەوە.

لەپەیکەرەستوونییەکانیکەلەدووبارەبوونەوەی شێوەی باریک و بەرزبووەوە پێکدێت، شێوەی تەوتەمی دەبینین، بەڵام لە خوێندنەوەیەکی نوێدا، زەمانی شێوەکان لێرەدا تا ڕادەیەک ئاشنان و نایانەوێت بینین سەرسام بکەن، بەڵام هەندێک جار کۆمەڵە پرسیارێک دەوروژێنن، چونکە لە ناشوێندا نیشتەجێ دەبن، چونکە لە ئازادییاندا لە زەمانییێتی ڕەهادا تێراون. ئەو شێوانەی وەک بەژنی نزیک لە ڕاستی نزیک دەبنەوە، هێڵی نووتەک لەو فەزایە ڕسم دەکەن، کە تێیدا دەژین، لەم کۆمەڵە پەیکەرە باریکانەدا، بۆشایی بەرجەستە دەبێتەوە، وەک ڕەگەزێک لە دارشتنی گشتیدا. هەندێک بۆشایی تێدەکەوێت وەک ڕیتمێکی نزیک لە مۆزیک، کە جوانییەکی گرافیکی سەرکەوتووی دەخاتە سەر.

لە کۆمەڵەی کارە گەورەکان، کە بریتییە لە کۆمەڵێک پەیکەر، کە جەستە تێیدا وەک ڕووەک گەشە دەکات لە تاریکایی دارستانی دێرینی بیرەوەرییەکان هەڵدەچێت بۆ خۆر و هەوا دەکۆشێت. هەندێک جار ناوەندی قورسایی قەبارە بۆ ئەم سەرە دەگوێزرێتەوە، کە جەستە باریکەکان هەڵیانگرتووە. ئەم سەرە لەوە دەچێت بێجەستە بێت، چونکە هێڵێکە چیرۆکی گەشتی سەر دەگێڕێتەوە، لاربوون و چەمانەوەیان، کە لە ئاوازەکان دەچێت، ستایشی مۆزیکای سرووشتە. لەم پەیکەرانەدا دەبینین سەر بارستەیەکە گەورەتر لە سەرەکان لە کۆمەڵەی

**لای هونەرمەند کەرەستە وەکو زمانە، بریتییە لە دەست لێدان و ڕەنگ. ئەمە جگە لە هێزە مەعنەوییەکەی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە**

پەیکەرەکانی دی، کە ڕاست و ستوونین، سەرەکانی بریتین لە بارستەی هەوراوی نیگەران. لە ناشێوەیی نزیک دەبنەوە، بەڵام هەندێک وردەکاری وەک چاوەکان و لووت و لێوەکان واقیعییەکەی دەهێننەوە بەر بینین، چەمانەوە و پێچەکانی ئەم شێوانە. لە مارەکان



## ئارەزوويیەکە پڕە لە زیندووبوون و دەیەوێت لە نێوان بوون و نەبووندا، موقەدەس و ئاساییدا هاوئاهەنگی پەیدا بکات

دەچن، کە لە جووڵەیەکی لاردا دەنووشتێنەوە. وەک ئاماژەیەک بۆ نەستی ئاژەڵی ئازاد لەنێو ئێمەدا، کە ڕەمزە بۆ بەردەوامی، لەڕێی ئەم گەڕانەوەیە هەمیشەییەی شکۆ بە گەڕانەوەی شاد بۆ ترپەی دڵی ژیان و ئیشراقکردنی زانین و چیرۆکگەلی لەبنەهاتووی ئەوینێکی ونبوو دەبەخشێت.



### ڕەنگکردنی پەیکەرەکان:

ڕەنگ لێرەدا پەیکەر داگیردەکات، یان ماددەی بێدەنگ، لە دەنگ و ئاواز سەرڕێژدەکات. وەک ئەوەیە هونەرمەند بانگی ماددە بکات و بیخاتە سەرکێشیەکی نوورانی. ڕاستە پەیکەرتاشینی ڕەنگاورەنگ لە هونەری پەیکەرتاشیندا دیاردەیەکە لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا زیاتر پەرەی سەند، وەک شکاندنی سنووری نێوان نیگارکێشان و پەیکەرتاشین. لەنێوان هونەری پەیکەرتاشین و شتەدروستکراوەکانی (ڕێدی مێد) ڕۆژانە. بۆیە دەبینین ڕەنگەکان بە چەشنی بینینێکی دەستکرد، یان میللی دەردەکەون (پۆپ ئارت) بەڵام بۆچوونەکانی هونەرمەند بورهان سابیر لە ڕەنگکردنی پەیکەرەکانی، تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ڕەنگە وەک ڕەنگێکی سەربەخۆ لە پەیکەرەکە دەرناکەوێت و ئەرکیشی تەنیا ڕەنگکردن و داپۆشین نییە، یان تەنیا شوێنی قەوارەی پەیکەرەکە بگرێت، یان قورسایی بارستەی پەیکەرەکە بسڕێتەوە. بەڵکو بەشێکە لە مەلمەسەکە، ماهییەتێک بە بارستەکە دەبەخشێت. ئەندێشەیەکی نوێ بە ماددەکە دەبەخشێت. دەچێتە نێو جیهانی کەرەستە و توانا خودییەکانی، بەدەر لە واتای بەرخۆرەکی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، هونەرمەند بورهان سابیر وەفادارە بۆ جوانگەرییە جێگرەکانی مێژووی هونەر.

کاتێ هونەرمەند ڕەنگ و ڕووگە و مەلمەسەکان بە هەندێک پارچەی کانزایی ڕووپۆش دەکات، لە مەلمەسی گشتی خامۆش دەبێت و لە تاریکی و بریقی گشتی کارەکە بەشدار دەبێت، ئەم بریقە کانزاییە هەڵبژاردەی خودی هونەرمەندە لە هەندێک پارچەی ڕەمزی لە تۆپۆگرافی گشتیدا. لەم ڕەنگکردنە دوو تەکنیک بۆ چارەکردنی ڕووگەی پەیکەرەکە ئاوێتە دەکرێن. یەکەمیان تەکنیکی کۆنکردنە و دووەم تەکنیکی جەخت لەسەر مەلمەسەکە، کە توخمێکی هاوبەشە لەنێوان پەیکەرەکانی هونەرمەند بورهان سابیر و هونەری نیگارکێشانی ئەبستراکتی ماددەگەری.

# خوێندنەوەی کتێب

- **ڕۆمانی پاشا**

  حەسەن هەندرێنی

- **بەختەوەری و ئەرێیبوون .. لە ڕوانگەی محەممەد ڕاشد ئاڵ مەکتووم**

  مەسعوودی مەلا هەمزە

- **هاوڕێی پێتوس کتێبێکی گرنگ بۆ منداڵان**

  قەهار شێخانی

# ڕۆمانی پاشا



حەسەن هەندرێنی

یەکێک لە شاکارەکانی دیکەی قادر عەبدوڵلا، ڕۆمانێکە بەناوی پاشا، وەک گوزارشتێک لە ژیان و بەسەرهاتەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی پاشایەکی قاجاری بەناوی ناسرەدین شا، کە نزیکەی پەنجا ساڵێک بەدیاریکراویش، چل و هەشت ساڵ حوکمڕانێتی کردووە.

لەوەدا مەحوی شاعیر بەهەڵەدا چووە، کە ماوەی حوکمڕانێتی پاشای لە شیعرێکدا بە پەنجا و هەشت ساڵ داناوە و لەبەرگی دواوەی ئەو ڕۆمانە بەردەستەی، کە لەلایەن پاچڤەکاری بەتوانا شەفیقی حاجی خدر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی. ئەو پارچە شیعرەی مەحوی دانراوە بۆ دوو مەبەست. یەکەمیان ئامۆژگارییە بۆ ئەوانەی زوڵم دەکەن و ببینن چەندە بەهێز و توانابن، بەڵام کۆژرانییان بە دەستی گەڕیدەیەک لە هەموو ئان و ساتێک لە گوینە.  دووەمیان ئاگایی و هۆشیاریی مەحوی دەرەخات لەسەر مێژوو و ژیانی شا و ڕەعیەتەکەی.

ئەم ڕۆمانە لەسەر شێوازی چیرۆکی بەرئاگردان داڕێژراوە و ناوی کاراکتەرەکانی ڕاستین. واتە هیچ لاپەڕەیەک هەڵنادرێتەوە بە باسێکی ڕاستی ڕەشنەکرابێ. بەڵام بەدەر نییە لە تەکنیکی نوێ و وەسفی جوان و زمانێکی سەردەمییانە و تێکبەستنەوەی ڕووداوەکان وەک یەکەیەکی لێکدانەبراو، یان تێکەڵکردنی ڕووداوەکانی بنەماڵەی پاشایی بۆ مەبەستی پتەوکردنی بنەماکانی داڕشتن و لە قالبدانی ڕۆمانێک بۆ چاخ و سەردەمێکی دیاریکراو، کە ناسرشا ببێتە پاڵەوانی سەرەکیی تێیدا. ئەوەی زیاتر مەبەستە، باسکردنە لە دۆخی ئێرانی ئەوکات و ژیانی پاشا و دواتریش هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێران و کۆتاییهێنانە بە ژیانی پاشا و دەستکەوتی پەرلەمان، کە داخوازیی ڕاپەڕیوانە.


> **"مەحوی شاعیر بەهەڵەدا چووە، کە ماوەی حوکمڕانێتی پاشای لە شیعرێکدا بە پەنجا و هەشت ساڵ داناوە"**

پاشا ناوی ناسرەدینە، ئەو بە چوارەمین پاشا دادەنرێ لە زنجیرەی بنەماڵەی قاجاری. ئەم پاشایە بەوە لە پاشاکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە، کە بە خۆی ڕۆژژمێری بەکارهێناوە و ڕووداوەکانی تۆمارکردوون. هەروەها یەکەم پاشاش بووە سەفەری بۆ دەرەوەی ئێران و بۆ وڵاتانی ئەورووپا کردووە و کەوتووەتە ژێر باندۆری پێشکەوتنەکانی ئەوێ، بەڵام بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوە نەبووە، شێوەی ژیانی ڕەعیەتەکەی وەک خەڵکی خۆراوا لێبکات. بە پێچەوانەی ڕاپەڕیوان، کە بە بیرێکی نوێ و پێشکەوتنخوازی کەوتنە بەربەرەکانێیکردنی پاشا و داواکارییەکانییان دەبەستەوە بە لێدان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ڕووسەکان، کە ئەوکات ئەم دوو وڵاتە دەیانویست هەژموونی خۆیان بسەپێنن بەسەر ئێران و هەر وڵاتە دەیویست ئێران وەکو بەردەباز بەکاربێنێ بۆ پەڕینەوە. بەریتانییەکان بۆ ئەفغانستان و هیند. ڕووسەکانیش بۆ ئەورووپا.

ئێران ئەوکات زۆر دواکەوتوو و لە پاشاگەردانییەکی تەواو دابووە. خەڵکەکەی بەدەست پەتای تاعون دەیانناڵاند و برسیەتیش هەموو کوچە و کۆڵانێکی گرتبووەوە و ناڵەی وە خەڵکەکە خستبوو. بەڵام ئەوەی سەیرە شۆڕشی خەڵک لەسەر تووتن یەخەی پاشای گرت و بووە بەرایێکی باش بۆ هۆشیاری و یەکخستنی ڕیزەکانی خەڵک و گۆڕینی شێوەی ڕژێم، لە ڕژێمێکی یەکلایەنەی بێ ڕکابەر، کە تەواوی دەسەڵاتەکان لەدەستی شادابوون، بۆ گواستنەوەی دەسەڵات لەڕێی پەرلەمانەوە بۆ گەل. تووتن، کە ئەوکات زۆربەی دانیشتوان، یان جگەرەیان دەکێشا یان قلیان. پوختەکردنی تووتن بەتەواوی کەوتە ژێر دەستی بەریتانییەکان هەموو پشکنەرە ئێرانییەکانیان لەسەرکار لابردوون و لە شوێنی ئەوان کارەکەی ئەوانی داوەتە پشکنەرە هیندییەکان.

بەو هۆیەوە نرخی تووتن  لە نان گرانتر بووە. دوای هێنان و بردنێکی زۆر لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشگێرانی تاران (جەمالەدینی ئەفغانی و میرزا ڕەزا و هاوڕێکانییان) کە چ پاڵنەرێک بدۆزنەوە بۆ جووڵاندنی هەستی خەڵک دژ بە شا. لەمە باشتریان دەستنەکەوت، کە ئاسان وەربگیرێ و پیاوە ئایینییەکانیشی بۆ هان بدرێت. ئەوەبوو هاتنەسەر ئەوەی ئایەتوڵڵا میرزا شیرازی بێننە سەر خەت. بە جووڵاندنی هەستی ئایینی ئەو پیاوە. ئەویش بەوەی بەرپرسی پشکنەرانی تووتن، کە پیاوێکی بەریتانی بووە بە بەرگی ئاخوندەکان و بەدانانی

ڕیشی دەستکرد، وێنەیەکی بە پێڵاوەوە لەسەر دوگرد گرتووە و بە دانیشتنەوە قلیان دەکێشێ. بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیە بەسە بۆئەوەی گڕ بەرداتە کوانووەکە و جەماوەر وەجۆش و خرۆش بخات.
لـەم هـەنگاوە سـەرکـەوتنـیان بـەدەسـتـهـێـنـا، هـەنگاوی داهاتووشیان، کە جەختکردنەوە بوو لەسەر دامەزراندنی تۆڕی تێلێگرافی نیشتمانی. دواتریش دامەزراندنی مەجلیس واتە پەرلەمان. ئەمانە بوونە دروشمی گەل لە دژی پاشا.
لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵی دوو وەزیر باش دەنرخێندرێ، لەوەی تەواوی توانایان بەکارهێناوە بۆئەوەی پاشا بێننە ڕایێ و ڕێی پێشکەوتنی وڵات واتە ڕێگە ڕاستەکە بگرێتەبەر، بەڵام پاشا هەر بەقسەی خۆی دەکات، کە بەشێکیان لێکدانەوە و قسەی ئاراستەکراون لەلایەن دایکییەوە، کە بەتەواوی دژ بە هەنگاوەکانی وەزیر میرزا ئەکبەر وەستاوەتەوە و ئەم وەزیرەی بە نزیک لە بەریتانییەکان داناوە و وای لە پاشا گەیاندووە، کە وەزیر لەژێر باندۆری بەریتانییەکان دایە. ئەم گومانە دواجار وا لە پاشا دەکات کۆتایی بە ژیانی میرزا کەبیر قائمقامی فەراهانی بێنێ، کە پێشتریش باوکی ئەم وەزیرە، وەزیری پاشای باوکە کۆچکردووەکەی ناسرشا بووە. وەزیری سێیەمیش بەهەمان شێوە دەکەوێتە ژێر باری گومان، بەڵام دەست بۆ کوشتنی ئەو نابات.
کۆتایی ڕۆمانەکە لـەوە نزیک دەبێتەوە، کە ڕاپـەڕین کپ دەبێتەوە و پاشا دوای ئەو هەموو کوشتار و توند و تیژییەی دەینوێنێ، بەڵام دواجار لەکاتی وێنەگرتن لەلای باڵەخانەی پەرلەمان بەدەستی میرزا ڕەزا دەکوژرێ. دواتر خواستی ڕاپـەڕیـوان سـەردەگرێ و پەرلەمان دادەمـەزرێ و کچی ناسرشا، کە ناوی تاج سوڵتانە جێی باوکی دەگرێتەوە و کوڕەکەی دەکرێتە پاشا و شێوەیەکی نوێ بە ڕژێمی وڵاتەکە دەبەخشرێ هاوشێوەی وڵاتی شاهانەی بەریتانیا.
**سەرنجدان لەسەر چەند وشەیەک:**
سـەرەتـا دەمـەوێ ئـەوە بڵێم، لە تـەواوی ئەو پەرتووکە وەرگێردراوانەی دیلمانج ( شەفیقی حاجی خدر) وەرگێڕاون و من بینیومن، ئەمەیان لە هەموان بێ خەوشتربووە، لە هەڵەی چاپ. وەنەبێ هەر نەبێ، بەڵام کەمن. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسیان لەبارەوە بکەم، هەڵەی چاپ نین، بەڵکو بەکارهێنانی هەندێک وشەن، کە بەڕای من بە هەڵە بەکارهاتوون و دەبوا لەشوێنیان وشەی دی داندرابان، لەوانەش.
١. لە لا ١٧ دا هاتووە (لە بەراییەوە مانگا هەبوو، مانگا لەلایەن خواوەندەوە بوو، ئەویش ناوی ئاهورامەزدای هەڵگرتبوو ...) ڕاستتر بوو بنووسرابا (لە بەراییەوە مانگا هەبوو، مانگا لەلایەن خواوەندەوە بوو، خواوەندیش ناوی ئاهورامەزدا بوو ...).
٢. لا ١٨ نووسراوە ، سەروپۆتاک، سەروپۆتەڵاک ڕاستترە.
٣. لا ٦٩ نووسراوە ، ئایەر لە بری وشەی جیاواز. ئایەر بە واتـای ئاگر، یان ئـاور دێت. من بە گچکەیی ئەو وشەیەم لە نەنکم گوێ لێ ببوو، بەڵام ئەو دەیگوت ئاییری، کە لە جیاتی جیاواز بەکاری دێنا.
٤. لا ١١٠ نووسراوە (پشت قۆپەنی دارەکان ...) ئەکرێ ئەم وشەیە لە ناوچەی ڕواندز و باڵەکایەتی ئاوا بەکاربێت کە پاچڤەکار بەکاریهێناوە. بەڵام ناوە فەرهەنگییەکەی قۆپەن، چەند بنجە سەوزییەکە لەناو پەڵەیەکدا، کە بەرزتر و بەهێزترە لە گژو گیای دەوروبـەری، یان پەڵەگیای بڵندە لەناو مێرگ و گیاجاردا. ئەم شێوە بەکارهێنانە کە فەرهەنگەکە پشتی پێبەستووە، زیاتر هیی ناوچەی موکریانە. کەواتە دەکرێ بەهەردووک شێوە بەکاربێت.
٥. لا ١١١ ، نووسراوە (خۆی لە دەرگا کەلی کرد ...) وشەی کەلیبوون، واتا ئاوابوونە. یان هاتنەخوارە.




دوونموونە:
یەکەم: خۆر لە پشت هەموو گرد و چیاکان کەلی بوو.
دووەم: چارۆگەکەی داکـەلـی واتـا هـاتـەخـوار. لێرە پـاچـڤـەکـار بـۆ مەبەستێکی دی بەکاریهێناوە.
٦. لا ١١٢ نـووسـراوە (بـەنـاو بـاخـەکـەدا قـەدەمـی لـێـدا) ئـەوەش بـەکـاردێ، بەڵام کوردییەکەی (بەناو باخەکەدا پیاسەی کرد) ڕاستترە.
٧. لا ١١٩ نووسراوە (بە ڕێگەیەکی پێچخواردوودا ئاوزینگی لێدا و ئەسپەکەی هاژۆت) وشەی ئاوزینگ هەڵە بەکارهاتووە، دەبووا ئاوزەنگ بەکار هاتبا. چونکە ئاوزینگ واتای ئاویلکە، یان گیانەڵا، یان دوا هەناسە، یان دەمی مەرگ دەگەیەنێ. ئەم وشەیە بە هەڵەی چاپ تێگەیشتم، بەڵام چەندجارێک بەهەمان شێوە بەکارهاتووە.
٨. لا ٢٠٨ نـووسـراوە (مـەرو مـاڵات لـە بـەینی بانەکان دەوەستان) ڕاستتربوو بگوترابا بەینی دیواری خانووەکان.
٩. لا ٤٢٧، نووسراوە (کاردانەوەکەیان یەک جار باش بوو) یەک جار واتـا تەنیا جارێک. دیارە مەبەست ئێجگار، یان یەجگار یان یەکجارە.

# بەختەوەری و ئەرێنیبوون

## لەڕوانگەی محەمەد ڕاشد ئال مەکتووم



مەسعوودی مەلا هەمزە

نووسین و گێڕانەوەی ئەزموونی سەرکەوتوو هەر تەنیا خۆنمایشکردن نییە و بۆ ئەوە نییە بە بەرانبەرەکەت بڵێی من سەرکەوتووم و خاوەن ئەزموونێکی جوانم، بگرە زۆرجار ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ لایەنی بەرانبەر، بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونەکان وەربگرن و هەوڵبدەن بەکردار بەکاری بێنن.

شانشینی یەکگرتووی ئیمارات و ئەزموونی حوکمڕانییەکەی، پێشکەوتنەکان و بونیادنانی ژێرخانی وڵاتێکی ئابووریی و گەشتیاریی یەکێکە لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

زۆرێک لە ئێمە لەوانەیە حەزبکات سەردانی ئەو وڵاتە بکات و پێشکەوتنەکانی بەچاوی خۆی ببینێ، بەڵام کەمن ئەوانەی بەدوای نهێنییەکانی ئەم سەرکەوتنەوەیەن، یان دەگەڕێن بەدوای ئەوەی نهێنی پێشکەوتنی ئەم وڵاتە چییە و چی وایکردووە ئەم شانشینە ببێتە یەکێک لە بەناوبانگترین شوێنەکانی دونیا و لەمسەر بۆ ئەوسەری دونیا خەڵکی بۆی بێن.

زۆرکات نووسین و گێڕانەوە، یاخود فیلمی دیکۆمێنتی دەتوانێت ئاشنامان بکات بەوەی ڕوویداوە، چونکە ئێمە تەنیا ئەوە دەبینین کە لەبەرچاوە، نازانین ئەمە چۆن هاتووەتە بەرهەم و چی کراوە تا بەمرۆ گەیشتووە.

لە سەرەتادا کە ناونیشانی کتێبەکە دەخوێنیتەوە واتێدەگەی کتێبێکە لەبارەی هەردوو چەمکی بەختەوەری و ئەرێنیبوون نووسراوە، کە خۆی لە ڕاستیدا هەروایە، بەڵام کە ناوەڕۆکە (١٤٧) لاپەڕەییەکەی دەخوێنیتەوە تێدەگەی لەپاڵ باسکردن لەم دوو چەمکە ئەم کتێبە نامیلکەیەکی بچووکە و باس لە چیرۆکی دروستکردن و بونیادنانی شانشینی ئیمارات دەکات لە ناوچەیەکی وشکی بیابانشینەوە بۆ ئەو وڵاتەی ئێستە.

لەوەش گرنگتر نووسەر بە گێڕانەوەی ئەو ئەزموونەیان، کاری لەسەر بونیادی کەسایەتی تاک کردوە، کە چۆن حوکمڕان و دەوڵەت دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بونیادنانی کەسایەتی تاک و چۆن وادەکات یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان بەخۆشەویستیەوە جێبەجێ بکات.

یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی ئەم کتێبە، بە گەشبینیەوە سەیرکردنی هەموو شتێکە، نووسەر پێمان دەڵێت چۆن مرۆڤ و تاکی گەشبین دەتوانێت ئاراستەی ڕووداوەکان بگۆڕێت و لە شتی بچووکەوە شتی گەورە دروست بکات و لە خەیاڵی بچووکەوە گۆڕانکاری گەورە بونیاد بنێت.

ئەم کتێبە جگە لەوەی گێڕانەوەی بەشێک لە ئەزموونی حاکمانی (ئیمارات و دوبەی و ئەبوزەبی)یە، هاوکات ڕوونکردنەوەی دیدگای حوکمڕانی ئەو حکومەتەیە بۆ خەڵک، بە جۆرێک، باسی دەکات، کە کاری لەپێشینەی حکومەت بەختەوەرکردن و دڵخۆشکردنی خەڵکە، محەمەد ڕاشد ئال مەکتووم ڕای وایە (کاتێک ئێمە دەڵێین ئامانجی حکومەت بەدیهێنانی بەختەوەرییە، بە واتای وشە

مەبەستمانە و ڕێک وەکو خۆشی پێی هەڵدەستین و بە شێوەیەکیش کاری لە پێناودا دەکەین، لەگەڵ خواست و ئاوات و داب و نەریت و ڕۆشنبیریی گەل و نەتەوەکەمان بگونجێت) ل١٣


لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا، لەبارەی ڕۆڵی حکوومەت لەنێوان حوکمڕانی و بوونی بەرنامە بۆ بەختەوەری خەڵک دەڵێت (ڕۆڵی ڕاستەقینەم وەک سەرکردەیەک چییە؟ ئەرکی سەرەکیم چییە؟ ئەوەیە حکومەت بەڕێوە ببەم؟ ڕۆڵی ڕاستەقینەی حکومەت چییە؟ ئەوەیە تەنیا یاسا و سیاسەت دابڕێژێت و جێبەجێیان بکات؟ ڕۆڵی حکومەت تەنیا ئەوەیە دەستکەوت و مافەکان بپارێزێت؟ ئایا تەنیا ئەوەیە پێویستییەکانی ژیان لە ڕووی تەندروستیی و فێرکردن و نیشتەجێکردن و ڕێگەوبان و ژێرخانەوە بۆ کۆمەڵگە دابین بکات؟ ناکرێت ڕۆڵێکی گەورەتر و ئیلهامبەخشانەترمان هەبێت؟ بەڵێ، دەکرێت ڕۆڵی ئێمە قووڵتر و کاریگەرتر و ئیلهامبەخشانەتر بێت، کاتێک لەپێناو بەختەوەرکردنی مرۆڤەکان خەبات دەکەین) ل١٠

یەکێک لە خاڵە زۆر گرنگ و جەوهەرییەکانی ئەم کتێبە تەسلیم نەبوون و بەرەنگاربوونەوەی قەیران و ڕێگرییەکانە، نووسەر هەموو ئەم کارانەی بە نموونەی ڕووداوێک لە بونیادنانی ئیمارات هێناوەتەوە و هەمووان هان دەدات، کە بەرەنگاری بەربەستەکان ببنەوە و تەسلیم نەبن (بێگومان بەرەنگاری هەر دەبێت و هیچ کارێکی گەورەو بچووک لە ڕووبەڕووبوونەوە و ئاستەنگەکان بێبەش نابێت. مرۆڤ لەبەردەم بەرەنگارییەکان دوو بژاردەی هەیە، یان ئەوەتە دەوەستێت و دەکشێتەوە، یانیش داهێنان دەکات و تێیان دەپەڕێنێت، ئێمە لە دەوڵەتی ئیمارات هەرگیز لە سڵکردنەوە ڕانەهاتووین و لە ساڵی ١٩٧١ەوە نەوەستاین و نە دەشوەستین) ل٢٠

زیاتر لەوەش نووسەر ئاماژە بە گەشبینی دەکات و هەمووان هان دەدات، کە لەکاتی بوونی کێشە و بەربەست دەرفەتی سەرکەوتن بدۆزنەوە (ئەو دەمەی خەڵکی کێشەیان دەبینی،

**بە خوێندنەوەی بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبە تێدەگەین، کە نووسەر کتێبەکەی وەکو ڕێنمایی نووسیوە و هەریەک لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون کۆڵەگەی سەرەکی کتێبەکەن، نووسەر هەوڵیداوە هەموو ئاراستەکان و سەرکەوتنەکان ببەستێتەوە بەم دوو چەمکەوە**

من دەرفەتم دەبینی، ئەو دەمەی بەرەنگاریان دەبینی، من بوارێژی فراوانی داهێنان و



**ئەوەی لەئیمارات ڕوویداوە سودفە نییە، بەڵکو بەرهەمی بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئەرێنییە**

سەرکەوتنم دەبینی) ل٢١

بە خوێندنەوەی بەشە جیاوازەکانی ئەم کتێبە تێدەگەین، کە نووسەر کتێبەکەی وەکو ڕێنمایی نووسیوە و هەریەک لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون کۆڵەگەی سەرەکی کتێبەکەن، نووسەر هەوڵیداوە هەموو ئاراستەکان و سەرکەوتنەکان ببەستێتەوە بەم دوو چەمکەوە، بۆیە پێناسەیەکی وردی ئەرێنیبوون دەکات و دەڵێت (ئەرێنیبوون پەیوەستە بە ڕوانینی مرۆڤ لە شتەکان، بریتیە لەو چاویلکەیەی مرۆڤ دەمی ڕوانینە جیهان لە چاوی دەکات، کاتێک دەڕوانێتە بەرەنگارییەکان و ئایندە و کەسانی دەوروبەر و بەگشتی تەواوی ژیان) ل٢٣

لەهەمان دیدگاوە نووسەر پێیوایە بە ئەرێنی ڕوانین بەختەوەری و گەشبینی دروست دەکات و دواجار ئەنجامی دەبێت (ئەگەر بەر لە بیست ساڵ وەک بیابانێکی وشک و لم و تەپۆڵکەی بۆش و بەتاڵ لیمان ڕوانیبا، نەماندەتوانی ساڵانە زیاتر لە ١٤ ملیۆن گەشتیار بۆ وڵاتەکەمان ڕابکێشین)ل٢٤

هەربۆیە دەڵێت (هیچ بەختەوەرییەک بەبێ هەستی ئەرێنیبوون لەئارادا نییە و هەر لەم پێناوەشدا ئەم کتێبە لەدایک بووە)ل٢٦

نووسەری کتێبی (رامانگەلێک لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون) ئەوەندە بە متمانەوە هەموو سەرکەوتنەکانی ئیماراتی بەم دوو چومکەوە بەستووەتەوەو دڵنیایە لێی، بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت (کێ باوەڕ بەوە دەهێنێت دوو پیاوی بیابانشین ساڵی ١٩٦٨ لە چادرێکدا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیهانی و پێشکەوتوویان هەبووە؟ کێ خەیاڵی ئەوە دەکات دوو پیاو گەشبینی و متمانەکەیان ئەوەندە گەورە بووە، سەرکەوتوونە لەوەی کۆمەڵێک میرنشینی ئاشتەوا کە ڕژێمێکی هۆزەکی ڕەشی کردوون و نەداری و نەزانی سەری خواردوون، بکەنە دەوڵەتێکی دامەزراوە و دامودەزگاکان و دەسەڵات و هێز ڕێک بخەن)ل٢٧

نووسەر وێنای خەڵکی نەرێنی و ڕەشبین دەکات و پێت دەڵێت ئەگەر ڕەشبین بین چی دەبێت (وێنای ئەوە بکەن ئەگەر زاید و ڕاشد دوو سەرکردەی نەرێنی بان ئەمڕۆکە دەوڵەتی ئیمارات چۆن دەبوو؟ وێنای ئەوە بکە دانیشتبان کێشەوگرفت و ئاستەنگ و کەمتواناییەکانیان ژماردبا و بەهانەیان بۆ سەرکەوتنە کەمەکان بهێنابایەوە) ل٢٨

لە زۆرێک لە بەشەکانی کتێبەکەیدا محەمەد ڕاشد وەکو سەرکردەیەک دیدگای ئەرێنیانەی خۆی دەخاتەڕوو و دڵنیاشە، کە ئەرێنی بوون خاڵی سەرکەوتنە، بۆیە ڕای وایە کە (تایبەتمەندییەکی بناغەیی گرنگ هەیە بۆ هەموو سەرکردەیەکی سەرکەوتوو. ئەویش توانای کێشانی وێنەیەکی ئەرێنی و گەشبینانەیە بۆ ئایندە) ل٣٢

لەوەش گرنگتر نووسەر مەترسی ئەوە دەخاتەڕوو، کە نەبوونی متمانە لای سەرکردە زۆر مەترسیدارە (هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە سەرکردە، متمانەی بەڕوانینی خۆی لەق بێت و لە کارەکانی خۆی دوودڵ بێت و بەرامبەر ئایندەی خۆی ڕەشبین بێت) ل٣٤

خاسیەتێکی گرنگ، کە پێویستە لە سەرکردەدا هەبێت و سەرەڕای زانینیشی بەکاری بێنێت و سوودی لێ ببینێت، لەوبارەیەوە نووسەر دەیان نموونە دەهێنێتەوە، کە چۆن توانای شاراوەیان دۆزیوەتەوە و دەرفەتیشیان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی توانای تازە بدۆزنەوە، نووسەر دەڵێت: (ڕاستییەک هەیە هەموو سەرکردەیەک دەبێت باش

بیزانێت، ئەویش ئەوەیە هیچ کەسێک نییە گرنگ نەبێت و هیچ بیرۆکە و ئەرکێک نییە بایەخی نەبێت، هەموو مرۆڤێک وزەیەکی بێهاوتا و مەزن و جیاوازی هەیە. گشت مرۆڤێک نرخی هەیە، داهێنانی خۆی هەیە، کارامەیی خۆی هەیە، هەموو مرۆڤێک ڕۆڵێکی لەم ژیانەدا هەیە، ئەمە ئەو ڕوانینە ئەرێنییەیە، کە دەبێت پێی بڕوانێتە دەورمان و بیرۆکە و کەس و ئەرکەکانی چوار دەورو پستمان) ل٣٧

هەر بۆ گەیاندنی باشتری مەبەستەکەی، نووسەر ئاماژە بۆ یەکێک لە خاڵەکانی سەرکەوتنی ئیمارات دەکات، کە خۆی لە هەڵبژاردنی ستافی کاری بەهێز دەبینێتەوە، ئەو پێیوایە ستافی کاری بەهێز و بەتوانا دەتوانن داهێنان بکەن و بەرچاوڕوونی زیاتر بدەن بە سەرکردە و خاوەن کار، تا پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێ، لەپاڵ ئەمەشدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە خەڵکانێک هەن ستافی کاری لاوازیان دەوێت، تا زاڵ بن بەسەریان (هەندێک دەستەیەکی لاری لاواز هەڵدەبژێرن، تا خۆیان ئاسوودە بکەن و بۆ خۆی و ئەوانی دی بسەلمێنن خۆیان باشترینن، هەندێکی دی بەردەوام لە هەڵەکانی دەستەی کارەکەیان دەگەڕێن و گەورەیان دەکەن، تا بۆیان بسەلمێنن، ئەوان بەردەوام دروستن و دانایی هەر بۆ ئەوان جوانە)ل٤٣

پێچەوانەی ئەمەشمان پێ دەڵێت، کە سەرکردەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە مرۆڤ و سەرکردە دروست دەکات (ئەگەر دەتەوێت وەک سەرکردەی دامەزراوەیەک گەشە بکەیت سەرکردەی تر دەربچوێنە، باش بزانە گەورەترین دەستکەوتی هەر سەرکردەیەک سەرکەوتنەکانی نین، بەڵکو دروستکردنی مرۆڤە)ل٨٦

هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لە حکوومەتی ئیمارات وەزیری تایبەت بە بەختەوەری و ئەرێنی بوونی هەبێت. ئەمە جگە لەوەی وەزیرێکی تەمەن ٢٢ ساڵیش دانراوە بۆ لاوان، کە کاری ئەم وەزیرانەش خۆی لە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بڕیاری تایبەتی حکوومەت بەم بوارە و پەرەپێدانی لەنێو تاکەکان دەبینێتەوە.

نووسەر بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەی تەرخان کردووە بۆ وڵاتانی دی عەرەبیی و بەدوای ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت، کە ئاخۆ بۆچی ئەو وڵاتانە پێشناکەون، یان بۆچی هەر لایەنی نەرێنی دەبینن و چاوەڕوانی فریادرەس دەکەن، ئال مەکتووم پێیوایە دەبێت بە ئەرێنیبوونەوە لە گەنجان و تواناکانی عەرەب بڕوانرێت و سوودی لێ وەربگرین، ئەو سێ خاڵ وەکو بنەما دەبینێت:

١- بە ئەرێنی بڕوانینە تواناکانمان و متمانەمان بەخۆمان هەبێت

٢- بە ئەرێنی بڕوانینە ئاینده

٣- بوەستین لە چاوەڕوانی کردن و هەنگاو بنێین، چونکە چاوەڕوانیکردن وزە بەفیڕۆدان و کات فەوتاندن و لەدەستدانی سەرکەوتنەکانە.

هەر لەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەنێو عەرەبدا دەیان زانا و بیرمەند هەبوونە و بوونەتە بناغە بۆ پێشکەوتنەکانی خۆراوا، ئەی بۆ ئێستە ئەوە نەماوە و لەپاشمان داوە، نووسەر هەندێک خاڵی ئەرێنی لە ئێستەی عەرەب دەخاتەڕوو، پێیوایە دەکرێت بکرێنە بنەمای ئەرێنی بوون و بەختەوەریی و داهێنان بکەن.

**یەکێک لە خاڵە زۆر گرنگ و جەوهەرییەکانی ئەم کتێبە تەسلیم نەبوون و بەرەنگاربوونەوەی قەیران و ڕێگرییەکانە. نووسەر هەموو ئەم کارانەی بە نموونەی ڕووداوێک لە بونیادنانی ئیمارات هێناوەتەوە و هەمووان هان دەدات، کە بەرەنگاری بەربەستەکان ببنەوە و تەسلیم نەبن**

> **نووسەر مەترسی ئەوە دەخاتەڕوو، کە نەبوونی متمانە لای سەرکردە زۆر مەترسیدارە**

بەشێک لە خاڵەکانی نێو ئەو کتێبە دەکرێت وەکو ئامۆژگاری کەسیی وەربگیرێن و تاک سوودیان لێ وەربگرێت، لەبەرئەوەی لەم کتێبەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە تاکی ئەرێنی دەتوانێت داهێنان بکات (ئەگەر بڕوات بە کردەوەکەت هەیە بیکە و چاوەڕێ مەکە هەموو کاتێک خەڵکی لاسایت بکەنەوە) لە شوێنێکی دی دەڵێت: (خەڵکی هێندەی دەڕواننە کار و کردەوە و ڕەفتارەکانت، هێندە ناڕواننە وشەکانت) ل٥٦

نووسەر لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی نێو کتێبەکەیدا ئاشنامان دەکات بە چەندین کەسی سەرکەوتوو، کە بوونەتە ڕەمزی سەرکەوتن، مایەی ئەوەن خەڵک چاویان لێ بکات، لە نموونەی کچێکی نابینای پارێزەر، کە تا ئێستە هیچ دۆسیەیەکی نەدۆڕاندووە و هەمیشە سەرکەوتووە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات دەکرا ئەم کچە لەبری ئەو ئەرێنی بوون و سەرکەوتنەی نەرێنی بووایە و گلەیی لە حاڵی خۆی بکردایە.

ئەمە جگە لەگێڕانەوەی چیرۆکی پۆلیسێکی هاتووچۆ، کە بووەتە مایەی ئەوەی بزنسمانێکی گەورە بڕیار بدات هەموو کارە بازرگانییەکانی بگوازێتەوە بۆ دوبەی، لەبەرئەوەی هەستی کردووە لەنێو کۆمەڵگەیەکی سەرکەتووە و ئومێدی گەورەی لێ دەکرێت.

لەو کتێبەدا نووسەر تەنیا سەرکەوتن و داهێنانەکانی نەخستووەتەڕوو، بەڵکو باسی لە چەند چیرۆکێک کردووە کە پسپۆڕان و ستافەکە ڕێگربوونە و گوتوویانە ئەمە ناکرێت، بەڵام ئەو تەسلیم نەبووە و لەدواجاریشدا بە ئامانجەکەی گەیشتووە.

نووسەر بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە دەیەوێت پێمان بڵێت نابێت سەرکردە باوەڕ بە هەموو قسەیەک بکات و تەسلیم بێت، بەڵکو دەبێت هەمیشە فراوانتر بڕوانێت و دیدگای ڕوونتری هەبێت بۆ خەیاڵ و پرۆژەکانی.

دواخاڵی نێو ئەم کتێبە کە بەلای بەندەوە گرنگە مەسەلەی بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانە، بەشێوەیەک، کە ئەو سەرکردەیە، لەڕێگەی بینینی ڕووبەڕوو و ئیمێڵ و دەستەی ڕەخنە و پێشنیاز بەردەوام لەپەیوەندی دایە لەگەڵ خەڵک و هەمیشەش شتی تازە دەدۆزێتەوە.

نووسەر لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئاخۆ ئیمارات بە سودفە بووە بەو وڵاتە و خوا ئاوڕی لێداوەتەوە، یان بە هەوڵ و تێکۆشان بووە؟ لەم بارەیەوە نووسەر بە بەڵگە و ئارگومێنت وەڵامی ئەو دەنگۆیانە دەداتەوە و دووپاتی دەکاتەوە، کە نەخێر ئەوەی لەئیمارات ڕوویداوە سودفە نییە، بەڵکو بەرهەمی بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئەرێنییە، کە ئامانج لێی بەختەوەرکردنی تاکی ئیماراتی و کردنە واقیعی خەونەکانی خۆیانە.

لەکۆتاییدا دەڵێم گرنگە هەموو کەسێک ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی نیازی سەرکردایەتی کردنیان هەیە و ئامانجیانە ڕۆڵیان هەبێت لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە، لەپاڵ ئەمەشدا دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم کتێبە دەکەم، کە وەرگێڕانێکی جوانی بۆ کتێبەکە کردووە، جگە لە چەند هەڵەیەک شتێکی وای تێدا نییە شیاوی ڕەخنەلێگرتن بێت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە لە چەند شوێنێک وەرگێڕ جیاوازی نەکردووە لەنێوان پلان و پیلان، کە ئەم دوو وشەیە زۆر جیاوازن لە مانادا.

*** کتێبی (ڕامانگەلێک لە بەختەوەری و ئەرێنیبوون) لە لایەن محەمەد ڕاشد ئال مەکتوم نووسراوە و دەزگای فام چاپی کردووە و ماهر حەسەن لەزمانی عەرەبییەوە کردوویەتییە کوردیی.**

# هاوڕێی پێنووس کتێبێکی گرنگ بۆ منداڵان

قەمار شێخانی

هاوڕێی پێنووس کتێبێکی شیعری منداڵانە لەلایەن شاعیر ڕۆستەم خامۆش نووسراوە و ماڵی کتێب بە سپۆنسەری سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەوڕوپی بەقەبارەی ١٢٢ لاپەڕە ساڵی ٢٠٢٢ چاپ کراوە

ئەگەر باس لە ئەدەبی منداڵان بکەین ئەدەبێکی قووڵ و فراوانە لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەموو شاعیرێک ناتوانێت لە ئەدەبی منداڵاندا ئەسپی خۆی تاوبدا، زۆرنین ئەو شاعیرانەی شیعری منداڵان دەنووسن (ڕۆستەم خامۆش) ناوێکی دیاری بوارەکەیە ساڵانێکە شیعری منداڵان دەنووسێ و جێدەستی دیارە، بەرهەمە شیعرییەکانی نێو ئەم کتێبە هەمەچەشنن شیعری لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی منداڵان تێدای .


دایک هەمیشە وەک کائینێکی گەورە لەنێو کۆمەڵگەدا هەردەم ڕێز لێگیراوە لەلایەن ڕۆڵەکانی، هەموومان دایکمان لەلا ئازیزترین و خۆشەویسترین کەسە، هەر دایکیشە شەونخونی دەکات بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانی، بۆیە دایک لەنێو ژانری شیعردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکرووە و دەیان شیعری بۆ نووسراوە لەنێو ئەدەبی منداڵانیشدا دایک پێگەی تایبەتی خۆی هەیە .

***ئازیزەکەی من ئەرێ هۆ دایە***
***لەگوێم هەر ماوە سۆزی لای لایە***
***لەبیرم ناچێ باوەشی گەرمت***
***گۆرانی ڕۆڵە و ئاوازی دەمت***
***بە هەڵبەستی جوان تۆ دەتخەواندم***
***کاتێ دەگریام زوو ڕاتدەژاندم***
***لەتاریکی شەو چەشنی چرا بووی***
***بەگیان و بەدڵ بۆمن پەنا بووی***

***لەبیرت ناکەم دایکی شیرینم***
***ساتێ نەتبینم لێم تاڵە ژینم***
***هەتا بمێنم من لەم دنیایە***
***خۆشەویستی تۆم هەر لەدڵدایە***

کتێبخانە وەک پێویستییەکی گرنگ هەق وایە لەهەموو ماڵێک و دەزگا و قوتابخانەیەکدا هەبێت، بۆ ئەوەی منداڵان ڕابێنین و ئاشنایان بکەین بەکتێب و کتێبخانە، چونکە سەرچاوەی هەموو زانست و زانیاریەک کتێبە، بۆیە گرنگە هەوڵ بدەین خوێندنەوە ببێتە کلتوور لەلای منداڵ .

***کتێبخانەمان چەند جوانە لەماڵ***
***ئای کەسود بەخشە بۆ ئێمەی مناڵ***
***دەخوێنینەوە کتێب و گۆڤار***
***هەتا ببینە هۆشمەند و هۆشیار***
***کتێب ڕووناکی هۆش و ژیرییە***
***بەڵێ سەرچاوەی ڕۆشنبیرییە***
***بۆیە وا ئێمەش، ئێمەی خوێندەوار***



### بووین بە ئاشنای کتێب و گۆڤار

خوێندن و خوێندەواری ئەرکێکی پیرۆزە، بۆیە گرنگە منداڵ لەبچووکییەوە بخرێتە بەر خوێندن، بۆ ئەوەی تاکێکی خوێندەوار و بەسوودی لێدەربچێت و لەدوا ڕۆژدا خزمەت بەگەل و نیشتمان بکات، بۆیە پێویستە لەسەر دایک و باوکان منداڵەکانیان بخەنە بەرخوێندن و چاودێر و هاوکاریان بن بۆ تەواوکردنی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەسەرکەوتوویی، چونکە تاکی خوێندەوار لەنێو کۆمەڵگەدا هەمیشە تاکێکی هۆشیار و ڕۆشنبیرە و سوودی دەبێت بۆ کۆمەڵگە.

***منداڵانی گوند و شار***
***دەزانم ئێوەن هۆشیار***
***وەرن، وەرن بخوێنن***
***زانیاری بەدەست بێنن***
***تا پێ بگەن بۆ ژیان***
***سەربەرزبن لەجیهان***
***هۆش و بیرتان ڕۆشن کەن***
***هەردەم ڕوو لەخوێندن کەن***
***ئەوەی شەیدای خوێندنە***
***بێشک هزر ڕۆشنە***

ئەحمەدی خانی وەک کەسایەتیەکی دیار لەنێو ئەدەبی کوردی و خاوەنی داستانی ئەویندارى مەم و زین و خاوەنی یەکەم پەرتووکی منداڵان لەژێر ناوی (نەوبەهارا بچوکان)وە هەروەها وەک یەکەم شاعیری کورد، کە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، بۆیە بەڕابەری ئەدەبی منداڵان نێو دەبرێ، شاعیریش لەم کتێبەدا وەک وەفایەک شیعرێکی بۆ ئەحمەدی خانی دەنووسێ و دەڵێت:

***ئەحمەدی خانی شاعیر***
***ئەو کەسەکا ڕۆشنبیر***
***هۆزانڤان و زانا بوو***
***زیرەک و بەتوانا بوو***
***وەک یەکەم شاعیری کورد***
***بەپێنووس و هزری وورد***
***شیعری نووسی بۆ زارۆک***
***زارۆکی جوان و خشکۆک***
***نەوبەهارا بچووکان***
***دناڤ هەمی پەرتووکان***

### بوو بە یەکەمین پەرتوک بۆ منداڵانی ڕوحسوک

پێویستە وابکەین منداڵ هەمیشە متمانەی بەخۆی هەبێت و لەهەموو کارێک پشت بەخۆی ببەستێ، بۆ ئەوەی هەردەم هەوڵ بدا بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو بنێت و دوارۆژێکی گەشی هەبێت، بۆیە پێویستە منداڵەکانمان فێر بکەین متمانەی تەواویان بەخۆ هەبێت هیچ کاتێک نەڵێت ناتوانم ئەو کارە بکەم، یان لەو کارە سەرناکەوم.

***من نابێژم ناتوانم***
***هەرگیز ناڵێم ناتوانم***
***من هۆشمەند و هۆشیارم***
***زیرەکم، من خوێندەوارم***
***متمانەم هەیە بەخۆم***
***لەنوسین و گفتوگۆم***
***بۆیە هەمیشە دەڵیم***
***بۆ لوتکە هەنگاو دەنێم***

ئەدەبی منداڵان هەردەم ئەدەبێکی هۆشیارکەرەوە بووە لەهەموو بوارێکدا، دەتوانم بڵێم بواری هاتووچۆ لە لایەن شاعیرانەوە شیعری زۆری بۆ نووسراوە، هۆڕنلێدانی بەبێ هۆ یەکێکە لەو دیاردە ناشیرینانەی کاتی شوفێریکردن، بۆیە شاعیر لەم شیعرەدا جارێکی دی بەزمانی منداڵ شوفێران ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ: کاکی شوفێر نەنگیە بەبێ هۆ هۆڕن لێبدەی تەنیا لەکاتی زۆر پێویست نەبێت، چونکە هۆڕن لێدان بەبێ هۆ کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە .

***هۆڕن لێ بدەی بەبێ هۆ***
***زۆر نەنگە شوفێر بۆ تۆ***
***دەبێ باش باش تێبگەی***
***بێ هۆ کاری وا نەکەی***
***هۆڕن لێدان وەختی خۆی***
***خۆی کاتێ لەڕێگە دەڕۆی***
***کە پێویست بوو قەیناکە***
***بۆ ئاگاداری چاکە***
***بەڵام بێ هۆ نەشیاوە***
***قەت ڕێگەی پێنەدراوە***
***چونکە تۆ باش دەزانی***
***کەی پێویستە لێدانی***


# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان - بەشی (١٥)**

د. ئەرسەلان بایز

- **هەرای فەلاحان لە هەولێر .. حاجی سمایل ڕابەری ڕاپەڕینی جووتیاران**

عوسمان هۆرمزیار






د. ئەرسەلان بایز

(١٥)

گوندی (سەرشیو) نیو سەعاتێک دوور، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی (باوزێ) کە هەردووکیان لە بناری باشووری شاخی (بلفەت)ن و سنووری هەردوو کوردستانی عێراق و ئێران لەیەکد جیا دەکەنەوە. گوندی (بێتوش)ی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی سەرشیو. ئەو گوندەش وەکو هەموو گوندەکانی دیکەی ئەو بنارە خاوەنی باخ و باخات و کانیاوی سازگاری خۆی بوو. ئەندازیارەکان (ڕەنجە و ڕێبوار) ئازایانە بە هاوکاری کادیر و پێشمەرگەکانی دەستەی پاراستنی ڕادیۆ. دارچنارە (ئەنتێین)ەکەی ڕادیۆکەیان لەسەر تەپۆلکەی (قزل بەگ)ی دامەزراند. خەڵکی گوندەکە دەیانگوت. ئەو تەپۆڵکەیە جێی شوێنەوارێکی کۆنی ژیانە، کە خانم قزل بەگی حوکمڕانی کردووە. لە ڕاستیدا کۆمەڵێ گۆزەو پاشماوەی کۆنی لێدەبینرا.
هەر وەکو گوندی (باوزێ) چەندین چادر هەڵدران، چەندین کەپریش بە چنار و سوورە چنار و داری بەڕوو دروستکران، کە بە چڕۆ و گەڵای دار بەڕووەکان سەریان گیرا. دوای هەفتەیەک لە جێگیربوونیان لەوێ بەشێک لە سکرتاریەتی (مام جەلال)یش (مام ئەحمەدی داد)ی، کە پێشمەرگەیەکی شەستەکان و زۆر دۆست و خۆشەویستی (مام جەلال) بوو لەگەڵ (حاجی عوسمان کانی کوردە، مام ساڵح)ی گوندی (مالومە)ی دۆڵی جافایەتی، کە هەرسێکیان کەسانی بە تەمەن بوون، بەبەشێک لە کەل و پەلەکانی سکرتاریەت، لەوانە چەندین فەردە کتێب لە کتێبخانەکەی مام جەلال لە گوندی سەرشیو لای دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) جێگیربوون. هۆکاری گواستنەوەش بۆ گوندی سەرشیو، دوورکەوتنەوەی زیاتری دەزگای ڕاگەیاندن بوو لە هێرشی سوپای دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق.
هەفتەیەک دواتر لە ڕێی بروسکەیەکەوە مام جەلال داوای (ئەو)ی کرد (ئەو)یش سەر لە بەیانیەک زوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بەرەو بارەگاکانی مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنگ بەڕێکەوت، بەرەبەری خۆراوا گەیشتن. هەر بۆ ئاگاداری لە ڕێگەی سکرتاریەتەوە هەواڵیان بە (مام جەلال) گەیاند، کە گەیشتوون. بەڵام چونکە لە دوورەوە هاتبوون، پێویستیان بە پشوودان بوو. سەعات دەی بەیانی ڕۆژی پاشتر (ئەو) چووە سەردانی (مام جەلال) دوای قسەوباس و وەزعی ڕادیۆکە (مام) گوتی: بەهۆی تۆپبارانی ڕۆژانەی ئێرانەوە بۆ سەر بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ و زەڵێ، دوور نییە ئێمەش بارەگاکانمان بۆ ناوچەی خۆشناوەتی پارێزگای هەولێر بگوازینەوە، بۆیە ئێوە لەوێ ئاگاداری خۆتان بن و مشووری ئەوە بخۆن چەند مانگێک لە یەکدی دادەبڕێین (هێرۆخان)یش حەزی لێیە چەند ڕۆژێک بێتە لای ئێوە.
دوو ڕۆژ دواتر، سەعات ٧ی بەیانی لەگەڵ (هێرۆخان) و چەند پێشمەرگەیەکی سکرتاریەت بەرەو گوندی (سەرشیو) بەڕێکەوتن، کاتێک گەیشتنە ڕەبیەکانی پاسدارانی باشووری ناحیەی سەردەشت، هەر یەکێک لە پێشمەرگەکان سی مەترێک لە دووری یەکدی ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی لە مەترسی دەستڕێژی گوللەی پاسدارەکان پارێزراوبن. بەرە بەری خۆراوای ناوەڕاستی مانگی نیسان گەیشتنە سەر قوتەکانی شاخی (بلفت) تیشکی هەتاوی ماڵاوایی ئەو ڕۆژە، بە جۆرێ بریسکەی زیوینی خۆی لەسەر کلۆ بەفرەکان نیشان دەدا، هەردەتگوت کچێکی شۆخ و شەنگی میراودەلییەکانە، جۆگەلەی ئاوی تواوەی بەفرەکانی بەرتیشکی هەتاو بە نەرمەنازێکی هێمنانە بەشەوقەوە لەقەدپاڵی شاخەکانەوە بەرەو ژوان و دەستلەملانێی دۆڵ و گوێ چەمەکان شۆڕ دەبوونەوە، گوێ چەمەکانیش بە هاژە و هات و

هاوارەوە بەسەر بەردەڵانەکان، باز بازێنیان بوو بەرەو ڕووبارە گەورەکان.
گوڵە مێلاقەو بەیبون و چنووریش تازە لە ژێر کڵۆ بەفرەکانەوە سەرەتاتکێی چاو هەڵهێنان بوو، بەرەو بەهارێکی سەوز و ئاودار، ئا لەو دیمەنە دڵڕفێنەدا هەموویان مەستی سەیرکردنی ئەو سروشتە خواییە دڵڕفێنە بوون (هێرۆخان) لەوان زیاتر سەرسامی ئەو ساتەوەختەی سروشتی شاخی بلفەت بوو، چووبووە دونیای خەیاڵێکی قووڵەوە، بۆیە لەسەر یەکێ لە تاشە بەردەکان دانیشتن و سەیری جوانی بەفر و لوتکەی بە بەفر داپۆشراوی شاخەکان و گوێبیستی خورەی ئا وو دەنگی قاسپەی کەو و بولبولان بوون، واتدەخوێندەوە، کە هەرگیز (هێرۆخان) دەست لەو دیمەنانە هەڵناگرێت و ئامادەی ڕۆیشتن نییە (هێرۆخان) هەموو هزرو خەیاڵی لەگەڵ ئەو سروشتە جوان و ڕەنگینە تێکەڵاوی یەک بوون.
تاکو (ئەو) ئاگاداری کردەوە لەوەی، کە کات درەنگە و هێشتا زیاتر لە ٤٠-٥٠ خولەکیان ماوە بۆ گەیشتن، بۆیە واچاکە پێش کەوتنی تاریکی ڕێگەوبان بکەونەوە ڕۆیشتن. لە ڕاستیدا هێرۆخان هەندێک سەرگران بوو لەو پێشنیازە، بەڵام دواتر قەناعەتیان پێکرد و کەوتنەوە ڕێ.
دوای بانگی خۆراوا گەیشتنە مەنزڵ. کاک یوسف زۆزانی و هاوڕێکانی لە پێشوازییان دابوون، بەتایبەتی، کە کاک یوسف و هێرۆخان هاوڕێ و دۆستی چەندین ساڵەی یەکدی بوون. دوای گەیشتن و پشوویەکی باش ئیدی چادرێکی تایبەتیان بۆ هێرۆخان سازکرد، شەویش پاسەوانیەکی توندتر لە جاران لە نۆبەت دابوون. بۆ ڕۆژی دواتر (شارا) خانیش لە گەشتی سلێمانی گەڕایەوە.
هەر ئەو ڕۆژە کاک بەکر پیرۆت، کە یەکێ لە فەرماندەی هێزەکانی سکرتاریەت بوو، لەسەر کانی و ئاوێکی خۆش (گیسک)ێکی سەر بڕی و هەموویان لەنێو مێرگ و گوڵاڵە سوورەی نیسان، سوورە چنارەکان لەسەر تەشکە بەڕێک لەسەر زەوی دانیشتن. ئیدی تکەی گۆشتی گیسک و ئاوی سازگاری کانیاوەکە لەگەڵ کۆڕی قسەی خۆشی کاک بەکر پیرۆت، زەمینەیەکی خۆش و شادی بۆ دروستکردن. ئەو ڕۆژە تاکو عەسرانێکی درەنگ لەوێ مانەوە دواتر گەڕانەوە بارەگاکانی خۆیان. بەمجۆرە هێرۆخان ماوەی یەک هەفتە لایان مایەوە و دواتر لەسەر بروسکەی مام جەلال ڕۆیشت و ئەوێی جێهێشت.

+ + +

سێ هەفتەیەک دوای جێگیربوونیان لە گوندی سەرشیو، سەعات ١٠ی پێش نیوەڕۆیەک پێشمەرگەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هات بۆ لایان. پەیامێکی

### کاک نەوشیروان لە ڕێگەی (بێتەل پێوەندی بە (ئەو) کرد و ڕایسپارد: کە گەنجێکی نووسەر بەناوی (حەمە سەعید حەسەن) دێتە لایان، نامیلکەیەکی هەیە، بەڵکو بۆی چاپ بکەن

دکتۆر قاسملۆی سکرتێری حزبی بۆ (ئەو) هێنابوو. داوای لێکردبوو بۆ هەماهەنگی هەردوولا (ئەو) سەردانێکی د.قاسملۆ بکات لە بارەگای (م.س) دەوروبەری گوندی (گەرمک) کە دوای هێرشەکانی پاسدارانی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حزب و گروپە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات. دوای شەڕێکی قارەمانانەی چەند مانگیی و بەهۆی لاسەنگی هێز. حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شار و شارۆچکەکانیان جیهێشتبوو، وەکو (ی.ن.ک) لە شاخ و گوندە سەختەکان جێگیربووبوون.
گوندی (گەرمک) لەسەر سنوری کوردستانی باشوور بوو، نزیک ڕووباری زێی بچووک لە خوار گوندی (بێتووش) (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: بەیانی سەعات ١٠ بۆ ١٠,٥ی پێش نیوەڕۆ دێمە خزمەتی (ئەو) پێشتر چەند جارێک (د.قاسملۆ)ی دیبوو، پیاوێکی زیرەک، وریا، دووربین، هەتا بڵێی ڕووناکبیر بۆ (ئەو) دەرفەتێکی باش بوو لە نزیکەوە بە دیدەنی (د.قاسملۆ) بگاتەوە.





ڕۆژی پاشتر لەگەڵ دوو پێشمەرگە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکرات بەڕێکەوت، لەکاتی گەیشتن، سەرەتا ڕووی لە پرسگەی مەکتەبی سیاسی کرد و خۆی پێناساندن، ئینجا ڕاسپاردەکەی د.قاسملۆی پێگوتن، بەڵام دیاربوو پرسگەکە لەو ڕاسپاردەیە بێئاگابوو. بۆیە زۆر بایەخیان بە کارەکە نەدا و گوتیان: ئێستا دکتۆر قاسملۆ سەرقاڵە و لە کۆبوونەوەدایە، بەڵکو سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ بێیتەوە، ئەوکاتە بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی ئاوەدانی بوو (وەک بارەگای ڕاگەیاندنی ی.ن.ک) کە لەسەرشیو بوو (ئەو)یش حەپەسا و گوتی: کاکە ئێرە چۆڵەوانیە، هیچ ئاوەدانییەکی لێنیە. تا سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە کوێ چاوەڕوان بکات؟ ئەوان زۆر بایەخیان بە قسەکانی (ئەو) نەدا (ئەو)یش ڕاستەوڕاست گوتی: ئەگەر دەکرێ دواتر بە دکتۆر بڵێن لەسەر ڕاسپاردەکەی جەنابت فلان کەس هاتبوو گەڕایەوە.
یەکسەر ئەوێی جێهشتوو گەڕایەوە بارەگاکەی خۆیان لەسەرشیو، لەکاتی گەڕانەوەدا کاک یوسف زۆزانی و شاراخان حەپەسان و گوتیان: ئەوەچۆن وازوو گەڕایتەوە؟ کاک دکتۆر قاسملۆت دیت؟ (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: نەخێر، ئیدی هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە.
پاش ساڵێک زیاتر، دوای ئەوەی بەهۆی شەڕی ئێران- عێراق. هەردوو حزب (ی.ن.ک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بارەگاکانیان بۆ ناوچەی دۆڵی جافایەتی گواستەوە.
لە میوانداریییەک لە بارەگای (یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان) کە باڵێکی (ی.ن.ک) بوو، بارەگاکەیان لە نزیک گوندی مالومە، کاتێک لەلایەن (مامە جەمال-جەمال حەکیم ئاغا) کە ئەوسا ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بوو میوانداری مام جەلال و دکتۆر قاسملۆی کردبوو، (ئەو)یش یەکێک بوو لە میوانەکان، کاتێک د.قاسملۆ چاوی بە (ئەو)کەوت ڕووی لە مام جەلال کرد و گلەیی کرد گوتی: کاتێک لەسەر سنوورەکان بووین هەواڵم بۆ (ئەرسەلان) نارد سەردانێکم بکات، نەهات، مام جەلال- یش بە حەپەساوییەوە ڕووی لە (ئەو) کرد و گوتی: چۆن وادەبێ؟
(ئەو)یش لە وەڵامدا چیرۆکەکەی بۆ گێڕانەوە، ئینجا دکتۆر قاسملۆ گوتی: وایان پێنەگوتووم.

+ + +

یەکێ لە ڕۆژەکان (شارا)خان گوتی: گوندی بێتووش چەند سەعات لێرە دوورە؟ (ئەو)یش دوای پرسین لەم و ئەو گوتی: تەنیا دوو سەعاتێک. شارا گوتی: حەز دەکەم ڕۆژێک سەردانی مەزاری (شێخ محەمەد)ی باپیرەم بکەم. وەک دەڵێن پێشتر، کە (شێخ محەمەد) لە کاتی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن هێزەکانی ئینگلیز لەگەڵ سەرجەم کەسوکارەکانی (شێخ مەحموودی حەفید) سلێمانیان جێهێشتووە و هەریەکەیان بەلایەکدا ڕۆیشتوون، دیارە (شێخ محەمەد) لە گوندی بێتووشی کوردستانی ئێران جێگیربووە. ئیدی نەگەڕاوەتەوە سلێمانی و هەر لە گوندی بێتووش کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێش نێژراوە. دواتر گۆڕەکەی بووە بە مەزارگە.
سەر لە بەیانییەک (ئەو) لەگەڵ (شاراخان) و (یوسف زۆزانی) و پێشمەرگەیەک بەرەو گوندی بێتوش بەڕێکەوتن. چەند سەد مەترێک پێش گەیشتن بە گوندەکە چەندین پیاوی ماقووڵ و ڕیش سپی گوندەکە پێشوازییان لێکردن، کاتێک گەیشتنە مەزارگەکەش دەیان کەس لە ژن و پیاو لە پێشوازییاندا بوون، لە ڕاستیدا (ئەو)و شاراخان و کاک یوسف حەپەسابوون نەیاندەزانی ئەو خەڵکە بۆچی هاتوون، کێ ئەو پێشوازییەی ڕێکخستووە؟ بۆیە هەر سەیری یەکدییان دەکرد. چونکە پێشتر سەردانی ئەو گوندەیان نەکردبوو، کەسیشیان نەدەناسی، ئەی باشە کێ هەواڵی ئەو سەردانەی بە خەڵکی گوندەکە گەیاندووە؟
خەڵکەکە بەڕێزەوە وەستابوون و نانی نیوەڕۆشیان بۆ ئامادەکردبوون، دوای گەڕانەوە بە چەند ڕۆژێک زانیان کە (مام ئەحمەدی دادی) ئاگاداری دانیشتوانی گوندەکەی کردبۆوە، کە یەکێ لە نەوەکانی (شێخ محەمەد)ی کوڕی

**کاک (نەوشیروان) گوتی: تۆ کارەکانی خۆت بە باشی نازانی ئەبوو بیخوێنیتەوە**

شێخ سەعید سەردانی مەزارەکە دەکات.

+ + +

بەداخەوە بەهاری ئەو ساڵە بۆ حزبە کوردستانییەکان سەخت و خوێناوی بوو، شەڕی نێوخۆی کورد بە کورد بە کوشتدان گەیشتە چلەپۆپە، دەیان پێشمەرگەی ئازا و قارەمان لە شەڕی نێوان حزبە کوردستانییەکان شەهید بوون. شەڕێک، کە زەرەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و شۆڕش و بە قازانجی داگیرکەران بوو.

سەیر لەوەدایە حزبە کوردستانییەکان هەرماوە و بەپێی بەرژەوەندی حزبیی، نەک کوردستان، دەبنە هاوکاری داگیرکەران و شەڕی یەکدی دەکەن، شەڕێکی برا کوژی، کە سەدان ساڵە بەردەوامە و دەرسی لێوەرناگیرێت.

ناکۆکی نێوان ڕیزەکانی گەلی کورد لەگەڵ مێژوودایە، عەشیرەت و ئەمارەت و حزب و گرووپەکان بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی تاکی خۆیان، سڵیان لە هیچ ڕێکەوتنێک لەگەڵ دوژمن و داگیرکەران نەکردووەتەوە، با ئەو ڕێکەوتنانەش لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گەلی کورد بووبن. واقیعی ئەمڕۆی حزبەکانی کوردستان بە ڕەچاوکردنی کات و سەردەمی خۆی نموونەیەکی کۆپیکراوی ئەمارەتەکانی بابان، سۆران، ئەردەلان، بادینانە، کە ئامادەین سازش لەگەڵ هەموو بێگانەیەک بکەین، تەنیا هاوزمانی خۆمان نەبێت.

د.ئیسماعیل مەحموودی بەڕەچەڵەک (سنە)یی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دیراسەیەکیدا لە گۆڤاری (نما) لەسەر زمانی مێژوونوسی ناسراوی کورد (ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی:

(وانە وەرنەگرتن لە مێژوو، شەڕی ناوخۆیی و نەبوونی یەکریزی، نەبوونی ڕێبەرانی شارەزا لە سیاسەتی دنیا، پشتبەستن بە بەڵێنی زلهێزەکان، ئەو جۆرە سیاسەتە لە حەواڵە بە گەواڵە زیاتر شتێکی تر نییە ،کەلیمەی عەدل و ئینساف بێ مەعنایە و قەڵغانێکە بۆ تەفرەدانی بەشەرییەت، هاواری زەعیف و مەزلووم، حەق و حقوقی بێ کەسەکان تەئسیر ناکاتە ویجدانی سیاسەت)

بەمجۆرە دەبینین ناکۆکی ڕیزەکانی گەلی کورد هۆکارێکی سەرەکییە بۆ نەگەیشتنە ئامانجی وەدیهێنانی شۆڕشەکان، جا وەنەبێت ئەو ناکۆکیانە هەر لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا مابێتەوە، بەڵکو دزەی کردووە بۆ نێو ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانی کوردیش.

لە بەهاری ساڵی (١٩٨٣) کاتێک بارەگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە گوندی سەرشیوی پشتی قەڵادێ بوو، کاک نەوشیروان لە ڕێگەی (بێتەل پێوەندی بە (ئەو) کرد و

**پاش ئەو قسە ڕەقانەی کاک (نەوشیروان) نامیلکەیەکی دی کاک (شێرکۆ بێکەس و کاک ڕەئووف بێگەرد) بە نووسینی پێشەکی کاک (نەوشیروان) هات، کە وەڵامی نامیلکەکەی کاک (حەمە سەعید حەسەن) بوو**

ڕایسپارد: کە گەنجێکی نووسەر بەناوی (حەمە سەعید حەسەن) دێتە لایان، نامیلکەیەکی هەیە، بەڵکو بۆی چاپ بکەن.

ئەو جیا لە خوێندنەوەی هەندێک لە بەرهەمەکانی کاک (حەمە سەعید) لە نزیکەوە هیچ ناسیاوییەکیان نەبوو. دیارە لەو ساڵانەی شۆڕش و پێشمەرگایەتیش قسەی کاک نەوشیروان وەکو سکرتێری کۆمەڵە و جێگری دەستڕۆیشتووی (مام جەلال) ڕەتکردنەوەی بۆ نەبوو.

پاش چەند ڕۆژێک کاک (حەمە سەعید حەسەن) خۆیی و نامیلکە دەستنووسەکەی هاتن و میوانی کاک (شێرکۆ جددی) لێپرسراوی کەرتی پاراستنی ڕادیۆ بوون.

(ئەو) لەوێوە بۆ یەکەمینجار ئاشنای کاک (حەمە سەعید) بوو، لەسەر ڕاسپاردەکەی کاک (نەوشیروان)یش نامیلکەکەیان بۆ چاپ کرد و بڵاویان کردەوە.

پاش دوو مانگ سەر لە نوێ کاک (نەوشیروان) بە (بێتەل) پێوەندی بە (ئەو) کردەوە، ئەمجارەیان بە تووڕەبوونەوە پێیگوت: تۆ بۆچی پێش چاپکردنی نامیلکەکەی (حەمە سەعید حەسەن)ت نەخوێندەوە و ناوەڕۆکەکەییم پێبڵێیت، کە دژی هەندێک لە نووسەرانی شاری سلێمانی-یە.



## لەو دیمەنە دڵرفێنەدا هەموویان مەستی سەیرکردنی ئەو سروشتە خواییە دڵرفێنە بوون (هێڕۆخان) لەوان زیاتر سەرسامی ئەو ساتەوەختەی سروشتی شاخی بلفەت بوو

(ئەو) لە قسەکانی کاک نەشیروان حەپەسابوو، چونکە لە لایەکەوە ئاگاداری ئەو ناکۆکیانە نەبوو لە لایەکی دیکەیشەوە. لەسەر فەرمانی کاک (نەوشیروان) خۆی چاپکراوە، بۆیە لە وەڵامدا بە کاک (نەوشیروان)ی گوت: من لە دوور و نزیکەوە کاک (حەمە سەعید حەسەن)م نەناسیوە و نەشمزانیوە ناوەڕۆکی نامیلکەکە چی تێدایە هەر لەسەر فەرمانی بەڕێزتان چاپمان کردووە.
کاک (نەوشیروان) گوتی: تۆ کارەکانی خۆت بە باشی نازانی ئەبوو بیخوێنیتەوە. پاش ئەو قسە ڕەقانەی کاک (نەوشیروان) بە چەند ڕۆژێک نامیلکەیەکی دی کاک (شێرکۆ بێکەس و کاک ڕەئووف بێگەرد) بە نووسینی پێشەکی کاک (نەوشیروان) هات، کە وەڵامی نامیلکەکەی کاک (حەمە سەعید حەسەن) بوو، چاپکراو بڵاوکرایەوە، ئیدی بەمجۆرە گرووپی کاک (شێرکۆ بێکەس و کاک ڕەئووف بێگەرد) کەوتنە لایەنی (ی.ن.ک) و گروپەکەی کاک (حەمە سەعید حەسەن)یش کەوتنە لایەنێکی دی. بەداخەوە ناکۆکی نێوان ئەدیب و نووسەرانی کوردیش بە هەمان شێوەی حزبە سیاسییەکان بەردەوام بوو. هەرچی ناو و ناتۆرەی ناشیرین بوو بەسەر یەکدییان دادەبڕی. خۆزگە ئەوان وەکو ڕووناکبیرێک وانە و پەندی برایەتی و تەباییان بە سیاسییەکان بگەیاندایە، نەک بووببوونایە بە بەشێک لە پەرتەوازەیی ڕیزەکانی گەلی کورد.

+ + + +

شەڕی هەشت ساڵەی عێراق، ئێران دەرفەتێکی باش بوو بۆ کەمبوونەوەی فشاری هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ سەر کوردستان و شۆڕشەکەی، هەروەکو دەگێڕنەوە مام جەلال چەند مانگێک، یان ساڵێک پێشتر پێشبینی ئەو شەڕەی کردبوو، تەنانەت لەگەڵ هەندێک لە لێپرساوە ئەوروپی و عەرەبییەکان گرەوی لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە کردبوو.
سەرەتا شەڕەکە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بوو، دواتر مەیدانەکەی بەرفراوانتربوو. هەندێک لە ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی و کەمێکیش سنووری پارێزگای هەولێری گرتەوە. بەهۆی ئەو شەڕەوە عێراق ناچاربوو بەشێکی زۆری هێزە سەربازییەکەی لە سنووری کوردستان بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، بەمجۆرە پانتاییەکی گەورە بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە ڕەخسا، جیا لە شار و شارۆچکە و شارە دێکان ڕژێمی عێراق دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی دی کوردستاندا نەما، ئیدی یەکەکانی پێشمەرگە بێترس و بەپێی پێویستی کاری پارتیزانی دەسووڕانەوە. گەلێک جاریش حکومەتی عێراق خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە دوور دەگرت. جیا لەوەی ئەو شەڕە بووە هۆی دەرفەتێکی باش بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە و زیاتر چوونە نێو کۆمەڵانی خەڵک، بەسەدان سەربازی کوردیش بەرەکانی شەڕی عێراق ئێرانیان جیهێشت و پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد. ئیدی ژمارەی پێشمەرگە چەندبار زیادیکرد. پێوەندی سەرکردایەتی شۆڕشیش لەگەڵ ڕێکخستنەکانی شارەکان ئاسان و پتەوتر بوو. ئیدی کێشەی پەیداکردنی ئازووقە و فیشەک و تەقەمەنی زۆر لە جاران ئاسانتربوو.
لە ناوەڕاستی مانگی (٦)ی ساڵی (١٩٨٣) شاخی (بلفەت) بوو بە خاڵێکی گرنگی شەڕی ئێران-عێراق. سەرەتا هێزە ئێرانییەکان ویستیان بەرەیەکی دی شەڕ لە سنوورەکانی پارێزگای سلێمانی بکەنەوە. شاخی (بلفەت) کە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتە و دەڕوانێتە پانتاییەکی زۆری سنووری قەزای قەڵادزێ. ڕژێمی عێراقیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئێران هێزێکی زۆری هێنایە ناوچەکە (ی.ن.ک)یش بۆ بەرگری لە ناوچە ئازادکراوەکانی خۆی هێزێکی بە سەرپەرشتی هاوڕێ (مستەفا چاوڕەش) هێنایە ئەو ناوچەیە.
ئیدی ڕۆژانە هێزەکانی عێراق و ئێران بەریەک دەکەوتن. چەندجارێک گوللە تۆپەکانی هەردوولا لەنێو کەپر و چادرەکانی دەزگای ڕاگەیاندن دەکەوتنەوە، بۆیە دوای پێوەندیکردن بە مەکتەبی سیاسییەوە بڕیاردرا مەکتەبی ڕاگەیاندن بەرەو قووڵایی کوردستان، بەتایبەتی دۆڵی جافایەتی بگوازێتەوە.
سەر لە نوێ بە پشتی وڵاخەوە دەزگای ڕادیۆو (مۆلیدە)ی کارەبا و کەلوپەل و پێویستییەکان کۆکرانەوە و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەرەو (بەرگەڵوو)ی خوار گوندی سەرگەڵوو گوازرانەوە.
ڕێگەی گواستنەوەش ئەبوو بە دۆڵی (سەفرەو زەروون)دا بڕوات، کە هەتا بڵێی ڕێگەیەکی سەخت و تاقەت پڕوکێن بوو، بەڵام باشییەکەی لەوەدا بوو، کە وەرزەکە سەرەتای هاوین بوو. وەرزی سەرما و باران نەمابوو، بۆیە گواستنەوە و دامەزراندنیان لە ڕێگەو بان و بەرگەڵوو ئاسانتر بوو.



# هەرای فەلاحان لە هەولێر

## حاجی سمایل ڕابەری ڕاپەڕینی جووتیاران

عوسمان هۆرمزیار

حاجی سمایل قادر سوراحی، لەیەکێک لەشەوە تاریکەکانی بەهاری ساڵی ١٩٥٣ و لەسەر گردی گوندی (قازیخانە) لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ جووتیاراندا، پێی راگەیاندبوون، کە بڕیاری داوە و چیدی جەور و ستەمی ئاغاکان قبوڵ نەکات و دژی کۆیلایەتی و ژێردەستی بوەستێتەوە و نانی چاوشۆڕی نەخوات، داوا لەبەشداربووان دەکات پشتگیری بکەن، تا راپەڕین بەرپا بکات و کۆتایی بەسیستەمی بۆگەنی دەرەبەگایەتی لەدەشتی هەولێر بهێنێت. ئەو پیاوە مەرد و ڕەندە لەڕووداوێکی مێژوویدا، کە ئەوکات لەسەرتاسەری عێراق دەنگی دایەوە، یەکەم مەشخەڵی ڕاپەرین و یاخیبوونی داگیرساند و لەماوەیەکی زۆر کەمدا، ئاگری ڕاپەڕین پروشکی گەیشتە گوندەکانی دیکەش و لەکۆنترۆڵ دەرچوو.

لەمەملەکەتی گەنم و هەتاودا (٧٠) ساڵ پێش ئێستا، پیاوێکی مێرخاس و چاونەترس، پڕ بەگەرووی بانگی ئازادیدا و دژی جەور و ستەم و چەوسانەوە وەستایەوە، مرۆڤێکی هەڵکەوتوو و نموونەیی، ڕاستگۆ و بێ پێچوپەنا، نەگۆڕ و خۆڕاگر و بڕوا بەخۆ و لێوەشاوە، سەرقافڵەی کاروانی خەباتی چینایەتی بۆ گەیشتن بەئایندەیەکی ڕوون و پڕشنگدار، ڕێبەر و ڕێنیشاندەر و جێی متمانە و باوەڕی ڕەنجدەران، پێشەوایەکی بێ فیز و خاوەن ڕێز لەلای خەڵک و دوژمن و ستەمکاران، پێناسەی هەقبێژی و فەرهەنگی دادپەروەریی و گوێنەدەر بە بەرژەوەندی کەسی و قوربانیدەر لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز.

گرتن و زیندان و دەرکردن و دوورخستنەوە لەزێدی خۆی، نەیانتوانی ساردی بکەنەوە و سازشی پێبکەن و لەسەر ڕێگەی ڕاست لای بدەن، ماندوونەناس بۆ هاتنەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مکوڕ لەسەر ئەو ڕێبازەی بڕوای پێ هەبوو، خاوەن بەڵێن لەگەڵ ئەو پەیمانەی بەخوا و بەخەڵکی خۆی دابوو.

بەڵێ (حاجی سمایلی قادر سوراحی) بۆ داکۆکیکردن لەخواست و مافی ڕەوای جووتیاران لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٥٣ لەسەر گردی (قازیخانە) جاڕی ڕاپەڕینیدا و بوو بەپێشڕەوی خەباتی چینایەتی و بەئاغا و دەرەبەگەکانی گوت



حاجی سمایل قادر سوراحی

ئیدی بەسە زوڵم و بێدادی.

بڵێسەی ئەو ڕاپەڕینە لەماوەیەکی کەمدا (٣٠٠) گوندی گرتەوە، جگە لەکوردستان، لەعێراق و ناوچەکەش دەنگی دایەوە. ڕاپەڕینی جووتیاران، یان وەک ئەوکات پێیان دەگوت (هەرای فەللاحی) بوو بە وەرچەرخانێکی گرنگ لەمێژووی عێراق و کوردستان، بەرهەمەکەشی وشیاربوونەوەی خەڵک بوو، تا چیدی ناعەدالەتی و نایەکسانی قبوڵ نەکەن، کاتێک ئاغا و دەرەبەگەکان دەچنە بەغدا و لەلای حکومەتی پاشایەتی شکات لە (حاجی سمایل) دەکەن، ئیدی زۆر نابات، هێزێکی پۆلیس لە کەرکوکەوە دێ و حاجی دەسگیردەکەن و ڕەوانەی زیندانی موسڵی دەکەن، لەوێ بەڕێوەبەری زیندانەکە بە (حاجی سمایل) دەڵێت زانیاریم هەیە لەسەر ئەوە گیراویت، کە ناهەقیت قبوڵ نەکردووە و منیش کەیفم بەو جۆرە مرۆڤە ئازا و مەردانە دێت، تا لێرەبیت تۆ کەسێکی ڕێزلێگیراوی (حاجی سمایل) بەحوکمی ئەوەی لەسەردەمی گەنجیدا کاری کڕین و فرۆشتنی تووتنی کردووە، لەگەڵ ناوچە عەرەبنشینەکاندا، فێرە زمانی عەرەبی بووە و زۆر بەڕەوانی و بێگرێ قسەی پێکردووە.

ڕاپەڕینی جووتیارانی هەولێر بەشاهێدی زۆر کەس، کارێکی گەورە بووە، گومانی تێدا نییە، کە کاری گەورەش هەر بەمرۆڤی گەورە دەکرێت، بۆیە ئەوکات ئەو ڕاپەڕینە و کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر هەست و دەروونی خەڵک و چەندین شیعر و حەیرانی بەسەردا گووتراوە، یەکێک لەو شیعرانە، کە جووتیارەکان ئەوکات دەیانگوتەوە:

***سمایلی قادر سوراحی***
***گرتی دەرکەی سەرایێ***
***وەکی شێری دەنەڕی***
***بەغەوسی لە بەغدایێ***
***چی بەدەست ئاغان نەهێشت***
***لەسوغرە و تەعدایێ***
***مەلیک دادمان بپرسە***
***سووتاین لەسەر دونیایێ***

پاش ئەوەی ئاغاکان دووبارە دەچنەوە بەغدا، ئەوجا بڕیاری دەرکردنی خانەوادەی (حاجی سمایل) دەردەچێت و نەفی دەکرێن و دوور دەخرێنەوە بۆ شاری ڕانیە. بۆیە هێزێکی زۆری پۆلیس لەکەرکوکەوە دەچنە گوندی (قازیخانە) و بە گچکە و گەورەی خانەوادەی (حاجی سمایل) دەسگیر دەکەن، لەگەڵ سێ ماڵە جووتیاری دیکە بەناوەکانی (قادری مام حەسەنی و ئەحمەد چۆمە زەردەرە و حەمەدەمین حەبێ) کە ئەو سێ جووتیارەش ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لەڕاپەڕینەکەدا. (حاجی سمایل) بە کەلەپچەکراوی دەهێننەوە کەرکوک، کە بەلای گوندی (قوڵتەپە) تێدەپەڕن کۆمەڵێک ژن لەسەر بیری ئاوێ دەبن بۆ ئاوبردن، کە (حاجی سمایل) بە کەلەبچەکراوی دەبینن لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی، یەکێک لەژنەکان حەیرانێکی غەریبی دەچڕێت و دەڵێت:

**له سپێلکی سەرخانی**
**دوو کۆتر هەرفڕین بەرەو هێلانی**
**حەیفەک و دوازدە مخابن ئەمن دەکوژی**
**کە ماری حاجی سمایلیان بارکرد ڕوو لەکیستانی**

دوای ئەوەی، کە دەگەنە شاری ڕانیە و لەوێ نیشتەجێ دەبن، ڕۆژێک یەکێک لەئاغاکان لەگەڵ کۆمەڵێک لەخزمەتکارەکانی دێتە لای (حاجی سمایل) و پێیدەڵێت حاجی ئەوە بە خزمەتکارەکانم گوتووە نانتان بۆ بێنن، دەزانم هەژارن و منداڵەکانت برسیانە (حاجی سمایل) دەستی لەباغەڵی دەنێت و سەفتەیەک پارە دەردێنێت و دەڵێت ئاغا ئەوەندەم پارە پێیە! هەر ئەو پارانە لەئاشی دەکەم و دەیانکەم بەنان و دەیدەمە منداڵەکانم، بەس تۆ ئەو پارەیەی بۆ ئێمە بەنانی دەدەی بڕۆ بیدە بەجلوبەرگ بۆ خزمەتکارەکانت، تەماشایانکە شەرواڵەکانیان هەمووی دڕاوە و تلیشی لە دەلینگیان ڕا گەیشتووەتە نیفۆیان! دەبێت ببوری ئێمە هەژارنین و نامانەوێت کەس خێرمان پێبکات. ئاغاکە پێیدەڵێت: تۆ کەی واز لەو بەزمە دەهێنیت؟ حاجی دەڵێت: کەی ناعەداڵەتی نەما و کۆتایی هات. ئاغاکە پێیدەڵێت ئەو حکومەتە لەبابی منی نەکەوێت، بەخوای تۆی لەبەلاش نەفی نەکردووە!

دەڵێن لەپشت هەر پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزنیش هەیە (حاجی سمایل)یش گەورەترین و باشترین پشتوپەنای (زاریێ عەزیز)ی هاوسەری بووە، زاریێ شۆڕەژنێکی چەلەنگ و سەنگین و سەلار، ئەوانەی بینیبوویان، دەیانگوت هەمووکات هەوری و دەسرۆکی لەسەر دەکرد و کورتەکێکی شینی بەسیمی سپی چنراوی لەبەر دەکرد و پێڵاوی ئەرمەنی لەپێ دەکرد، کە لەهەمبانە دروستکرابوو. ئەو ژنێکی سوروسپی و کەڵەگەت و تەنک و تابڵێی جوان بووە، لەگەڵ (حاجی سمایل)ی زۆر سەراودەراوی بینی، بەڵام خۆڕاگر و بەهیمەت و بڕوا بەخۆبوو، پاش دەسگیرکردنی (حاجی سمایلی) هاوسەری و ڕەوانەکردنی بۆ زیندانی موسڵ (زاریێ) بەیانییەک ژنانی گوندی خڕەدکاتەوە و بەسواری (پەستی نەجەفی) هەموویان دەباتە هەولێر و بەردەرگای ماڵی موتەسەریف دەگرن و داوای ئازادکردنی (حاجی سمایل) دەکەن. پۆلیسەکان زۆر هەوڵدەدەن دەریان بکەن بەڵام (زاریێ) دەڵێت: لێرە ناڕۆین، تا موتەسەریف نەبینین، تا نوێژی عەسر دەمێننەوە و موتەسەریف لەدەرگای پشتەوە دەچێتە دەری و نایەڵێت بیبینن.

کاتێک وەرزی دروێنە دێ، خزمەتکارێکی ئاغا بەدەنگێکی بڵند بەنێو گوندیدا دێ و دەچێت و دەڵێت: (حاجی سمایل لەسجنە و ئاغا تراکتۆری هێنایە و ئیدی منەتی بەفەلاحان نییە) ئەو قسەیە (زاریێ) تووڕە دەکات و دیسان ژنانی گوندی خڕەدکاتەوە و هەموویان دەباتە سەر ئەو زەوییەی تراکتۆری لێبووە، بەژنەکان دەڵێت: ژنینە هەر یەکە و دوو بەردی هەڵگرنەوە و لەتراکتۆرەکە نزیک دەبنەوە، ئیدی تراکتۆر دەدەنە بەر بەردان و شوفێرەکە هەڵدێت و و دەچێتە دیوەخانی ئاغا و دەڵێت: ئیدی ئەو ئیشە بەمن ناکرێت، پاش ئەوە ئاغاکان جارێکی دیکە دەچنەوە بەغدا و لیستێکی دیکە دەدەن بەسەرۆک وەزیرانی ئەوکات، یەکەم ناو، ناوی (زاریێ عەزیز) بوو، پاش چەند ڕۆژێک، شەش ئۆتۆمبێلی پۆلیس لەکەرکوک دێن و (زاریێ) لەگەڵ هەموو کوڕ و هاوسەرەکانیان دەسگیردەکرێن و بۆ (ماوەت) دوور دەخرێنەوە. خەڵکی گوندی، کە ئەو دیمەنە دەبینن، تێکڕا دەست بەگریان دەکەن، ئاغا ئەوکاتە خۆی و خزمەتکارەکانی لەسەربانی رادەوەستن سەیری دەسگیرکردنی ئەو جووتیارانە دەکەن (زاریێ) پێش ئەوەی سەرکەوێت ئاوڕێک لەماڵی




نووسەر لەسەر گۆڕی حاجی سمایل

“

**ئەوەی حاجی سماپل لەگەڵ زاباتا جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە یەکێکیان لەنێو گەلێکی وشیار و لەمەکسیکە، ئەوەی دیکەش لە هەولێرە و لەنێو کوردە؟**

”

**"ئەو ڕاپەڕینەی حاجی سمایل پێی هەڵسا لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا بە گەورەترین ڕووداو ئەژمار دەکرێت، کە لەنێو خەڵکیدا بە (هەرای فەلاحی) یان (ساڵی سوێند خواردن) ناسرا"**



ئاغا دەداتەوە و پەنجەی هەڵدەشەقێنێ و هاوار دەکات و دەڵێت: «دڵی خۆتان خۆش مەکەن هەردێینەوە» کە سواری ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس دەکرێن، بەهەموو دەسگیرکراوەکان دەڵێت کەس نەگرییێت، زۆر زۆر دەمانکوژن، هەر دەمرین دەمرین، با بەمەردی بمرین!

بڕیاری دوورخستنەوەی (حاجی سمایل) و خانەوادەکەی سەرەتا بۆ ماوەت بوو، پاشان گۆڕا بۆ ڕانیە! چونکە، کە دەگەنە سەیتەرەی، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس لەنێو سلێمانی دێت و بەو ئەفسەر و پۆلیسانەی بازگە دەڵێت، خەڵکێکی زۆر لەسەر شەقامەکانی سلێمانی کۆبوونەوە و دەڵێن بەهیچ شێوەیەک ناهێڵین ئەو ماڵانە نەفی بکرێن، بۆیە ئەگەر بهێنرێنە نێوشار، لەوانەیە ببتە خۆپیشاندان و کێشەی گەورەی لێ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە ڕێڕەوەکەیان دەگۆڕن و دەیانبەنە ڕانیە، پاش نزیکەی ساڵێک مانەوەیان لەوێ، ئاغاکانی بیتوێن دەزانن ئەو پیاوە ڕابەرایەتی بزووتنەوەیەکی کردووە، کە ئامانجەکەی کۆتایی هێنان بووە بەدەسەڵاتی ئاغاکان، بۆیە ئەوانیش بەهەڵەداوان ڕادەکەنە بەغدا و دەچنە لای سەرۆک وەزیران و تکا دەکەن، کە حاجی سمایل لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوان دووربخرێتەوە، ئینجا بڕیاری گەڕانەوەیان دەردەچێت، بەڵام بۆ شوێنی خۆیان نا، بەڵکو بۆ گوندی (لاسۆر)ی پشت قەزای مەخمور.

ئەو ڕاپەڕینەی حاجی سمایل پێی هەڵسا لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا بەگەورەترین ڕووداو ئەژمار دەکرێت، کە لەنێو خەڵکیدا بە (هەرای فەلاحی) یان (ساڵی سوێند خواردن) ناسرا، ئەو ڕاپەرینە بەجۆرێک دەنگی دایەوە، ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی بەغدا لەلاپەڕەی یەکەمیاندا باسیان کرد و لەسەریان نووسی، تەنانەت هەندێک لەڕۆژنامەکانی (میسر)یش باسی ڕاپەرینەکەیان کردبوو لەو کاتەدا.

حاجی سمایلی قادر سوراحی، لەساڵی ١٩٧٨ لەگەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی (شێخ زەرد) بەخاک دەسپێردرێت، ئەوانەی بەشداری مەراسیمی بەخاک سپاردنیان کردبوو، دەیانگێڕاوە: کە خەڵکێکی زۆر لەهەولێر و گوندەکانی دەشتی هەولێر هاتبوون بۆ خواحافیزی و ماڵاوایکردن لەو پیاوەی بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر و بەسەربەرزی ژیا و دونیای بەجێهێشت.

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە (ئیملیانۆ زاباتا) لەسەرەتای سەدەی بیستەم ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی جووتیارانی لەمەکسیک کرد و پاشان لەبۆسەیەکدا گیانی لەدەستدا، ئێستا زاباتا لەچەندین شاری مەکسیک پەیکەری بۆ دروستکراوە و چەندین چیرۆک و ڕۆمانی لەسەر نووسراوە و بووەتە ڕەمزێکی ئەو وڵاتە، بەڵام لە کوردستاندا تاکو ئێستا ئاستی وشیاری نەگەیشتووەتە ئەوەی ڕێز لەوانە بگرن، کە هەموو ژیانی خۆیان کردە قوربانی خاک و بەرەی چەوساوەکان، بۆیە ئەوەی کە حاجی سمایل لەگەڵ زاباتا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە یەکێکیان لەناو گەلێکی وشیار و لەمەکسیکە و ئەوەی دیکەش لەهەولێرە و لەناو کوردە؟

**تێبینی: تەواوی زانیارییەکانی ئەو بابەتەم، لە باوکم و دایکم و کەسانی بەتەمەنی بنەماڵەکەمان، کە نزیک بوونە لە حاجی سمایل و لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاون، وەرگرتووە.**

# ویستگەی دیوان

- (١) پرسیار (سالار قادر)
- گۆشەی دیوان (ئەو بوێرییەت لە کوێ هێنا حەمەی مەلا کەریم؟!)

مەریوان مەسعوود

- دیوانی هەولێر (مستاف قەساب)

نازم دڵبەند

- یەکەم بابەت (هاشم سەراج)
- پەیوەندی زمان و نەتەوە

دڵشاد میراودەلی

- حەیرانبێژ حاجی علی شەناغەیی

هاشم حاجی عەلی

- لە دەفتەری نەمریدا (سەرفراز نەقشبەندی)
- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار (١)

# چۆن دەیسەلمێنی شیعری «دوورم لە یاران» هی تۆیە؟

لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا مامۆستا (ڕەشاد عەبدوڵڵا) ڕوانـدزی ئـاگـاداری کـردمـەوە، کە (ئەکرەم خامۆش)یش خۆی کردووە بە خاوەنی شیعری (دوورم لەیاران) پارساڵیش هـاوڕێـم (کرێکار ئەمین) تێلی بۆکردم و ئـەویش هـەمـان شتی بۆباسکردم. ئەمە لەکاتێکا هێشتا دوای ئەم هەموو ساڵە و لەچەندین دیمانە و گۆڤار و ڕۆژنامە ئاماژەم بەوە کردووە کە (دوورم لەیاران) بەرهەمی ڕەنجی منە، کەچی بەڕێز کاک ڕزگار خۆشناو بێدەنگی لێکردووە و بۆ تەنیا جارێکیش ویـژدانی ڕێگەی پێنەدا دان بـەو ڕاستیەدا بنێت، کە شیعری دوورم لـەیاران جگە لە دەستکاریکردنی چەند وشەیەک، ئەو هیچ مافێکی بەسـەر ئەم شیعرەوە نییە. زۆریشن ئـەوانـەی، کـە لـەنزیک و دوورەوە دەزانـن، شیعرەکە هی منە و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە لەچەندین چاوپێکەوتنیاندا ئەو ڕاستییەیان دووپات کردووەتەوە، لە هەمووشیان زیاتر مامۆستا (ڕەشاد عەبدوڵڵا)یە.

دیارە زۆر جاریتر باسی ئەوەم کردووە، کە پاڵنەر و بەهرەی ئەم شیعرەم دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧٦ ئـەوکـاتـەی سـەربـاز بـووم لـە شـاری (سـەمـاوە)ی خـوارووی عێراق و بە بیستنی گـۆرانـی (غـەریـب غـەریـب بێکەسوکارم)ی هونەرمەندی کۆچکردوو (فوئاد ئەحمەد) سۆز و غەریبی و دووری کوردستان بوونە هاندەر و هەوێنی شیعری دوورم لەیاران و پوختەی شیعرەکەم هاوپێچ بەنامەیەک بۆ کۆچکرد و کاک (قادر زیرەک) نارد. دوای ماوەیەک هەمان شیعر بە لابردنی چەند دێڕێک و گۆڕینی چەند وشەیەک بوو بەگۆرانی.

دیـارە مـن لـەگـەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو نێوانمان لەسنووری برایەتیش ڕەتی دابوو. ڕۆژی دوای ماڵاواییش بەیانی زوو هات بـەدوامـدا، تـا بـۆ ئـەم گـەشـتـە یـاوەری بم. بۆیە کاتێک گۆرانی دوورم لەیاران تۆمارکرا، یەکەم کەس ئەم هەواڵەی پێڕاگەیاندم خودی کاک قادر بوو، بەڵام بەنیگەرانییەوە گوتی: (مـن و تـۆ بـرای یەکدین باشیش دەزانـم، کە حەز بەسەرکەوتنی من دەکەیت، بۆیە دەڵێم بـەداخـەوە، کە ئـەو شیعرەی بۆمنت ناردبـوو کـاک ڕزگـار خـۆشـنـاو هـەندێک دەستکاری کرد، بەڵام لەوەیان بێ ئاگابووم، کە شیعرەکە بەناوی خۆی بڵاودەکاتەوە، ئەگەرچی داواشی بکردبایە من لەوکاتەدا نەمدەتوانی ڕەزامـەنـد نەبم، چونکە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستیم بە ڕزگار دەبێت، بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکی تەواوم بکات لە ڕێچکە و ڕێڕەوی هونەریم و دەرچوونم لە قالبی لاساییکردنەوە، بۆیە وەکو برا دەبێت بمبووریت) من هـەرئـەوکات نیگەرانی خۆم دەربـڕی و دواتـر هونەرمەندی کۆچکردوو (مـوحـەمـمـەد جـەزا)ش سـەرکـۆنـەی کـردن، ئەوکات لە ڕۆژنامەی هاوکاری گلەیی زۆرم لێکردن و دوای ڕاپەڕینیش لەدیمانەیەکی (نواڵەی نوێ)دا بەدرێژی باسم لێ کردووە و ساڵانە لـەچـەنـدیـن دیـمـانـەی ڕادیـۆیـی و سۆسیـال مـیـدیـادا بـاسـم کـردووە، بۆیە ئێستا کاک ڕزگار، کە ویژدانی نەجووڵاوە بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان و کاک ئەکرەم خامۆشیش سەربار ڕێک وەک ئەو پەندە کوردیەی لێهاتووە، کە دەڵێت (جن نەبوون لە جنێراوێ، جنێ جناش هاتنە ناوێ) بۆیە باشە گەر ویژدان بکەنە پێوەر و بۆ مێژوو

ڕاستی و دروستی ئەم شیعرەم بۆهاوولاتیان ڕوون بکەنەوە.

ئەمە دەقی ئەو شیعرەیە کە بۆ قادر زیرەکی نەمرم ناردبوو

**« دوورم لە یاران »**

***دوورم لــەیــاران دوورم لــە یـــاران***
***دوورم لـە خـونـچـەی گـوڵـی بـەهـاران***
***دوورم لــەشـارو شـاخـــان داخـــەکـەم***
***دوور لــەخـونـاوی چـەمــو بـاخـەکـەم***

---

***دورم لــەتـاڤـگـەو ڕوبـــارو کـانـی***
***دوورم لـەو گـــۆزەی وا لـەســەر شـانـی***
***دوورم لـــە بـــزەو لـــە پێـکـەنـیـنـی***
***دوور لـــەو ئـــازیـزەی کـــەنـــاوم دێـنـی***

---

***دوورم لـــە شـــادی و ئـاهـەنـگ وشـانـۆ***
***دوورلـــەئـــاوازی عـــودو پـیـانـــۆ***
***دوورم لـــەشـنـــەی سـروشـتـی جـوانـی***
***دوور لـــەقـــادری دەنـــگ وگـــۆرانـــی***
***نـــامـــەوێ دووربـــم لـــەبـــەخـتـــەوەری***
***گـــوڵـــی ئـــاواتـــم بـــێ پـایـیـز وەری***

---

***دوورم لــە نـــازی خــۆشـەویـسـتـەکـەم***
***هـەتـاکـــەی دووری گـــیـــان ودڵـــەکـــەم***
***بـــاتـــۆزێ لـــەیـــەک نـزیـک بـیـنـەوە***
***ڕابـــردوی تـــاریـک زوو بـسـڕیـنـەوە***

---

ئەمەی سەرەوە دەقی ئەوشیعرە بوو کە بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو ناردبووم. ئەوەی کاک ڕزگار دەستکاری کردوەو وەلای ناوە، بەم شێوەیەیە

لەکۆپلەی یەکەم

١- دێڕی دووەمی (خونچەی گوڵی بەهاران) گۆڕیویەتی بۆ (خونچە و گوڵی بەهاران)

٢ --- لەدێڕی سێهەم (لە شار و شاخان داخەکەم) گۆڕیویەتی بۆ(لە شار و شاخو داخەکەم)

لەکۆپلەی سێهەم

١ --(دوور لە ئاوازی عود و پیانۆ) گۆڕیویەتی بۆ(دوور لە ئاوازی شمشاڵ و پیانۆ)

٢ --- دێڕی سێهەم و چوارەمی وەلا ناوە

لە کۆپلەی چوارەم

١ --دێڕی دووهەمی (هەتاکەی دووری گیان و دڵەکەم) گۆڕیویەتی بۆ (بۆ لەتۆ دووربم گیان و دڵەکەم)

لێرەدامن ئامادەم لەهەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن و کەناڵ و پەیجێک ڕووبەڕوی کاک ڕزگار و کاک ئەکرەم ببمەوە، تا خوێنەرانیش لە ڕاستی و دروستی ئەم شیعرەم ئاگاداربن.

**سالار قادر ڕواندزی**



ن چەپەوە ( رشاد , قادر زیرەك , سالار قادر , تحسين ) ١٩٧٥ز

گۆشەی دیوان

# ئەو بوێرییەت لە کوێ هێنا حەمەی مەلا کەریم؟!

مەریوان مەسعود

لەژمارەی (١)ی گۆڤاری (کاروان) کە لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، بابەتی سەرەکی تەرخانکردووە بۆ هەواڵ و وتارەکانی دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیی، کە لەشاری بەغدا دوو ساڵ دوای دەستپێکردنی جەنگی عیراق- ئێران بەڕێوەچوو، بەدیاریکراویش لەڕۆژانی ١٧-١٩٨٢/٨/١٩، دیدارەکە بەسەرپەرشتی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوەچوو.

لەوانەیە تا ئێرە هەواڵێکی ئاسایی بێت، چونکە لەو سەردەمەدا حکومەتی بەعس-ی سەددامی لە لووتکەی بەهێزیی و توانایی خۆیدا بوو، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە و من دوای ٤١ ساڵ درکم پێکرد و بڕیارمدا شتێکی لەبارە بنووسم، ئەو وتارە بوو، کە مامۆستای کۆچکردوو (محەمەدی مەلا کەریم) لەمەراسیمی کردنەوەی دیدارەکە لەبەردەم کۆمەڵێک وەزیر و بەرپرسی حزبی بەعس بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە پێشکەشی کرد.

بەر لەوەی هەڵوەستە لەسەر وتەکەی حەمەی مەلا کەریم بکەم، دەبێت ئەوە بەخوێنەران بڵێم، کە لەمەراسیمەکەدا، بروسکەیەک بەناوی دیدارەکە ئاراستەی سەدام حوسێن کرا و خوێندرایەوە، دواتر دوو وتاری دیکە پێشکەشکران، یەکێکیان هی ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەوەی دیکەیش هی جێگرەکەی بوو، دواتر وتەکەی یەکێتیی نووسەران خوێندرایەوە.

وتارەکە ئەگەرچی کورت بوو، بەڵام پڕ لەبوێریی و ڕاستگۆیی بوو، سەرەتای وتارەکە حەمەی مەلا کەریم، بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە کە ئەو سەردەمە دیارترین و بەهێزترین ڕێکخراوی ڕووناکبیریی کوردیی بوو، پیرۆزبایی بەستنی دیدارەکە دەکات و دواتر دەڵێت: «وەک لەیادمانە دیداری یەکەم سێ ساڵ لەمەو پێش بەهاوکاریی یەکێتیەکەمان و ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیران و لاوان ئامادەکراو لەمێژووی ئەدەبی کورد و ڕەوتی پیرۆزیی چیرۆکی کوردیدا نیشانەیەکی دیاری بوو و شوێن پەنجەیەکی ئاشکرای بەتێکڕای ڕەوتی نەتەوەکەمانەوە بەجێهێشت».

حەمەی مەلا کەریم، لەدوای ئەو برگەیەوە، تووڕەیی و بوێریی خۆی بۆ ئامادەبووان دەردەبڕێت، کە جگە لەبەرپرسانی گەورەی بەعس، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتەکەی سەدام حوسێن-یش لەهۆڵەکەی بەغدا دانیشتبوو، کاتێک ڕەخنە لەئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دەگرێت و دەڵێت: «دیداری ئەمساڵمان هەرچەند بەدیمەن تەنها لەلایەن ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیران و لاوانەوە ئامادەکراوە، بەڵام لەڕاستیدا بەرهەمی هاوکاریی هەردوو لامانە، چونکە زۆربەی هەرەزۆری بەشدارانی، هەر ئەندامانی یەکێتییەکەمانن، کە ئەوەش نیشانەی پایەی بڵند و بەرزی یەکێتییە لەژیانی کولتووریی گەلی کورد و لەدڵی ڕۆشنبیرانی نەتەوەکەماندا».

ئەگەر دیقەت بدەن، حەمەی مەلا کەریم، دروشم و خۆ بەخاوەنکردنی ئەمینداریێتی گشتیی بەعسییەکان ڕەتدەکاتەوە بۆ دیدارەکە و دەڵێت: «ڕاستییەکەی ئاوا نییە، واتە بەدەنگێکی دلێر و بێ ترس، پێیان دەڵێت، ئەوە ئێمەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دیدارەکەمان ڕێکخستووە و بەشدارانی زۆربەی هەرە زۆری هی ئێمەن، نەک ئێوە، کە خۆتان کردووە بەخاوەنی و وەکو دەستکەوتێک بۆ خۆتان».

تەنانەت، سەرۆکی یەکێتیی نووسەران و هەڵسوڕاوانی ئەنجومەنی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش لەو سەردەمە، لەهۆڵی دیدارەکە زۆر تووڕە دەبن، لەسەر ئەو دروشمەی لەسەر دیدارەکە دانراوە، کە ئەمە بوو: «دیداری چیرۆکی کوردی، دیداری قەڵەمە عیراقییە خێرخواکانە لەپێناوی بنیادنانی عیراقێکی گەشاوەدا». چونکە بڕیاروابووە دروشمەکە دووربێت لەهەندێک مەسائیلی سیاسیی، بەڵکو زیاتر باس لەخزمەتگوزاریی و ژیانی کوردەواری بکات، بەڵام لەوەشیان ئەمنیداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان

پێشێلی مافەکانی یەکێتیی نووسەرانی کردبوو.

ئەمەش وایکرد کاتێک ڕەوانشاد حەمەی مەلا کەریم بەردەوام بوو لەسەر وتارە ڕەخنە ئامێزەکەی، تا دەهات بوێرییەکەی زیاتر دەبوو، بۆیە دواتر لەدرێژەی وتارەکەیدا گوتی: «هەر چۆن بێت، ئێمە هەمیشە ئەنجامەمان لەدیمەن لا مەبەستترە و ئەم دیدارەش بەدیداری هەموو لایەکمان دائەنێین». لەم بەشەی وتارەکەشیدا، ئازایانە و ڕووبەڕوو ڕەخنەی لەسەرۆک و جێگر و بەرپرسانی ئەمینداریێتی گشتیی دەگرێت، پێیان دەڵێت: یەکێتیی نووسەرانی کورد، ئەنجام و ناوەڕۆکی لا گرنگترە، نەک دیمەن و دروشمەکان، بۆیە ڕاشکاوانەش پێیان دەڵێت: ئەم دیدارە بەدیداری هەموو لایەکمان دائەنێین، نەک تەنیا دیداری ئەمنیداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی بەعس.

لەبڕگەی کۆتایی وتارەکەیدا، مامۆستا حەمەی مەلا کەریم، دەڵێت: «ئاواتەخوازی سەرکەوتنی دیدارەکە و پێشکەشکردنی چیرۆکی خزمەتگوزاری گەل و لێکۆڵینەوەی ڕێگا ڕووناککەرەوەین بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردیی ڕۆژ بەرۆژ لەجاران زیاتر پێوەندی بەژیانی جەماوەری کورد و بەتایبەتی ژیانی ڕەنجکێشانی کوردستان و عیراقەوە هەبێ».

واتە، لەدوا دێڕی وتارەکەشیدا، هیواخوازە دیدارەکە ئەوەی تێیدا پێشکەش دەکرێت پەیوەندی بەژیانی جەماوەری کوردەوە هەبێت، بەهیچ وشەیەک و دێڕێکیش ناچێت بەلای بەعس و سەدام حسێن و دەسەڵاتدارانی ئەوکات، لەکاتێکدا هەموو لایەک دەزانن، لەو سەردەمەدا، کە سەدام و بەعسییەکان لەلووتکەی بەهێزیدابوون و هیچ بۆنە و ئاهەنگێک بەبێ ناوهێنانی «سەرۆک سەدام حسێن خوا بیپارێزت» بەڕێوەنەدەچوو، کەچی حەمەی مەلا کەریم، لە وتارەکەیدا، نەک هەر باسی نەکردن، بەڵکو ڕەخنەشی گرت لەوەی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی بەعس، خاوەنداریێتی دیدارەکەی بەتەنیا بۆ خۆی بردووە.

کەواتە جێگای خۆیەتی بپرسم، ئەو بوێرییەت لەکوێ هێنا حەمەی مەلا کەریم، کە لەنێو جەرگەی بەعسییەکان و لەشاری بەغدا، ئەو وتارە توند و ئازایانەیەت پێشکەش کرد.



وتەی یەکێتی ی نووسەرانی کورد

بەڕێز محمد ملا کریم

خوشکان ! برایان !

به ناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردو دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی‌یەوە پیرۆزبایی ئامادەکردنو بەستنی ئەم دیدارەی کوردی ئەکەم کە دیداری دووهەمە .

وەك لەیادتانە دیداری یەکەم سێ ساڵ لەمەو پێش بە هاوکاریی یەکێتیمانو ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیرانو لاوان ئامادە کراو لە مێژووی ئەدەبی کوردو ڕەوتی پیرۆزی چیرۆکی کوردیدا نیشانەیەکی دیاری بوو و شوێن پەنجەیەکی ئاشکرای بە تێکرای ڕەوتی نەتەوەکەمانەوە بەجێ هێشت .

دیداری ئەمساڵمان هەر چەند بە دیمەن تەنها لە لایەن ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیرانو لاوانەوە ئامادە کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەرهەمی هاوکاریی هەردوو لامانە، چونکە زوربەی

گرنگ بەلامانەوە بەستنی دیدارەکەیە کە هیواداریین لەدوا ڕۆژدا دیداری سێ‌یەمیش و چوارەمیشو هەتا دوایی . بەستریٚ . بۆ پتەو کردنی بناغەی یەکیەتی نیشتمانی بنیات نانی عراقێکی دیموکراتیانەی پێشکەوتو ، بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسوودەو کامەران بۆ گەلی عیراق بەگشتیو ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان بەتیبەتی دابین بکەین لە چوار چیوەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین .

لە کۆتایی‌دا بەگەرمەوە سوپاسی ئەرك کێشانی هاتنی هەموو لایەکتان دەکەمو لە کانگای دڵەوە هیوای سەرکەوتن بۆ بەشداراتی دیدارەکەو بۆ دیدارەکە دەخوازم.

* سەرکەوتن بۆ عیراقی خۆشەویستمان .
* مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی عیراقی شۆرش .
ئیتر سوپاس ...


هەرەزۆری بەشداراتی ، هەر ئەندامانی یەکێتی‌یەکەمانن کە ئەوەش نیشانەی پایەی بڵندو بەرزی یەکێتی‌یە لە ژیانی کولتووریی گەلی کوردو لە دڵی ڕۆشنبیرانی نەتەوەکەماندا .

هەر چۆن بێ ، ئێمە هەمیشە ئەنجامان لە دیمەن لامەبەستترەو ، ئەم دیدارەش بە دیداری هەموو لایەکمان دائەنێینو ، پیرۆزبایی لە ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیریو لاوان ئەکەین بەرابەر بە ئامادەکردنو بەستنی دیدارەکەو هەروەها بە تەقەلای پیرۆزی بۆ خزمەتی ئەدەبی کورد .

ئاواتە خوازی سەرکەوتنی دیدارەکەو پێشکەش کردنی چیرۆکی خزمەتگوزاری گەلو ، لێکۆڵینەوەی ڕێگا ڕوون کەرەوەین بۆ ئەوەی چیرۆکی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ لە جاران زیاتر پێوەندی بە ژیانی جەماوەری کوردو بە تایبەتی ژیانی ڕەنجکێشانی کوردستانو عێراقەوە هەبێ .

سەرکەوتووبێ دیداری دووهەمی چیرۆکی کوردی !

هەر شەکاوە بێ ئاڵای بەرزی وشەی پیرۆزی کوردی لە خزمەتی گەل و نیشتمان و یەکێتیی نیشتمانیماندا !



حەمەی مەلا کەریم

نازم دڵبەند

# مستاف قەساب

لە حەفتاکان ماڵمان لە گەڕەکی (عەرەبان) بوو، دراوسێی ماڵی (یاسین خمچی) و (مام بەکری چایچی) و (خەلیل مەلا برایمی پول فرۆش) بووین، چەند مەترێک لە بازاڕی قەسابان دووربووین، زۆربەی ڕۆژان دایکم دەچووە نێو ئەم بازاڕە (نیو کیلۆ) گۆشتی لە (واحید قەساب) یان لە (شووشەی برای) دەکڕی، پێموایە ئەوکات کیلۆی گۆشت بە (دینار و روبعێک) بوو، لە تەنیشت ئەو دوکانانە، دوکانی (مستاف قەساب)ی بوو، پیاوێکی جوانی باڵا بەرز و هێمن و لەسەرخۆ، لەولاشەوە جێگایەکی فراوان هەبوو، شوێنی کوشتنەوەی مەڕ و مانگا بوو، پیستەکانی ئەو مەڕو مانگایانەیان ڕادەستی (سابیر قەساب) دەکرد، ئەویش حەسارێکی لە گەڕەکی (کوران) هەبوو بریکارەکەشی (مام پیربال) بوو لە نزیک دوکانی (مام بایز) ئەو سەرپەرشتی پیستەکانی دەکرد لەگەڵ (عەدنان) ناوێک، کە کوڕی خوشکی (سابیر قەساب) بوو. ئەمە کاری ڕۆژانەی ئەوان بوو، بەڵام لەنێو ئەمانەشدا پیاوێکی قەساب هەبوو، کە ناوی (مستەفا محەمەد سلێمان) ناسراو بە (مستاف قەساب) بوو. بەزۆریش



بە (ئەبو شوان) بانگیان دەکرد. ساڵی (١٩٣٩) لە هەولێر لەدایکبووە و هەر لە باب و باپیرەوە کاری (قەسابی)یان کردووە.

(مستاف قەساب) دوو برای هەبوو (کاکۆ قەساب) و (قەرەنی قەساب) ئێستاکە ماڵاواییان کردووە و لە ژیاندا نەماون. ئەو لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دەستی بەکاری قەسابی کردووە، یەکەمجاریش دوکانی قەسابیان لەنێو قەیسەری لە کۆڵانی (پڕێمزچیان) لە ساڵی (١٩٥٣) کردووەتەوە، ئەوکات کرێی ساڵانەی دوکانەکەیان (١٢) دینار بووە.

لە ساڵی (١٩٥٨) دوکانەکەی گواستووەتەوە بۆ لایەکی دی قەیسەری هەولێر، نزیک (کەبابخانەی یاسین).

ئەو دەڵێت: کاتی خۆی (قەسابخانە) بۆ سەربڕینی مەڕومااڵات لە هەولێر نزیک گۆڕستانی (جووەکان) بوو، کە پێیاندەگوت: گۆڕستانی (چراغ) مەیدانی حەیوانانیش هەر لەوێ نزیکبوو، ئەو کاتی، شەوێ دەچووینە قەسابخانە، حەیوانمان سەردەبڕی، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ قەسابخانە وەکو ئێستا نەبوو هەموو پێداویستیەکی تێدابێت، زۆر سادە بوو، کارەبا نەبوو، فانۆسمان بەکاردەهێنا، زۆرجار، کە دەبووە باران لەنێو قوڕو چڵپاو حەیوانمان سەردەبڕی و سبەینێ گۆشتەکەمان بەشانی خۆمان، یان بە وڵاخ و عارەبانە دەگواستەوە دوکانێ، زۆر بە ئەزیەت بوو، بەڵام ژیان زۆر لە ئێستا سادەو خۆشتر بوو.

شاگرد بە (یەک درهەم) یان (دوو درهەم) لەلامان ئیشیان دەکرد، لە پەنجاکانیش کیلۆی گۆشت بە (یەک درهەم) بوو، یەک هۆقە گۆشت بە ڕووپیەک بوو، یانی درهەم و نیوێک، خەڵکەکە فەقیر بوون چارەگێک، یان نیو کیلۆ گۆشتیان دەکڕی.

(مام مستاف قەساب) دەڵێ: لە بیریشمە خەڵکی ئەو هەولێرە نەفتیان بە بوتڵ دەکڕی و ڕۆن لەسەر پەلکە سلق، ئەو ماڵەی هەندێک وەزعی ماددیان باشبووایە بە هاوین بەرخێک، یان گۆلکەکی گچکەیان دەکڕی و لە ماڵەوە بەخێویان دەکرد، کە زستان-یش دەهات سەریان دەبڕی و خوێیان لێدەدا و لەنێو گۆزەی گەورە، کە (جەڕە) یان پێدەگوت دادەنا، یان دەیانکردە (قاورمە) یان (پەسمە) بۆ زستانێ دەیانخوارد، چونکە سەلاجە و موجەمیدە نەبوو.

کـــاری گۆشـتـفـرۆشـی ئـێـمـەش ڕۆژانـــە ئـــەوەبـــوو، گۆشتەکەمان لەسەر سەبەتە دادەنا و لە قەیسەری هـەولێرێ و دەوروبـەری دەسووڕاینەوە تا بیفرۆشین، ئەویش بە نرخێکی کەمتر، یان بە (گۆترە) دەمانفرۆشت، بۆ ئـەوەی نەمێنێتەوە نـەوەک سبەینێ بۆگەنی بێ، زۆرجاریش جەرگ و سیپەلاک و فاتەڕەش و ئێسک و سەروپێیەکانیشمان فڕێدەدا.

ئەوکاتیش زۆربەی دوکانەکانی قەسابی نێو قەیسەری، ئـەوانـەی کـاری قـەسـابـیـان دەکـرد، هـەمـوو خـزم و کەسوکاری یەکدی بووین، ئەوکات یەک کەس دەیتوانی (١٠) سەرخێزان بژیێنی، کاتی خۆی قەسابێکی وەکو من، دە تا دوازدە شاگردی هەبوو، یانی ئیدارەی دوازدە ماڵی بەڕێوە دەبرد، من لە قەسابە دیارەکانی هەولێرێ بووم، چونکە ژمارەیەکی زۆری حەیوانم سەردەبڕی و بە جوملە دەمفرۆشت، زۆربەی چێشتخانە و کەبابخانە و یانەکان دەهاتنە لای من بۆ گۆشت کرین، تا دەگاتە ئەوانەی دەچوونە گەشتوگوزار لە مەسیف و شەقڵاوە و گەلی عەلی بەگ، تا دەگەیشتە حاجی ئۆمەران گۆشتیان لە من دەکڕی. جا زۆرجار لەنێو قەیسەری لێم دەپرسن ئەرێ (مستاف) تۆ بۆچی تا ئێستاکە کارەکەی خۆت بەجێنەهێشتووە؟


پێیان دەڵێم: ئەو کارە لە باب و باپیرم بۆم ماوەتەوە، دەبێ کوڕەکانیشم ئەو پیشەیە لەبیر نەکەن، چونکە شوێنم لەنێو قەیسەری هەولێرێ بەشێکە لە هەموو عومری گەنجێتیم، ناتوانم ئەم کاروپیشەیە و ئەم شوێنە بەجێبێڵم، تا ئەو ڕۆژەی خودا بۆ خۆیم دەباتەوە.

زووزووش هەندێک شتی بەبیر دەهاتەوە و دەیگوت: ڕاوەستە، شتم بەبیر هاتەوە، با پێت بڵێم: لە زەمانی زوو یەک بەرخ بە (نیو دینار) بوو (یەک مەڕ) بە دینارێک و نیو بـوو، یـەک (گا) بە (٣) دینار، هەندێک جاریش دەگەیشتە (٥) دیـنـار، پاشـان لـە سـاڵانـی حەفتاکان گەیشتە (٤٠) دینار.

جا زۆرجار، کە دەچووەمە مەیدانێ بۆ کڕینی مەڕوماڵات بەتایبەتی چێڵ و گا لەلای (حاجی ئەحمەدی جامباز) باوکی کاک (جەمال جامباز) بە ڕەحمەت بێ کە یەکێک بوو لە دەڵاڵە باشەکان، جا وا دەکەوتەوە من ژمارەیەکی زۆرم لێدەکڕی، هەندێکجار چێڵەکە گوڵکی گچکەی لەگەڵ بوو، یانی (فەرخە) بوو، دەیانگوت: هەروا بیانبە، یانی بێ پارە، ئاخر زەمانی خێروبەرەکەت بوو، چونکە ئەوکاتی حەیوانمان بە (گۆترە) دەکڕی، بەڵام قەسابی زانا، کە تەماشای حەیوانەکەی بکردبایە، یان دەستی لەسەر پشتی دانابایە دەیزانی بای چەندە.

جاران کە جەژن دەهات نەماندەزانی سبەینێ جەژنە یان نا، قەیسەری حەوشەی گەورەی لێبوو، حەیوانەکانمان لێ دەبەستەوە، چاوەڕوانی جەژنمان دەکرد، بەوەی دەمانزانی، کە دەنگی گوللە تۆپ لە مەعەسکەری هەولێرێ دەیانتەقاند، ئەوجا دەمانزانی کە بوویتە جێژنە و سەری حەیوانەکانمان دەبڕی، بەشەو هەمووکمان دەفرۆشت و دابەشی سەر چێشتخانە و کەبابخانەکانمان دەکرد.

با ئەوەش بڵێم: زەمانی خۆی خەڵک زۆر فەقیرحاڵ بوو، جارێکیان شاگردە قەسابێک دەچێتە ماڵێک بۆ سەربڕینی (جوانەگا)یەک بۆ جەژنی قوربان، پاش ئەوەی تەواو دەبێت و سەری دەبڕێت و پارچە پارچەی دەکات، حەقی خۆی وەردەگرێ و هەندێک گۆشتیشی دەدەنێ، شاگردە قەسابەکە زمانی حەیوانەکەی بۆ خۆی دەبا، بێ ئەوەی خاوەن ماڵەکە پێی بزانێ، لە دوایيدا خاوەنەکە دەبینێ حەیوانەکە زمانی لەگەڵدا نییە، سەری سووڕدەمێنێ و پێدەڵێت: کاکی قەساب ئەتو ئەو حەیوانەت لۆ سەربڕین سەرکی زمانی لەگەڵ نەبوو؟



مستاف قەساب




قەسابەکەش دەڵێت:
ئەو حەیوانە (لاڵ) بوو مامە، لۆیە زمانی نەبوو.
خاوەن ماڵەکەش دەڵێت:
ئای بەستەزمان، ڕاستدەکەی بێ زمان بوو.
(ئەوەش نوکتەیەکی نێو قەسابان بوو)
من هەر لە کۆڵ مام (مستاف قەساب) نەبوومەوە، لێم پرسی:
ئەدی قەسابەکانی ئەوێ ڕۆژێ کێبوون؟
گوتی:
ئەوکاتی سەرۆکی قەسابان (حاجی لەتیف ڕەشید) بوو، کە دەکاتە مامی خێزانم، کاروباری قەسابەکان و کێشەکانیانی چارەسەر دەکرد، بەڵام قەسابەکانی ئەوکاتی هەولێرێ زۆر بوون، هەمووشمان خزم و کەسوکاری یەکدی بووین لەوانەی بەبیریشم بێتەوە:

١. سابیر عزەدین قەساب
٢. ئەحمەد ئاغای قەساب.. بابی پارێزەر سەنعان قەساب
٣. بورهان ئەحمەد ئاغای قەساب
٤. شەمسۆک ڕەشید قەساب
٥. تەڵعەت قەساب
٦. سەلاح قەساب
٧. ڕەفعەت قەساب
٨. کوردۆ قەساب
٩. حاجی کەمال قەساب
١٠. ئەسعەد محەمەد سالح قەساب
١١. عزەت حەیدەر قەساب
١٢ .واحید نوری قەسا.
١٣ .مام شووشە (خەیروڵلا)
١٤ .تەحسین عەبدوڵلا (تەحسۆ قەساب)
١٥ .حاجی موحسین تەحسین قەساب
١٦ .موحسین عەلی ئاغا قەساب.. باوکی پارێزەر (هۆشەنگ)
١٧. تۆفیق ئەمین قەساب
١٨. سەباح نوری قەساب
١٩. تەڵعەت ئەحمەد قەساب
٢٠. عەباس قەساب
٢١. حەیدەر قەساب
٢٢. عەلائەدین قەساب (حەلاو)
٢٣. بەکر خەلیفە حەسەن قەساب
٢٤. مەلا زاهیر تەیراوە قەساب
٢٥. حاجی سادق.. باوکی نەورۆز قەساب
٢٦. حاجی جەمیل.. باوکی شێرزاد قەساب
٢٧. جەرجیس تۆپاڵ قەساب
٢٨. تەحسین ڕەشید قەساب
٢٩. وەهاب قەساب
٣٠. حوسێن مەرال قەساب
٣١. مەجۆ قەساب
٣٢. زیوەر قەساب
٣٣. جەلیل قەساب
٣٤. عومەر ئاغا قەساب
٣٥. مەجید شێخەبەگ قەساب
٣٦. سەباح بەکر قەساب
٣٧. داود ئاغا قەساب
٣٨. حاجی جەبار قەساب
٣٩. موعتەسەم قەساب
٤٠. ئەکرەم ئەبو شوارب قەساب
٤١. پیربال قەساب
٤٢. هادی قەسابی تەیراوە (بابی نەوزاد هادی)
٤٣. یونس قەساب
٤٤. شێمە قەساب
٤٥. ناسیح حەسۆ قەساب

ئەمانە هەموویان دەستە بژێری قەسابەکانی هەولێرێ بوون، بەڵام ئەو زەمەن بە هەموو جوانیەکانییەوە بەسەرچوون، کە بازاڕی قەیسەری هەولێرێ هەموو دۆست و ئەحبابی یەکدیبوون بە (مستاف قەساب)یشەوە قەت لە یەکدی دانەدەبڕان لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکاندا پشت و پەنای یەکدیبوون.
خوا تەمەن درێژت بکات
مامە (مستاف قەساب)ەکەی قەیسەری هەولێرێ.




(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)



١٩٧٥/٧/٢١
پێکەنینێک
لە ناو قوڕگی شاری گریاو
هاشم سەراج
هەولێر
گیانە تارا ... وازیبێنەلێم
گڕ بەرمەدە .. لە سەر تا پێم
چیت لێم دەوێ
پێکەنینی قاقای چاوە شێتەکانت
نامبزوێنێ
ئاوازی .. ماتەمینی ناو نۆتەکانت
نامگرێنێ
گریان .. ژەهری چاوانی من ناشواتەوە ؟!
ژان هەتادێ
کلی ئازار ئەبا بەرەو شارو لادێ !
لە ناو قاقای پێکەنینتا
سەد نهێنیی
بادەی شەرابم بۆ دێنی !!
من بەتەنیا
بادەی عەشق لە لێوی گول دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندووبونت ناشۆمەوە
لەسەر لێوی منالەکان .. زەردەخەنە
قەد شین نابێ
تەنیا لەسەر لێوی سووری مکیاج کراو
دەست و پەنجەی پڕ لە خەنە !
قاقای پێکەنین ئەباریێ ؟!
چیت لێم دەوێ
من سیپالێ ... تارماییەکان
لەبەر ناکەم
لەبەر داڵدەی سێبەرەکان
خەوم نایێ
لە هەڵپەرکێی دەسگیرانیت
لە ڕەشبەڵەکو لە شایت
لیزمەی دینار شاباش ناکەم !
چیت لێم دەوێ
من ئێستاکە
چاوەڕوانی وەرزی بەهارێکی تەڕم !
لەسەر شانۆی چەوساوەکان هەڵبپەڕم !!
چاوەڕوانی
بەرگی خامۆشی ئەم ساڵەم
پێکەنینی بزەی لێوی ئەو منالەم
گەردەلوولی شاری شێواو ئەی شێوێنێ
گڕی تێبەربووی ڕەشماڵەکان ئەی گرێنێ
گیانە تارا
لە دامێنی قژی زەردت
هەزاران ئەفسوون حەشارە
هەمو چاوێک .. فرمێسکی ڕەشی لێ ئەتکێ
بە تەنیا چاوەکانی تۆ
پێکەنینی ئەفسوناوی پێوە ئەلکێ
چیت لێم دەوێ
بادەی عەشقت
ناخۆمەوە
چلکی ڕەشت ناشۆمەوە
تالی مەشقت
ناچێژمەوە
من بەتەنیا
بادەی عەشق لە لێوی گول دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندوبونت
ناشۆمەوە
ناشۆمەوە

پێکەنینێک
لەناو قورگی شاری گریاو
هاشم سەراج
هەولێر
گیانە تارا ... وازبێنەلێم
بەرمدە .. لەسەر تا پێم
چیت لێم دەوێ
پێکەنینی قاقای چاوە شێتەکانت
نامبزوێنێ
ئاوازی .. ماتەمینی ناو نۆتەکانت
نامگرێنێ
گریان .. ژەهری چاوانی من ناشواتەوە؟!
ژان هەتا دێ
کلی ئازار ئەبا بەرەو شار و لادێ!
لە ناو قاقای پێکەنینتا
سەد نهێنیی
بادەی شەرابم بۆ دێنی!!
من بە تەنیا
بادەی عەشقت لە لێوی گول دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندووبونت ناشۆمەوە
لەسەر لێوی منالەکان .. زەردەخەنە
قەد شین نابێ
تەنیا لەسەر لێوی سووری مکیاج کراو
دەست و پەنجەی پڕ لە خەنە!
قاقای پێکەنین ئەبارێ؟!
چیت لێم دەوێ
من سیپاڵێ ... تارمایییەکان لەبەر ناکەم
لەبەر داڵدەی سێبەرەکان
خەوم نایێ
لە هەڵپەرکێی دەسگیرانیت
لە ڕەشبەڵەک و لە شایت
لیزمەی دینار شاباش ناکەم!
چیت لێم دەوێ
من ئێستاکە
چاوەڕوانی وەرزی بەهارێکی تەڕم!
لەسەر شانۆی چەشاوەکان هەڵبپەڕم!!
چاوەڕوانی
بەرگی خامۆشی ئەم ساڵەم
پێکەنینی بزەی لێوی ئەو منالەم
گەردەلوولی شاری شێواو ئەی شێوێنێ
گڕ تێبەربووی ڕەشماڵەکان ئەی گێنێ
گیانە تارا
لە دامێنی قژی زەردت
هەزاران ئەفسوون حەشارە
هەموو چاوێک .. فرمێسکی ڕەشی لێ ئەتکێ
بە تەنیا چاوەکانی تۆ
پێکەنینی ئەفسووناوی پێوە ئەلکێ
چیت لێم دەوێ
بادەی عەشقت
ناخۆمەوە
چلکی ڕەشت ناشۆمەوە
تاڵی مەشقت
ناچێژمەوە
من بە تەنیا
بادەی عەشق لە لێوی گوڵ دەخۆمەوە
شانەی مێشکم
بە ئارەقەی ناوچەوانی ماندوویونت
ناشۆمەوە
ناشۆمەوە

*** سەرچاوە: ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٤٢)، لاپەڕە (٢٤)، ١٩٧٥/٧/٢١**

# پەیوەندی زمان و نەتەوە

دلشاد میراودەلی

وەک دەگوتریت، زمان گەورەترین سەرمایەی گەلانە. زمان وەک مەزنترین شوناسی گەلان، پۆلینی سەر کلتوور و فەرهەنگ و هونەر و مۆسیقا دەبێت و لە ئەدەبیاتی ڕەسەنیشدا خۆی نمایش دەکات بالاکردنی زمانیش هەر لە ئەدەبیاتی هاودەمدا بەرجەستە دەبێت.
مێژووی هەموو زمانە زیندووەکان و مێژووی هەموو زمانە ئەوروپییەکان، دڵنیایی بابەتی دەدەن، درووستبونی زمانی ستاندارد و زمانی نەتەوە، چاوگی ڕاستەقینەی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدایە.
لق و پۆپی سەوزترین درەختی شیرینی دایک، شارەگی لە کێڵگەی ئەدەبیاتدایە.
بڕوانە، زمانی بۆڵگاری، ئەدەبی لەسەر بنەمای بۆلگاری ڕۆژئاوا پێکهێندراوە. زمانی ئۆکرانی، بەهۆی شێوە زمانی، باشووری خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتەیە. زمانی ئینگلیزی، بەهۆی زمانی شکسپیر و شاری لەندەن هەڵهێنجراون، زمانی ئەڵمانی بەهۆی نووسینەکانی گۆتە و فیختەوە هاتووەتە بەرهەم.
ئەی ئێمەی کورد، خاوەنی ئەو سامانە گەورەی ئەدەبیاتین، ئەی مەحویی و نالی و پیرەمێرد و گۆران و شیخ نووری شیخ ساڵح و هتد لە ڕووی نەتەوەییەوە، خاوەنی وەلی دیوانە و جگەر خوین و حاجی قادر و چەندان کەڵە نووسەر و فیکری جوان و ڕەسەنین.
خۆ سەرەتا کاری هەرە پیشەوەی ئەم زمانە، کاری سیاسییەکان و پەرلەمانە، بە پرۆژەی جددی و نەتەوەییانە، زمانێکی نەتەوەیی دابمەزرینین، خزمەت بەتەوەی کورد بکات و هاوکاری و پاڵپشتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی کوردستان بکات.
باشترین و دروسترین ڕێگەش، هەڵبژادرنی شێوەزاری موکریانە، بۆ زمانی ستانداردی پێ هەڵبچنین، ئینجا شێوەزارەکانی دیکەش بژار بکەین، تا موکریانی پێ دەڵەمەند بکەین.
گومانیش لەوەدانییە، ئەوکات زمانی شیرینی کوردیی، کە ئێستا لە ڕیزبەندی نۆیەمی جیهانە، ئەوکات پێشتر دەکەوێت. چونکە زمان، وەک توخم و ڕەگەزەکانی دی، وەک نەریت و شیوەباوەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو کاریگەری بەرچاو دەکاتە سەر پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی نەتەوایەتی.

لە ١٨ی شوباتدا، بابایەکی عەرەب، چونکە جلوبەرگی کوردیی لەبەرکردبوو، توانی لەنێو ئاپۆرای کوردان لەهەولێر، خۆی بتەقێنێتەوە، چونکە قسەمان لەگەڵ نەکرد، بە نەریت فریومان خوارد، ئەوە فەراغی زمان بوو، نەمانتوانی بەربەست لە بەردەم نەیاراندا دابنێین.
هەر لەسەر کاریگەری زمان بە نەتەوەوە، دۆزی نەتەوەی (ئەلبان) بە نموونە دەهێنینەوە، نەتەوەی ئەلبان، بەهۆی دیینەوە بۆ سێ بەش دابەشکران (ئەرسەدۆکس، کاسۆلیک و ئیسلام) لەو ساتەوەختەدا، ڕێبەرانی ئەلبان، زمانیان کردە، هۆکاری کاریگەری یەکبوونی میللەتەکەیان، چونکە هیچکام لە ئایینەکانی ئەلبانیا، لەسەر زمانی ئەلبانی ناکۆک نەبوون.
نەعیم فیراشیری، وەک یەکێک لە ڕابەرانی ئەلبانیا دەڵێت: ئێمە هەموومان لەیەک ڕەگەزەوە پەیدا بوین، خاوەنی یەک بنەماڵەین، ئێمە یەک خوین و یەک زمانمان هەیە.
ئێستاش، کە نەتەوەی کورد، لەسەردەمی جەنگ و لە چاڵدێرانەوە، لە نێوانی سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا، بۆ دوو بەش و دواجاریش بەسەر چوار دەوڵەتی نەیاردا پۆلینکراوە.
کورد سێ شیوەزاری هەیە، وەک (گۆران و کرمانجی ناوەراست و کرمانجی ژووروو)
هەر خاسییەتی ئەم زمانە ڕەسەنەشە، بە کلتوور و داب و نەریت و نەژادەوە، کورد لەهیچ کام لەسەردەمەکان، ئاوێتەی هیچ کلتوور و نەژادیکی دی نەبووە، نەیارانی کورد توانیویانە، خاکی دابەش کەن، ئەنفال و جینۆسایدی بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە، زمانەکەی لەبۆتەی، کلتوری خۆیاندا بتوێننەوە.
ستراتیژی زمان، پێوەندارە بە دوڵەتداری و بوونی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردانە، فەلسەفەی زمانیش، لای شیعر و بنچینەکانی شیعرییەتی ڕەسەن و ئەفراندنی شیعرە، بە هەموو جوانییەکی ئەدەبیاتەوە.
ئایا ئێمە، پێویستیمان، بەزمان هەیە؟ ئایا زمان دەوڵەت دروست دەکات؟ ئایا دەوڵەت دەبێت زمان درووست بکات؟ یاخۆ بیپاریزیت؟ ئیمە دەوڵەتی نەتەوەیی نین. نەتەوەی بی دەوڵەتین.
ئایا زمانی ستانداردی بێ دەوڵەت دابمەزرینین؟ یاخۆ دەوڵەتی بێزمان بینا بکەین؟

# حەیرانبێژ حاجی عەلی شەناغەیی

هاشم حاجی عەلی

حەیران لایەنێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری میللی کوردەوارییە، بۆیە حەیران و لاوک و بەستە و گۆرانییە فۆلکلۆرییە میللییەکان بۆنە و بەسەرهات و بەزم و ڕەزمی خۆشیان پێ بەڕێ کراوە. ئەو ئەدەبە میللییە سەرزارییە سادەیە قۆناغێکی دوور و درێژی لە دیرۆکی ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە. بۆیە مۆرکی خۆی بە سەردەم و بارودۆخی ژیانی کۆچەری و دەوارنشینی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری نووساندووە و گوزەران و ژینگە و کەش و هەوا و نەریت و خوی ئەو ڕۆژگارانەمان بیردەخاتەوە ڕۆژگاری ڕەشماڵ نشینی و دیوەخان قۆناغی سەرکەوتووی ئەو ئەدەبە گرنگە بووە، لە وێوە بنچە و بنەماکانی ئەو شێوازە ئەدەبە فرەوانە بووە و چەکەرەی کردووە، بۆیە لەگەڵ بیرکردنەوە و شێوازی داب و نەریت و بەهای زۆربەی خەڵک یەک دەگرێتەوە، هەروەها لەگەڵ بیرکردنەوەی پانتاییەکی گەورەی جەماوەری ڕەسەن دەسازێ و ڕوخساری کۆمەڵایەتی هەموو گەلی وەرگرتووە، چونکە خولیا و زەوق و حەز و ئارەزووی خەڵک بەو هۆیەوە دەکرێتەوە و مرۆڤ لەگەڵ بەند و بەیت و حەیران و لاوک و بەسەرهاتە میللییەکان سۆزی دەبزوێت و ئەندێشە و خەیاڵی بە ئاگا دێتەوە، لەگەڵ گۆتنی ستران و ئاوازە ڕەسەنەکان هەست و نەستی دەخرۆشێت، ئەمە خاسیەتی ئەدەبی و میللی زۆربەی گەلانە، بەتایبەتی لایەنی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کە لەکاتی بۆنە و یادو بەزم و سات دەگۆڕێت و دێنەوە نێو دڵ و دەروون و هەستی کۆمەڵ، تا ئێستە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە یەک جاری قۆناغی کۆکردنەوەی جێ نەهێڵاوە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەو جۆرە ئەدەبە میللییە سەرزارییە هێشتە هەر لە نێو سینگدا ماوە و کۆنەکراینەوە و نەخراونەتە سەر کاغەز بەداخەوە زۆربەی زۆریشیان کۆچیان کردووە و لەگەڵەخۆیان بردیانە ژێر گڵ.

## حاجی علی شەناغەیی

(عەلی ڕەسوول حوسێن) لەساڵی (١٩٣٠) زاینی لەگوندی (گردە شینە)ی سەر بەناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر هاتووەتە دونیاوە، لە هۆزی (سیان)ە خۆی تاقانەی دایک و باوکی بووە، تەنیا خوشکێکی هەبووە بەناوی (سێوە) ئەویش زوو کۆچی دوایی کردووە، ئەو هەر بەتەنیا یارمەتی دایک و باوکی داوە و خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالاًت بووە.

لە ساڵی (١٩٣٨) لەگوندی گردەشینە باردەکەن و دەچنە گوندی باشتەپە، ئەو گوندە واتە باشتەپە جیرانی گوندی گردەشینە بووە چووینە لای خاروانی بابی، کە هەریەک لەخارە حاجی عەزیز و خارە حاجی حوسێن زێڕین بەناوبانگ بوون، ئەو دوو برایە زۆر ڕێزیان لێنابنە هەرلەگوندی باشتەپە، لە ساڵی ١٩٤٨ زاینی لەگەڵ (زلێخە ئیبراهیم مستەفا) ژیانی هاوسەری پێک دێنێت، کە خەرکی گوندی گردلانکە بووە، لە گوندی باشتەپە دەمێننەوە تا ساڵی (١٩٥٣) ساڵی سوندخواردن، دواتر باریان کردیە بۆ گوندی (شەناغە) ی سەر بەناحیەی (کەندێناوە)ی سەر بە شارۆچکەی دوبز-ی سەر بە پارێزگای کەرکوک لەوێ نیشتەجێ بوونە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ماڵە پلکی یاخود پوری خوشکی دایکی حەیران لەگوندی شەناغەی بووینە بەناوی (حاجی خوازێ) کە لەوێ خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە.

لە ساڵی ١٩٦٨ هاوسەری دووەم دێنێت بەناوی سافیە ڕەسووڵ حەمەد، کە خەرکی گوندی کاریتان-ی سەربە شارەدێی دیبەگەی پارێزگای هەولێر بووە، لە هەردوو خێزان ١٠ کوڕو ٨ کچی هەبووە، چەند ساڵێکیش لەغاباتی شەناغە کاری کردووە، ساڵی (١٩٧٥) گوندی شەناغە لەگەڵ چەند گوندیکی دی بەرلێشاوی تەعریب دەکەون، ئەویش وەک خەرکی سەرجەم گوندەکە پەراگەندە دەبن و چوار گوند دەچنە گوندی خزمانی (گابەرەکە)ی سیانان لەوگوندە دەمێنێتەوە، پاشان لە (٢٦-٦-١٩٧٩) دێتە هەولێر لە گەڕەکی باداوانی مەلافەندی نیشتەجێ دەبێت.

لەهەولێر لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ژمارە ٢ دادەمەزرێت و لەساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ خێزانە گەورەکەی دەچنە ماڵی خودا و فەریزەی حەج جێبەجێ دەکەن. حەیران دانەر هەر لە تەمەنی لاویدا حەز و خولیای لە دانانی حەیران و لاوک و مەقامی دروونە و

بەستەی ساوار کوتان و شایی بووە، دەنگیشی زۆر خۆش بووە، گەلەک زەوق و خولیای بە حەیرانەکانی حەیران بێژان (خورشید فەقێ عەزیز شەناغەیی) و (مەحموودی سەید بەسێ باشتەپەیی) دەکراوە، حەیران و مەقامی دروونە و بەستەی لەدانانی خۆیتی حەیران دانەر مرۆڤێکی زەوقی بووە، حەیران و بەستەش بناغەی زەوقە، مرۆڤی حەیران دانەر دەبێت کەسێکی دڵتەڕ و خاوەن کەیف بێت، پۆشتە و پەرداخ بێت، ئەمانە هەموو لە کەسایەتی حەیران دانەردا هەبووە، هەروەها حەیران و



**حاجی علی شەناغەیی**

بەستەکانی وەک حەیران دانەرانی دی گوزارش لەژیان و خۆشەویستی و دونیای ئەڤینی و حەز و هەوەسی لاوان دەکات و پەیامی نیاز و مەبەستی کۆمەڵی کوردەواری دەردەبڕێت و مۆرکی ڕەسەنایەتی پێوە دیارە، وێرای هەموو ئەمانەش، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی نێو خێزان و دەوروبەری بووە و لەبۆنەی خۆشی و ناخۆشی ڕۆڵی مرۆڤی خێرخواز و چاکەکاری دەوروبەری دەگێڕا، زۆر حەزی لەیارمەتیدانی دەوروبەری هەبووە لەژیانیدا زۆر ئارەزووی لە (زبارە) کردووە و زەوقی بەدروێنە هەبووە، زۆر جار باسی دەکرد دەیگۆت: کە دەچووینە دروونە مەقامی کاروانە کاروانەم دەگۆت لە دوویان دەگۆتمەوە بە دەمانچەش تەقەمان دەکرد، لە ساوەر کوتانەوەش بەبێ ئەو کۆڕ گەرم نەدەبوو، زۆر ئارەزووی لە (کراومستانێ) هەبووە و لەکاتی لاویدا زۆر حەزی لە یاری قاشو قاشاونێ بووە، کە لەحەج دەگەڕێتەوە ڕاژەی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ژمارە ٢ دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەشی تەلەفۆنات لەو بەڕێوەبەرایەتیە بەردەوام بوو هەتا لەساڵی ١٩٩٨ خانەنشین کرا بەداخەوە لە ڕێکەوتی ١٤-٦-٢٠٠٥ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتوو ئەمری خودای بە جێهێنا و لە گۆڕستانی گردەڕەشە بەخاک سپێردرا.

*   *   *

***حەیران گازەکەم گەری بەگەری نۆری بە نۆری***

***لە ملی حەیرانێ من دا یەخە ناوکەکی بە مەرجانە و مۆری***

***برا ینە برادەرینە دەستێ من ودامەن بی ئە نگۆ دەست دەنە خەنجەران بارێ برند***

***دەبەن لۆ گولەکەی مێردان چەند شیرین دەیغە مرێنن بە زەرد و سۆری***

*   *   *

***حەیران دەرێم لە زووری عەلی قەرەنی***

***بای لەشابسکان دا بەدەرکەت هەنی***

***توخوادەستێ من ودامەن بی ئەوسار تازییەی***

**بەژنی گچکۆکەیە**

**لە گوندەکەی مەهەتا دووساران کەس پێنەکەنی**

* * *

**گازدە کەم حەیران دەرێم لە باغی حەسەن لەری**

**شارەکەی هەولێرم پڕە لە دووکان و قەیسەری**

**دونیٚ هێواریٚ بە درەنگەوە د ەگەییمە بەژنیٚ گچکۆکە**

**خۆی لە من نەناس دەکرد دەیگۆ کاکیلە ماندی نەبی ئەتوو**

**بە ئەسڵ خەرکی کێندەری**

* * *

**گازدەکەم هەولێر هەولێرە هەولێرۆک شارە**

**لە سەریٚ قەراتە و لەبنی باژێرە**

**سینگی ئەو زالمەی دوکا نە لیمۆی لە سەرەبرارە کیژجوا بان**

**دەنێری بەگەلی دەستە خوشکان دەیگۆهێتیمە لاوە سینگیٚ من بازرگانە چاوەکەم ڕۆژی سیٚ جاران لۆ خۆت دەستان لێبگێرە**

بەستە:

**دەچمە هەیوانیٚ**

**دەچمە هەیوانیٚ هەیوان بەدارە**

**گورینگی هیزارێم بەستیان قەتارە**

**لە سەر سینگیٚ یار جۆتەک هەنارە**

**بێنە ماچت کەم کچیٚ غەرزیٚ پارە**

**دەچمە هەیوانیٚ هەیوان بەبییە**

**لەسەر سینگی یار جۆتەک هەرمییە**

**بەژنی یاریٚ من وەک شەنگەبییە**

**بێنە ماچت کەم هیچ عەیبی نییە**

**دەچمە هەیوانیٚ هەیوان بە ڕەزە**

**گورینگی هیزارێم لەهەموو تەرزە**

**لەسەر سنیگی یار جۆتەک گەرازە**

**بێنە ماچت کەم کەونە غەرەزە**

**دەسرەکەی دەستت بۆن عەتری لێدیٚ**

**لۆم بەجیٚ بێلە سیٚ بووریم پێدیٚ**

**ئەتوو وا دەڕۆی من جێم لەکیٚ بیٚ**

**کیٚ بکرم بە یار شێوەی تۆی لێبیٚ**

* * *

مەقامی دروونە:

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**لەگەر وان دیٚ بەنارە نار**

**داکیٚ کیژان ماینیٚ عەتار**

**بابیٚ کوڕان مل بەمەتار**

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**بایێ شەمار بەهاوینیٚ**

**دەیدا لەڕەندەی جۆخینیٚ**

**خەو خۆشە لەگەر هەمینیٚ**

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**بایێ شەمار بە پاییزیٚ**

**دەیدا لەداریٚ دار گیزیٚ**

**خەو خۆشە لەگەر مامزیٚ**

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**بایێ شەمار بەزستانیٚ**

**دەیدا لەکێلیٚ کێستانیٚ**

**خەو خۆشە لە گەرگوستانیٚ**

**بایێ شەمار بایێ شەمار**

**بایێ شەمار بە بەهاریٚ**

**دەیدا لەگورینگ و هیزاریٚ**

**خەو خۆشە لەگەر خەزاریٚ**

له دەفتەری نەمریدا

# سەرفراز نەقشبەندی

## ١٩٥١ – ٢٠٢٣/٢/١٠



سەرفراز عەلی نەقشبەندی ساڵی ١٩٥١ لە شارۆچکەی بامەڕنی لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لەدایکبووە، هەموو قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری دهۆک تەواوکردووە.

لە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە.

نەقشبەندی یەکێک بوو لە ژنە ڕۆژنامەڤانە پێشەنگەکان لە کوردستان و یەکەمین ژنی کورد بوو لە هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی (ئیمتیاز و سەرنووسەری) ڕۆژنامە بووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ سەرنووسەری ڕۆژنامەی وڵات بوو.

سەرەتا بە نووسینی چیرۆک دەستی پێکردووە و دواتر ڕۆمانی نووسیوە و بڵاویکردووەتەوە، ئەو پەڕتووکێکی لەسەر ئەدەبی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی نووسیوە.

ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بووە.

ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو.

لە ساڵی ١٩٩٦ ڕووی لەدەرەوەی وڵات کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری ڕۆژنامەوانی لە وڵاتی لوبنان بەدەستهێناوە، دواتر لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێبووە.

لە ڕۆژی ١٠-٠٢-٢٠٢٣ لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا کۆچی دواییکرد.

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

## شەممە ٢٠٢٣/١/٢١




**(خەونی یەککگرتنەوەی کورد لەنێوان حەز و واقعدا)**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندن بەئامادەبونی نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیران، کۆڕێکی بۆ نوسەر موحسین عوسمان بەناوونیشانی (خەونی یەکگرتنەوەی کورد لەنێوان حەز و واقعدا) ڕێکخست

## شەممە-٢٨-١-٢٠٢٣




**(گرنگی فیستیڤاڵە سینەماییەکان بۆ ناساندنی کورد )**

سالۆنی لاپەڕە (٩) کۆڕێکی بۆ دەرهێنەری سینەمایی هونەرمەند عەدنان عوسمان- شاناز بە ناوونیشانی (گرنگی فیستیڤاڵە سینەماییەکان بۆ ناساندنی کورد) ڕێکخست.

هەر لە کۆڕەکەشدا فیلمی ئەنتێنا نمایشکرا .

## شەممە ٢٠٢٣/٢/٤




**(لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی)**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبونی تێکۆشەرانی دێرین و ڕۆشنبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنوسان مەراسیمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی (لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی) کە لە نووسینی نەرمین عوسمان-ە ڕێکخست .

## شەممە ٢٠٢٣/٢/١١




**کتێبی (ئاشووری مەسیحییەت)**

لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩)ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبوونی ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و نوسەران مەراسیمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی (ئاشووری مەسیحییەت) لە وەرگێرانی دکتۆر جەمیل عیسا ڕێکخست.

کۆڕەکە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی خوالێخۆشبوو نوسەر و ڕۆژنامەنوس سەرفراز نەقشبەندی دەستی پێکرد، دواتر وەرگێر تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکە.

# گەڵاکان لە یەکدی ناچن

لە گفتوگۆیەک لەگەڵ نەوەکەم (ڕۆمان) لە بارەی گەشت و سەفەر و شاخ دەدواین.

منێک وەک خۆم، هەر زوو هەستی سەرکێشیم لەگەڵدا لەدایک بووە، سەفەر، گەشت کردن تەنیا پارەی ڕووت نییە، بەڵکو چاونەترسی و بوێری لە پێشەوەیە، لەگەڵت هاوجووتن.

گەلێک جار لەسەر تەختە، یان لەسەر کورسییە ڕەقەکانی وێستگەکان، شەو و ڕۆژم گەیاندۆتە یەک، لە میترۆ و ترانزێتی فڕگەکان لەژێر قاچی مسافیران خەوم لێکەوتووە، پارەیەک سەرف دەکەی بێ ئەوەی لە بەهاکەی بگەیت، گەڕان و سووڕان بەسەر شۆستە و شەقام و ڕێگاو بان و ژێر درەختە تاریکەکان ترسی لە ناخ دەچەقاند، بەرەنگاری هەندێک حاڵەتی نەخوازراو دەبیتەوە بە هیچ شێوەیەک لە چوارچێوەی خەیاڵیش جێگەی نابێتەوە، هەر تۆزقاڵێک بیریشت بۆی نەچووە، کەچی ژیان خۆی لەخۆیدا گەشتێکی هەمیشەییە، بێ وەستانە، لە سەرەتای هاتنە دونیاوە تاکو گۆڕستان.

بە گلایدەر لە بەرزی (٢٠٠٠) مەتر خۆم هاویشتە خوارەوە لەسەرەتا قاچم زەوی نەدەگرت، ئەژنۆم خاو بووبۆوە، دەسەڵاتم بەسەریانەوە نەمابوو، بەڵام بیرم لە جەستەم بوێرترو ئازاتر خۆی نیشان دەدا.

پێشتر لە خەون و خەیاڵ زۆر فڕی بووم، بەڵام لەو ساتە کردەکە بووبووە واقیع، بە ئاسماندا دەسووڕامەوە، جارێک بۆ لای چەپ، جارێکیتر بۆ لای ڕاستم، خۆم نەوی دەکرد و بەرز دەبوومەوە، باڵندە بووم کەچی هێشتا بڕوام بەخۆ نەدەکرد دەفڕم، دەمگوت نەوەک باڵەکان بە شەمێ چەسپ کرابن و ئیکارۆس ئاسا تێنی ڕۆژ بیانتوێنێتەوە؟ بۆیە دەترسام زیاتر بەرز ببمەوە.



لە چەند سەفەرێکی دی لەگەڵ فیکەی باوباران و گرمە گرمی هەور و بروسک کەوتوومەتە حاڵەتی نیمچە بێهۆشی و سەر سووڕان، ڕێگام بزر کردووە و بیرم دەکردەوە ئایا کام ڕێگا هەڵبژێرم، بەکام ڕێدا دەگەمەوە هوتێلەکەم ئەمەیان بۆ کوێم دەبات؟ ئەگەر ئەو نەبوو؟ بەو درەنگە شەوە لایتی تەکسیەکانیش بزرن، بەرچاو ناکەون، دیارە زۆر لە ئاوەدانی دوور کەوتوومەتەوە، بیری خۆم پەسند کرد، نەوەستام، لە باوەڕەکەم پەشیمان نەدەبوومەوە.

زۆر جارانیش بەنێو دارستانی چڕوپڕدا تێپەڕیوم، ئەوەندە تاریک بووە، چاو چاوی نەدەدیت، لەژێر ڕێژنە بارانی ئیستیوائی بۆ ماوەیەکی درێژ، بێترس خۆشی و لەزەتم لەو کەشوهەوایانە دەبینی، لەگەڵی دەدوام ئەوەی دەهاتە گوێم خوڕەی ئاوە جوانە شێدار و گەرمەکان بوو، هەندێکجار ئەوەندە تەڕ دەبووم، لەبەر قورسایی نەمدەتوانی هەنگاو باوێم دەوەستام، پشوویەکم وەردەگرت، ترس و تەڕێتیم، وەلا نابوو، نەدەگەیشتمە حاڵەتی بێزاری و دڵەڕاوکێ، نا ئومێدیم دەڕەواندەوە، بە ورە بووم، سادەیی ژیانم بەدەست دەهێنا.

لە گەشتێکی شاخەوانی لە دوورگەیەکی دوور، لە شاری ریدیۆجانیرۆ لەسەر چیایەکی ناوەڕاستی دارستانێک، ئاسمان دیار نەبوو، لە بەرزی (١٦٥٠) مەتر لەگەڵ کەسێکی کریستیان و دوو کەسی جوو، دارستانێک تژی لە ئاژەڵی کێوی وەک بەراز و مەیموون و ڕێوی و زریق و باقی دەیان جۆری باڵندە، خۆمان تەسلیمی تاریکستان کرد.

خودا پەرستیمان لە ئایینەکان جوودا کردبۆوە، تەنیا خزمەتی ئەو و بڕوای خۆمان دەکرد، ڕۆحیشمان جێگای هەرسێ ئایینیەکەی تێدا گیرسابۆوە، بوو بووین بە شوێنی بڕوا جیاوازەکان.

شەومان بەڕێکرد، هەر یەکەو خەڵکی وڵاتێکی جیاواز بووین، بەخۆشی و ئارامی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن سڵاومان لە یەکتر وەرگرتەوەو پرێمزە بچووکەکەمان پێکرد، قاوەیەکمان خواردەوە، بە نەرمی و ئاسوودەیی بەرەو ئاوەدانی نشێو بووینەوە، ئەو شەوە لە جوانی سادەیی ژیان تێگەیشتین، زەردەخەنەی ڕۆژێکی نوێ لەسەر لێومان هەڵنیشت، بە خۆشەویستی و دیتنی یەکتری زۆر شاد بووین، بە ئومێدی دیدارێکی تر یەکتریمان بەڕێکرد.

محەمەد باوەکر